2001 # رابوون 30

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە


هەواڵنامەی کتێب

## بابەتەکان

3 ئەمڕۆ درەنگە بەلام بواری عەقڵ ماوە! ...............هاشم کۆچانی

5 کولتووروو ناسیۆنالیزم .......................... ڕەفیق سابیر

29 مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتە! ............................ دارا مەحموود

40 دۆزی کورد هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق دەکات ............... گراهام فوللەر

ئامادەکردنی: فایەق سەعید

44 سیناریۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دوای ١٩٤١

ئەفراسیاوهەورامی لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی

53 دۆسییەک دەربارەی وەرگری خەلاتی نۆبل: گاوشینجیەن

حەسەن نوورلە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

74 مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت،

وێنەی خۆشەویست و سەرچاوەکانی عیشق ......................ئەحمەدی مەلا

79 مەلەک ڕێحان ...................شیعر ..................... دلاوەر قەرەداغی

82 چەند هۆنراوەیەک ......................................ڕەفیق سابیر

84 حەوتانە ...................... چیرۆک ...................... ئەحمەدی مەلا

90 خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە دەربارەی وەرگێران

نموونەی: بەهاری تازەدێ .................... ڕێواس ئەحمەد

98 تەلاری یاس ...................................... جەزا عەلی ئەمین

99 فیلمی زام ..................................................

100 شەبەق .........................................سیروان کاروانی

Box 25161 , 750 25 Uppsala _ Sweden
ژمارەی پۆستگیرۆ 7 _ 9211995
ISSN : 1102
ناونیشانی رابوون لە ئینترنێت دا
www. angelfire . com / ns / rabun


# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

ژمارە ٣٠ ٢٠٠١

**سەرنووسەر**
ڕەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**
کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی

# Rabun

**Cultural Kurdish Jornal**

## No. 30

Editor
**Rafik Sabir**

Editorial Board
**Kamal Mirawdali**
**Hashim Kochani**

## دەروازە

[کە سوڵتان سلێمانی دادپەروەر گەڕاوە ئەستەموڵ دایکی رووی تێ کردو پێی گوت: «کوڕم وا تۆ گەڕایتەوە. بەڵام ئاخۆ لەمەودوا گورج و قزلباشەکان هێرش ناهێننە سەر مەڵبەندەکانت؟».

سوڵتان لە وەڵامدا گوتی: «دایکە: دیوارێکی پتەوم لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و دەوڵەتانی گورج و عەجەمدا دروست کرد (دروست کردووە)، دوژمن ئیتر پێی ناکرێ هیچ زیانێکمان پێ بگەێنێ». دایکی پرسی: «چۆن توانیت لەو مەودا درێژەدا دیوار دروست بکەیت؟». سوڵتان لە وەڵامدا پێی گوت: «دایکە من ئەو دیوارەم لە گۆشت و خوێن دروست کردووە، بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەورووی هۆزە کوردەکان کردۆتەوە... دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ بەرێ و بگاتە ناو دەوڵەتی ئیسلام]

مەلا مەحموودی بایەزیدی

لە کتێبی (مێژوو) نووسینی: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

وەرگێراوە، لا ١٢٦

**بەرگی یەکەم:** شانۆگەرییەکە دەستی پێکردووە. Esaias Thoren 1938
**دوابەرگ:** گاوشینجیەن و هاوسەرەکەی

* بەرگی ئەم ژمارەیەی لەسەر ئەرکی کاک صلاح حەقگۆ چاپکراوە. سوپاسی دەکەین

**هاشم کۆچانی**

# ئەمڕۆ درەنگە! بەڵام بواری عەقڵ ماوە !!

## 1

شەڕ بابەتێکی هەمیشە ئامادەبووی مێژووی ئێمە بووە. ئاوڕ لە هەرچ قۆناغ و پلەیەکی ئەم مێژووە بدەینەوە، بەرچاوترین پانتاییەکانی شەڕ بووە.

گەلێک جار ڕاستەوخۆ بوویێت یان لە پەناوە شەڕی ئیمپراتۆریاکانی ناوچەکە، لە وڵاتی ئێمەدا یەکلابووەتەوە. هاوکات و پەرەلێل شەڕی میرنشینەکانی کورد، تێکەڵاو یان بە جیا، لە شەڕی ئیمپراتۆریاکان درێژەی هەبووە. ئیتر ئەو شەڕانە بە قیتی ئیمپراتۆریاکان بوویێت، یان ڕاستەوخۆ شەڕی یەکێک لەوان بوویێ دژی ئەویتریان.

لە مێژووی نوێشدا شەڕ بە چەشنێکی قوڵتر لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکەماندا ئامادە بووە:

شەڕێک بۆ داکۆکیکردن لە کێشەی مانەوەو کوردبوون، پەرەلێل لەگەڵ ئەمدا شەڕێکی تری ناوخۆیی بۆ بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکەکانی ڕزگاریی و سووککردنی ماناکانی ئازادیی، لە ئارادا بووە.

گەر سەرنجێکی وردی ئەم مێژووە لە شەڕدا سیخناخ بووە بدەین، بە ڕاشکاویی ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە بزاڤە کلاسیکەکانمان لە فۆرمی میرنشینیدا و بزاڤە هاوچەرخەکانمان لە فۆرمی دەزگا سیاسییەکاندا، بە کردەوە لە هەمان بازنەدا خولاونەتەوەو لە باری فکریشەوە تێزەکانی بەر لەدروستبوونی نەتەوە دەوردەکەنەوەو کۆنسێپتەکانی ناو ئەو تێزانە بە بەرهەم دێننەوەو ڕوخسار و شێوەی ئینتما بچووکەکان سەرلەنوێ دادەڕێژنەوە. هەر بۆیە شەڕە ئێوخۆییەکانی "ئێستامان" نوسخەی هاوچەرخی شەڕە کلاسیکەکانمانە، شەڕێکە بۆ ئەم و ئەو دەکرێت و بە پارەو خەرجی ئەملاو ئەولا، بەڵام بە وزەی بەشەریی مرۆڤی کوردو بە عەقڵی پاشکۆو دواکەوتووی دەزگای سەرکردایەتی کورددوە بەڕێوە دەچێت. ناوەڕۆکی ئەم شەڕانەش بۆ تێکشکانی پرۆژەی نەتەوەییە بە هەردوو مانای ڕووناکبیریی و سیاسییەوە.

شەڕ تەنیا دوورگە هەراوەکانی مێژووی سیاسیی ئێمەی نەتەنیوەتەوە. بەڵکو وەک پانتایی و وەک بابەت، تەواوی کایە سیاسیی و هونەری و ئەدەبییەکانیشی داگیرکردووین. هێشتا لای ئێمە شەڕ بە مانای گشتگرو پێکرا نەبۆتە مەیدانی باس و لێتۆژینەوەو نەخراوەتە ژێر پرسیارو بە گومان نەخوێندراوەتەوە. هەر بۆیە کە شەڕی ئێوخۆیی هەڵدەگیرسێترێت، شەڕەکە ڕەفز ناکەین، بەڵکو هەڵوێست لە لایەنێک دژی ئەویتر دەگرینە بەر. چونکە شەڕ لە عەقڵی سیاسی ئێمەدا جوانە نەک دزێو، بابەتێکی قەبوڵکراوە نەک ڕەفزکراو.

لای ئێمە چ لە ئاستە سیاسییەکان و چ لە ئاستەکانی تروچ لەناو دەزگا بچووکەکانی کۆمەڵگەدا، پتر لەوەی باسی ئایندە بکرێت باسی مەرگ دەکرێت. ئەمەش لە خۆیدا زەمینەیەکی ترە بۆ قەبووڵکردنی شەڕ وەک حەتمییەتێکی ئاسایی چاولێکراو. بۆ هەر شەڕێک و لە هەر قۆناغێکدا بیانووەکان ئامادەن و لە پاشخانی عەقڵی سیاسیی کورددا ماشێنێکی ڕۆشنبیریی بەتاڵ و غەلبەغەلبێکی ئاسازی ماسمیدیا ئامادەیە. گرنگیش نییە لایەنەکانی ئەم شەڕانە کێ بن، دروشمەکان هەمان دروشم و بیانووەکان هەمان بیانوون. لەناو ئەم غەلبەغەلب و چەواشەکارییەشدا، شوێنێک بۆ مافی خۆجیاکردنەوەو بۆچوونی جیاواز نەماوەتەوە، چجای مافی بەرهەڵستکاریی.

## 2

لە دوای ڕاپەڕین کاتێک فۆرمێکی کوردیی دەسەڵات لە باشووردا پێکهات. هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانمان بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە، نەیانتوانی لەم دیاردە نوێیە بگەن وسروشتی کۆمەڵایەتیی حوکمڕانی و لایەنی کوردیی فۆرمەکە لێک جیابکەنەوە. ململانێ سیاسی و فکرییەکانی کۆمەڵگەی کورد بەهەرچ شوێن و نوختەوەرچەرخانێک بگەیشتبایە، نەدەبوو لایەنی کوردیی ئەم فۆرمی دەسەڵاتەی ڕەتبکردایەتەوە. چونکە هەرچ ڕەتکردنەوەیەکی لایەنە کوردییەکەی دەسەڵات، نکوولیکردنە لەوەی کورد خۆی حوکمی خۆی بکات و پاکانەکردنە بۆ فۆرمە عەرەبییە عێراقییەکە.

یەکەمین تێسرەواندنێک کە ئاراستەی ئەم فۆرمە کوردییەی دەسەڵات کرا لەلایەن دوو دەزگا حوکمڕانەکەوە بوو. سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە فۆرمەکەیان کرد بە دوو بەشەوە، دواتر بە پراکتیک شەڕێکی ئێوخۆییان لەسەر دەسەڵات هەڵگیرساندو وڵاتەکەیان دابەشکرد. لە ساڵی 1996یشەوە شەڕەکە لە شەڕی ئێوخۆیی (کورد-کورد)ەوە بووە بە نوسخەی کوردیی شەڕی چوار دەوڵەتەکە.

هێزو دەزگا سیاسییەکانی تری باشوور، گەرچی بەشێکیان دژی شەڕەکە بوون و ئاماژەیان بە مەترسییەکانی دەکرد، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی سەربەخۆییانەوە نەیانتوانی ڕۆڵێکی بەجیاهەڵکەوتووی کاریگەر بنوێنن و، ئەنجام بەسەر دوو ئیدارەکەدا دابەشبوون. بەگشتی گرفتی ئەمان لەو پرسیارەوە دەست پێدەکات کە هیچ وەڵامێکیان بۆی نییەو خۆشیان نازانن: ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتن، یان بەشداری دەسەڵات؟

بەشێک لە توندڕەوە کۆمۆنیستەکانیش زیاتر لایەنە کوردییەکەی ئەم دەسەڵاتەیان دەکوتا. ئەمە لە کاتێکدا ئەوان باش دەزانن کە ڕووخاندنی ئەم فۆرمە کوردییەی دەسەڵات ڕێگای هاتنە حوکم بۆ ئەوان خۆشناکات، بەڵکو فۆرمە عەرەبییە عێراقییە سروشت دیکتاتۆرییەکە بۆکوردستان دەگێڕێتەوە. کۆمۆنیستەکان یان "ئیسلامە فۆندەمینتالیست"ەکانی کوردستان مافی خۆیانە دژی سروشتی کۆمەڵایەتی حوکمڕانیی باشوور بن و، بە شوێن و ڕێی ئوسوڵیی و

دیموکراتی هەوڵی گۆڕینی بدەن. سروشتی حوکم سوسیالیست بێت یان لیبراڵ یان ئیسلامی، دیکتاتۆریی بێت یان دیموکراتی دەکرێ مەیدانی ململانێی بەرنامە سیاسییەکان بێت. بەڵام ئەوەی کە دژی فۆرمە کوردییەکەی دەسەڵات بێ ئەمە کارێکە تەنیا بە قازانجی شۆڤینیەتی عەرەبی و تورکی و فارسی تەواو دەبێت.

ئیسلامی سیاسیی و تورکمانی سیاسییش کە بەرهەمی دەستتێوەردانی هەرێمایەتی و بارودۆخی نائاسایی کوردستانن، هەردووکیان بە ئامانجی جیاجیاو لە ئاکامدا بە قازانجی چوار دەولەتەکە دژی لایەنی کوردیی فۆرمی دەسەڵاتەکەی باشوورن.

لە ئاستی سەرانسەری کوردستانیشدا، هێزی سەرەکی باکوور و گریلاکانی لە ساڵی1991 دوە سیاسەتێکی چەوتیان لە هەمبەر لایەنە کوردییەکەی دەسەڵاتی باشوور گرتەبەرو، بەگشتی هەڵوێستێکی نانەتەوەدییان دەرهەق پەیڕەو کرد. لە جیاتی پاڵپشتکردن و یارمەتیدانی فۆرمە کوردییەکەی دەسەڵات، کێشەی سەرباریان بۆی نایەوەو لە شەڕە ناوخۆییەکەشدا جار جارە دەبوونە تەرەف. ئەم هەڵوێستەی ئەوان لە دنەدانی دەوڵەتی سووریا دابڕاو نەبوو.

حوکمڕانانی باشووریش، لە جیاتی ئابڵۆقەدانێکی ئاقڵانەی ئەم سیاسەتە چەوتەی هێزەکەی باکوور، سیاسەتێکی چەوتتریان گرتە بەر کاتێک کە بۆ ڕازیبوونی تورکیا، پەرلەمانەکەیان بڕیاری لێدانی ئەوانی دا.

لێرەدا شوێنی خۆیەتی ئاماژە بە هەڵوێستی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت. کە هەر لە 1991 دوە هەڵوێستێکی نەگۆڕی نەتەوەدییان لە بارودۆخی باشوور گرتە بەرو باجی ئەم هەڵوێستەشیان زۆر لەسەر کەوت. لە لایەک ناچار بوون ستەم و زۆرداریی "براکانی باشووریان" قەبووڵ بکەن، لە لایەکی ترەوە لە بەردەم دەستوەشاندنی ئێراندا خۆ بگرن، کە بە بەرچاوی حوکمڕانانی باشوورەوە ئەنجام دەدران. لەگەڵ ئەو سەختییانەشدا کە ڕووبەڕوویان بوونەوە هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەستبەرداری ئەم هەڵوێستەیان نەبوون و شوێن پێی میلیشیاکانی باکوورو باشووریان هەڵنەگرت. پێم وایە ئەم هەڵوێستەی بزاڤی ڕۆژهەڵات لە ڕەوتی خۆیدا خاڵێکی گەش و بابەتێکی شایانی کار لەسەرکردنە.

ڕووناکبیرانیش بە گشتی بەشێکیان بە پێی ئینتما گروپییەکانیان تێکەڵ بەم شەڕانە بوون و بەشێکی تریان هێشتا لەو پاتتاییە کۆڵەوارەدا کاردەکەن، کە بە بیانووی جیاجیا یان لالوتبوونیان لەم هێز یان ئەویتر، بە ئاشکرا بێت یان ژێراو ژێر پشتیوانی یەکێک لە هێزەکان دەکەن. بەشێکی تریشیان کە سەربەخۆبوون نەبوونە قورساییەکی فشارهێنەری فکری ڕۆشنبیریی ئەوتۆ کە کاریگەرییەکی بەرچاو پێکبێنن.

## 3

بارودۆخی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێویستی بە سەنتەرێکی لێتۆژینەوەو سەکۆیەکی ڕووناکبیری - سیاسیی ئەوتۆ هەیە کە شەڕی ناوخۆیی بە گشت فۆرمەکانییەوە ڕەتکاتەوە، هاریکاریی و دەستتێکەڵاوکردنی هێزە کوردییەکان" بەتایبەتی سێ هێزە چەکدارە سەرەکییەکەی باشوورو باکوور" لەگەڵ چوار دەوڵەتەکەدا بخاتە ژێر پرسیارو لێپرسینەوەو وەک یەک پاکەت تەماشایان بکات، نەکەوێتە مەراقی سایکۆلۆژی دژی ئەم دزگا یان ئەویترو "گای ئەمیان بکا بە کێچ و کێچی ئەویتریان بەگا".

ڕووناکبیری کورد دەبێ لەو پرسیارەدا کار بکات کە بۆچی هەر کاتێک دەروازەیەکی سیاسی بەرەو ئایندەیەکی باشتر بە ڕووی گەلەکەماندا دەکرێتەوە، شەڕی ناوخۆیی ساز دەکرێت. ئەو سیحرانە چین کە دوو هێزەکەی باشوور دەخاتە ئەم قیلێهاتەی شەڕی ناوخۆییەوە، دواتر گەورەترین دەزگای سیاسی باکوور کە تا تەوقی سەری لە قەیراندایە، لە جیاتی ئەوەی کار لە کێشە زەبەندەکانی خۆیدا بکات، دێت و تێکەڵ بە گێمێکی تری شەڕ دەبێت لە باشووردا. پاشان کە شەڕەکە دەبێتە شەڕێکی ئیقلیمی، بۆچی ئێمە هەر بەشەڕی نێوخۆیی ناوی دەبەین؟

ئایا ئەم سێ شەپۆلە چەکدارە کوردەی باشوورو باکوور، لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا جگە لە شەڕی کورد کوژیی و شەڕکردن بۆ ئەم و ئەوهیچ چالاکییەکی گەورەیان بەرامبەر بە چوار دەوڵەتەکە ئەنجامداوە؟

ئایا دەزگای سەرکردایەتی هەردوو هێزە میلیشیاییەکەی باشوورو ئەوی باکوور، لەو کارانەی لەماوەی ئەم دەساڵەدا دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە تاوانبار نین؟ ئایا ئەوان بەرپرسیار نین لەوەی کە بزاڤی کورد بەم بنبەستەی ئێستای گەیشتووە؟ دەبێ بە بڕیاری سەرکردایەتی ئەم سێ هێزە چەند هەزار کورد بە دەستی کورد کوژرابێت؟

## 4

بە بەراورد لەگەڵ هەرێمەکانی تری کوردستاندا، هێشتا باشوور گەورەترین پانتاییە بۆ ئەنجامدانی کاری گەورەی سیاسیی، بە مەرجێک سەرکردایەتی کورد لە گەمەی چوار دەوڵەتەکە بێتە دەرو لە هەمان کاتدا باشوور لە نادیارییە کوشندە ناوخۆییەکەی ئێستای دەربازبکرێ و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە ئامادەبکرێت کە چاوەڕوان دەکرێت لە عێراقدا ڕوویدات.

هەر بۆیە پێویستە کورد بە هەموو تواناکانییەوە سیاسەتی بەکردەوەی هەر سێ هێزە سەرەکییەکانی باشوورو باکور ڕەتبکاتەوەو فشاریان بخاتە سەر کە پابەندی پرۆگرام و سیاسەتی ڕەسمیی حزبەکانیان بن و بەهەرج نرخێک بووەو هێندەی دەکرێت باشوور لە کاریگەری دەوڵەتانی ناوچەکە دوور بخەنەوە.

"شەڕی نێوخۆیی - شەڕی چوار دەوڵەتەکە" لە باشووردا بیبڕێندرێتەوەو دەسەڵاتەکانی باشوور یەکخرێن و سنوورێکی یاسایی بۆ تورکمانی سیاسیی و ئیسلامی سیاسیی دابنرێت.

پێویستە خیتابی کوردی لە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق وازبێنێت و سەرقاڵی ئەوە نەبێت عێراق بەچ مەرجێک کورد قەبووڵ دەکاتەوە،

با ئاوڕێک لەوە بداتەوە کە دەوڵەتی عێراق چی بەسەر کورددا هێناوەو، لەوێدا کاربکات. بۆ سەرلەنوێ پێکەوە ژیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، دەبێ کوردمەرجی هەبێت، نەک پێچەوانەکەی.

با خیتابی کوردیی جەخت لەوە بکات کە جارێکی تر باشووری کوردستان بە مەرجەکانی عێراق قایل نابێت و، مەرجی یەکگرتنەوەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبێ گەلی کوردستان خۆی بڕیاری لەسەر بدات و، بە ڕاشکاویش بە دەوڵەتی عێراق و جیهان بگوترێت، ئەگەر ئێمە لە ڕۆژگاری ئێستادا لە عێراق جیانەبینەوە، لەبری ئەم هەنگاوە ئەوان چ بە ئێمە دەدەن.

ڕەفیق سابیر

# کولتوور و ناسیۆنالیزمی کورد

**ئێمە ئیتالیامان خولقاندووە. ئێستا کاتی ئەوەیە ئیتالیایی بخولقێنین**
**ماسیمۆ دێ زێلیۆ - ١٨٦٠**

دوو سەدە دوای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە ئەورووپادا و بڵاو بوونەوەی بە وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا، جارێکی دی «تارمایی ناسیۆنالیزم» گەڕاوەتەوە بۆ ئەورووپا. لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و شەڕی نێوخۆی هێناوەتەوە. ئەم دیاردەیە بەلای کەمەوە دوو ڕاستی دەسەلمێنێت:

یەکەم- ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆتاییهاتوو و بەشێک لە مێژوو نییە، وەک زۆر باسکار و ئایدیۆلۆجیستانی لیبراڵ و کۆمۆنیست دووپاتیان دەکردەوە. بەڵکە مێژووی ئەم دوو سەدەیەی دوایی خۆی بەشێکە لە ناسیۆنالیزم، چونکە ڕەوشی مێژوویی ناسیۆنالیزم و شێوەی دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەدا تا ئێستا شوێنەوارەکانیان بە زەقی دیارن. گەلێک لەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە دنیادا ڕوو دەدەن، ڕیشەکەیان بۆ شێوە مۆدێلی دروستبوونی ئەو دەوڵەت و نەتەوانە، بۆ لەبەرچاونەگرتنی سروشتی کولتووری و ئێتنیکی ئەو وڵاتانە دەگەڕێنەوە.

دووەم- پرۆسەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و لیبرالیزم لە ئەورووپادا، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، نەیانتوانی کۆتایی بە ناسیۆنالیزم بێنن. نەیانتوانی مافی ئازادی و یەکسانی و بەرابەریی نەتەوەیی و کولتووری بۆ کەمەنەتەوەییەکانی نێو ئەو وڵاتانە دابین بکەن، یان بە باری دیکەدا ئەوان لەناو کولتووری زۆرایەتی و هاووڵاتیبووندا ...تاد بتوێننەوە. ئەگەر مرۆڤ کێشە و شەڕە نەتەوەییە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش باس نەکات، کە وێنەیەکی بەربەریستانەی لەناوبردنی فیزیکی و کولتووریی یەکتری بوون، ئەوا لە ئەورووپای ڕۆژئاوایش کێشەی نەتەوەیی گرفتێکی جیدییە. لە ئیسپانیا و ئێرلاند شەڕێکی ڕاستەقینەی نێوخۆیی هەیە. بەشێکی گەورەی خەڵکی نەتەوەکانی سکۆتلاندی و ێڵز لە بریتانیا، کاتەلۆنی و باسک لە ئیسپانیا، فەرەنسی زمانانی کۆبیکی کەنەدا بە دەسەڵاتی زۆرایەتی ڕازینین، چونکە پێیان وایە کە زۆرایەتیی حوکمڕان، لەناو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دەرفەتێکی یەکسانانەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کولتووری بۆ دابین نەکردوون. سەرەنجام هەریم و ناوچەکانی ئەوان وەک کۆلۆنیایەکی نێوخۆی ئەو دەوڵەتانە هێڵراونەتەوە. دیارە لە دەرەوەی ئەورووپادا کێشەی نەتەوەیی هێشتا توندترە، شەڕی نێوخۆیی، کە بە هۆی کێشەی نەتەوەیی دروست بوون، گرفتی گەورەیان بۆ پێشکەوتن و بە دیموکراتیبوونی چەندان وڵات و سەقامگیربوونی ئاشتی دروست کردووە، لەوانە ئەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان پێوە لکێندراوە. بۆیە هێشتا ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو بابەتە گرنگە فیکری، سۆسیۆلۆژی و مێژووییانەی کە، هەم لە ئاستی تیۆری و هەم لە ئاستی لێکۆڵینەوەی ئێمپێریکی ، پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە.

## 1

ناسیۆنالیزم چییە؟ ئایا ڕاستە ناسیۆنالیزم بەگشتی قبووڵ بکرێت یان ڕەت بکرێتەوە؟

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە ناسیۆنالیزم، بە مانا گشتییەکەی، دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە چونکە مرۆڤ، هەر لە کۆنەوە، ویستوویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاوی و پەیوەندیی هاوبەشی هەبێت کە لە زمانیان تێ دەگات، هەست دەکات کە کولتوورێکی

هاوبەش، یان مێژوویەکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە. لە هەمان کاتدا لەوی تر، واتا لە کەسان و خەڵکی بیانی، کە سەر بە کولتوورێکی جیاواز بوون، سڵەمیوەتەوە، چونکە لە زمان و کولتووریان نەگەیشتووە. لێیان ترساوە یان بە سووک بۆی روانیون و ویستوویەتی خۆی لێیان بە دوور بگرێت، یان ئەگەر توانیبێتی پەلاماریان بدات و کۆنترۆڵیان بکات. بۆ نمونە گریکەکان خەڵکانی دیکەیان بە «بەربەر» ناو دەبرد.

ناسیۆنالیزم، خۆی لە خۆیدا، چەمکێکی بێ لایەنە، یان ناسیۆنالیزم، وەک ئۆیڤیند ئۆستێرود دەڵێ رەنگێکی سیاسیی دیاریکراوی نییە. ئەو رەنگی خۆی لە دەوروبەرەکەی وەردەگرێت. مەرج و حاڵەتە مێژوویی، جیۆگرافی-سیاسی، دەوڵەتی و کولتوورییەکان فۆرمی تایبەتیی بە ناسیۆنالیزم دەدەن «١» بزاڤێکی ناسیۆنالیستی دەشێت لە قۆناخی مێژوویی جیاوازدا سروشتی خۆی بگۆرێت. بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسیۆنالیزمی هەر وڵاتێک پێویستە رەوش و ئەنجامەکانی ناسیۆنالیزم لەبەرچاو بگیرێن، نەک ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی فیکریی رووت. چونکە لێرەدا ناسیۆنالیزم وەک بەشێک، یان لایەنێک لە مێژووی فیکر باس ناکرێت، بەڵکە وەک ئەزموونێکی دیاریکراو باس دەکرێت کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراو و لە شوێن و زەمانێکی دیاریکراودا و بەو شێوە تایبەتییەی کە هەیە دەرکەوتووە، بە هەمان شێوە لە شوێنێکی دیکەدا دووبارە نابێتەوە.

ناسیۆنالیزم، وەک دیاردەیەکی سیاسیی-مێژوویی دەکرێت دوو مانا، یان دوو ناوەرۆکی لێک جیاواز و پێک ناکۆکی هەبێت کە بە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی بابەتیی دەرکەوتنیدا و بە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکانیدا دیاری دەکرێن:

– دەشێت ناسیۆنالیزم هاوتای ئازادی و یەکسانی و هەقخوازی بێت. ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێت کە نەتەوەیەکی ژێردەست لە دژی ستەم و داگیرکرن و لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات.

– دەشێت ناسیۆنالیزم مانای شۆڤێنیزم و ستەم و رەگەزپەرستی بێت کاتێک نەتەوەیەکی سەردەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن، یان چەوساندنەوەی کەمایەتیی نەتەوەیی، یان پەلاماری نەتەوەی دراوسێ، ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکار دێنێت.

بە کورتی لە دیدی زانستییەوە ناسیۆنالیزم وشەیەکی بێ لایەنە و دەبێت هەر دیاردەیەکی ناسیۆنالیستی لە چوارچێوەی بارودۆخی بابەتیی سەرهەڵدانیدا و لە رێگەی ناوەرۆک و ئامانجە سیاسییەکانییەوە سەرنج بدرێت، کە دەشێت ناسیۆنالیزمێکی رزگارگەر یان ناسیۆنالیزمێکی مەزنخواز و پەلاماردەر بێت. پێشکەوتنخواز یان کۆنەخواز بێت. لیبرال، یان سۆسیالیست یان فاشیست بێت. بۆیە مەحکومکردنی گشتیی ناسیۆنالیزم، وەک کۆمۆنیست و لیبرال و ئیسلامییەکان دەیکەن، حوکمێکی چەوتی ئایدیۆلۆژییە. ئەگەر ئەم حوکمە لە دیدی ئایدیۆلۆژیی ئەوانەوە بەهانە و ئامانجی سیاسیی خۆی هەبێت ئەوا لە رووی زانستییەوە هیچ نرخێکی نییە، چونکە پێچەوانەی سروشت و ئەزموونی بزاڤی ناسیۆنالیستییە.

ناسیۆنالیزم سیستمێکی فیکرییە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی بابەتی (ئۆبژێکتیڤی)ی بوونی گروپێکی ئێتنیکی «نەتەوە» کە زمان و کولتوور و مێژوو و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەر هەڵدەدات تا نرخ و بەرژەوندیی نەتەوەکە، لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیکەدا هاوتا، یان بەرزتر و بە گرینگتر بگرێت. بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی، لە رێگەی سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە، دابین بکا، دابینکردنی ئەم سیاسەتەش دەخوازێت کە ئەو چوارچێوە جوگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژێت کۆنترۆڵ بکرێت، واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێندرێت، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خەون و ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزم و هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستییە. ناسیۆنالیزم دووپاتی دەکاتەوە کە یەکبوونی نەتەوەیی پێویستە لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت، دەبێت سنووری نەتەوە و دەوڵەت هاوجووت بن«٢» یان دەخوازێت کولتوور و شێوەی دەوڵەت هاوئاهەنگ و تەبا بن، بۆ ئەوەی کولتوورماڵێکی سیاسیی خۆی، لەوەش زیاتر تەنیا تاکە ماڵێکی سیاسیی خۆی پێبدرێت... بەم مانایە ناسیۆنالیزم وەک سیستمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی نەتەوە دروست دەکات«٣». یەکبوونی کولتووری دەبێتە بناغەی یەکبوونی سیاسی. ئەو کەسانەی سەر بەهەمان کولتوورن هەست بە نزیکی و هاوکولتووری دەکەن. نەتەوە، وەک ویست و کولتوور، بە جۆرێک خۆی دەردەخات کە لەگەڵ سیاسەتدا یەک بێت و نەتەوە، وەک بوونێکی سیاسی، دەشێت سنوورەکەی تا ئە جێیە بڕوات کە سنووری کولتوورەکەیە. لەناو ئەم سنوورە سیاسییەشدا کولتوورەکە دەپارێزرێت. لێرەدا کولتوور سەرجەمی ئەو بەرهەمە مادی و رۆحییانە دەگرێتەوە کە خەڵکانێک لە مێژووی خۆیاندا پێکەوە هێناویانەتە بەرهەم. ئەم کولتوورە، وەک ناسنامەی کۆمەڵ، ئەساسێکی هاوبەش بۆ پێکەوەهەڵکردن و خۆناسینی نەتەوەیی دادەهێنێت. سەرەنجام سایەیەکی سیاسی و چوارچێوەیەکی دەستووری، واتا پرۆسەی دروستبوونی

نەتەوە دەخوازێت. تا لەم ڕێگەیەوە کولتوورەکە مانایەکی نوێی سیاسی و ئازادییەکی دەستووری ئەوتۆ دابین بکات کە دەستەبەری مانەوە و پێشخستنی خۆی (کولتوورەکە) بن.

بەلام کولتوور لە کۆمەلە ڕەگەزێکی جۆربەجۆر پێک دێت کە هەر کامیان، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، دەشێت لایەنی گرنگ و بگرە گرنگترین ڕەگەزی پێناسەی نەتەوە بێت و تەواوی پرسی نەتەوە و ڕەشی بەنەتەوە بوون، بە پلەی یەکەم، لەودا خۆیان دەربخەن. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بارودۆخە مێژووییەدا دەبێت کە نەتەوەکەی تێدا دەژی و ئەو هەڕەشانەی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە. دیارە زمان گرنگترین لایەنی کولتوورە. بەلام لە هەندێک کاتدا زمان ئەو لایەنە ئەساسییە نییە کە ناسنامە و ناوەڕۆکی کولتوورەکە دەرببڕێت، یان نەتەوەکە خۆی پێ لەوی دی جیابکاتەوە، بەلکە لە جیاتییان دەشێت ئایین، یان تەنانەت مەزهەبێکی ئایینی، ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت، بە جۆرێک کە سەرجەمی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی نەتەوە، یان قورسایی ناسنامە و ڕەگەزی خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکە لە جیاوازی ئایین، یان مەزهەبدا کۆببنەوە.

نەتەوەکان پێش ئەوەی ببنە نەتەوە؛ واتا شێوەی خۆیان بۆ دەولەت بگۆڕن، یان دەولەتی تایبەتیی خۆیان دابمەزرێنن، مێژوویەکی درێژی خۆیان هەبووە. ئەم مێژووەش لەسەر ئەساسی پرینسیپێکی گشتیی ئەو کۆمەلە خەلکە بووە کە بۆتە زەمینەی پێکەوەژیانی هاوبەش: زمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش، مێژوو و خاکی هاوبەش. هەر کۆمەلە خەلکێک سیستمێکی کولتووری بۆ خۆی دامەزراندووە کە لە ڕێگەی ئەو سیستمە کولتوورییەوە دەرکی بە دیاردەکان کردووە، تەسەورێکی گشتی و هاوبەشی دەربارەی خۆی پێکهێناوە و، توانیویەتی خۆی وەک یەکەیەکی ئێتنیکی-کولتووری لەوی دی جیا بکاتەوە. هێگل ئەم قۆناخەی ژیانی نەتەوە، یان ئەو کۆمەلە خەلکە، واتا قۆناخی پێش دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی، بە قۆناخی پێش مێژوو ناو دەبات. بەم مانایە مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەیەک لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە نەتەوەکە دەولەتی تایبەتیی خۆی دادەمەزرێنێت. بە پێی ئەم بۆچوونەی هێگل نەتەوە وەک یەکەیەک، کە لە سەرووی تاکەکەس (ئیندیڤید)ەوەیە، پێکەوەهەلکردنێکی ئۆرگانیکییە بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و شوێنێک لە مێژوودا بگرێت پێویستە شێوەی دەولەت بە خۆی بگرێت، یان ڕۆحی نەتەوە لە ڕێگەی دەولەتەوە خۆی دەربخات، وەک دواتر باسی دەکەم.

لە سالی ١٨٨٢ دا مێژوونووسی فەڕەنسایی ئێرنێست ڕێنان بەم جۆرە نەتەوە پێناسە دەکات: : نەتەوە یادەوەرییەکی بەکۆمەلە، هەروا هۆشیارییەکی هاوبەش و ئیرادەی پێکەوەهەلکردنە، مەسەلەیەکە دەربارەی هاوکاری و بڕوایەکی هاوبەش زیاتر لەوەی تایبەتمەندییەکی پێدراو بێت. نەتەوە ڕاگیرییەکی ڕۆژانەی گەلە«٤». ماکس وێبەر لە تێزێکی خۆیدا دەربارەی دەولەت و نەتەوە ئەم چەمکە سوبژێکتیڤییەی نەتەوە دووپات دەکاتەوە؛ ئەو دەولەت وەک فۆرمی ڕێکخستن، دەزگا Institution ی سیاسی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەلات پێناسە دەکات، نەتەوەش وەک بیر، ویستی ئینتیمای هاوبەش و کولتووری هاوبەش دادەنێت. دەولەت و نەتەوە دوو دیاردەی لێکدانەبڕاون، بەلام ئەوان سەلمێنەر و تەواوکەری یەکتری بوون. بە ڕای وێبەر توانای بەردەوامبوونی دەولەت لە ڕێگای هاریکاریی نەتەوەییەوە بەهێز کرا، لە کاتێکدا نەتەوە توانی ناسنامەی کولتووریی خۆی لە سایەی دەسەلاتی دەولەتدا بپارێزێت. بۆ ئەوەی ئەم خۆتەئکیدکردنە سوبژێکتیڤییە نا سەقامگیریی سیاسیی لێ نەکەوێتەوە پێویستی بە چوارچێوەیەکی دامودەزگایی چەسپاوتر هەبوو. دەولەت ئەم جۆرە چوارچێوەیە بوو«٥».

ناسیۆنالیزم بەرهەمی فەلسەفەی ڕۆشنگەری (ئەلتەنویر)و ئەنجامێکی ڕاستەخۆی مۆدێرنیزم و شۆڕشی فەڕەنسایە. فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا وەک تەوژمێکی بەهێزی فەلسەفی، سەرەتا لە بریتانیا و فەڕەنسا، دواتریش لە ئەوروپادا، بلاو بۆوە. ئەم فەلسەفەیە دژی هەر فۆرمێکی دەسەلات بوو کە عەقلی مرۆڤ لە چوارچێوەی باوەڕی ئایینی و مێتافیزیکیدا سنووربەند بکات، بە تایبەتی دەسەلاتی کلێسا و چینی ئەریستۆکرات. سروشت، بەلای ڕۆشنگەرانەوە، شتێک نەبوو لە سەرووی یان لە دەرەوەی مرۆڤ بێت، بەلکە مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت. بۆیە ئەگەر مرۆڤ زانیاریی تەواوی دەربارەی سروشت هەبێت و بتوانێت خۆی لە بیرو حوکمی پێشوەخت دەرباز بکات و عەقلی خۆی بەکاربهێنێت ئەوا دەتوانێت لە سروشت تێ بگات. بە لای ئەوانەوە ئایین و فۆرمی دیکەی باوەڕ، ڕێگرن لەبەردەم مرۆڤدا تا لە ڕێگەی عەقل و زانیاریی ئەزموونکارییەوە لە سروشت و مرۆڤ و کۆمەل بگات. ئامانجی ئەوان پێشکەوتن بوو، هۆکاری گەیشتنیش بە پێشکەوتن ڕۆشنگەری بوو، کە مەبەست لەوە بوو مرۆڤ توانایەکی سروشتیی هەیە کە خۆی بیر بکاتەوە و خۆی لەو بیر و حوکمەپێشوەختانە دەرباز بکات کە لە لایەن دەسەلاتە نەریتییەکانەوە، کلێسا و چینی دەسەلاتداران، بلاو دەکرێنەوە. لە هەمان کاتدا فەلسەفەی ڕۆشنگەری، لە ڕووی سیاسییەوە، داوای کۆمەلێکی دیموکراتی دەکرد کە پشت بە دەستوور

ببەستێت. ئەم دەستوورەش لە لایەن گەلەوە، نەک لە لایەن مەلیکەوە، دابندرێت، چونکە دەوڵەت و دەستوور دەبێت تەنیا دەربڕی ئیرادەی تاکە کەسێک نەبن، بەڵکە دەبێت دەربڕی ئیرادەی بەکۆمەڵ، یان ئیرادەی گشتی بن«٦».

فەلسەفەی ڕۆشنگەری زەمینەی بۆ شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسا خۆش کرد. سەرەنجام ئەو بیرانەی سەبارەت بە مافی سیاسیی گەل (یان خەڵک) و سەروەریی گەل دەرکەوتن گەلیان گۆڕی بە نەتەوە. چەمکی نەتەوە یەکێک بوو لە چەمکە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسا کە لەبەرامبەر ئیمتیازاتی ئەریستۆکراتەکاندا بەرزکرایەوە. دەوڵەت دەبوو لەسەر ئەساسێکی نوێ و، لە ڕێگەی پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەییەوە دابمەزرێندرێت. چینی خاوەن ئیمتیاز دەبوو دەستبەرداری ئیمتیازەکانی خۆی بێت و هەموو هاووڵاتییان، یان ئەندامانی نەتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلە و پایە و ڕەچەڵەکی ئێتنیکی و چینایەتییان، هەمان مافی هاووڵاتیبوونیان هەبێت. ئەم مافەش بە پێی دەستوورێک، کە گەل نەک پاشا بڕیاری لەسەر دەدات، پارێزگاریی لێ بکرێت. بەم جۆرە مافی هاووڵاتیبوون کرا بە بنەمای نوێی کۆمەڵ و، گەل گۆڕدرا بە نەتەوە، واتا کەسایەتییەکی سەربەخۆ، یان گەلێکی خاوەن سەروەریی. لەسەر ئەم ئەساسەش یەکەمین سوپای فەڕەنسایی، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، دامەزرێندرا و سەربازیکردن کرایە ئیجباری.

بەڵام ئەم مۆدێلەی دروستکردنی نەتەوە، لەسەر ئەساسی دەسەڵاتی گەل و ئیرادەی گشتی و مافی هاووڵاتیبوون ئەزموونێکی تایبەتی فەڕەنسایە. لە بەرامبەر ئەمەدا شەپۆلی بیری ڕۆشنگەری و ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا ئەنجامی دیکەیان لێ کەوتەوە. لە هەردوو وڵاتدا پێش هەر شتێک زمان، مەسەلەی کولتووری و ئێتنیکی، بە ئەساسی پێکهاتی نەتەوە-دەوڵەت داندران. تیئۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، لەوانە ج. گ. هێردێر، فیختێ، شێلینگ و هێگل، هەروا ماززینی لە ئیتالیا، لە سەرەتاوە مەسەلەی دەوڵەتیان بە مەسەلەی کولتووری-ئێتنیکییەوە بەستەوە. بەو پێیەی هەر گروپێکی خەڵک خاوەنی کەسایەتی و زمانی خۆیەتی، پێویستە لە هەمان کاتدا خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیشی بێت. هێردێر پێی وابوو کە دەوڵەتی باش پێویستە سنووری سروشتی هەبێت، واتا پێویستە سنووری دەوڵەت لەگەڵ ئەو ناوچانەدا هاوجووت بێت کە «نەتەوە»کەی لێ دەژیت. ئەو لە ساڵی ١٧٨٥دا لە کتێبی«چەند بیرێک دەربارەی مێژووی فەلسەفەی مرۆڤایەتی»دا دەنووسێت: سروشتیترین دەوڵەت ئەو دەوڵەتەیە کە تەنیا لە تاکە گەلێکی خاوەن یەک کاراکتێری نەتەوەیی پێکهاتبێت.. گەل وەک ڕووەک و خێزان وایە بەڵام پرش وبڵاوترە.. ڕێکخستنی سروشتی لە هەموو ئەو کۆمونانەی ئاوەدانن.. هەروا بۆ دەوڵەتیش باشترین ڕێکخستنە، ڕێکخستنێک کە هەر کەسێک ئەو کارە دەکات بۆی دیاری کراوە.«٧».

فیختێ کە یەکێک لە ناودارترین تیئۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بوو، پێی وابوو سنووری سروشتیی دەوڵەت دەبێت لەسەر ئەساسی زمان بێت. ئەو بە ئیلهاموەرگرتن لە تیزی ناسراوی کانت، دەربارەی خۆبڕیاردانی مرۆڤ، واتا ئازادی مرۆڤ تا خۆی بە پشتبەستن بە عەقڵ چارەنووسی خۆی بڕیار بدات، مەسەلەی خۆبڕیاردانی نەتەوەیی هێنایە گۆڕێ. بەڵام لە تێزی فیختێدا باسێک لە مەسەلەی ئازادی یان سەربەخۆیی تاکەکەس ناکرێت، بەڵکە تاکەکەس لەناو نەتەوەدا دەتوێتەوە و نەتەوە خۆی، وەک کەسایەتییەک، دەبێتە دەربڕی ویست و ئیرادەی تاکەکەسەکان. فیختێ تێزی هێردێری سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بە دوو ئاقاردا بەرەوپێش برد، یەکەم: ناوەرۆکێکی ئایدیالیستی بە زمانی ئەڵمانی بەخشی، چونکە لە زمانانی تری بە ڕەسەنتر و گرنگتر دانا. دووەم: بە لای ئەوەوە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگا سیاسییە سەربەخۆکان پێداویستییەکی گرنگ بوون بۆ پاراستنی ناوچەکانی کولتووری ئەڵمانی (یان ناوچەی ئەڵمانزمانان). بەم جۆرە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دوو مانای بەخۆ گرت: بەڵگەیەکی پایەبڵندیی نەتەوەیی و مەرجێکی قەوارەی سیاسی«٨».

ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا وەک ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕ و دیموکرات دەرکەوت؛ تیئۆریستانی ناسیۆنالیزمی ئەلمان و ئیتالیا، بۆ نموونە فیختێ و هێردێر وماززینی، کە پایەیەکی بەرزیان بۆ نەتەوەکانی خۆیان دادەنا، بەڵام لەو باوەڕەشدا بوون کە هەموو کۆمەڵە خەڵکێک دەبێت ڕێگەی بدرێت تایبەتمەندی نەتەوەیی و کولتووری خۆی پێش بخات و، مافی خۆیەتی دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. ئەوان لە ژێر کارتێکردنی بیری ڕۆسۆ و فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، پێیان وابوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت دیموکرات بێت و گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت. ناسیۆنالیستانی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە بەرامبەر دوو دەسەڵاتی نێوخۆیی و دەرەکیدا کەوتنە خەبات؛ دەسەڵاتی پاشایەتی و ئەریستۆکراتەکان و، دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە. فیختێ بە وشەی ئاگرین داوای لە نەتەوەی ئەڵمان کرد کە یەکبگرن لە خەباتدا دژی پەلاماری ناپلیۆن بۆ سەر ئەڵمانیا. ماززینی شەڕی گەلی ئیتالیا دژی دەوڵەتی نەمسا، کە باکووری ئیتالیای داگیر کردبوو، بە باشترین چەکی خەباتی نەتەوەیی

دەزانی. هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە شەڕی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی، گەل لە بۆتەی یەکێتیی نەتەوەییدا قاڵ دەکات«٩».

ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بە خێرایی شێوەی بزاڤێکی بەهێزی سیاسی و کولتووری بەخۆ گرت، یان وەک کارل پۆپەر دەڵێت، وەک ئایینێکی نوێی لێ هات، کە هەڕەشەیەکی ڕاستوخۆ بوو لە دەسەڵاتی پاشایەتی. سەرەتا ناسیۆنالیستانی ئەڵمانی داوای ڕێفۆرمی دیموکراتانە و ئازادی و یەکسانی و دەستووریکیان دەکرد کە هەموو هاووڵاتیان لە بەردەمیدا یەکسان بن. بەڵام ئەم داخوازییانە زوو پشتگوێ خران. هێگڵ، کە لایەنگری دەسەڵاتی بێ سنووری پاشایەتی بوو، ڕەخنەی لە زۆر تێزی فیکری و ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستانی ئەڵمانی گرت، بەو مەبەستەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی هەمان ڕەوشی ناسیۆنالیزمی فەڕەنسایی نەگرێت. هێگل دەربارەی یەکسانبوون دەنووسێت: «ڕاستییەکی قووڵ لەوەدا هەیە کە هاووڵاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسانن» بەڵام، وەک هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕاستییە، دەڵێت: «هاووڵاتییان تەنیا لەو خاڵانەدا لەبەردەم یاسادا یەکسانن کە لە دەرەوەی یاساشدا تیایدا یەکسان بن، لەوانە مەسەلەی موڵکوماڵ، تەمەن و..تاد». هێگل چەمکی ئازادی بەیاسا و دەستووری دەوڵەتی پاشایەتییەوە دەبەستێتەوە، یان یاسا خۆی دەربڕی ئازادییە. لەم دەوڵەتەشدا پاشا دوابڕیاردەر و دەسەڵاتی موتڵەقە، یان توخمی بڕیاردەری موتڵەق لە کوللدا تاکە کەسێکە، ئەویش پاشایە. بەم جۆرە هێگل مەسەلەی دەستوور، کە ناسیۆنالیستەکان داوایان دەکرد، چارەسەر دەکات. پۆپەر، دەربارەی ئەم بۆچوونەی هێگل دەنووسێت: چۆن کەسێک دەتوانێت هێندە بێ ئەقڵ بێت لە وڵاتێکدا داوای «دەستوور» بکات کە ئەو پاشایەتییە موتلەقە لێهاتووەی هەبێت، کە بەرزترین فۆرمی لەتوانادابووی دەستوورە!«١٠»

هێگل لە کاتێکدا دژی بیر و ڕێبازی لیبرالانەی ناسیۆنالیزم بوو، بەڵام دەوڵەت لای ئەو بایەخێکی گەورەی هەبوو، چونکە بە بەرجەستەبوونی پرینسیپی ڕۆحی دادەنا، یان وەک دەنووسێت: «دەوڵەتی نەتەوەیی ڕۆحە لە دیاربوونی ڕاسیۆنالانەی خۆی و واقیعیبوونی ڕاستەوخۆیدا.. بۆیە ئەو دەسەڵاتی موتلەقە لەسەر زەوی.. دەوڵەت ڕۆحی گەل خۆیەتی.. هۆشیاریی خۆیی لای هەندێک نەتەوە ئامرازی پێشکەوتنی ڕۆحی بەکۆمەڵ (کۆلێکتیڤی)یە.. ڕۆحی زەمان ئیرادەی خۆی لەودا دەچێنێت infuse .. هەستە ناسیۆنالییەکانی دیکە مافیان نییە بەرامبەر ئەم ئیرادەیە بوەستن: نەتەوەکە دەسەڵاتی بەسەر دنیادا بڕوات». ئەم جۆرە نەتەوانە و ڕۆح و ئیرادەی ئەوانن کە لەسەر شانۆی مێژوو خۆ دەنوێنن. مێژوو خەباتی نێوان ڕۆحی نەتەوە جۆربەجۆرەکانە لە پێناو حوکمڕانیکردنی سەردارانەی جیهان. بەڵام ئەو دەوڵەتەی هێگل مەبەستی بوو دەوڵەتی پروسی بوو نەک دەوڵەتێکی بچوکی ئەڵمانی، بۆیە ئەو ویستی سوود لە هەستی ناسیۆنالیزم وەربگرێت و، ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بگۆڕێت بە ناسیۆنالیزمی پروسی. بە بۆچوونی هێگل، ئەو ریفۆرمانەی نوێنەرانی ناسیۆنالیستەکان داوایان دەکرد پێویست نەبوون، چونکە نەتەوە و ڕۆحی نەتەوە خۆیان ڕێگا پێشانی ئەکتەرەکان دەدەن (ڕێشاندەری ئەکتەرەکانن)، لەوەش زیاتر هەر نەتەوەیەک ئەو دەستوورەی هەیە کە لەگەڵی دەگونجێت. پۆپەر لای وایە کە هێگل، بە تێزەکانی دەربارەی نەتەوە، تەنیا بەشێکی نوێی لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا دەست پێ نەکرد، بەڵکە ناسیۆنالیزمی بە تیۆرییەکی نوێ چەکدار کرد. ئەو لە جیاتی زمان، کە فیختێ بە ئەساسی ناسیۆنالیزمی دەزانی، تیئۆریی مێژووخوازی (مێژوویزم)ی دەربارەی ناسیۆنالیزم دارشت. نەتەوەی وەک ڕۆحێکی یەکگرتوو، کە لە مێژوودا کار دەکات، پێناسە کرد... دەوڵەتی ناسیۆنال، بە لای هێگلەوە، وەک ئۆرگانیزمێک بە ئیرادەی گشتی و ئیرادەی بەکۆمەڵی (کۆلێکتیڤانە) پڕچەک کراوە. بەم شێوەیە خاڵی ئەساسیی مێتۆدی مێژووخوازی (مێژوویزم) دەردەکەوێت، چونکە ڕێگای زانیاریی دەربارەی دەوڵەت بە ناو ئەم مێژووەدا یان بە ناو ئەم ڕۆحی مێژووەدا ڕەت دەبێت. ڕۆحی نەتەوە چارەنووسی مێژوویی شاردراوەی دەوڵەت بڕیار دەدات. هەر نەتەوەیەک کە حەز بکات بژی پێویستە، لە ڕێگای هاتنە سەر شانۆی مێژوو، واتا لە ڕێگای دژایەتیکردنی نەتەوەی دیکە، تاکمەندی (ئیندیڤیدوالیتە)ی خۆی یان ڕۆحی خۆی دەربخات، یان ببێتە حوکمڕان و سەرداری جیهان. شەڕیش تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتنە ئەم سەرداربوونە، بۆیە مێژووی نەتەوەکان، وەک هێگل دەڵێت، «خەباتە لە نێوان ڕۆحی نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا لە پێناو دەسەڵات، لە پێناو بوونە گەورەدەسەڵاتداری جیهان، کە تاکە ئامانج و دوا ئامانجە و تاکە ئەساسی حوکمدانە«١١».

سەرەنجام ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی سروشتێکی تۆتالیتاری وەرگرت. دەسەڵاتی گەل و ئیرادەی گشتی و یەکسانبوونی هاووڵاتییان لە بەردەم یاسادا، بەو شێوەی لە فەڕەنسادا ڕووی دا، تێکەڵ بە پرۆسەی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە نەبوون. لە جیاتییان مەسەلەی کولتووری و ئێتنیکی، بە تایبەتی مەسەلەی زمان و مێژووی هاوبەش کرانە بنەمای ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە. دەسەڵاتی دەوڵەتی پاشایەتی، لە سەرروویەوە پاشا خۆی، وەک ئەساسی هەق و سەرچاوە و بڕیاردەری دەستوور مایەوە. بۆیە ناسیۆنالیزمی

ئەڵمانی وەک هەراسانبوون و یاخیبوونێک بوو لە عەقڵانییەت و لیبرالیزم ، یان وەک کارل پۆپەر دەڵێت، ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری بوو... کە تەنیا وەک کاردانەوە (رەد الفعل)ی خۆپاراستن دژی داگیرکردنی بەرلین لەلایەن لەشکری ناپۆلیۆنەوە، دەرنەکەوت... بەڵکە لە هەمان کاتدا تەعبیرێک بوو لە هەستی خۆبەکەمزانینی ئەڵمان بەرامبەر بە ئینگلتەرا«١٢».

مێژووی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپادا دوو مۆدێل یان دوو ئەزموونی سەرەکی لێ کەوتۆتەوە:

یەکەم- ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، کە بەپێی ئەم مۆدێلە ناسیۆنالیزم، وەک سیستەمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی، نەتەوە لە کۆمەڵە گروپێکی ئێتنیکی و کولتووریی جیاواز و لە سەر ئەساسی هاووڵاتیبوون و یەکسانبوونیان لە بەردەم یاسادا دروست کرد، نموونەی فەرەنسا.

دووەم- ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکولتووری، کە نەتەوە لەسەر ئەساسی یەکبوونی ئێتنیکی- کولتووریی و پاشخانی مێژوویی دروست کرا، بەبێ ئەوەی عەقڵانییەت و بنەماکانی فەلسەفەی رۆشنگەری بکرێنە ئەساسی دەوڵەت، نموونەی ئەڵمانیا.

دواتر لەم دوو ئەزموونەوە دوو چەمکی سەرەکی سەبارەت بە نەتەوە دەرکەوتن: چەمکی نەتەوەی سوبژێکتیڤی و چەمکی نەتەوەی ئۆبژێکتیڤی؛ یان نەتەوەی سیاسی و نەتەوەی کولتووری، کە یەکەمیان رەگەکانی بۆ شۆرشی فەرەنسا و دووەمیشیان رەگەکانی بۆ ئەزموونی ئەڵمانیا دەگەرێتەوە.

مێژوونووسی ناسراوی ئەڵمان فرێدریش مێینێکیس، لە ساڵی ١٩٠٨دا باس لە دوو جۆرە نەتەوە دەکات: نەتەوەی سیاسیی(یان دەوڵەتی) و نەتەوەی کولتووری. بە بۆچوونی ئەو نەتەوە دەکرێت یان پێکەوەهەڵکردن و کۆبوونەوە لە دەورەی رێسای گەمە سیاسییەکان و دەزگاکان بێت، یان لەسەر ئەساسی شێوەلێکچوونی کولتووریی بێت. «نەتەوەی دەوڵەتی» یان نەتەوەی سیاسی یەکەیەکی چالاک و خۆبەرێوەبەرە نیشانەکەی لە هاووڵاتیبوون و هۆشیاریی ئینتیمابووندا دەردەکەوێت. «نەتەوەی کولتووریی پێکەوەهەڵکردنێکی کولتووریی پاسیڤە کە مەرج نییە لەگەڵ قەوارەی دەوڵەتی یان مەرجی سیاسیی سەربەخۆبوون هاوکات (هاوزەمان) بن. دەوڵەت تەنیا چوارچێوەیەکی پێویست نییە بە دەورەی نەتەوەی سیاسیدا، بەڵکو نەتەوەی سیاسی دەوڵەتەکە دەکاتە دەوڵەتێکی شەرعی لەگەڵ کۆبوونەوە لە دەورەی دەزگاکان (ئینستیتوسیۆن)، شێوەی بەرێوەبردن و رێسای بریاردان. لە فۆرمێکی سادەدا: دەوڵەت پێش نەتەوە دەکەوێت.

لە حاڵەتی نەتەوەی کولتووریدا دەشێت حەزکردن بە دەوڵەتی هاویەش هەبێت، بەڵام یەکبوونی سیاسی لەم چەمکەی نەتەوەدا مەرج نییە. یەکبوونەکە لە میراتی کولتووری و زمان، لە ئینتیما بۆ خاکێکی هاویەش دایە، لە ئایین، ئەفسانە، فۆلکلۆر و داب ونەریتی مێژوویی دایە. ئەم شێوە یەکبوونە، لای ئەم نەتەوە کولتوورییانە، دەبێتە خاڵی دەستپێکی سەربەخۆیی و مەرجی خۆسەلماندنی سیاسی. لە فۆرمێکی سادەدا: نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوێت«١٣».

ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو دیاردانەی کە زۆر را و تیۆری جۆربەجۆری لەبارەوە هەیە، چونکە خۆی دیاردەیەکی جۆربەجۆر و فرە شێوە و ناوەرۆکە، فرە ئامانج و ئەنجامە. بەڵام ئەو کۆمەڵناس و مێژوونووسانەی لە ناسیۆنالیزمیان کۆڵیوەتەوە و ویستوویانە چوارچێوەیەکی تیئۆری بۆ ناسیۆنالیزم دیاری بکەن، لەسەر ئەوە رێکن کە دەرکەوتنی دیاردەی ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەو گۆران و پێشکەوتنە ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییانەوە هەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەورووپا روویان دا. بە واتایەکی دی ناسیۆنالیزم ئەنجامێکی راستەخۆی رۆشنگەری و مۆدێرنیزمە. بەڵام سەبارەت بە گرنگی فاکتەری مێژوویی، ئێتنیکی-کولتووری، ئابووری و سیاسی رای جیاواز و تیۆریی جیاواز هەیە. وەک زانراوە مارکسیزم دیاردەی ناسیۆنالیزم، بە ئەنجامێکی راستەوخۆی پێشکەوتنی ئابووری و دەرکەوتن و گەشەکردنی پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە دەبەستێتەوە و بە دیاردەیەکی بۆرژوازیی دادەنێت کە دەیەوێت هەرێمە فیۆدالییە لێکدابراوەکان یەک بخات و بازارێکی یەکگرتووی ناوخۆیی دابمەزرێنێت. هەروا ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بە بەرهەمی هۆشیارییەکی ساختە و دیاردەیەکی کاتی دەزانێت، کە لەگەڵ کۆتاییهێنانی موڵکایەتیی تایبەتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا نامێنێت، چونکە دەسەڵات و کولتووری بۆرژوازی لەناو دەچن و دەسەڵات و کولتووری پرۆلیتاریا زاڵ دەبن. سەرەنجام ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری و برایەتی نێوان گەلان جێگای ناسیۆنالیزم دەگرنەوە.

لەو خاڵەدا کە مارکس ناسیۆنالیزم وەک بەرهەمێکی پێشکەوتنی ئابووری دادەنێت، راستییەک هەیە، کە دواتر زۆربەی کۆمەڵناسان، بە شێوەی جۆربەجۆر دووپاتییان کردۆتەوە، کاتێک ناسیۆنالیزم بە مۆدێرنیزم و بەسەنعەتکردنی کۆمەڵ و ئەنجامە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی وەک سیستەمی خوێندن، چاپەمەنی و میدیاوە..تاد دەبەستنەوە. هەندێکیان

کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەی وەک مەسەلەی دەوڵەت و مەترسی دەسەڵاتی نەتەوەی دراوسێ و کۆلۆنیالیزم، بە هاندەری دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دادەنێن. لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە باس لەو را و تیۆرییانە بکرێت، بۆیە تەنیا بە کورتی ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکەم، کە بۆچوونی ئەنتۆنی سمیسە. چونکە، بەپێی ئاگاداری من، بۆچوونەکانی دەربارەی ناسیۆنالیزم پوختەیەکی بەنرخی زۆربەی ئەو راو تیۆرییانەن. هەروا لە زۆر رووەوە، لە تیۆرییەکانی دی زیاتر، لەگەڵ ئەزموونی ناسیۆنالیزم بە گشتی و ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەمدا بە تایبەتیی دەگونجێت.

ئەنتۆنی سمیس لەو باوەڕەدایە کە ناسیۆنالیزم لە رێگای بە سیاسەتکردنی گروپە ئێتنیکییەکانەوە دەردەکەوێت. ناسیۆنالیزم، یان پێکەوەهەڵکردنی نەتەوەیی، خەسڵەتێکی گرنگی سوبێکتیڤی هەیە؛ ئەوان لەو رێگەیەوە دەردەکەون کە سیمبول و ئەفسانەی ناسنامەبەخش دێننە گۆڕێ؛ ئێستا و داهاتوو لە رێگای سەرلەنوێ دارشتنەوەی توخمی رابردووڕا مانا وەردەگرن. بەڵام بەرای سمیس ناسیۆنالیستان ناتوانن لەسەر ئەساسی ویست و ئارەزووی خۆیان ئەفسانەی نەتەوەیی دارێژن، یان مانا بە هەر دابونەرێتێک بدەن... پێویستە دابونەریتە نەتەوەییەکان، حیکایەتە میللییەکان، مێژوو و سیمبولەکان لە شتێکەوە بێن کە خەڵک بیان ناسێتەوە و مایەی بڕواپێکردن بن. سمیس ئەمە بە رەچەڵەک، یان ئەسلی ئێتنکی نەتەوە دادەنێ«١٤».

ناسیۆنالیزم، لای سمیس، پرۆگرامێکە دەربارەی سەربەخۆیی سیاسی و یەکبوونی تێریتۆریالی. لە هەمان کاتدا نەتەوە لە رێگەی دوو پرۆسێسی سەرەکییەوە دروست دەکرێت: لە مۆدێلی یەکەمیاندا ئێلیتێک هەیە کە پەیامهەڵگری دەوڵەت و نوێنەرایەتیی خەڵکێکی سەردار دەکات. ئەم خەڵکە سەردارە شوێن و پێگەی خۆی لەو رێگەیەوە دادەمەزرێنێت کە بە هۆی ئامرازی عەسکەری، ئیدارە، ئابووری و یاساییەوە نەتەوە دروست بکات. ئەم خەڵکە سەردارە، لە رێگەی تواندنەوە (ئەسیمیلەکردنی گروپی تر) و کۆنترۆڵەوە مۆرکی کولتووریی خۆی لە تەواوی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە دەدات. لایەنگریی کەمەنەتەوەیی و ناوچەکان لە رێگەی هاووڵاتیبوون، سیستمی خوێندن و هاوئاهەنگی (ئینتێگرەسیۆن)ی ئابوورییەوە دابین دەکرێن.

لە مۆدێلی دووەمیاندا بزاڤێکی بەرهەڵستکاریی لەو گروپە کولتوورییە-ئێتنیکییانەوە دەست پێ دەکات کە بندەستن، یان ملکەچی دەسەڵاتی زۆرایەتیی حوکمڕان کراون. لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە ئەوان، بە هۆی جیاوازیی ناوچەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتیی خۆیانەوە، بە کۆمەڵ پارێزگاریی خۆیان بکەن. بەم جۆرە نەتەوە ئێتنیکییەکان دەردەکەون.

لە مۆدێلی یەکەمیاندا ناسنامەی نەتەوەیی بە شوێنی جیۆگرافی، یاسا هاوبەشەکان و دەزگاکان و هاووڵاتیبوون.. پەیوەند دەبێت. لە مۆدێلی دووەمدا ناسنامە پەیوەندی بە بۆچوونێکی هاوبەشەوە دەبێت دەربارەی رەچەڵەک و کولتوور و زمانی هاوبەش. سمیس باوەڕی بەوە هەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە لە رێگای مۆدێرنیزم و پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێ دادەگرێت کە جیاوازیی ریشە مێژوویی-ئێتنیکییەکان کاری خۆیان لە کاراکتێری ناسیۆنالیزم و شێوەی دەرکەوتنیان دەکەن«١٥».

وەک گوتمان ناسیۆنالیزم، دیاردەیەکی سیاسی-کولتوورییە کە لە ئەنجامی هۆکاری جۆربەجۆر، لە کات و شوێنی جۆربەجۆردا دەردەکەوێت و شێوە و ناوەرۆک و ئامانجی جیاواز بەخۆی دەگرێت. بۆیە هێشتا ناکرێت بگوترێت کە تەنیا تاکە تیۆرییەک، چەند زانستانە بێت، دەتوانێت دیاردەی ناسیۆنالیزم لێک بداتەوە. بە هەمان شێوە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە، بە هەموو مەودا سیاسیی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە و لێی دەکەونەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەشێوەیە، بۆیە زەحمەتە ئەویش لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی تیۆریدا بەند بکرێت. ئەزموونی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوە تەنانەت لە ئەورووپاشدا ئەو راستییە دەسەلمێنن کە کۆمەڵێک هۆکاری ئێتنیکی، کولتووری، ئاینی و مەزهەبی، مۆدێرنکردنی کۆمەڵ، مەترسی دەسەڵاتی سیاسی و شاڵاوی کولتووری نەتەوەی دراوسێ..تاد پێکەوە یان هەندێکیان، هاندەر و رێخۆشکەری ناسیۆنالیزمن. هەروا مێژووی ناسیۆنالیزم دەری دەخات کە هەردوو لایەنی سوبژێکتیڤی و ئۆبژێکتیڤی، نەتەوەی سیاسی و نەتەوەي کولتووری، لە خاڵێکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە کە خاڵی کولتوور، بە تایبەتی زمانە. واتا ناسیۆنالیزم پێش هەر شتێک پشت بە زمان و میراتێکی کولتووریی دیاریکراو دەبەستێت. دەشێت زمانەکە سەرەتا، لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، زمانی ئێلیت (نوخبە)یەکی رووناکبیر بێت، یان لەهجەیەکی زمانەکە بووبێت و تەنیا بەشێکی زۆر کەمی هاووڵاتیان توانیبێتیان قسەی پێ بکەن«١٦» بەڵام دواتر بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، لە رێگای مۆدێرنکردنی کۆمەڵ و دەزگاکانی خوێندن و راگەیاندن و چاپەمەنی و تاد.. ئەم زمانە، کە لە سنوورێکی تەنگەبەردا بەکار هاتووە، کراوەتە زمانی تەواوی نەتەوەکە، یان بەسەر تەواوی هاووڵاتیاندا، کە لەناو سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتەکەدا

ژیاون، سەپێندراوە، هەرچەندە بەشێک لەم هاووڵاتییانە سەر بە گرووپی ئێتنیکی جیاوز و زمان و کولتووری جیاوازیش بووبن. تەنانەت لەو وڵاتانەی کە نەتەوە لەسەر ئەساسی مەرجی هاووڵاتیبوون و یەکسانبوون لەبەردەم دەستووردا دامەزرێنرا، بۆ نموونە فەڕەنسا، ئەوا دواتر قبوولکردنی زمان و کولتووری فەڕەنسایی کرا بە یەکێک لە مەرجەکانی هاووڵاتیبوون. هەروا زمان و کولتووری فەڕەنسایی، لە تەواوی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی فەڕەنسادا، کرایە زمان و کولتووری زاڵ. لە ڕێگای سەپاندنی ئەم زمانەوە کولتووری نوێی نەتەوە، بە هەموو ڕەگەزە نوێیەکانییەوە، کە دەوڵەتی نەتەوەیی بناخەکانی دارشتبوون، کرایە کولتووری تەواوی نەتەوە. هەروا سەرەتای ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئەورووپا پێش هەر شتێک گەڕانەوە بوو بۆ زمانی خەڵک و کولتووری میللی، لە بەرامبەر زمانی لاتین کە زمانی ڕەسمیی چینی حوکمڕان و ئەریستۆکراتەکان بوو و زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوار لەو زمانە نەدەگەیشتن. بێنێدیکت ئەندێرسۆن پێی وایە کە لە ئەورووپادا بە هۆی گەڕانەوەی بۆ زمانی خەڵک و گۆڕینی بۆ زمانی ئەدەبی (واتا زمانی نووسین و بڵاوکردنەوە) لە جیاتی زمانی لاتین، کە زمانی دەستە و چینی حوکمڕان و ئەریستۆکرات بوو، هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو گەلانی ئەورووپادا دروست بوو«١٧». بە کورتی نەتەوە، لە هەردوو چەمکەکەیدا، چەمکی سوبژێکتیڤی و ئۆبژێکتیڤی، یان نەتەوەی سیاسی و نەتەوەی کولتووری، پێش هەر شتێک یەکەیەکی کولتووری کە سەرئەنجام فۆرمێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی هەڵدەبژێرێت تا لەودا، لە ڕێگای دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتەوە بوونی چالاکانەی خۆی دەربخات.

* * *

دوای شۆڕشی فەڕەنسا ناسیۆنالیزم و بیری ڕۆشنگەری بە خێرایی بە ئەورووپادا بڵاو بوونەوە و زەمینەیان بۆ بزاڤی نوێی فیکری و ناسیۆنالیستی خۆش کرد. لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی کۆماری نوێی فەرەنسا و دەسەڵاتی ناپلیۆن هەڕەشەیەک بوون کە کاردانەوەی نوێیان دروست کرد. دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەم کاردانەوەیە بوو. چونکە کاتێک ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیادا دەرکەوت، هێشتا پرۆسەی بە سەنعەتکردن و مۆدێرنیزم لەوێ یان دەستیان پێ نەکردبوو، یان لەوە لاوازتر بوون کە بتوانن ئەنجامی گەورەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان لێ بکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، بە نۆرەی خۆی، کاردانەوە و تەئسیری ڕاستەوخۆی لە وڵاتانی ناوەڕاسی ئەورووپا، بە تایبەتی وڵاتانی سەر بە ڕەگەزی سلاڤی دانا. بەپێی تێزی فێختە و ناسیۆنالیستانی ئەڵمان دەبوو سنووری دەوڵەتی ئەڵمان تا ئەو شوێنە بڕوات کە ئەڵمانیزمان هەن، لە کاتێکدا بەشێک لە ئەڵمانەکان لەو ناوچانە دەژیان کە، لە رووی مێژووییەوە، بە خاکی سلاڤییەکان دادەندران. کاتێک زمانی ئەڵمانی لە جێگەی زمانی لاتین کرایە زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی پرۆسی مەترسی سەرداربوونی زمان و کولتووری ئەڵمانی هەڕەشەیەک بوو لە هەنگاریا (مەجەرستان) و وڵاتانی دی. شۆڕشی ناسیۆنالیستی ساڵی ١٨٤٨ی هەنگاریا کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە مەترسی سەرداربوونی کولتوور و زمانی ئەڵمانی«١٨».

کاردانەوە بەرامبەر، یان ترسان لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی دراوسێ لە زۆر وڵاتی ئەورووپادا ناسیۆنالیزمیان هێنایە بەرهەم، بێ ئەوەی زەمینەی بابەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لەو وڵاتانەدا هەبن. هەروا کاتێک ناسیۆنالیزم و بزاڤی ڕزگاریخوازیی لە یۆنان و بەڵکان و وڵاتانی دیکەی ژێردەستی عوسمانی دەرکەوت، ئەو وڵاتانە نە پرۆسەی بەسەنعەتکردن و نە مۆدێرنێتەیان بە خۆیانەوە دیبوو. دیارە بیری ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسا زەمینەیەکی فیکری، کولتووری و سیاسییان، لەو وڵاتانەدا، بۆ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم ئامادە کرد بوو، بەڵام دەشێت ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانە وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی داگیرکردن، یان وەک بەرهەمی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتی کولتوورێکی زاڵی بێگانە و نێوان کولتوورێکی ژێردەستی خۆماڵی، نەک وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی مۆدێرنێتە و بەسەنعەتکردن، سەیر بکرێن. ئەم مۆدێلەی ناسیۆنالیزم دواتر بە شێوەی جۆربەجۆر لە وڵاتە کۆلۆنیالکراو و داگیرکراوەکاندا دووبارە بۆوە.

پێش کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بیری ڕۆشنگەری و بیری شۆڕشی فەڕەنسا لە ناو ڕووناکبیرانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانیدا بڵاوبوو بوونەوە. هەروا نفووزی ئابووری و سیاسی و کولتووریی وڵاتانی سەرمایەداریی ئەورووپایی، لەم وڵاتانەدا، بەهێز بوو بوون. هەردوو وڵات بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوە بەسترابوونەوە و، سەرەتاکانی پەیوەندیی ئابووریی سەرمایەداری- بازرگانی، بە تایبەتی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ڕوویان لە زیاد بوون کردبوو. ڕووناکبیرانی تورک و گەلانی دیکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی بزاڤێکی فراوانی سیاسی و کولتوورییان دژی دەسەڵاتی ئیستیبدادیی سوڵتان و لە پێناوی ژیانێکی نوێی دەستووریدا دەست پێکردبوو. بەشێک لەو

رووناکبیرانه، لەبەر ستەمی دەوڵەتی سوڵتان، ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپایی بوو بوون. لەوێ، لە گەرمەی چالاکیی سیاسییاندا، راستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بیری رۆشنگەرییەوە. ئەم هۆکارانە سەرەتای بزاڤێکی نوێیان لە ناو ئیمپراتۆریادا دروست کردبوو، کە بە ناوی ئیتیحاد و تەرەقی ناسرا. بەڵام ئەم بزاڤە، کە رووناکبرانی تورک پێشەنگی بوون، هەر زوو بۆ بزاڤێکی ناسیۆنالیستیی توندرەوانە گۆڕدرا. ناسیۆنالیزمی تورک، پرۆژەی ریفۆرمیستانەی خۆی گۆڕی بە پرۆژەیەکی پانتۆرانیستی، کە ئامانجەکەی ئەوە بوو گەلانی تورکزمان، بە تورکەکانی بوڵگارستان و قەفقاس و ئاسیای ناوەراست و چینیشەوە، لە ناو دەوڵەتێکدا یەک بخات. ئەم وەرچەرخانەی ناسیۆنالیزمی تورک شێوە رەدفیعلێک بوو بەرامبەر بە مەترسی بزاڤی پانسلاڤیزم کە رووسەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بانگێشەیان بۆ دەکرد. هەر بەم بەهانەیەشەوە پشتگیری خەباتی گەلانی سلاڤییان کرد و راستەوخۆ لە رزگاربوونی بوڵگارستان لە دەسەڵاتی عوسمانی بەشدار بوون. هەروا دەشێت ئەم گۆڕانە ئەنجامی هەستی خۆبەکەمزانینی تورکەکان بووبێت لە بەرامبەر رووسەکان و ئەوروپاییەکاندا، کە رۆژبەرۆژ دەسەڵاتییان لە ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا زیاتر دەبوو.

بەڵام ناسیۆنالیزمی تورک، بەم کارە نەتەوەکانی نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی بێدار کردەوە. رووناکبیرانی ئەو نەتەوانە، لەوانە عەرەب و کورد، تا ئەو کاتە تەنیا داوای گۆڕانی دەستووری و ریفۆرمی سیاسی و هەندێ مافی ئیداریی ناوچەییان دەکرد. هێشتا لە ناو ئەو نەتەوانەدا ناسیۆنالیزم، وەک بزاڤێک کە ئامانجی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، دەرنەکەوتبوو. بۆیە دەکرێت بە هەمان شێوە ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد وەک کاردانەوە بەرامبەر دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی دراوسێ، واتا ناسیۆنالیزمی تورک، کە بە خێرایی بۆ ناسیۆنالیزمێکی عەسکەری-تۆتالیتاری گۆڕدرا، سەیر بکرێت.

بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس، لەپاڵ هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دەرکەوتنی، بێزاربوونێک بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی روسیا و بریتانیا لە ئێران. هەروا لە کاردانەوە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورکی و هەستی خۆبەکەمزانین لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورک بە دوور نەبوو. ئێران لە دامەزراندنی دەوڵەتی شیعەمەزهەبی سەفەوییەوە، لە سەرەتای سەدەی شانزەیەم، بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا کێشەی توندی هەبوو. رەزا خان، کە بە کۆمەکی بریتانیا دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێرانی دامەزراند، لە گەلێک رووەوە دەیەویست لاسایی ئەتاتورک و شێوە مۆدێلی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک بکاتەوە؛ بۆ نموونە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستیی عەسکەری، بە مۆدێرنکرنی کۆمەڵ و دامەزراندنی کۆمەڵە دەزگایەکی سیاسی و خوێندن، سەپاندنی زمانی فارسی وەک تاکە زمانی رەسمیی و پەلاماردانی زمان و کولتووری گەلانی دیکەی ئێران..تاد. بەڵام ناسیۆنالیزمی فارس، لە ناوەرۆکدا مەحکومی کولتووری ئایینی و دەسەڵاتی ئایین کرا. ئەمەش بەرهەمێکی راستەوخۆی مێژووی ئێران و کولتووری سیاسی-ئایینیی ئێران بوو، وەک وڵاتێک کە لە مێژووی کۆن و نوێیدا (سەردەمی ساسانی و سەردەمی سەفەوی و دواتر) هەمیشە ئایین ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بووە. لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تر«١٩» ناسیۆنالیزمی فارس نەک هەر نەیتوانی سەرەتای پرینسیپی عەقڵانییەت و لیبرالیزم لە کۆمەڵی ئێراندا بچەسپێنێت و سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ئایین و فیکری ئایینی دابنێت، بەڵکە گۆڕدرا بە ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری و،تەنانەت یاسای دەوڵەت، لە زۆر رووەوە ملکەچی کۆمەڵە پرینسیپێکی دەستوور و شەریعەتی ئیسلام کرا.

هەروا ناسیۆنالیزمی عەرەب، کە سەرەتا لە وڵاتانی عەرەبیی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا دەرکەوت، کاردانەیەک بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تورک و پرۆژەی پانتۆرانیزم. ناسیۆنالیستانی عەرەب، لە بەرامبەر دەسەڵاتی موتڵەقی سوڵتاندا، پەنایان بۆ بیری رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسا برد. ئەوان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا داوای ریفۆرم و دەستوورێکی نوێیان کرد. هێشتا مەسەلەی سەربەخۆیی عەرەب و دابینکردنی مافێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆ کولتووری عەرەب لە ئارادا نەبوون. ناسیۆنالیزمی عەرەب لەوە لاوازتر بوو بتوانێت تەنانەت لە یەک وڵاتێکی عەرەبدا، بە خەباتی خۆی، دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت و سنوورە جوگرافیاییەکەی دیاری بکات، یان هەنگاوێک بەرەو یەکبوونی عەرەب بنێت.

پرۆژەی رۆشنگەری و ناسیۆنالیزمی عەرەب، کە سەرەتا لە میسر و لوبنان سوریا دەرکەوت، هەوڵدانێک بوو بۆ جێکردنەوەی بیری رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسا لە کۆمەڵی عەرەبدا، یان گونجاندنی ئەو بیرانە لەگەڵ بیر و کولتووری زاڵی کۆمەڵی عەرەب، کە لە ناوەرۆکدا بیر و کولتوورێکی ئیسلامی بوو. بۆیە شانبەشانی خەباتی رۆشنگەری و داخوازی ریفۆرم و دەستوور، مەسەلەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام، وەک ئەساسێکی فیکری و کولتووری، وەک سەرچاوەیەکی

گرنگی دەستووری، بوون بە خولیایەکی دیکەی ڕۆشنگەران و ناسیۆنالیستانی عەرەب. ئەوان ویستیان لە متوربەکردنی دوو بیر و کولتووری تەواو لێک جیاواز و بگرە تا ڕادەیەکی زۆر پێک ناکۆک ئایدیۆلۆژیا و پرۆژەی ناسیۆنالیستی خۆیان داڕێژن: یەکەم- بیری ڕۆشنگەری کە، لە جیاتی ئایین و دەسەڵاتی ئایین، پشت بە عەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵ دەبەستێت، دەسەڵاتی ئایین و هەر جۆرە بیر و وەهم و خورافاتێک، کە عەقڵ و توانای عەقڵی مرۆڤ سنوور بەند بکات، ڕەت دەکاتەوە. دووەم- بیر و کولتووری ئیسلامی کە پشت بە دەسەڵاتێکی غەیبی و ئەساسێکی نەگۆڕی شەرعی و سیستمێکی داڕێژراوی فیکری-دەستووری بۆ گیروگرفتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و تێگەیشتنی جیهان دەبەستێت. ڕەنگە ئەم سازشکردنە فیکرییە، یان هەوڵدانە تەوفیقییە بۆ پێکەوەگونجاندنی دەسەڵاتی عەقڵ و دەسەڵاتی ئایین، یان ناسیۆنالیزم و ئایین، ناوەڕۆکی دیلێمای پرۆژەی ڕۆشنگەریی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەب بووبێت، چونکە هەوڵدان بۆ گونجاندنی فەلسەفەی ڕۆشنگەری و عەقڵانییەت لەگەڵ ئایین و میراتی ئایینی ئیسلامدا، کارێکی مەحاڵ بوو. بۆیە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبوو لە سەرچاوەی دیکەی فەلسەفی و فیکری و لە ئەزموونی دیکەدا کۆمەڵە بنەمایەکی گوڵبژێرکراو بۆ پرۆژەکەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەم سەرچاوە فیکری و ئایدیۆلۆژییەش تەنیا فەلسەفەی مێژووخوازی هێگل و فەلسەفەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بوو. بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزمی عەرەب لە جیاتی عەقڵانییەت غەیبییەت، لە جیاتی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئایینی تەسلیمبوون بەو دەسەڵاتە و، لە جیاتی پرنسیپی لیبرالی و دیموکرات و مافی هاووڵاتیبوون تۆتالیتاریزمی هەڵبژارد. سەرەنجام ئەم پرۆژەیە ناوەڕۆکە فەلسەفییەکەی وەک پرۆژەیەکی ناعەقڵانی و ئایدیالیستی- مێتافیزیکی مایەوە، ناوەڕۆکە سیاسییەکەشی لە پرۆژەیەکی ناسیۆنالی تۆتالیتێری و ڕێبازێکی توندڕەو و شۆڤێنیستانە و کودێتاچییانە... زیاتری لێ نەهاتە بەرهەم. بە ڕای من بەعس درەوشاوەترین نمونەیەتی.

هەندێک لە ناسیۆنالیستانی عەرەب، بۆ نمونە ساطع الحصری و میشێل عەفلەق، هەوڵیان دا، لە چوارچێوەی گونجاندنی ناسیۆنالیزم و ئاییندا، ئایدیۆلۆژیایەکی گوڵبژێکراوی ئایدیالیستی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب دابێنن. ئەوان ویستییان لە ڕێگەی گەڕانەوەیەکی عاتیفییانە بۆ ئیسلام، وەک ڕۆحی مێژوویی عەرەب و، گواستنەوەی هەندێک تێزی فێختە و هێگل، کە زمان و هۆکاری ڕۆحی بە ئەساسی نەتەوە دەزانن، بنەماکانی ئایدیۆلۆژیای بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەب و زەمینەی فیکریی یەکێتیی عەرەب دابڕێژن. یان ئەو دیلێمایە چارەسەر بکەن کە لەسەرەتاوە ڕۆشنگەرانی عەرەب ڕووبەڕووی بوو بوونەوە. لای ساطع الحصري هەر کەسێک بەعەربی بپەیڤێت عەرەبە، سنووری وڵاتی عەرەبیش تەواوی وڵاتانی عەرەب و ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە بە عەرەبی دەدوێن (کۆپیکردنی تێزی فیختێ). عەفلەق دەڵێت: ناسیۆنالیزم جەستەیە ڕۆحەکەی ئیسلامە. ئەو بە باوەڕبەخۆبوونێکی دەگمەنەوە دەنووسێت: «لە ئیسلامدا لایەنێکی ناسیۆنالیستی هەیە کە جێگایەکی سامناکی لە دروستبوونی مێژووی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەبدا هەیە. بەعس یەکەمین بزاڤێک بوو کە ئەم پەیوەندییەی ڕوونکردەوە و فۆرمێکی تەواوی پێ بەخشی، بەم کارەش قەیرانێکی لەمێژینەی چارەسەر کرد»«٢٠»

تێکهەڵکێشکردنی بیری ڕۆشنگەری و ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئایینی ئیسلام، وەک ئەساسی یەکبوونی ڕۆحیی و مێژووی عەرەب، هەروا هەستی هاوبەشی عەرەبایەتی و زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش نەیانتوانی عەقڵانییەت و دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەب بچەسپێنن و زەمینەیەکی بابەتی بۆ لێکنزیکبوونەوەیەکی سیاسی، ئابووری و کولتووری نێوان وڵاتانی عەرەب دروست بکەن. یان تەنانەت دوو وڵاتی عەرەبی وەک سوریا و عێراق، کە یەک حیزبی ناسیۆنالیستی، بەعس، حوکمڕانە، یەک بخەن.

سروشت و ڕەوشی ناسیۆنالیزمی تورک، عەرەب و فارس لە لایەکەوە بە مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی چەند سەدەی پێشووی ئەو نەتەوانەوە بەستراوەتەوە لە لایەکی دیکەوە، ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەدا سەرەتا وەک ئەنجامی کاردانەوە و مەترسی سەرداربوونی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی هاوسێ بوو. ئەوان بە کۆمەکی وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهان دەوڵەتی ناسیۆنالیستیی خۆیان دامەزراند، هەر بە کۆمەکی ئەوانیش سنووری ئەو دەوڵەتانەیان چەسپاند. بۆیە ڕەوشی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتانە، بە پرۆژەی ناسیۆنالیزمیشەوە، تا ڕادەیەکی زۆر مەحکوومی قورسایی کولتووری مێژوویی و ئەو فاکتەرە دەرەکییانە کران کە لە پشت دروستبوون و بەردەوامبوونی ئەو دەوڵەتانە بوون.

ناسیۆنالیزمی تورک، عەرەب و فارس، بە درێژایی نزیکەی سەدەیەک سەلماندیان کە ئەوان لە جیاتی ئەوەی پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازی و ڕۆشنگەری و عەقڵانی بن، بزاڤێکی تۆتالیتاری و شۆڤێنی-میلیتارین کە پێش هەر شتێک لەسەر ئەساسی خولیای سەپاندنی دەسەڵات و ئیرادەی نەتەوەکەیان بەسەر ئەوی «دی»دا و رقبوونەوە لەوی دی دروست بوون. ئەوی دیش بۆ ئەوان لە دوو

وێنەدا خۆی دەنوێنێت:

یەکەم- کەمایەتیی نەتەوەیی نێو وڵاتەکانیان.

دووەم- دەوڵەت و نەتەوە دراوسێکانیان، کە بەردەوام گرژی و زەمینەی شەڕ لە ئارادایە. بە کورتی «ڕێبازی بیری ئەوان بە گشتی ڕێبازێکی شۆڤێنیستانە و تا ئەندازەیەکیش ڕەگەزپەرستانەیە. چونکە ئەم ڕێبازە ئایدیۆلۆژییانە، بۆ نموونە، دان بە بوون ن مافی چارەنووسی کورد و کەمەنەتەوەکانی ئەو وڵاتانەدا نانێ... بۆیە هەموویان هەڵوێستێکی دژانەی وەک یەکیان هەیە بەرامبەر بە کورد... ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و تورک و فارس هەوڵ دەدەن بۆ یەک ڕەنگ کردنی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیان، لە ڕێی نەهێشتنی ئەو نەتەوە و کەمایەتی یانەوە کە لە سنووری دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیاندا دەژین. جا لەبەر ئەوەی گەلێک لەو کەمایەتی یانەی کە لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە نێو سنووری دەوڵەتە تێرتیۆریالەکانی عوسمانی و قاجاردا، وەک ئەرمەنی و ئاسووری، پاش جەنگی جیهانی ی یەکەم و لە ماوەی جەنگدا لەنێوبران و ئەوانی دی تا ئەندازەیەک بێ هێز و لاوەکی کراون و تەنێ نەتەوەی کورد ماوە کە توانیبێتی خۆی بپارێزێ، ئەوا مەسەلەی 'یەک ڕەنگ کردن' لە پلەی یەکەمدا بووە بە مەسەلەی لەنێوبردنی کورد، کە ئەمەش گەلێک شێوەی جیاوازی وەرگرتووە...»«٢١»

## 2

ناسیۆنالیزمی کورد، لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، وەک کاردانەوە بەرامبەر مەترسی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی تورک دەرکەوت. بەم مانایە ئەمیش، وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەرهەمی بەسەنعەتکردن و مۆدێرنێتە نەبوو. بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورک، فارس و عەرەب دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا وە پرۆژەی ناسیۆنالیستی خۆی لە بیرو ئایدیاوە بگۆڕێت بۆ واقیع، لە جیاتی ئەوە وڵاتە ئیمپریالییە سەرکەوتووەکانی شەڕی یەکەمی جیهان وڵاتەیەکان دابەشکرد. ناسیۆنالیزمی کورد بەر پەلامارێکی گەورەی دەوڵەتی ناسیۆنالی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان کەوت. ئیدی وەک ناسیۆنالیزمێکی ڕاونراو، پەلاماردراو، کە نوێنەری کولتوورێکی داپلۆسێندراو و یاساخکراوە، لە حاڵەتی داکۆکی لەخۆکردندا مایەوە. بە واتایەکی دی تا ئێستا شەڕی ناسیۆنالیزمی کورد، پێش هەر شتێک، شەڕی خۆپاراستن بووە.

ناسیۆنالیزمی کورد نوێنەری کولتوورێکی تایبەتە. کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش و ڕواڵەتی لێکچووی هەیە، لە هەمان کاتدا لە هەر بەشێکی کوردستاندا بە جۆرێک ڕەوش و تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە کە ناتواندرێت بە بەشێک یان تەواکەری بزاڤی بەشێکی دیکە دابندرێت.

بۆ ئەوەی باشتر لە ماهییەتی ناسیۆنالیزمی کورد و تایبەتمەندییەکانی تێ بگەین، بە ڕای من، دەبێت بە لای کەمەوە لە بەردەم سێ مەسەلەدا بوەستین:

یەکەم- ڕەوشی کولتووری کورد، بەوپێیەی ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و میراتگر و نوێنەری ئەم کولتوورەیە.

دووەم- سروشتی کۆمەڵایەتیی-سیاسی کوردستان و مۆدێلی دەسەڵاتی میرنشینی، کە تاکە مۆدێلی دەسەڵاتی سیاسیی کورد بووە.

سێیەم- تایبەتمەندی و سروشتیی ناوچەگەریی ناسیۆنالیزمی کورد.

### لێکدابڕانی کولتووریی کورد

لێرەدا مەبەستم لە کولتوور سەرجەمی ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژوویانەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم، لەوانە زمان، بیر و ئەدەب و هونەر و ئەفسانەو میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیئۆری و زانستییەکان و دابو نەریت..تاد بۆیە کولتوور چوارچێوەیەکی فیکری و تێڕوانینە بۆ جیهان و ژیان و کۆمەڵ. یان سیستمی داب و نەریت و جیهانبینی و تێڕوانینی کۆمەڵە. بەم پێیە هەر کۆمەڵێک کولتوورێکی تایبەت بەخۆ و جیاواز، یان سیستمی کولتووریی خۆی دێنێتە بەرهەم کە بە هۆیەوە کەسایەتیی تایبەتیی خۆی دەردەخات. سەرەنجام کەسایەتیی مرۆڤەکان بەو کولتوورەوە دەبەسترێنەوە. هەر بەهۆی ئەم سیستمە کولتوورییە و بە بەراورد لەگەڵ ئەودا مرۆڤ هەوڵ دەدات لە دەوروبەر و هەقیقەتی ژیان تێ بگات. بۆیە هەر دیاردەیەک لە ڕێگەی سیستمێکی کولتوورییەوە دەرکی پێدەکرێت.

کولتوور بەشێکە لە کەسایەتی و ناسنامەیەک کە کۆمەڵ بەگشتی و مرۆڤەکانی بە تایبەتی خۆیانی لە ئەوی دی پێ جیا دەکەنەوە. کەواتا کولتوور چەند هۆکاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوە بێت لەوی دی یان لەوانی دی. ئەوە سیستمی کولتووری و پێوانە کولتوورییەکانن کە جیاوازیی نێوان (من) و ئەوی دی دیاری دەکەن و سەرەنجام خەتێکییان بە نێواندا دەکێشن. بەم مانایە دەشێت کولتوور سەرچاوەی گومان و سڵکردنەوە و ناکۆکی بێت. لێرەدا ناوەرۆکی گومان و ناکۆکییەکەش، لە سیستمە کولتووری و پێوانە کولتوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. من یان ئەوی تر، پێش هەرشتێک مەسەلەیەکی کولتوورییە. واتا مەسەلەی بەراوردکردنە بە پێوانەیەکی کولتووری و لەسەر ئەساسی سیستمێکی کولتووری، مەسەلەی بە پیرۆزکردنی کولتوورێک و

سەرەنجام هەوڵدان بۆ سەپاندنی پێوانەکانی ئەو کولتوورە و بەکەمگرتن و هەوڵدان بۆ بەزاندنی پێوانەکانی کولتوورێکی دیکەیە. بۆیە کێشەو ناکۆکییەکان هەر ناوەرۆک و هۆکارێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەبێت ئەوا لە ناکۆکیی کولتووری بەدوور نین. بگرە گەڵێک لەو کێشە و ناکۆکییانە، بۆ نموونە کێشە نەتەوەیی و ئێتنیکی و ئایینی و مەزهەبییەکان، لە ناوەرۆکدا کێشەیەکی کولتوورین، یان زەمینەیەکی کولتوورییان هەیە.

کورد بە هۆی کولتوورەکەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی، وەک گروپێکی ئێتنیکی جیاواز لە تورک و عەرەب و فارس، بپارێزێت. بەم مانایە بوونی کورد پێش هەر شتێک بوونێکی کولتوورییە. بۆیە دابەشبوونی کوردستان و لێکدابڕانی کورد تەنیا دابەشبوون و لێکدابڕانێکی سیاسی و جوگرافیایی نییە، بەڵکە دابەشبوون و لێکدابڕانێکی کولتووریشە.

زمانی کوردی، لەناو رەگەزەکانی کولتووری کوردیدا، لایەنی هەرەگرنگە، هەروا هۆکاری سەرەکیی مانەوەی کوردە. رەنگە لەبەر ئەمە بێت کە دابەشبوونی کوردستان پێش هەر شتێک بە زمانی کوردییەوە دیار بێت. زمانی کوردی نەبێت ئێمە جیاوازییەکی ئایینی، یان رەنگی پێست و جیاوازی دیکەی فیزیکیمان لەگەڵ تورک و عەرەب و گەلانی ئێران نییە. تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کورد، بە هۆی زمانی کوردییەوە پارێزراون.

بەڵام ئێمە تا چ ئەندازەیەک دەتوانین قسە لە یەکبوونی کولتووری کوردی، یان لە کولتوورێکی نەتەوەیی- کوردی بکەین لە کاتێکدا کوردستان تا ئێستا کۆمەڵێکی دابەشکراو و لێکدابڕاوی فرە ئایین، فرەمەزهەب، فرەلەهجە و فرەخێڵە. هێشتا کورد نە ناوەندێکی یەکگرتووی سیاسی و کولتووری و نە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە. هەروا کولتووری کوردی بەرهەمی کۆمەڵە لەهجەیەکی کوردییە و لە چەند ناوچەیەکی جۆربەجۆر و لێکدابڕاوی کوردستاندا هاتۆتە بەرهەم. لە هەر بەشێکی کوردستاندا بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی کولتووری نەتەوەی سەردەستی عەرەب، تورک و فارس. ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکەی داوە بە کولتووری هەر بەشێکی کوردستان. لەبەر ئەوەی ئەم نەتەوە سەردەستانەی کوردستان لە رووی سیستمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و زمان و کولتوورەوە لە یەکتری جیاوازن ئەوا کولتووری کوردی لە هەر بەشێکدا چەند کەوتبێتە ژێر کاریگەریی کولتووری هەر یەکێک لەو نەتەوانە ئەوا دەشێت بە هەمان ئەندازە لە کولتووری کورد، لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، دوور کەوتبێتەوە. ئاخۆ ئەم دابەشبوونە سیاسی و جوگرافی و ئابووری و کولتوورییەی دەیان، یان سەدان ساڵە کۆمەڵی کوردستان تووشی هاتووە دەرفەتی ئەوەی هێشتۆتەوە کە کولتووری کوردی، وەک سیستمێکی تایبەت و وەک کولتوورێکی یەکگرتوو بوونی هەبێت، تا بتوانێت کار لە کۆمەڵی کوردی و دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤی کورد بکات؟ لە هەمان کاتدا ئەم کولتوورە، وەک پێداویستی مانەوە و گەشەکردنی ئازادانەی خۆی، سایەیەکی سیاسی بخوازێت.

پێشتر گوتم کە کولتووری کورد پێش هەر شتێک زمانە. زمانی کوردی، بە هەموو تایبەتمەندی و تواناکانی دەربڕین و خۆبەرجەستەکردنی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب و زانیندا توانیویەتی ستروکتووری کولتووری کوردی دابڕێژێت و، ئەم کولتوورە بکاتە سیستمێکی تایبەتی کە تێڕوانین و ئەندێشەی مرۆڤی کورد بەخۆی بگرێت، ببێتە ناسنامە و هۆکاری خۆناسین و خۆجیاکردنەوە لەوی تر. واتا لەگەڵ ئەو جیاوازی و لێکدابڕانەی کولتووری کورد تووشی هاتووە، بەڵام ئەم کولتوورە ئەساسێکی هاوبەشی خۆی هەیە کە زمانی کوردی و هەندێک تایبەتمەندیی دیکەی کولتوورییە، کە بنەمای هەستی ئینتیمای هاوبەشی دروست کردووە. مرۆڤی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بێت و بە هەر دیالێکتێک بپەیڤێت خۆی بە کورد دەزانێت، ئەوی دیش (عەرەب، تورک، فارس..تاد) ئەم بە کورد دادەنێت.

کولتووری کورد بە هۆی زمانی کوردییەوە توانیویەتی خۆی، وەک بوونێکی جیاواز لە کولتووری عەرەب و تورک و فارس، دەرببڕێت. بوونی بەجیاهەڵکەوتووی خۆی، لە بەرامبەر کولتووری ئەوی دی، یان بە جۆرێکی تەریبی (موازی) لەگەڵ کولتووری ئەوی دی بسەلمێنێت. هەوڵ بدات لە شتێک لە خۆیدا، وەک کانت دەڵێت، ببێتە شتێک بۆ خۆی. ئەم پرۆسەیەش لە سەرەتادا لە رێگەی شیعرەوە دەستی پێکردووە. شیعر بە درێژایی چەند سەدەیەک تاکە چاوگەی سەرەکی کولتوور و فیکری کورد بووە. زمانی کوردی بە هۆی شیعرەوە لە زمانی پەیڤینەوە بۆتە زمانی نووسین و بیکردنەوە و رامان و دەرخستنی هەستی مرۆڤ و سەلماندنی تایبەتمەندیی کولتووری و خۆجیاکردنەوە لەوی تر. مرۆڤی کورد لە رێگەی شیعرەوە تەنیا جیهانی ناوەوەی خۆی، هەست و ترس و بیری خۆی بەرامبەر بە ژیان و بوون و خودا دەرنەبڕیوە، بەڵکە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەکانی خۆی، وەک بوونێکی کولتووریی جیاواز لەوی دی، دەرخستووە.

شاعیران بەشێک بوون لە دەستەی خوێندەواری کورد، کە لە مزگەوت و ناوەندە ئایینییەکاندا

پێگەیشتوون. ئەم دەستە خوێندەوارە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بابەتەکانی وەک فەلسەفە، مێژوو، زانستی زمان و هی تریان بە عەرەبی یان فارسی نووسیوە، کەچی لە سەدەی پانزەیەمەوە، واتا لە سەردەمی مەلای جزیری (١٤٠٧-١٤٨١) را، شیعر بە کوردی نووسراوە. مێژووی فیکر و کولتووری عەرەب و فارس ناوی دەیان نووسەر و زانای کوردیان بەخۆ گرتووە کە بە زمانانی عەرەبی و فارسی نووسیویانە، کەچی شاعیرێکی گەورەی ئەو سەردەمانەی عەرەب یان فارس ناناسم کە کورد بوو بێت. هۆکارەکە دەشێت ئەوە بێت کە شیعر زمانی هەستە و، وەک ئێلیۆت دەڵێ، بیرکردنەوە بە زمانێکی بیانی لە هەست کردن بەو زمانە ئاسانترە«٢٢».

زۆر نەتەوەی دیکەش یەکەمین جار هەر لە ڕێگەی شیعرەوە خۆیان، وەک بوونێکی ئێتنیکی و کولتووریی جیاواز، دەرخستووە. بۆ نموونە: دوای ئەوەی عەرەبەکان، لە سەدەی حەوتەمدا، ئیمپراتۆریای ساسانییان روخاند زمانی کۆنی ئێرانی بە تەواوی جێگەی بۆ زمانی عەرەبی چۆڵکرد. نزیکەی چوار سەدەیەک دواتر ئێرانییەکان بوونی بەجیاهەڵکەوتووی کولتووریی خۆیان لە ڕێگەی شیعرەوە دەرخستەوە. ڕۆڵی فیردەوسی لە دەرکەوتنی زمانی ئەدەبیی فارسیدا وەک ڕۆڵی دانتییە لە زمانی ئیتالیاییدا. لە ئەوروپادا زمانی لاتین، تا چەند سەد ساڵ دوای سەدەکانی ناوەڕاست، زمانی نووسینی بابەتی فەلسەفی و ئاییناسی و فەلەکناسی و زانست بوو. سەرەتا گەلانی ئەورووپا لە ڕێگەی شیعرەوە زمانی تایبەتیی خۆیان بەکار هێنا و تایبەتمەندیی کولتووریی خۆیان دەرخست. ئەمەش دواتر زەمینەی بۆ خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوەیی رەخساند.

جێگای سەرنجە کە کورد لە سەدەی پانزەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە سێ بەشی کوردستاندا و بە سێ لەهجەی جیاواز ئەم هەوڵەی داوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەم هەوڵانە بتوانن هەموو کوردستان بتەننەوە. لە سەدەی پانزەیەم، لە سایەی میرنشینی بۆتاندا

لە هجەی کرمانجی وەک سەرەتای زمانی ئەدەبیات دەرکەوت. مەلای جزیری و دواتر عەلی هەریری و خانی بەم زمانە شیعریان نووسیوە. کاتێک عوسمانییەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا سەپاندۆتەوە ڕێگەی گەشەکردنی ئەم زمانە ئەدەبییە گیراوە و نەیتوانیوە بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاو ببێتەوە. ئەم زمانە ئەدەبییە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەرنەکەوتۆتەوە.

دوای ئەوە لە سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا زمانی کوردی، لەهجەی گۆران، لە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سایەی دەسەڵاتی ئەردەلانەکاندا لە ڕێگەی شیعرەوە دەرکەوت. شاعیران مەولەوی، بێسارانی و خانای قوبادی..تاد بەم شێوە زمانە شیعرەکانیان نووسیووە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمڕا ئەم شێوە زمانە لاواز بووە. لە باشووری کوردستاندا و لە سایەی دەسەڵاتی بابانەکان لە سلێمانیدا شێوە زمانێکی دیکەی ئەدەبی، دیسان بە هۆی شیعرەوە، دەرکەوتووە کە سەرەتا شاعیران نالی و کوردی و سالم و مەولانا خالید شیعریان پێ نووسیوە و ئەمڕۆ بۆتە ئەو شێوە زمانە ئەدەبییەی کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زمانی نووسین و خوێندنە.«٢٣»

ئەم دیاردانە چەند بەشێکی لێکدابڕاو و تەواونەکراوی پرۆسەیەکن، پرۆسەی هەوڵدانی کورد بۆ خۆجیاکردنەوە لە عەرەب و فارس و تورک، پرۆسەی گۆڕانی کولتووری کورد لە شتێک لە خۆیدا بۆ شتێک بۆ خۆی، کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا چەندان جار و لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی کوردستاندا سەری هەڵداوە. ئەم هەوڵانە لەو سەردەمانەدا بوون کە لە ناوچەیەکی جوگرافیدا کورد ئازادییەکی کاتیی بۆ ڕەخساوە، توانیویەتی وەک بوونێکی ئێتنیکی-کولتووریی جیاواز لە تورک و فارس، خۆی دەربخات. ئەم دیاردانە پەیوەندییان بە یەکترییەوە نەبووە. هەر یەکەیان، وەک دیاردەیەکی کولتووری، لە شوێن و کاتێکی تایبەتی، بە جیا و دابڕاو لەوی دی سەریان هەڵداوە و، تەنیا ناوچەیەکی کوردستانی گرتۆتەوە. هەر کامیان پێش ئەوەی بتوانێت شێوەزمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، وەک بەهێزترین بنەمای کولتووری، لە دەرەوەی سنووری جوگرافییەکەیدا بچەسپێنێت، یان هۆشیاریی نەتەوەیی دروست بکات تێک شکێندراوە. بەم جۆرە لێکدابڕانی فیکری و کولتووریی کورد، وەک بەرهەمی لێکدابڕانی سیاسی و جیۆگرافیایی کوردستان بەردەوام بووە. خۆی بووە بە هۆکار یان ڕواڵەتێکی دیکەی بەردەوامبوونی لێکدابڕانی نەتەوەیی. بە واتایەکی دی ئەم کولتوورە، ئەگەرچی ناسنامەیەکی ئێتنیکی بووە، کەچی نەیتوانیوە بناغەی لێکنزیکبوونەوەی نەتەوەیی و زەمینەی هەست و هۆشیاریی ئینتیمای هاوبەشی ئێتنیکی-نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کورددا دروست بکات، بە جۆرێک کە ئەوان لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بن و سەر بە هەر هۆز و تیرە و ئایین و مەزهەبێک بن، لە سەر ئەساسی کولتوورێکی هاوبەش هەست بە هاوچارەنووسی بکەن، سەرەنجام هەوڵ بدەن لەسەر ئەم ئەساسە زەمینەیەک بۆ هاریکاری و یەکبوونی سیاسیی پێک بێنن.

دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا ئەم دیاردەیە، وەک خۆی مایەوە، بگرە بارودۆخی سیاسی و کولتووریی کورد، بە هۆی دابەشکردنی کوردستانەوە سەختتر بوو. کورد پێشتر بەسەر دوو ناوەندی سیاسی

و کولتووریدا، ناوەندی عوسمانی و ئێرانی، دابەش بوو بوو، کەچی دوای شەڕی یەکەمی جیهان بەسەر چوار دەوڵەتی ناسیۆنالدا، کە سێ زمان و کولتووری جیاوازیان هەیە، دابەشکرا. بەم جۆرە کوردستان کرایە کۆلۆنیایەکی نێوخۆی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. تا ئێستا ڕێگەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵاتی و کولتووریی لێ گیراوە.

دەوڵەتانی ناسیۆنالی تورک و فارس و عەرەبی عێراق و سوریا بە پێی ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنی کەوتنە پەلاماری کورد و جینۆسایدی کولتووریی کورد تا لەم ڕێگەیەوە ناسنامە و یەکبوونی نەتەوەیی وڵاتەکانیان بچەسپێنن.

بە درێژایی ئەو ماوەیە زمان و کولتووری کورد بەر پەلامارێکی فراوان کەوتووە. زمانی کوردی، وەک زمانی خوێندن و نووسین، جگە لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان (ناوچەی سلێمانی و هەولێر) هەمیشە یاساغ کراوە«٢٤» بەڵام بە رای من لە باکووری کوردستاندا گەورەترین زەبر بەر زمان و کولتووری کوردی کەوتووە. چونکە دەوڵەتی کەمالیستی تورک، لە پاڵ جینۆسایدی کولتووریدا، شێوەنووسینی تیپی لاتینی- تورکی بەسەر کورددا سەپاندووە، بەم کارەش توانیویەتی گەلی باکووری کوردستان لە تەواوی ئەو میراتە ئەدەبی و کولتووری و مێژووییە داببڕێت کە کورد بە درێژایی مێژووی خۆی تا ئەمڕۆ بەرهەمی هێناوە. یان گەلی باکووری کوردستان بە مێژووی ئەدەبی و فیکری و کولتووریی خۆی نامۆ بکات. ئەم پرۆسەیە لە زۆر ڕووەوە لە پرۆسەی سەپاندنی حەرفی کیریلی دەچێت بەسەر هەندێ گەلانی ڕوسیای سۆڤیەتدا، لەوانە گەلانی تاجیک، کازاخ و تورکمان و..تاد. جێگای سەرنجە زۆربەی ئەم گەلانە، هەرچەندە بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەت، زمانەکەیان وەک زمانی خوێندن و نووسین ئازاد بوو، لە هەر بوارێکی زانستی و فەلسەفی و فیکری و ئەدەبیدا زۆر شاکاریان هێناوەتە بەرهەم، کەچی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، بە دوای ریشەی خۆیاندا چوون و دەستبەرداری ئەلفوبێی کیریلی بوون.

ئەم دۆخە نوێیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان دژواریی نوێی بۆ کولتووری کورد رەخساندووە و دیوارێکی گەورەی کولتووریی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا، بە تایبەتی لە نێوان باکوور و نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دروست کردووە. هەروا کوردستان بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە، ئەورووپا، دابڕێندراوە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە و نییە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بیر و کولتووری ئەورووپا و جیهانەوە هەبێت، بۆیە بە پێچەوانەی، بۆ نموونە کولتووری عەرەبەوە، مەترسی پەلاماری کولتووری دەرەکی ڕاستەوخۆ لە کولتووری وڵاتانی کولۆنیالی ئەورووپاییەوە نەهاتووە، بەڵکە لە کولتووری دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب، تورک و فارسەوە هاتووە.

کولتووری کورد، لە بەرامبەر ئەو هێرشەی کراوەتە سەری، هەمیشە لە حاڵەتی داکۆکی لەخۆکردن و خۆپاراستن و نیمچە گۆشەگیریدا بووە. یان ویستوویەتی، بە شێوەیەکی پاسیف خۆی لەگەڵ کولتووری زاڵدا بگونجێنێت،. لە پەراوێزی ئەودا پەنایەک بۆ خۆی دابین بکات. لە هەمان کاتدا بە گومانەوە بۆ ئەو دیاردە کولتوورییانەی ڕوانیوە کە لە دەرەوەی خۆیڕا هاتوون. چونکە ئەوان بە جۆرێکی سروشتی و ئاسایی نەهاتوون، بەڵکە هاوشانی پەلامار و لەناوبردنی فیزیکی و کولتووری بوون. میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن و غەریزەی مانەوە ئەوەی خواستووە کە خەڵک نە هەر تەنیا داکۆکی لە زید و ژیانی خۆیان بکەن، بەڵکە داکۆکی لەو کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش بکەن کە لە سایەی چارەنووسێکی هاوبەشدا کۆی کردوونەتەوە. یان ئەوان تەنیا لەناو قەڵا و کێوی ناوچەکەیاندا خۆیان قایم نەکەن، بەڵکە لەناو قەڵای کولتووریی دێرین و کولتووری ناوچەیی و عەشیرەتییشدا پارێزگاریی خۆیان بکەن. بۆیە پاراستنی قەڵای ڕابردووی مێژوویی و کولتووریی دێرین گەڕانەوە بۆیان، لە بەرامبەر هەرەشەی کولتووریی ئەوی دی، بەشێک بووە لە میکانیزمی خۆپاراسن و مانەوە و داکۆکی لەبۆ کردن«٢٥». بەم جۆرە کورد پێش هەر شتێک بەهۆی کولتووری ناوچەیی و زمان-دیالێکتی ناوچەییەوە، نەک لە ڕێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە، بوونی خۆی، وەک دیاردەیەکی سەربەخۆی ئێتنیکی- کولتووری، پاراستووە. ئەمەیش هێزێکی دیکەی بە سیستم و کولتووری خێڵایەتی داوە، گیانی ناوچەگەری و لەهجەپەروەری بەهێز کردووە. چونکە پاراستنی ئەم کولتوورە بەشێک بووە لە پێداویستیی بابەتیی مانەوە و خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی بیانیدا. هەڵبەت پرۆسەیەکی لەم جۆرە زەمینەی چەقین لە ناو کولتووری ڕابردوو ئامادە دەکات، لە هەمان کاتدا دەرفەتی گۆڕانکاری و تەفاعولی پۆزێتیڤانەی کولتووری و وەرگرتنی شتی نوێ کەم دەکاتەوە. ڕابردوو وەک شتێک لە خۆیدا و دابڕاو لە ئێستا، یان وەک مۆزەخانەیەکی کولتووری و ئێتنۆگرافی، دەمێنێتەوە، ناتوانێت ببێتە سەرەتا و بنەمای ئێستا و تیایدا بتوێتەوە. سەرنجام دەشێت ناکۆکییەک لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا دروست ببێت؛ ڕابردوو وەک میراتێکی کەڵەکەبووی گرنگ، کە ناسنامەی تایبەتیی کۆمەڵەخەڵکێکە و، لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، پرینسیپ

و دەستووری ژیانی کۆمەڵاتیی ئەوانی ڕێکخستووە، ئێستا وەک حاڵەتێکی پڕ لە گۆڕان و هێنانی شت و دیاردەی نوێ، کە هەرچەندە بەردەوام پێشکەوتنی کۆمەڵ دەیخوازێت، بەڵام گومان و ترسی لەدەستچوونی میراتی دێرین و خۆسەپاندنی بیانی، دەنێتەوە.

لایەنێکی دیکەی لێکدابڕانی کولتووریی کورد ئەوەیە کە ئەم کولتوورە نەیتوانیوە بەردەوامبوونێک لە زەمانی ئێپستیمۆلۆژی و فیکری کورددا دروست بکات. یان زەمانێکی هاوبەش و پێکەوە گرێدراو بۆ فیکر و ئێپستیمۆلۆژیای کورد دابێنێت، کە بتوانن لە دەرەوەی شوێن و کاتی سەردەمی خۆیاندا، کات و شوێنی نوێ بدۆزنەوە و، لەوێ خۆیان بە جۆرێک بێننەوە بەرهەم کە ئێستا بەردەوامبوونێکی ئۆرگانیکی دوێنێ بێت، هەردووکیشیان پێکەوە کار لە ڕەوشی ئاییندەی فیکری و ئێپستیمۆلۆژیی کورد بکەن. بۆیە ئێستای کورد هەمیشە ئێستایەکی بێ ڕابردووی فیکری و ئێپستیمۆلۆژییە. بێ مێژوو و ریشەیە. ئێستایەکە وەک ئەوەی کە بە ئیرادە و ڕەنجی کۆمەڵە کەسێک و، بە دابڕان لە هەر جۆرە ڕابردوویەک دروست کرابێت. هەر دیاردەیەکی نوێی سیاسی، فیکری و کولتووری خۆی بە سەرەتای سەرەتایان دەزانێت. ڕەوایی بوون و دەرکەوتنی خۆی بە شکست و پوکانەوەی دیاردەکانی پێش خۆی دەبەستێتەوە. هەمیشە حەز دەکات خۆی وەک سەرەتای سەرەتایان، وەک دیاردەیەکی نوێی جیاواز و تەواو دابڕاو لە مێژووی فیکری، کولتووری یان سیاسیی کورد پێشان بدات، نەک وەک بەردەوامبوونێکی سروشتیی دیاردەیەک یان دیاردەکانی دیکەی خۆی. بۆیە هەمیشە دیاردەکانی پێش خۆی، میراتە کولتووری و سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە. ناتوانێت لە تەنیشت خۆیەوە دیاردەی دیکەی هاوڕەنگی خۆی، وەک بەشێک لە سروشت و لۆژیکی ژیان و پێداویستیی کۆمەڵ و جیاوازی نێوان مرۆڤەکان، قبووڵ بکات. پێی وایە مێژوو لەخۆیەوە دەست پێ دەکات. هەر پارتێکی نوێی سیاسیی دروست دەبێت، بە هانەی دەرکەوتنی خۆی بە تێشکانی پرۆژە سیاسییە کانی دیکەوە دەبەستێتەوە. خۆی وەک پرۆژەیەکی سیاسیی جیاواز، کە دەیەوێت شانبەشانی پرۆژەکانی دی بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و کۆمەڵ کار بکات، ناخاتە ڕوو. بۆیە دەتوانێت بە ئاسانی خۆی وەک تاکە ڕاستی و ئەلتەرناتیڤێک بناسێنێت. دەتوانێت بە ئاسانی خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەوانی دیکەدا بێنێت. ئیتر مێژوو لە خۆیەوە لە ڕێبازە سیاسییەکەیەوە دەست پێ دەکات.

هەر بە هەمان عەقڵییەت و میکانیزم هەر بزاڤێکی نوێی ئەدەبی، کولتووریی و هونەری دەردەکەوێت، خۆی وەک بەردەوامبوون یان تەواوکەری هیچ دیاردەیەکی دیکەی پێش خۆی نازانێت. پشت بە هیچ میراتێکی ئێستاتیکی، فیکری یان ئێپستیمۆلۆژیی کۆمەڵگای کورد نابەستێت. خۆی بە نموونەیەکی تاقانە و بێ وێنە دادەنێت. سەرەتا بە نەفیکردنی هەموو شتێکی پێش خۆی، یان بە جاڕدانی «بۆگەنبوون»ی هەر دیاردەیەکی دیکەی پێش خۆی دەست پێ دەکات. هەر بەم شێوەیە پێوانە و مۆدێلە فیکری، ئێستاتیکی و ئێپستیمۆلۆژییەکانی خۆی دەکاتە تاکە پێوانەی فیکر و هونەر و جوانی. ئەوانەی دەرەوەی ئەو مۆدێلە بە دیاردەی سروشتیی کۆمەڵگا و ئەنجامی فرەڕەنگی و فرەدەنگی و فرەزەوقی دانانێت، بەڵکە وەک شتی کۆن، ڕێگر، مردوو و بێ نرخ باس دەکرێن. دیارە هەر بەهەمان شێوە نوێنەرانی دیاردەکانی پێشوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان وابووە مێژوو لە خۆیانەوە دەستی پێکردووە، بە گومان و سووکی تەماشای دیاردە نوێیەکان دەکەن. ناتوانن بە ئاسانی وەک دیاردەی سروشتی و بەرهەمی نەوەیەکی نوێی هەڵگری بیر و تێڕوانینی نوێ و، خاوەن پێوانەی تایبەتیی هونەری بۆیان بڕوانن و، دەسەڵاتی زانین و داهێنان بکەنە تاکە پێوەر. مێژوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوانەوە دەستی پێکرد بوو، دەبێ لەوانیشدا دوایی بێت! بەم جۆرە و، بە پێی ئەم لۆژیکە ئێمە میراتێکی فیکری، ئێستاتیکی و ئێپستیمۆلۆژیمان نییە کە لە دەرەوەی زەمانی خۆی درێژە بەژیانی خۆی بدات. شایانی ئەوە بێت لە ئێستا و داهاتوودا ئیلهامبەخش بێت. ئەگەر لێکدابڕان و یەکتری سڕینەوەی دیاردە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کورد، ئەنجامی نەبوونی زەمانێکی پێکەوەبەستراوی فیکری، هونەری، ئێپستیمۆلۆژی و سیاسی بێت، ئەوا ئەم پرۆسێسە خۆی لێکدابڕانی زەمانەکە دێنێتەوە بەرهەم و زیاتر دەیچەسپێنێت. لە کاتێکدا هیچ دیاردەیەکی فیکری، کولتووری و سیاسی لە نەبوونەوە دەرناکەوێت. یان وەک کارل پۆپەر دەڵێت: «مرۆڤ ناتوانێت لە ژوورێکی بەتاڵەوە بێتە دەرێ و لە نەبوونەوە جیهانێکی فیکری بخولقێنێت، بەڵکە بیری ئێمە لە ئەساسدا بەرهەمی میراتێکی ئینتێلێکتوێلییە»[٢٦].

ڕواڵەتێکی دیکەی کولتووری کورد ئەوەیە کە ئەم کولتوورە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، تا ڕادەیەکی زۆر دەستەمۆی کولتووری نەتەوەی سەردەست کراوە. وەک کولتوورێکی کۆیلە لە پەراوێزی کولتوورێکی نامۆی زاڵدا دەژیت و ملکەچی مەرجەکانی ئەوان کراوە. بە واتایەکی دی هەوڵی ئەم کولتوورە، خەون و ئامانجی ئەم کولتوورە، هێشتا ئەوەیە کە لە سایەی کولتوورێکی هێرشهێنەری نامۆدا، کولتووری زاڵی تورک، عەرەب و فارس، پارێزگاریی بوونی خۆی بکات، وەک کولتووری نمرە دوو، پەنایەکی هەبێت و بتوانێت بژیت، ئەگەرچی

شێوەی ژیانەکەی، ئاستی گەشەکردنەکەی و سنووری خەونەکانی لە لایەن کولتووری زاڵ و نوێنەرە سیاسییەکەیەوە دیاری کراون. ئەم کولتوورە، سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژایی سەدەی بیستەم هەوڵی داوە کەسایەتیی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لە کولتوورێکی خۆپارێزەوە بگۆڕدرێت بۆ کولتوورێکی خۆرزگارکار کە، وەک کولتووری هەر نەتەوەیەکی دی، بیەوێتماڵێکی سیاسیی یان چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ خۆی دابین بکات تا لە ناویدا درێژە بە ژیانی سروشتیی خۆی بدات و گەشە بکات.

بە کورتی ئێمە تەنیا لە حاڵەتی ژێردەستی و دابەشبوونی سیاسی و جوگرافیدا ناژین، بەڵکە لە حاڵەتی لێکدابڕان و دابەشبوونی کولتوورییشدا دەژین. وەک ئەنجامێکی ئەمە مرۆڤی کورد پێش هەر شتێک بەرهەمی ئەو کولتوورەیە کە لە ناوچەکەیدا، یان لە بەشە کوردستانەکەیدا، هێنراوەتە بەرهەم و، بە سیستمی کولتووریی ناوچەکەیەوە بەستراوەتەوە. بۆیە کولتووری کورد تەنیا هۆکاری مانەوەمان نییە، بەڵکە زەمینەی فیکری و رۆحی و سایکۆلۆژییشی بۆ لێکدابڕانی نەتەوەییمان خۆش کردووە. بە واتایەکی دی ئەگەر دابەشبوون و لێکدابڕانی کولتووریی کورد ئەنجامی دابەشبوونی سیاسیی کوردستان بێت ئەوا ئەم دابەشبوون و لێکدابڕانە کولتوورییە خەریکە خۆی دەبێتە فاکتەرێکی دیکەی بەردەوامبوونی ئەم دابەشبوونە سیاسییە. پێموایە هەر پرۆژەیەک بۆ لێکنزیکبوونەوە و یەکبوونی نەتەوەیی پێویستە سەرەتا لە کولتوورەوە، یان بە سیاسەتێکی کولتووریی، دەست پێ بکات. چونکە یەکبوونی کولتووریی دەشێت بنەمای یەکبوونی سیاسی دابڕێژێت. بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ پێشەوە لە پێناو کولتووردا، وەک ئێنگلس دەڵێ، هەنگاوێکە بەرەو ئازادی.

**میرنشینی: دەسەڵاتێکی ناوچەیی بێ ناسنامەی کولتووری**

سیستمی میرنشینی لە کوردستاندا تەنیا بەشێک نییە لە مێژوویەکی نزیکی کورد، بەڵکە لە هەمان کاتدا تاکە مۆدێلی حوکمڕانیی کورد بووە کە لە ناوچەیەکی تەسکدا بۆ سەردەمێکی دیاریکراو، دەرکەوتووە. ئەم دەسەڵاتە میرنشینییە، لە قەڵەمڕەوی خۆیدا، بە پێی پرینسیپ و دەستوورێکی نەنووسراو، کە بەرهەمی سیستمی عەشیرەتی بووە، کۆمەڵی ڕێکخستووە و شێوەی پەیوەندیی نێوان «هاووڵاتیان» هەروا پەیوەندیی نێوان خۆی و ئەوانی دیاریکردووە. میرنشینی گەورەبوونی دەسەڵاتی خێڵێک، یان کۆمەڵە خێڵێک بووە کە فیدراسیۆنێکی عەشیرەتی پێکەوەی گرێ داون. ئەم دەسەڵاتە خێڵی لە گروپێکی پاسیڤەوە، کە سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆی، کشتوکاڵ یان ماڵاتبەخێوکردن بووە، گۆڕیوە بە گروپێکی چالاک کە چوارچێوەی ژیانی رۆتینیی خۆی شکاندووە، لەودیو ئەو چوارچێوەیەدا و، بە شێواز و هۆکاری تر مانایەکی دیکەی بە بوونی خۆی داوە. یان ئەم خێڵەی لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی-کولتوورییەوە، کە پشت بە خزمایەتی و نزیکی خوێن دەبەستێت، گۆڕیوە بە یەکەیەکی عەسکەری-سیاسی، کە لە سایەی خۆیدا خەڵکانی دەرەوەی عەشیرەتی خۆیشی کۆکردۆتەوە. لەبەرامبەر ئیتاعەتکردن و باجداندا، پارێزگاری ژیانی کردوون. بەڵام گەورەبوونی قەڵەمڕەوی جوگرافی و زۆربوونی «ئەندامان»ی ئەم خێڵانە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەساسی عەشیرەتی، بە تایبەتی گرنگی پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی، لەناو بچێت. ئەم دەسەڵاتە لە پرۆسەی حوکمڕانیدا کولتووری خۆی بەردەوام هێناوەتەوە بەرهەم و وەک کولتوورێک کە دەسەڵاتێکی لە پشتەوە بووە لە کۆمەڵدا جێگای خۆی کردۆتەوە. دوای خۆیشی کولتوورێکی سیاسیی جێ هێشتۆتەوە کە ئەمڕۆ لە ئاگایی مرۆڤی کورد و عەقڵی سیاسیی کورددا ماوەتەوە. ئەو شانازییە بێناوەرۆکەی تا ئەمڕۆ بە مێژووی میرنشینی کوردەوە دەکرێت نیشانەیەکی بەردەوامبوونی ئەم مێژوو و کولتوورەی میرنشینین. لە هەمان کاتدا راپەڕینەکانی کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، هەوڵدانێک بوون بۆ درێژەدان بە سیستمی میرنشینی و بەرهەمهێنانەوەی مێژووی میرنشینی. سەرکردەکانی ئەو راپەڕینانە خەبات و ئامانجیان ئەوە بووە کە لە سنوورێکی دیاکراو و لە جیۆگرافیایەکی تەنگەبەردا دەسەڵاتێکی ناوچەیی، یان میرنشینێک دابمەزرێنن. ئەوان کە زۆربەیان سەرۆک خێڵ بوون، مۆدێلی میرنشینی ئەوپەڕی سنووری خەونەکانیان و تاکە مۆدێلی لەتوانادابووی دەسەڵات بووە. بە هەمان شێوەی میرەکانی پێش خۆیان ویستویانە دەسەڵاتێکی پەراوێزی، کە سەربەخۆییەکی نیسبیی لە دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی یان ئێرانی هەبێت، دابمەزرێننەوە. ئەم راپەڕینانە، کە بە دڵنیاییەوە لە دژی ستەم وەحشیگەری لەشکری عوسمانی و ئێرانی بوون، دەکرێت جۆرێک لە نۆستالگیا یان خەونی هەندێک میر و سەرۆکهۆزی کورد بووبن کە ویستوویانە وەک میرێک سەربەخۆییەکی نیسبییان هەبێت، یان خۆیان، لە جیاتی کاربەدەستانی تورک و عەجەم، حوکمڕانی ناوچەکانیان بکەن. بۆیە ناکرێت ئەم راپەڕینانە، وەک کۆششی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یان بۆ دابینکردنی ماڵێکی سیاسیی بۆ کولتووری کورد دابندرێن. چونکە راستە ئەم راپەڕینانە و هەندێک لە راپەڕینەکانی سەدەی بیستەم، کە بە

رابەری سەرۆکخێڵێک بوون، بۆ نموونە راپەڕینی سمکۆ، هەڵگەڕانەوە بووە لە ستەمی دەسەڵات و دەزگاکانی کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی بیانی بەڵام هیچ پرۆژە و ناوەرۆکێکی ناسیۆنالیستییان نەبووە. دروست وێنەی میرنشینەکانی پێشوو، نە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەییان هەبووە، نە هیچ جۆرە تێڕوانینێکیان دەربارەی ئایندەی کۆمەڵی کوردی و شێوەی حوکمڕانی و پێدانی ناوەرۆکێکی سیاسی بە کولتووری کورد.. تاد هەبووە.

میرنشینەکانی کوردستان، دەسەڵاتێکی ناوچەیی و خێڵەکی بوون هیچ کامیان بنەمایەکی ئایدیۆلۆژییان نەبووە، کە بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵات زۆر گرنگە، چونکە ئایدیۆلۆژیا تەنیا ئامرازێکی دەسەڵات نییە، بەڵکە بەشێکی ئەساسییە لە ستروکتووری دەسەڵات کە بەردەوام لە رێگای دەزگای جۆربەجۆرەوە خۆی دێنێتەوە بەرهەم. ئەم میرنشینانە لەسەر ئەساسی پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی و وەلائی هاوبەش، یان وەک ئیبنخەلدوون دەڵێ، لەسەر ئەساسیی دەمارگیری (ئەلعەسەبییە) دروست بوون. ئەوان لە بنەڕەتدا پەرەگرتنی دەسەڵاتی خێڵێک، یان بنەماڵەیەک بوون، کە لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵات لە کوردستاندا گەشەیان کردووە. هەر یەکەیان سنووری جیۆگرافی خۆی، لەسەر حیسابی خێڵ و تیرەکانی تری دەورو پشتی، یان بە کۆمەکی ئەوان، بەرین کردووە و، تا ئەو شوێنە رۆیشتووە کە دەسەڵاتێکی تری وەک خۆی رایگرتووە.

ئەم میرنشینانە، ئەنجامی ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی-ئایینی یان مەزهەبی نەبوون. پشتیان بە ئایدیۆلۆژیایەکی لەم جۆرە نەبەستووە تا وەک ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیای رەسمیی خەلافەتی سوننەمەزهەبی عوسمانی، یان خەلافەتی شیعەمەزهەبی ئێرانی بیکەنە ئەساسێکی رۆحی و فیکری، یان مۆدێلێکی تر تا لە دەرەوەی ناوچەکانیان فەزای شوێنی نوێی بۆ بدۆزنەوە. تەنانەت ئەم میرنشینانە، بە پێچەوانەی هەموو دەسەڵاتە گەورە و بچووکە ناوچەییەکانی ئەو سەردەمە، کە بەهانەی رۆحی و ئایدیۆلۆژیی خۆیان لە ئیسلام، یان مەزهەبێکی ئیسلام وەرگرتووە، هیچ ئەساس و ناوەرۆکێکی ئایینییان نەبووە. بە واتایەکی دی ئەوان، وەک دەسەڵاتێکی سیاسی، نەک هەر هیچ ئامانجێکی ئایینییان نەبووە، بەڵکە خولیای ئەوەشیان نەبووە کە بە زەبری دەسەڵات پرینسیپ و دەستووری ئیسلام بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن. یان ئیسلام بۆ ئەوان ناوەرۆکێکی سیاسیی نەبووە، کەم تا زۆر بەشێک نەبووە لە ئامانج و سەرقاڵییەکانی دەسەڵات، ئەمەش دیاردەیەکی گرنگە کە بە رای من دواتر لە ناسیۆنالیزمی کورددا، خۆی دەر دەخاتەوە«٢٧». هەروا ئەم میرنشینانە ئەنجامی گەشەکردنی ئابووری و کولتووریی کۆمەڵی کورد نەبوون تا بیانەوێت ماڵێکی سیاسیی بۆ کولتوورەکە دابین بکەن، یان مانایەکی سیاسی بە کولتوورەکە بدەن. هەروا زمانی کوردی، کە لەو سەردەمانەدا لە زمانی پەیڤینەوە گۆڕدراوە بۆ زمانی نووسین تەنیا لە سنووری شیعردا ماوەتەوە، ئەم میرنشینانە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسێکی کولتووری-سیاسی دروست نەبوون، هەوڵیان نەداوە تا پرۆسەی پێشکەوتنی زمانی کوردی درێژە پێ بدەن. واتا زمانی کوردی لە زمانی شیعرەوە بگۆڕدرێن بۆ زمانی فیکر و زانین و زانست. تا لەم رێگەیەوە پرۆسەی نووسین بە کوردی بکەنە پرینسیپێکی سیاسی، کولتووری و زانستی بە هۆیەوە، زانین و ئێپستیمۆلۆژیای تایبەتیی خۆیان بێننە بەرهەم و خۆیان لە دەسەڵاتەکانی دیکە جیا بکەنەوە. رەنگە ئەمە وابێتە بەرچاو کە لە بارودۆخی ئەو سەردەمەدا، کاتێک ناسیۆنالیزم بە مانا مۆدێرنەکەی لە رۆژهەڵاتدا دەرنەکەوتبوو، داوایەکی زۆر بێت لەو میرنشینانە بکرێت، بەڵام گۆڕینی زمانی نەتەوەیەک لە زمانی شیعرەوە بۆ زمانی فیکر و زانست تەنیا کاری ناسیۆنالیزم نەبووە، وەک پێشتر باسکرا. دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی سەرەرای ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژی-ئایینییان و گرنگی زمانی عەرەبی وەک زمانی قورئان، کەچی لە هەموو بوارەکانی فیکر و زانستدا بە زمانی خۆیان هانی نووسینیان دەدا.

سیستمی میرنشینی پشتی بە ئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەستووە. توانای ئەوەی نەبووە شار و ناوەندی شارستانیی دەوروپشت غەزوبکات، تا دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. بە دەستکەوتی شەڕ (غەنیمەت) ئابووریی خۆی بەهێز بکات و سەرلەنوێ هێز و غەزوکردن بەرهەمبێنێتەوە و بیانکاتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئابووری. لە پاڵ ئەمانەدا ئەم میرنشینانە، کە لە نێوان دوو ناوەندی بەهێزی دەسەڵاتدا، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی، دەرکەوتوون بە دەگمەن ئارامی و سەقامگیریی سیاسییان بە خۆیانەوە دیوە، کە دەسەڵات بەبێ ئەم جۆرە سەقامگیرییانە ناتوانێت پەرە بستێنێت. سەرەنجام لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا گیریان خواردووە، لە سنووری خۆیان و بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچەکەدا، وەک بوونێکی پاسیڤ ماونەتەوە و لەناو چوون.

بە کورتی دەکرێت سروشتی میرنشینی کوردی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کۆبکەینەوە:

یەکەم: میرنشینی دەسەڵاتێکی ناوچەیی تەنگەبەر بووە، کە ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خێڵەکی هەبووە. پێش هەر شتێک لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندییەوە و، لەسەر ئەساسی سیستمی

خێڵایەتی، یان پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی و وەلائی عەشیرەتیی هاوبەش، دروست بووە.

دووەم: ئەم دەسەڵاتە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی نەبووە. خۆی بە نوێنەری هیچ سیستمێکی ئێپستیمی (ئایینی یان مەزهەبی یان هی تر) نەزانیوە. بۆیە هەوڵی نەداوە ئەو دەزگایانە دابین بکات کە ئایدیۆلۆژیا دێننەوە بەرهەم و دەیکەنە بەشێک لە ستروکتووری دەسەڵات. یان بە بەهانە و مۆتیڤی ئایدیۆلۆژی (کە ئەو کاتە ئایین، یان مەزهەب بووە) ناوچەی تر داگیربکات.

سێیەم: ئەم میرنشینانە بۆ ئەوە دروست نەبوون تا ماڵێکی سیاسیی بۆ کولتووری کورد پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی ئەم کولتوورە بە دوور لە دەسەڵاتی سیاسیی هێزێکی نامۆ گەشە بکات، بۆیە هیچ کام لەم میرنشینانە چاوی لەوە نەبووە سنووری دەسەڵاتەکەی تا ئەو جێیە بچێت کە سنووری کولتوورەکەیە. هەمیشە عەقڵێکی تەسکی ناوچەگەری لەپشتییەوە بووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی نەداوە کولتوور و زانیاریی تایبەت بەخۆی، واتا بە زمانی کوردی بێنێتە بەرهەم.

چوارەم: هیچ کام لەم میرنشینانە، وەک دەسەڵاتی خێڵێک، یان بنەماڵەیەک، نەک وەک نوێنەری کولتوورێک، نەیتوانیوە نەساسێکی هاوبەشی کولتووری و ئایدیۆلۆژی و سیاسیی لەگەڵ دیاردەکانی وەک خۆیدا، میرنشینەکانی دیکەی کوردستان، بدۆزێتەوە. بۆیە ئەوان لە جیاتی ئەوەی تەواوکەری یەکتر بن دژی یەکتر بوون. قەت پێکەوە کۆک و تەبا نەبوون. هەمیشە لە پێناو دەسەڵاتدا لەگەڵ یەکتری، یان تەنانەت لە ناوخۆدا، لە شەڕدابوون. بوونی خۆیان لە نەبوونی یەکتریدا دیوە.

پێنجەم: هەڵکەوتی جیۆپۆلیتکی کوردستان، لە نێوان دوو ئیمپراتۆریای پێک ناکۆکدا، دەرفەتی نەداوە هیچ میرنشینێک، چەند بەهێز بووبێت، سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، یان میرنشینی دی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. هەر میرێکی راونراو پەنای بۆ یەکێک لەم ئیمپراتۆریایانە بردبێت لەو سەرەوە بە لەشکری بێگانەوە گەڕاوەتەوە و بۆتەوە بە حوکمڕانی ناوچەکەی. بەم جۆرە میرە کوردەکان بەهۆی پشتئەستوور بوونیان بە کۆمەک و لەشکری یەکێک لەو دەوڵەتانە، یان هەندێک جار بە هاندانی ئەوان، ملیان بۆ یەکتری نەداوە و شەڕی یەکترییان کردووە.

شەشەم: میرنشینی کوردی تەنیا ئەنجامی لێکدابڕانی کوردستان و دابەشبوون و سروشتی خێڵایەتیی کۆمەڵی کورد نەبووە، بەڵکە خۆی بۆتەوە هۆکارێکی دیکەی ئەم لێکدابڕان و دابەشبوونە. ڕەوشی میرنشینی و ناوەرۆکی دەسەڵات و کولتوورە سیاسییەکەی، بە نۆرەی خۆیان، دابەشبوونی کۆمەڵی کوردییان قووڵتر کردۆتەوە، جیاوازی و ناکۆکیی خێڵایەتی و ناوچەگەرییان فراوانتر کردووە و کولتووری خێڵەکی و عەقڵی ناوچەگەری و خێڵپەرەرییان هێناوەتەوە بەرهەم.

ئەمە دیارترین سیمای مێژووی کولتووری و کۆمەلایەتی-سیاسیی میرنشینیی کوردییە؛ کە لە راستیدا مێژووی کۆمەڵە ناوچە و جوگرافیایەکی سیاسی و کولتووری و، کۆمەڵە زەمانێکی لێکدابڕاو و داخراوە.

کاتی خۆی لە کتێبی (بەرەو مێژوو- ۱۹۹۱) باسی ئەم دیاردەیەم کردووە. ئەم لێکدابڕانەی شوێن و زەمان، لە مێژووی سیاسی و کولتووری و فیکریی کورددا، بە پاریدەدرێکی دیکەی دابەشکردنەوەی کوردستان داندراوە. لێرەدا، بۆ خۆبواردن لە دووبارەکردنەوە، چەند بڕگەیەک لەو نووسینە، وەکو خۆی دەنووسمەوە:

«مێژووی ئێمە لە زۆر رووەوە وەک کۆمەڵە رووداوێکی لێکدابڕاو نەک پێکەوە گرێدراو، وەک کۆمەڵە ئامانج و ئایدیالێکی لێک جیاواز نەک هاوبەش دێتە پێش چاو. بە واتایەکی تر مێژووی سەرانسەریی نەتەوەکەمان لە زنجیرە رووداو ودیاردەیەکی پێکەوە لکاوی کوردستانی ناچێت، کە هەر یەکەیان ئەوی تریانی تەواو کردبێت. یان هەر یەکەیان زەمینەی بابەتیی بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دوای خۆی خۆشکردبێت تا درێژەپێدەری هەمان پەیامی سیاسی، فیکری و رۆحی بێت. ئەگەر مێژووی گرنگترین سەردەمەکانی هەر بەش و هەرێمێکی کوردستان، بە مێژووی فیکری و کولتووریشەوە، بگرین دەبینین تا رادەیەکی زۆر لە مێژووی سەردەمەکەی پێش خۆی، یان لە مێژووی هەمان سەردەمی ناوچەیەکی دیکەی کوردستان جیاوازە. هەر سەردەمێکی مێژوویی کاتێک کۆتایی پێهێندراوە لەگەڵ خۆیدا دیاردە فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی خۆی پێچاوەتەوە. ئیتر سەردەمێکی دی، لە بەشێکی دیکەی کوردستان، دەستی پێکردووە بێ ئەوەی پەیوەندییەکی تەواوکارانەی بە ژیانی رۆحی و مادیی سەردەمەکەی پێش خۆیەوە هەبێت. ئەم دیاردە ناسروشتییە بۆتە هۆی ئەوەی هێزی هەر رووداو و دیاردەیەکی مادی و رۆحیی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر تا سنوورێکی تەسک و تا کاتێکی دیاریکراو بڕ بکەن و، کاری خۆیان لە بەشێکی کەمی نەتەوەکەمان بکەن.... لێرەوە لام وایە دەشێت سەربەخۆ لە زۆر قۆناخی مێژوویی و کولتووری نەتەوەکەمان بکۆڵینەوە، بێ ئەوەی بە جۆرێکی حەتمی بە قۆناخێکی تریەوە ببەستینەوە...تاد»(لا. ١٢، ١٦)

## ناسیۆنالیزمی ناوچەگەری

ناسیۆنالیزمی کورد«٢٨»، بەرهەم و میراتگری ئەم مێژوو و کولتوورەیە. لە هەر بەشێکی کوردستاندا و بە جیا و دابڕاو لە بەشێکی دیکەی کوردستان دەرکەوتووە، ڕەوشی خۆی بڕیوە، ڕووبەڕووی گرفت و ئەرکەکانی خۆی بۆتەوە، لە لایەن نوێنەری سیاسیی کولتوورێکی جیاوازەوە، کە تایبەتمەندیی تەواو جیاوازی خۆی هەیە، پەلامار دراوە. هەر یەکەیان دیسان بەجیا لە یەکتری هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ کولتووری زاڵدا داوە. لە هەمان کاتدا هیچ پەیوەندییەکی نەتەوەیی، کولتووری، جیۆگرافی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبووە و نییە. تا ئێستاش هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەیی هاوبەش، هیچ سیاسەتێکی کولتووریی هاوبەش و سەرەنجام هیچ ستراتیژێکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان بەشەکانی ناسیۆنالیزمی کورد نییە، بەڵکە پێچەوانەوە زۆربەی کات پێکەوە ناکۆکن. بۆیە قسەکردن لە یەک ناسیۆنالیزمی کوردی، قسەیەکی گشتییە و لە ڕووی زانستیشەوە پێویستی بە سەلماندن هەیە، مەگەر ئەم قسەکردنە لە سنوورێکی گشتی و باسکردنی کۆمەڵێک ناوەرۆک و سروشتی هاوبەشدا بێت.

ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا خاوەنی پرۆژەیەکی لێلی بەش بەش و لێکدابڕاوی ناوچەگەرییە. هەر لە سەرەتاوە لاواز و پەرتێن خۆی لە ناو جیۆگرافیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێکدابڕاو و وێرانەیەکی کولتووریدا دیوەتەوە. ئەو بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب، فارس و تورک، سامانێکی گەورەی فیکری و کولتووریی سیاسیی نەبووە تا ئەساسێکی ئێپستیمۆلۆژی و ئایدیۆلۆژیی بۆ دروست بکات و یارمەتی بدات لە خۆی و ئەوی دی و دیاردەکانی دەوروبەری تێ بگات. یان جۆرە قەڵغانێکی فیکری و کولتووریی لەبەرامبەر پەلاماری کولتووری و سیاسیی ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکاندا بۆ دابین بکات. بۆیە ناسیۆنالیزمی کورد، لەبەر ئەم هەلومەرجە مێژووییە بابەتییە و بێتوانایی و پێنەگەیشتنی خۆی، نەیتوانیوە سیستەمێکی فیکری- ئایدیۆلۆژی و ئێپستیمیی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، کە بە هۆیەوە و بە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا بەرخورد لەگەڵ دیاردە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتوورییەکاندا بکات، هەوڵ بدات لەگەڵ خۆیدا بیان گونجێنێت. بە پێچەوانەوە لە هەموو بوارێکدا چاولەدەستی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و ڕووناکبیرانی ئەوان بووە. لە سیستەمی فیکری-ئایدۆلۆژیی ئەوانەوە، کە بەرهەمی ئەزموونی کۆمەڵگایەکی دیکە بوون، هەندێک چەمک و توخمی ئێپستیمی و ئایدیۆلۆژیی خواستووە تا واقیعی کۆمەڵگای خۆی پێ بخوێنێتەوە، یان لە چوارچێوەی سیستمی ئایدیۆلۆژیی هێزەکانی نەتەوەی سەردەستدا بۆ چارەنووسیی سیاسیی کوردی ڕوانیوە و، ئایدیۆلۆژیای پێکەوەژیانی نابەرابەری ئەو نەتەوانە و کوردی قبووڵ کردووە. سەرەنجام لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئامانجەکانی خۆی لە سایەی دەسەڵاتێکی بیانیدا و لە ناو چوارچێوەی سیاسیی دەوڵەتی شۆڤێنیستیی زۆرایەتیدا بینیوەتەوە. هێشتا پێی وایە کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت مانایەک بە بوونی چالاکانەی خۆی بدات؛ جێگایەک یان پەنایەک بۆ خۆی دەستەبەر بکات تا هەندێک لە ئامانجە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆی بەدەست بێنێت!

ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پاسیڤی کولتوورییە. واتا ناسیۆنالیزمێکە پشت بە کۆمەڵە ڕەگەزێکی سەرەتایی کولتووریی کوردی دەبەستێت، بە تایبەتی ڕەگەزی زمان و کۆمەڵێک دابونەریت و بابەتی دیکەی کولتووریی، کە بەرهەمی کۆمەڵێکی نەریتی و کشتوکاڵین، یان کولتوورێکی میللین. ئەم لایەنە کولتوورییانە وەک سەرەتایەک، یان بنەمایەک بۆ خۆناسین و دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی گرنگن. بەڵام نەتەوەیەک ناتوانێت، لە سەردەمی ئەمڕۆدا، تەنیا بەم کولتوورە سادەیە بنەمای ئایدیۆلۆژیایەکی ڕزگاریخوازی، یان پرۆژەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن، دابڕێژێت. ناتوانێت بەم کولتوورە شوێنێکی سەربەخۆ لە ناو کولتووری ناوچەکەدا بۆ خۆی بکاتەوە، یان تەنانەت ڕەنگە نەتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات.
ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا هەوڵی نەداوە ناسنامەیەکی سیاسیی بەو کولتوورە بدات، کە خۆی بەرهەم و نوێنەرییەتی، یان کولتوورێکی نوێی تایبەت بە خۆی دابهێنێت، کە سەرەتای هۆشیارییەکی نوێ و بنەمای کەسایەتیی نەتەوەیی کورد دابڕێژێت. لە هەمان کاتدا خەبات بکات تا سنوورێک وەک فەزای شوێن بۆ بیر و ئایدیاکانی خۆی دابین بکات و، بە هۆیەوە پێداویستییەکانی بەردەوامبوون و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی کولتوورەکە دەستەبەر بکات. لە جیاتی ئەوە دەیەوێت لە پەنای کولتوورێکی سادە و میللیدا، کە وزەیەکی بەهێزی سیاسی و ئێپستیمی نییە و زیاتر سیمبولیکە، جێگایەک بۆ خۆی بکاتەوە. بەم مانایە ناسیۆنالیزمی کورد لە جیاتی ئەوەی مانایەکی نوێی سیاسی و چوارچێوەیەکی سیاسی بە کولتووری کوردی بدات، خۆی بە کولتوورەکەوە هەڵواسیوە. پرۆژە و خەونەکانی لەو سنوورەدایە کە، وەک نوێنەری کولتوورێکی ژێردەستە و پابەند، لە سایەی نوێنەری کولتوورێکی بیانیی زاڵ و سەرداردا (نوێنەرانی کولتووری سەردەستی تورک، عەرەب و فارس) بوونێکی پەراوێزیی هەبێت. یان وەک چۆن کولتووری کورد، لە

پرۆسەی سەدەیەک خۆپاراستندا، وەک کولتووریکی نمرە دووی پاشکۆ، خۆی لەگەڵ کولتووری سەردەستدا گونجاندووە، ئەمیش، واتا ناسیۆنالیزمی کورد، وەک نوێنەری ئەم کولتوورە ژێردەستە لە جیاتی ئەوەی رزگارکەر بێت، پشتی کردۆتە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی«٢٩» و دەیەوێت خۆی لەگەڵ نوێنەری سیاسیی کولتووری زاڵدا بگونجێنێت. دیارە ئەم خۆگونجاندنە، لە هەلو مەرجی ئەمرۆی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستاندا، کە کەمترین ئاستی دیموکراتی و مافی هاووڵاتیبوونی تێدا دەستەبەر نەکراوە، جگە لە پاشکۆیی و جۆرە کۆیلایەتییەک شتێکی دی نییە. بەڵام ئەمە واقیعێکە ناسیۆنالیزمی کورد دەستەوەستان لەبەردەمیدا وەستاوە. بۆیە هەر هێزێکی ناسیۆنالیستی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستدا دەبینێتەوە. دەیەوێت خۆی لەگەڵ پرۆژەی نوێنەری، یان نوێنەرانی سیاسیی کولتووری زاڵی وڵاتەکە، دەوڵەت یان ئۆپۆزیسیۆن، بگونجێنێت. خۆی لەوان بە نزیکتردەزانێت تا لە نوێنەری سیاسیی کولتووری کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا. دەتوانێت بە کەمترین مەرج لەگەڵ ئەواندا پێک بێت، کەچی ناتوانێت لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کورددا هەڵ بکات.

ناسیۆنالیزمی کورد، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە تێکشکێندرا. دەستەی یەکەمی ناسیۆنالیستانی کورد لە باکووری کوردستاندا، کە بەشێکی گرنگی دەستەی رووناکبیر و رۆشنگەرانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی بوون، یان لەناو بران، یان زیندانی و ئاوارەکران. لەو کاتەوە جینۆسایدی زمان و کولتووری کوردی و، رێگرتن لە دروسبوونی نەتەوەی کورد هەر بەردەوام بووە. کار و ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد زیاتر خۆپاراستن و داکۆکی و بەرهەمهێنانەوەی داکۆکی بووە. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای سالآنی شەستەکانەوە، لە باشووری کوردستاندا، شێوەی خەباتی چەکداری وەرگرت. ئیدی ناسیۆنالیزمی کورد لە بزاڤێکی مەدەنی و شاری و رووناکبیریی سیاسییەوە، گۆڕدرا بۆ بزاڤێکی چەکداریی خێڵەکی و لادێیی. ناوەند لە شارەوە گوێزرایەوە بۆ شاخ و لادێ، یان شار بە هەموو توانا مەدەنی و کولتووری و رووناکبیرییەکانییەوە، کرایە پاشکۆی لادێ و شاخ. لادێ و شاخیش، کە «پایتەختی» سەرکردایەتیی ناسینالیزم و بزاڤی چەکداریی کورد بوون، بە نۆرەی خۆیان کرانە پاشکۆ و ناوچەیەکی کۆنترۆلکراوی دەوڵەتێکی داگیرکەر«٣٠». بەم جۆرە ناوەرۆکی شاری و مەدەنی و رووناکبیرانەی ناسیۆنالیزمی کورد لەبەردەم کولتوور و عەقڵی شاخدا پاشەکشەی کرد. ناسیۆنالیزمی کورد دابڕاو لە شارستانی و بێ پرۆگرامێکی حوکمرانی و پرۆژەی دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی مایەوە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە وڵاتی نەبووە تا پرۆگرامی لەم جۆرەی بۆ دابنێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەیە کە قەت چاوی لەوە نەبووە وڵاتی هەبێت، تا پرۆژەیەکی نەتەوەیی عەقلآنی و دیموکراتی و مۆدێرن، یان پرۆگرامێکی سیاسی، ئابووری و کولتووری دابرێژێت و بیکاتە بەشێک لە خەون و ئامانجی مرۆڤی کورد، خەبات بکات تا فەزای شوێنی بۆ دابین بکات. ناسیۆنالیزمی کورد هەموو ئەم مەسەلانەی بۆ دەوڵەتی ناوەندی، یان بۆ ئەو رۆژە جێهێشتووە، کە بە رێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و رەزامەندی ئەو پلانیان بۆ دابندرێت«٣١».

* * *

ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی دوو سەدەیە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی بابەتیی مێژووییە، ئەنجامی پێداویستییەکی حەتمییە کە کۆمەڵگا، لە قۆناخێکی تایبەتیی بوون یان پێشکەوتنیدا دەیخوازێت. چونکە دەتوانێت ناوەرۆکێکی سیاسی بە کولتوورێک و مانایەکی نوێ بە بوونی گرووپێکی ئێتنیکی، یان کۆمەڵە خەڵکێک بدات کە چارەنووسێکی هاوبەشی مێژوویی پێکەوە کۆی کردوونەتەوە. هەر بەم مانایە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا ببینێت. مەسەلەکانی وەک دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دروستکردنی نەتەوەی مۆدێرن، یان خۆپاراستن لە دەسەڵات و سەرداربوونی خەڵکانی بیانی، یان یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان نەتەوەیەکی ژێردەست و سەردەست، نێوان کولتوورێکی شۆڤێنی زاڵ و کولتوورێکی پەلاماردراو، بە قازانجی ئازادی سیاسی و کولتووری نەتەوەی ژێردەست، سەرەتایەکی گرنگن کە حەتمەن، لە قۆناخێکی مێژووییدا، پێشکەوتنی کۆمەڵ دەیان خوازێت.

بیرکاران، مێژوونووس و کۆمەڵناسان لەسەر ئەوە رێکن کە ناسیۆنالیزم، لە سەرەتاوە، ئەنجام یان بەرهەمی مۆدێرنیزمە. بەڵام ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیزم، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، تەنیا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە پرۆسەی مۆدێرنیزم دەستی پێ کردبێت. ئەزموونی ناسیۆنالیزم تەنانەت لە چەندان وڵاتی

ئەوروپادا، چ جای وڵاتانی ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا، سەلماندوویانە کە دەشێت ناسیۆنالیزم، لەبەر چەندان هۆکاری دی، لە کۆمەڵێکدا سەر هەڵبدات بێ ئەوەی سەرەتاکانی مۆدێرنیزم لەوێ دەرکەوتبن. ئێمە لەم باسەدا ئەم جۆرە هۆکارانەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزممان بە مەسەلەی داگیرکردن، کۆلۆنیالیزم، یان مەسەلەی ترسان و کاردانەوە (رەدولفیعل) لە دەسەڵاتی نەتەوەی دراوسێ بەستەوە. بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزمە. لایەنی دیکەی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم، وەک بیر، ئایدیۆلۆژیا و بزاڤی سیاسی، لەبەر هەر هۆکارێک دەربکەوێت، ئەوا حەتمەن رووبەرووی مۆدێرنیزم و ئەرکەکانی مۆدێرنێتە دەبێتەوە. چونکە بەبێ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی کولتوورێکی نوێ، ناشێت نەتەوە و کولتوورەکەی، لە ئاستێکی پێشکەوتنەوە بۆ ئاستێکی دی، لە کۆمەڵگاو کولتوورێکی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگا و کولتوورێکی رێکخراو و دیسپلینکراو بگۆڕدرێن. دامودەزگا دەوڵەتییە جۆربەجۆرەکان، وەک بەشێک لە ئۆرگانی دەسەڵاتی نوێ، دەستوور و پرینسیپ و کولتووری نوێی نەتەوە و، سیستمی نوێی خوێندن و زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی لە ناو سنووری دەوڵەتدا دەچەسپێنن. گۆڕینی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی، وەک هێگل دەڵێت، پێش مێژووەوە بۆ نەتەوەیەک کە شوێنێک لەسەر شانۆی مێژوو بگرێت دەخوازێت کە نەتەوەکە رووەو پرۆسەی مۆدێرنیزم بڕوات. میکانیزم و پێداویستییەکانی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری دابین بکات. بە کورتی دەکرێت دیالێکتیکی نێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم بەم جۆرە کورت بکرێتەوە: لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر ناسیۆنالیزم و نەتەوە بەرهەم و ئەنجامی مۆدێرنیزم نەبن، ئەوا حەتمەن مۆدێرنیزم خۆی بەرهەم و ئەنجامی ناسیۆنالیزم و پرۆسەی بە نەتەوەبوونە.

بەڵام ناسیۆنالیزم، وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دی، وەک هەر پرۆگرام و دیاردەیەکی سیاسیی تر، وەک هەر دەسەڵاتێکی دی، ناتوانێت بەهەشتێک بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بکات. ئەزموونی مێژوویی نەتەوەکان سەلماندوویانە کە ناسیۆنالیزم دەشێت یان ناسیۆنالیزمێکی رۆشنگەرانە و عەقلانی بێت، کە بە پێی دەستوور سەرەتاکانی ئازادی و مافی یەکسانبوون بۆ هاووڵاتییان دابین بکات، یان ناسیۆنالیزمێکی تۆتالیتاری و میلیتای بێت کە زەمینەی دیکتاتۆری و فاشیزم و شەڕ بڕەخسێنێت. بەڵام چەند ناسیۆنالیزم بتوانێت مەسەلەی دروستکردنی نەتەوەی مۆدێرن و دیمکراتی پێکەوە گرێ بدات، هێندە دەتوانێت سەرەتاکانی کۆمەڵی مەدەنی دابمەزرێنێت، ئاسۆی نوێ بە رووی پێشکەوتنی نەتەوە و شوێنی ئەو لە پەیوەندیی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بکاتەوە. ئەم مەسەلەیش بە رێکەوت دروست نابێت، یان تەنیا مەسەلەیەکی ئیرادەوی نییە کە حەز و ئیرادەی کۆمەڵە رووناکبیر و سیاسەتمەدارێک دیاری بکەن، بەڵکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە کۆمەڵە فاکتەرێکی مێژوویی نێوخۆیی و فشاری دەرەکییەوە هەیە، کە سەرەنجام شێوە و کاتی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و چارەنووس و رەوشەکەی دیاری دەکەن.

ناسیۆنالیزمی کورد بە درێژایی سەدەیەک نەیتوانی لە هیچ بەشێکی کوردستاندا بە ئامانجی مێژوویی خۆی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان دروستکردنی نەتەوەی کورد، بگات. یان هەر نەبێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتی زۆرایەتیی حوکمڕاندا، یەکسانی و بەرابەری بۆ کورد دابین بکات. تێشکانی ناسیۆنالیزمی کورد لەم کارەیدا توشی قەیرانێکی فیکری، سیاسی، کۆمەلایەتی و کولتووریی کردووە. ئەم قەیرانەش تەنیا لە پرۆگرام و رێباز و ئامانجە سیاسییەکانییدا دەرناکەوێت، بەڵکە لەوەشدا دیارە کە هێزە ناسیۆنالیستەکانی کورد یان وەک هێزێکی پاسیڤ و پەیڕەوکار ماونەتەوە، یان توانا و وزەی خۆیان، لە جیاتی دوژمن، ئاراستەی خۆیان کردۆتەوە.

ئەگەر ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەمی کولتوور و مێژووی کورد بێت، ئەوا رەوش و تێشکان و قەیرانەکانی، رەنگدانەوەی ئاستی پێگەیشتنی کورد خۆیەتی. کورد لە رووی مێژوویییەوە هەمیشە بابەتێکی لاواز و پەرتێن بووە. توانای ئەوەی نەبووە کە وەک زاتێکی پێگەیشتوو لەگەڵ دیاردەکاندا رەفتار بکات و بتوانێت لە شتێک لە خۆیدا ببێتە شتێک بۆ خۆی. بۆیە کاتێک نەیتوانیوە ببێتە شتێک بۆ خۆی، واتا بۆ بوونی خۆی و بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بژی و کار بکات، ئەوا وەک بوونێک لە خۆیدا، یان وەک خودێکی پاسیڤ لە خۆیدا ماوەتەوە، یان کراوەتە بابەت و ئامراز بۆ ئەوی تر. ئەوی تر، بیانی، نەتەوەی تر کە، بە پێچەوانەی کورد، توانیویەتی ببێتە شتێک بۆ خۆی، بە پرۆگرام و ئایین و ئایدیۆلۆژیای خۆیەوە هاتۆتە کوردستان، توانیویەتی کورد، کە شتێک بووە لە خۆیدا و نەیتوانیوە ببێتە شتێک بۆ خۆی، بکاتە شتێک، بابەتێک یان ئامرازێک بۆ خۆی (واتا بۆ نەتەوەی دی).

ناسیۆنالیزم نەیتوانی کورد لەم حاڵەتە مێژووییە دەرباز بکات و بیگۆڕێ بە نەتەوەیەک بۆ خۆی. هێشتا کورد وەک شتێک لە خۆیدا بە پاسیڤی بۆ خۆی ماوەتەوە یان سوبێکتێکی لاوازە توانای ئەوەی نییە کە بە جۆرێکی زیندو و چالاک، لەسەر ئەساسی خۆناسین و

بەرژەوەندییەکی تایبەتی، هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردە سیاسی و کولتوورییەکاندا بکات. کورد هێشتا ناتوانێت رووداو و دیاردەکان، کە لە دەرەوە و دەوروپشتەوە دێن، بکاتە بەشێک لەخۆی، واتا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان بێنێت. سەرەنجام کورد خۆی دەبێتە بەشێک لەوان، خۆی دەبێتە کێڵگە و ئەزموونگای ئەوان نەک بە پێچەوانەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد و پرۆژەکەی (دیارە نەبوونی پرۆژەش خۆی جۆرە پرۆژەیەکە!) هەروا رەوشی سیاسی و مێتۆدەکانی کارکردنی ئەو لە ماوەی سەدەیەکدا لێکۆڵینەوەی زۆری زانستییانە و، رەنگە لەویش گرنگتر لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی گەرەک بێت. چونکە بەستنەوەی هەموو شکست و تراژیدیاکان بە هۆکاری دەرەکی و ستەمی کۆلۆنیالیزم و پەلاماری ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکانەوە، کە حەتمەن فاکتەری گرنگن، شتێکی نوێ نییە. دەیان ساڵە عەقڵی تەمبەڵ و فەلەجی ناسیۆنالیزمی کورد، کە غیرەتی ئەوەی نییە رووبەرووی هەقیقەتی خۆی و هەڵە و تێشکانەکانی خۆی ببێتەوە، ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. هەمیشە، دوای هەر شکست و هەرەس و تراژیدیایەک، دەیەوێت خۆی لە خەتا و بەرپرسیاری دەرباز بکات و هۆکارە دەرەکییەکان بکاتە ئەساس. هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لە رۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان بکات، بەڵام بە رای من بۆ تێگەیشتن لە رەوشی ناسیۆنالیزمی کورد و تێشکانەکانی پێویستە، پێش هەر شتێک، بە دوای هۆکار و فاکتەرە نێوخۆییەکاندا بگەڕێین. بە پێچەوانەوە دەشێت هەڵەکان و تێشکانەکان هیچ پەند و ئەزموونێکی نوێ نەبەخشن و، بگرە بەردەوام خۆیان بەرهەم بهێننەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

1- øyvind østerud, Vad är nationalism?, Översättare: Mona C. Karlsson, Universitetsförlag, Stockholm, 1997 s. 30

٢- هەمان سەرچاوە، لا. ٢٩

3- Ernest Gellner, Stat, nation, nationalism, Översättning: Hans Dalén, Nya Doxa, Nora 1997, s.64

4-øyvind østerud, s.17

٥-هەمان سەرچاوە، لا ١٨

6- Filosofi Lexikonet,FORUM, Stockholm, 1988 s.560-561

7-Karl R. Popper, Det öppna samhället och och dess fiender, Del 2, Översättning av Bo Ekström, Akademilitteratur, Stockholm 1981, s.58

8-øyvind østerud, s.40

9-Reidar Larsson, Politiska ideologier i vår tid, studentlitteratur, Lund 1994, s.152

١٠-کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٢ -لێرەدا پشت بەو باسە گرنگە دەبەستم کە کارل پۆپەر لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا، کۆمەڵی کراوە و دوژمنەکانی، دەربارەی هێگل و فەلسەفەی مێژوو و فەلسەفەی هەق لای هێگل نووسیویەتی.

١١-- کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧١ (پۆپەر پێی وایە کە هەم مارکس و هەم تیئۆریستانی راسیزم سوودیان لەم بیرەی هێگل وەرگرتووە.. لە تیئۆری راسیستەکاندا رۆح گۆڕدرا بە رەگەز-یان خوێن، ئەوە خوێنە لەسەر شانۆی جیهان دەردەکەوێت، یان مێژوو خەباتی نێوان رەگەزەکانە. بەڵام لای مارکس نەتەوە گۆڕدراوە بە چین، واتا مێژوو لە جیاتی ئەوەی خەباتی نێوان نەتەوەکان بێت، خەباتی نێوان چینەکانە).

١٢-کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩،٦١

13-øyvind østerud, s.19-20

١٤- بۆ زیاتر دەربارەی تێزی ئەنتۆنی سمیس بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

-Antony D. Smith, National Identity. Penguin, Harmondesworth 1991

-Antony D. Smith, The Ethnic Origins of Nations. Backwell, Oxford 1986

- øyvind østerud, Vad är nationalism?

١٥- سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٣-٩٥

١٦- بە پێی ئامارێک، کە لەساڵی ١٧٩٠ لە فەڕەنسادا کراوە، تەنیا دە یەکی (یان لە دەدا یەکی) هاووڵاتییان بە چاکی بە زمانی فەرەنسی قسەیان کردووە. دواتر لە ساڵی ١٨٦٣ هێشتا زیاتر لە چواریەکی هاووڵاتییانی فەڕەنسا زمانی فەڕەنسییان نە زانیوە. بڕوانە øyvind østerud, s.34

١٧- بێنێدیکت ئەندێرسۆن پێی وایە کە سەرمایەداریی چاپ بوو بە هۆی گۆڕینی زمانە لۆکالییەکانی ئەورووپا بە زمانی ئەدەبی. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بوو بە هۆی دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. ئەو دەنووسێت: پێداویستی سەرمایەی چاپ و قازانج وایان کرد کە چاپخانەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمەوە، بە لێشاو کتێبی هەرزان بە زمانی خەڵک چاپ بکەن، کە لە زمانی لاتین نەدەگەشتن. هەروا بە رای ئەو کاریگەرییە شۆڕشگێڕییەی کەپیتالیزم لەسەر پێشخستنی زمانی خەڵکدا هەیبوو لە سێ فاکتەری دەرەکی دیکەشەوە هێزی وەرگرتبوو، کە دوو لەو فاکتەرانە راستەوخۆ بوونە هێز دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی: یەکەمیان، کە کەمبایەخترە، ئەو گۆڕانە بوو کە بەسەر خودی سروشتی لاتیندا هات. بە کۆششی هومانیستەکان ئەدەبیاتی بەربڵاوی لاتین، کە پێش سەردەمی مەسیح نووسرابوو، سەرلەنوێ زیندوو کرایەوە و، لە ڕێگای چاپکردنیانەوە، بە ناو رووناکبیرانی ئەورووپادا بڵاو کرایەوە، کە بۆچوونێکی نوێیان سەبارەت بەو ئەدەبیاتە لەلا دروست بوو. دووەمیان، کاریگەری ریفۆرم، کە لە هەمان کاتدا، بەهۆی سەرمایەداریی چاپەوە توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. کاتێک مارتین لۆسەر لە ساڵی ١٥١٧ دا لە ویتێنبێرگ بزماری تێزەکانی خۆی لە دەرگای کڵێسا چەقاند، تێزەکانی ئەو تەرجومەی ئەڵمانی کران و چاپکران و، لە ماوەی پانزە رۆژدا بە هەموو وڵاتدا

بڵاوکرانەوە. لە ماوەی بیست ساڵی دوای ئەوە، وەک ئەنجامی کاریگەری تێکستەکانی لۆسەر، ژمارەی چاپکردنی کتێب بە ئەڵمانی سێ بەرابەر زیادی کرد... سێیەمیان، بڵاوبوونەوەی بەکاوەخۆی هەندێک زمانی میللی بە ناوچەی جۆربەجۆردا وەک ئامرازێک بۆ سێنترالیزەکردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن، کە دەیانەویست هەیبەتی دەسەلاتی بێ سنووری پاشایەتی پێشان بدەن. بۆ زیاتر بڕوانە:

Benedict Anderson, Den föreställda gemenskapen (1991), Övesättning: Sven-Erik Torlhell, Daidelos, Göteborg, 1993 s 48-50

١٨- تا سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی هەژدەیەم زمانی لاتین زمانی دەوڵەتی پروسی (نەمسا-هەنگاریی) بوو. شۆڕشی ناسیۆنالیستی هەنگاری، کردە زمانی رەسمی و خوێندن و نووسین. هەرچەندە چەندان کەمەنەتەوەیی لە هەنگاریا هەبوون، بەلام بڕیار درا هەر کەسێک لە سنووری دەوڵەتی هەنگاریدا بژی دەبێت بە هەنگاری قسە بکات. شاعیری ناسراوی هەنگاری ساندرۆ پێتۆفی (١٨٢٣-١٨٤٩) کە یەکێک بوو لە رابەرانی شۆڕشەکە، کەمەنەتەوەییەکانی هەنگاریا بە «برینێک لە جەستەی نیشتمان» دادەنێت. بڕوانە: بێنێدیکت ئەندێرسۆن، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٤-١٠٥

١٩- لە باسێکی دیکەدا ئەم هۆکارانە و هەندێ لایەنی دیکەی ناسیۆنالیزمی فارسی هەروا تورکی و عەرەبی باس کراون. بڕوانە: رەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، سوێد ١٩٩٨

٢٠- میشیل عفلق، البعث و الذات، دار الحرية، بغداد ١٩٧٦، ص ١٠٠

٢١- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی بە بیری «قەومیەت»ی رۆژهەلاتی و نە بیری «ناسیۆنالیزمی»ی رۆژئاوایی یە، سوێد ١٩٨٤ لا ١٤٥-١٥٥ لەم باسە گرنگەدا دوکتۆر جەمال نەبەز کۆمەڵێک بەراوردکاری نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک و فارس دەکات. ناوەرۆکی نادیموکراتی و ناعیلمانی و شۆڤێنیستیی ئەوان روون دەکاتەوە.

٢٢- لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە زیاتر باس لەم مەسەلەیە کراوە. هەروا بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چەند سەرنجێک دەربارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا ١٩٧١

٢٤- کاتێک باشووری کوردستان بە عێراقەوە لێکێندرا، یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوە بوو کە زمان و کولتووری کوردی لە عێراقدا ئازاد بێت..تاد. بەلام دەوڵەتی عێراق لەسەرەتاوە کۆسپی جۆربەجۆری لەبەردەم پێشکەوتنی کولتووری کوردی و زمانی کوردی و، گۆڕانی بۆ زمانی خوێندن و زانست دروست کرد. ناسیۆنالیستان و رووناکبیرانی عەرەبی عێراقی و ناعێراقی، بەردەوام هانی دەوڵەتی عێراقیان داوە کە رێگە لە پێشکەوتنی زمانی کوردی بگرێت. بۆ نمونە کاتێک لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوودا رووناکبیران و زمانەوانانی کورد دەستکاری ئەلفوبێی کونی کوردییان کرد و هەندێک حەرفی بزوێن و حەرفی دیکەیان هێنایە ناو نووسینی کوردییە، ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق، لە پێشەوەیان ساطع الحصري، کە بەرپرسی دەزگای خوێندن و پەروەردەی دەوڵەتی عێراق بوو، بە توندی دژی ئەمە وەستان. بەهانەکەیان ئەوە بوو کە ئەم کارە مەسی قورئان دەکات. هەروا بیرکارێکی وەک محەمەد عابد ئەلجابری، کە خۆی بە هەڵگری دیسکۆرسێکی نوێی عەقلانی و دیموکرات دەزانێت لە دنیای عەرەبدا، لە ساڵانی هەشتاکان و لە مەغریبەوە داوا دەکات کە نابێت رێگەی خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەییەکانی وڵاتانی عەرەب، دیارە لەوانە کوردی، بدرێت. جابری دەنووسێت: «.. گرفتی پلورالیزمی کولتووری (التعددية الثقافية) بۆ بوونی کەمایەتیی نەتەوەیی لە وڵاتانی عەرەبدا دەگەڕێتەوە.. فراوانکردنی ئەڵقەی کولتووری نەتەوەیی عەرەبی، بە جۆرێک کە کولتووری ئەو نەتەوانەشی (الاقوام) لە پاڵدا بێت، چارەسەرێکی نەتەوەیی راستەقینە نییە.. ئێمە لەو باوەڕەداین کە چارەسەرکردنی سروشتیی مێژوویی ئەم گرفتە دەبێت بە ناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بەعەرەبکردنیدا رەت ببێت. زمانی زانست لە وڵاتی عەرەبیدا، لە کەنداوەوە تا ئۆکیانوس، نابێت لە زمانی عەرەبی بەولاوە هیچ زمانێکی دیکە بێت. چونکە هیچ زمان و دیالێکتێکی دی ناتوانێت ببێتە زمانی زانست و هاوشانی زمانی عەرەبی بێت.. پلورالیزم لەم بوارەدا خۆی خۆی نەفی دەکاتەوە، زمانی عەرەبی بە تەنیا خۆی دەتوانێت پلورالیزم بپارێزێت و لێیشی تێبپەڕێت. لە چوارچێوەی ئەم پاراستنی پلورالیزمە لە پێناوی تێپەڕاند لێی، دەبێت بەرهەمی کولتووریی نەتەوە خۆجێییەکانی وڵاتی عەرەب (الاقوام المحلية) بڵاو بکرێنەوە، بۆ بڵاوکردنەوەیشیان دەبێت بەعەرەبیکرێن، لە بەعەرەبکردنیاندا تێپەڕاند هەیە، واتا خاسیەتی (قەومی)یان لەناو دەبرێت، ئەو خاسییەتەی کە بە زۆری لە بوونی کەمایەتییەکاندا، بە شتە نێگەتیڤەکانەوە بەستراوەتەوە، واتا گیانی چوونەوەنێوخۆ و خۆقایمکردن لە شوێنی تەنگەبەردا (بڕوانە: الدكتور محمد عابد الجابري،اشكاليات الفكر العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، ط ٣ بيروت ١٩٩٤ ص٤١، ٤٢

٢٥-میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن لە بەرامبەر مەترسی دەرەکیدا، شتێکی ناسراوو زانراوە لەو کولتوورانەدا کە بەر پەلامار کەوتوون یان ژێردەست کراون. محەمەد عابد جابری پێی وایە کە «رابوون (النهضة)ی نوێی عەرەبی لە سەرەتا و ئەساسدا لەدایکبووی لێکدانە لەگەڵ هێزێکی بیانی هەڕەشەکەر، کە هێزی رۆژاوا و مەزنخوازیی سەرمایەداریی کۆلۆنیالییە... رۆژئاوا ئەوسا و تا ئێستا، وەک جابری دەڵێت، دوو رواڵەتی پێکناکۆکی بۆ پڕۆژەی رابوونی عەرەب هەڵگرتووە: رواڵەتێک نوێنەری پەلامار و دیگیرکردنی کۆلۆنیالی و مۆنۆپۆلی و سەردابوونە، رواڵەتێکی دیش کە نوێنەری مۆدێرنیزم و پێشکەوتنە.. ئەم سروشتە دووفاقییەی هۆکاری دەرەکی (رۆژئاوا) وای کرد کە هەڵوێستی رابوونی عەرەب لە رابردوو و لە داهاتوو دوفاقانە بێت.. ئەمەش، بە رای جابری، پرۆبلێماتیکێکی لە نێوان رەسەنایەتی و هاوچەرخی (الاصالة والمعاصرة)دا بۆ رابوونی

عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەب دروست کرد. میکانیزمی داکۆکی لەخۆکردن لە بەرامبەر پەلامار یان (غەزو)ی کولتووری ئەوروپاییدا پاڵی پێوەنان کە بگەڕێنەوە بۆ کولتووریی رەسەنی عەرەب (الرجوع الی الاصول)و خۆیان بە کەلەپوورەوە ببەستنەوە، یان کەلەپووری عەرەب لە بەرامبەر بیر وکولتووری هاوچەرخدا رابگرن... بڕوانە:

الدکتور محمد عابد الجابری،اشکالیات الفکر العربی المعاصر، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ط ٢ بیروت ١٩٩٤ ص٢٦-٢٩، هەروا: الدکتور محمد عابد الجابری، المسالة الثقافیة، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ط ١، تشرین الثانی ١٩٩٤، ص ٧٢-٧٦

٢٦- کارل پۆپەر، سەرچاوەی پێشوو. لا ٦٥

٢٧- ئیسلام لە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردیدا، وەک رەگەزێکی گرنگ شوێنێکی تایبەتی نییە. بە رای من ئەم مەسەلەیە یەکێک لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و عەرەبی، کە گرنگە باسکار و رووناکبیرانی کورد سەرنجی بدەن. ئیسلام هەمیشە رەگەزێکی گرنگ و کاریگەری فیکری رۆشنگەریی عەرەبی و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بووە، چونکە:

١-ئیسلام، وەک ئاینێ ئەساسی یەکبوونی ژیانی رۆحیی عەرەب و شارستانی وکولتوور و مێژوو و زمان و... عەرەبی بووە. ئەمە هێزێکی رۆحی و شانازییەکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ عەرەب کە هەمیشە لەگەڵ تاک و گرووپی سیاسیی عەرەبیدا دەژیت.

٢-ئیسلام بۆ عەرەب هەمیشە ئەلتەرناتیڤێک، یان قەڵغانێکی کولتووری و فیکری بووە، سەرەتا لە بەرامبەر بیری رۆشنگەری و لاییت (عیلمان)ی ئەوروپاییدا، وەک پێشتر باسکرا، دواتریش لە رووی شەپۆلی (یان وەک عەرەبەکان دەڵێن غەزوی) کولتوور و شارستانیی کولۆنیالیزمی ئەوروپاییدا. ئیسلام لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەب و میسردا، کە ژێردەستی وڵاتانی ئەوروپایی بوون، رەگەزێکی هەرە گرنگی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی بوو، یان دەتوانرێت بگوترێت کە ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانە، لە فۆرمێکی ئاینیدا خۆیان دەرخست. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، مەسەلەی جیاوازی، یان لێکدانی ئاینی زەقتر و توندتر بوو.

کەچی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا قەت رۆڵێکی سیاسیی لە بزاڤی ناسیۆنالیستیدا نەدیوە. نەیتوانیوە وەک سیستم یان رەگەزێکی ئایدیۆلۆژی خۆی بەسەر ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمدا بسەپێنێت. چونکە ئیسلام لای کورد، بەو وێنەیەی لای عەرەب، نەبۆتە بەشێکی ئەساسی لە ناسنامە و زمان و شارستانی و مێژووەسیاسییەکەی. هەروا کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەت و کولتوورێکی پەلاماردەری نائیسلامی نەبووە. هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، کە دوای راپەڕین دەرکەوتن، دیاردەیەکی نوێ و جیاوازن و ناکرێت وەک بەشێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر بکرێن، چونکە پێش هەر شتێک بە هاندان و کۆمەکی هەندێک وڵاتی ئیسلامی دروست بوون. هەروا بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی و وڵاتانی دی کار بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵی کورد ناکەن، بەڵکە بەرژەوەندیی هێزی دەرەکی لە کوردستان دەپارێزن. بەلام ئەوە راستە کە ناسیۆنالیزمی کورد قەت دژی ئاینی ئیسلام نەبووە، نەک لەبەر ئەوەی دیموکرات بووە، بەڵکە لەبەر ئەوەی ئیسلام، وەک ئایدیۆلۆژیا و بزاڤی سیاسی نە ئەلتەرناتیڤی ناسیۆنالیزمی کورد و نە رێگری بەردەم پرۆژەکەی بووە. هەروا ئاینی ئیسلام، وەک باوەڕ و کولتوور، ئاینی زۆربەی خەڵکی کورد و ئەساسی کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵی کوردەوارییە. هەر پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی، یان دیموکرات چەند لاییتی بێت، پێویستە رێز لەم باوەڕەی خەڵک بگرێت، بێ ئەوەی ئەم رێزگرتنە مانای جێکردنەوەی بیری ئیسلامی سیاسی بێت لە ناو ئەو پرۆژەیەدا.

٢٨- لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا (ئیمپراتۆریای لم) هەندێک لایەنی ناسیۆنالیزمی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستان باس کراوە. لێرەدا چەند، توانیبێتم، هەوڵم داوە خۆم لە دووبارەکردنەوەی ناوەرۆکی باسی پێشوو بپارێزم.

٢٩- دوکتۆر جەمال نەبەز باسی کۆمەڵێک لەو هۆکارانە دەکات کە بوونە هۆی ئەوەی روناکبیران و بزاڤی کورد کورد واز لە دروشمی دەوڵەتی کوردیی ناسیۆنال بهێنن و دروشمەکە بگۆڕن بە «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان»، لەوانە لاوازی هوردە بۆرژوای کورد و بێ دەسەلاتیی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەرەکانی کوردستان و، لاسایی کردنەوەی مارکسیستە عەرەب و تورک و فارسەکان...تاد. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: دوکتۆر جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٦-١٦٧

٣٠- هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداری، کە نزیکەی چل ساڵە شێوە خەباتی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، چونکە تەواوی رەوشی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەلایەتیی ئەم چل ساڵەی باشوور بەم بزاڤە چەکدارییەوە بەستراوەتەوە. ئەم بزاڤە چەکدارییە، کە سەرەتا یاخیبوونی کۆمەڵە سەرۆکخێڵێک بوو لە یاسای چارەسەرکردنی کشتووکاڵیی دەوڵەتی عێراق، بە دروێیەکی گەورە (کوردستان یان نەمان) دەستی پێکرد. بەلام بە پێچەوانەی تەواوی بزاڤی ناسیۆنالیستی دنیا قەت و تا ئێستا چاوی لە ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، دوای چل ساڵ سەپاندنی ئەم شێوە خەباتە، وەک نزیکەی تاکە شێوەی خەبات هێشتا ئەم مەسەلەیە نەکراوەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی جیدی و زانستی. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ دوو دەستپێشخەریی گرنگ بکەم:

-بورهان یاسین، چەند سەرنجێ دەربارەی خەباتی چەکداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور، گۆڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٥ دانمارک ١٩٩٢

- کەمال میراودەلی

٣١-بۆ نمونە پرۆگرامی هەر کام لە پارتە کوردستانییەکان کۆمەڵێک داخوازیی «نەتەوەیی» لە بارەی خوێندن بە کوردی و زمانی کوردی و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان،، تێدا هاتوون. بەلام ئەم مەسەلانە وەک بەشێک لە پرۆگرامی ئۆتۆنۆمی و داخوازی لە دەسەلاتی ناوەندی، باسکراون. دیارە جێبەجێکردنشیان لە ئەساسدا بۆ دەوڵەتی ناوەندی، یان بۆ رازیبوونی ئەو جێ هێڵراوە.

دارا مەحمود

# مۆدێرنێتەو، پۆست مۆدێرنێتە !

دوان و گفتوگۆ دەربارەی مۆدێرنێتە Modernity (١)، پۆست مۆدێرنێتە Post - Modernity و ئەو واتاو چەمک و ڕێبازانەی لە دووتوێ، یان تەنانەت لە پەراوێزیشیان خڕدەبنەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە. زەحمەتەکەش لەو جێگایەدا دوو چەندان دەبێتەوە کە بخوازین پێناسە، مێژووی دەستپێکردن و کۆتایی، سنوورو چوارچێوەکانیان دەستنیشانبکەین. لە لایەکی تریشەوە ئەمە بوارێکە زۆرتر لە سێ سەدەیە زاناو بیریارو فەیلەسوفانی ڕۆژئاواو پاشانیش جیهانی بە خۆیەوە خەریک کردووە. هەرچی گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی بە درێژایی ئەم سێ سەدەی دواییە لە ڕۆژئاواو جیهانی مۆدێرندا و گشت ئەو گفتوگۆو ڕەخنانەی لە بوارەکانی فەلسەفی، ئەدەبی، هونەری، سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی ... هاتونەتە کایەوە لە هەمان چەمکی مۆدێرنێتەو مەوداکانییەوە سەرچاوە دەگرن.

مۆدێرنێتە چییە؟ ڕیشە لاتینییەکەی ئەم واژەیە Modo یە کە بەواتای نوێ دێت. مێژووی ڕەواج پەیداکردنی بۆ ساڵی 1361 دەگەڕێتەوە(٢).

دەتوانین بڵێین مۆدێرن، بە تەواوی ئەو شتانە دەگوترێت کە پەیوەندییان بە ئێستا، ئەم کاتە، ئەم سەدەو سەردەمەوە هەیە. ئەمەش لە بەرامبەر کۆن، ڕابردوو، سەدەکانی ناوەڕاست. یان کلاسیکدا دێت. واتا ئەمانە هەموو پەیوەندییان بە ڕەوتی «کات»ەوە هەیە. ئەوەی دوێنێ مۆدێرن بووە، ئەمڕۆ کۆنەو هی ئەمڕۆش سبەینێ کۆن دەبێت. هەر بۆیە ئەگەر تەنیا بە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوتی کاتدا بۆ مۆدێرنێتە بڕوانین، دەبینین شتێکی بێواتایە. بەڵام لە فەرهەنگی Petit Rober دا پێناسەیەکمان بەرچاو دەکەوێت کە دەڵێت: مۆدێرن، ئەوەیە کە سوود لە تازەترین پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانست وەربگرێت(٣). لێرەدا دەبینین پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان دوو چەمکی مۆدێرنێتەو پێشکەوتندا هەیە. بەڵام ئەمە پێناسەیەکی ناتەواوە. چونکە تەنیا بەشێک -ئەگەر چی گرنگیش بێت- دەگرێتەوەو گشت بوارو لایەن و مەوداکانی مۆدێرنێتە پێناسە ناکات. ڕەنگە لەم ڕووەوە پێناسەکەی فەیلەسوفی فەرەنسایی «ژان بودیار» فراوانترو گونجاوتر بێ کە دەڵێت: مۆدێرنێتە «شێوازێکی تایبەتی شارستانییەو لە هەمبەر شێوازی نەریتی، یان گشت فەرهەنگە نەریتییەکانی پێش خۆیدا ڕادەوەستێ. لە بەرامبەر جۆراوجۆری جوگرافیایی و سەمبولێکی ئەو فەرهەنگە نەریتیانەدا، خۆی وەک شتێکی هاوئاهەنگ دەسەپێنێت. لە ڕۆژئاواوە سەرهەڵدەدات و بە گشت جیهاندا بڵاودەبێتەوە» (٤).

هەرچەندە سەرتاپای ئەو فەلسەفەو بیرو لێکدانەوانەی بە مۆدێرنێتەو پۆست-مۆدێرنێتە ناسراون لە ڕۆژئاوا سەریانهەڵداوەو ئێمەی ڕۆژهەلاتی ئەگەرچی لە ڕووی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگییەوە.. سەرچاوەی کۆمەڵە هۆکارو فاکتەرێکیش بووبین و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریشمان هەبووبێ، بەڵام نە بیرو مێشکی ئێمە لە وێدا ڕۆڵێکیان هەبووەو نە بابەتێکیش بووین. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ و پێویستە کە ئێمەش بە قوڵی دیراسەیان بکەین. ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەم: کاریگەری ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەلات، بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەدواوە، بە جۆرێکە کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ و پێویستیش نییە خۆ لە بن ئەم کاریگەرییە دەرباز بکەین. بەڵکو دەکرێ و پێویستە گشت ئەزموونە چاک و خراپەکان، بە لەبەر چاوگرتنی گشت تایبەتمەندییەکانی خۆمان لییان بکۆڵینەوەو بێ لاساییکردنەوەو کۆپیکردن، لە ژیانی خۆماندا ڕەنگیان پێبدەینەوە. دووەم: ئەگەرچی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لکوپۆپی لێدەبێتەوە کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنێکی گشتیشی هەیە کە سەرتاپای مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بە واتایەکی تر گشت پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دەستکەوتی تێکرای مرۆڤایەتین، ئەزموونە نێگەتیڤ و کارەساتە مێژووییەکانیش کەلەبەرو پەڵەی ڕەشن هەموو مرۆڤایەتی لێیان بەرپرسیارە.

دیاره مۆدێرنێتە لە سەر کۆمەڵێک پرێنسیپ و بنچینە دامەزراوە کە بێ باسکردنی ئەمانە، لێدوان لە خودی مۆدێرنیتەش لە توانادا نابێ، کە لە هەموویان گرنگتر، عەقڵگەراییە.

پرێنسیپی عەقڵگەرایی ئەو بناغەو بنچینەیە کە لە بواری فەلسەفیدا مۆدێرنیتەی لە سەر دامەزراوە. هەموانیش لە سەر ئەو رایە کۆکن کە دیکارت 1595-1650 دامەزرێنەری عەقڵگەرایی نوێیە.

بەم پێیە فەلسەفەی عەقڵگەرایی لە سەدەی هەڤدەیەمەوە سەریهەڵداوە. کە ئەمە مێژووی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەشە، چونکە ئەم دووانە واتا مۆدێرنێتەو عەقڵگەرایی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و لەیەکدانەبڕاوی وایان بەیەکەوە هەیە کە «دەستهەڵگرتن لە یەکێکیان بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەوی تریشیانە»(٥).

دیکارت، سۆبژێکت Subject ی مرۆڤ تەنیا لە عەقڵدا خڕدەکاتەوەو بە پێی پێناسەی ئەو مرۆڤ «گەوهەری بیرکەرەوە، یان عەقڵە»(٦).

هەروا بەلای کانت 1724-1804 یشەوە:«عەقڵ حەکەمی باڵایەو هەر کەس بۆ ئەوەی شتێکی خاوەن سەلاحیەت و جێگای متمانەو باوەڕ ببینێتەوە، دەبێ پەنا بۆ ئەو ببات»(٧).

تا ئەو کاتەی بیری عەقڵگەرایی سەریهەڵدابوو کڵێسا، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زاڵبوون و بیرەکانی دیاردەو گۆڕانکارییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی و رابردوو ئێستاو داهاتووی مرۆڤ و گشت گرفت و کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای مرۆڤایەتی بە هێزە غەیبییەکانی دەرەوەی عەقڵی مرۆڤ و، لە دەرەوەی دەسەڵات و تواناکانی ئەو، دەبەسترانەوە. مرۆڤ لەو هەستەدا دەژیا کە هیچ کاتێک ناتوانێت بەسەر سروشتدا زاڵبێت. بەڵام بە پەیدابوونی عەقڵگەرایی نوێ کە لە سەدەی هەڤدەیەمەوە دەستیپێکردو لە سەدەی هەژدەیەمدا پەرەسەندنێکی گەشی بەخۆیەوە دیت، جێگای عەقڵییەتی غەیبی و هەستکردنی مرۆڤ بەوەی بەرامبەر بە سروشت بێدەسەڵاتە، گرتەوە. ئەم پەرەسەندنەش نەک تەنیا لە شێوەی بیرکردنەوە، بەڵکو لە شێوازی ژیان و گوزەران و سەلیقەی گشتی و ڕەوش و مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەکانیشدا ڕەنگیدایەوە.

ئەم عەقڵیەتە نوێیەش درووست لەگەڵ پەیدابوونی سەرمایەداری و گەشەکردن و مەزنبوونی چینی بۆرژواو دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی سامان لە لایەن ئەم چینەوە ، هاوتاو گونجاو دێتەوە. ئەمە بوو بە هۆی پەیدابوونی بیرو بۆچوونی نوێ دەربارەی جیهان و مرۆڤایەتی. بیروبۆچوونێک کە مرۆڤایەتی لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە، کە مەودای پێشکەوتنی دیاریکراوو سنووردارە، بۆ قۆناغی سەرمایەداری، بازرگانیی جیهانی، تەکنەلۆژیاو پیشەسازی بگوازێتەوە.

لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستیش بکرێت، کە لە گەڵ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەو پێویستی بەکارهێنانی عەقڵ لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی و بەستنەوەی سیاسەت بە کاروبارەکانی ژیان و بەرژەوەندی گشتی و سیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتان شێوازێکی نوێی لە بیرکردنەوە کە لەسەر پرینسیپی عەقڵگەرایی دامەزرابێت هاتە کایەوە. ئەمەش جێگای عەقڵییەتی غەیبی گرتەوەو سنوورێکی بۆ دەسەڵاتی ئایینی ، کە سترکتووری سیاسی و ئایدیۆلۆژی سیستەمی فیودالی سەدەکانی ناوەڕاستی لەسەر بنیاتنرابوو، دانا. تەنانەت خودی ئایینیش گۆڕانکاری بەسەرداهات و لە ڕۆڵی (ئەو دنیای)یەوە بۆ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی کە هەوڵدەدات پەرە بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بدات، هەنگاوی هەڵێنا. ئەمەش سنوورێکی بۆ کێشە ئایینی و تایفەگەرییەکان دانا کە ئیتر لەسەدەی هەژدەیەمەوە لە ئەوروپا (لە هۆڵاند پێشتریش) لەناو چوون.

هەر بۆیەش لە ڕووی ڕەوشی مامەڵەکردن لەگەڵ گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسییەکانەوە، سەدەی هەژدەیەم بە سەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە دادەنرێت. بەمجۆرە دەبینین، تەتبیقکردنی عەقڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆژئاواو لە شۆڕشی فەرانساشەوە دەستپێدەکات، کە ستروکتووری ئەوە لەسەر پرێنسیپ و بنەماکانی عەقڵ دەڕێژێتەوە.

شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بەر لە شۆڕش دەسەڵاتدارانیان بە « بەرەڵایی و دوور لە عەقڵگەرایی» (٨) تاوانبار دەکردو هەوڵیان دا سەر لەنوێ نەتەوەو کۆمەڵگە بە پێی «ڕێگاو شوێن و بەرنامەیەکی عاقڵانە»(٩) ڕێکوپێک بکەنەوە.

پرێنسیپێکی تری مۆدێرنێتە سۆبژێکت Sobject ە . یەکەمین کەسێکیش کە لەم ڕوانگەیەوە بۆ مۆدێرنێتەی ڕوانی و چەمکی بۆ دانا، فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان هیگل 1770-1831 بوو. ئەم چەمکەش لەسەر پرێنسیپی سوبژیکتیزم دامەزرێندرا. لەو کاتەوە ئازادی سۆبژێکت بوو بە پرێنسیپی جیهانی مۆدێرن.

بەلای هێگلەوە مۆدێرنێتە، تەنیا بە سۆبژێکتی خۆی دەپێورێت. لەسەر مۆدێرنێتە پێویستە لەناو سۆبژێکتی خۆیدا نەک شتێکی ترەوە دڵنیایی لە خۆی بەدەست بهێنێت. چونکە لەدەرەوەی سنووری سۆبژێکت هیچ دڵنیاییەک بە دەست نایەت(١٠).

سۆبژێکتیزم بە پێی چەمکی هێگلی چوار واتای هەیە: فەردیەت Individiolizm ، مافی ڕەخنەگرتن، سەربەخۆیی

کارکردن و فەلسەفەی ئایدیالیزم. هێگل وێنەی عەقڵ بەوەی مەعریفەی سۆبژێکتەو هاوتای ڕۆحێکی ڕەهایە دەکێشێتەوە(١١).

ئیتر مۆدێرنێتە، دەوڵەت، کۆمەڵگە، هونەر، ژیان بە پێی پرێنسیپی سۆبژێکتیزم گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەو ڕووداوە مێژووییانەش کە بەلای هێگلەوە ئەم پرێنسیپەیان سەپاند:«بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی، ڕۆشنگەریی(١٢)، شۆڕشی فەرەنسا» (١٣)بوون، کە گۆڕانکاری یەکجار گەورەیان لەگشت ئاست و بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فکرییەکاندا هێنایە کایەوە.

لەسەر ئاستی هونەریش، دەتوانین بڵێین هونەر مەودایەکی کۆمەڵایەتی بەخۆوەگرت و لەژیانی خەڵک نزیک بووەوەو بەرە بەرە بابەتە ئایینییەکان لەبەرامبەر ئارەزووی تاموچێژ وەرگرتن لە ژیان و جوانییەکانی کەمڕەنگ و کاڵبوونەوە.

ئەدەبیش لە بابەتەفیکری و میتافیزیکییە ڕووتەکان دوورکەوتەوەو زۆرتر بە دۆزەکانی سەردەم و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکانەوە نووسا.

چیرۆکی فەلسەفی لەسەر دەستی مۆنتسیکۆ 1689-1755 ڤۆلتێر1694-1778 دیدرو1713-1784 کە کیانی لێبوردن و بیری ڕۆشنگەری و پێشکەوتنخوازی دژی بندەستی و سەرکوتکردن و دەمارگیری ئایینی بڵاودەکردەوە، پەرەی سەند.

جێگای گوتنیشە کە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم لە ئەدەبدا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەسەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی و بزووتنەوەی خەباتگێڕانە دژی داگیرکارانی بێگانەو هێزی سەرکوتکردنی چینە دەسەڵاتدارەکان و دژی کولتووری کلاسیک کە شوێنێک بۆ واقیعی گەلان و ئەو زوڵم و زۆرەی لە سەریانە ناهێڵێتەوە، هەبوو.

لێرەشدا گرنگی کولتوور و ئەدەب و هونەری بێگانە بە دیارکەوت و بوو بە جێگای سەرنج و لێکدانەوەی پسپۆران و ئەو ئەدەبە بە دیارکەوت کە بە « ئەدەبی بەراوردکاری» ناسرا. هەروا زانستی فۆلکلۆری و میتۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و بزووتنەوەکانی یاخیبوون لە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و خانەوادەییە کۆنەکان هاتنە کایەوە.

لە بواری شیعریشدا، شیعری ڕۆمانسی بەو خەسڵەتەی هەڵچوون و شۆڕش و یاخیبوونەیەوە لە هەموو کۆت و بەندەکان، چ لەبواری فۆرم و ڕێگاو شوێنەکانی هۆنینەوە، تا بواری هەستی شیعری و دیدوبۆچوونەکان دەربارەی گەردوون، ژیان، بوونەوەر ... ڕچەو ڕێبازی نوێی بۆ خەیاڵپەردازی و بیرکردنەوە کردەوە.

مێژووی سەرهەڵدانی مۆدێرنێتەی فەلسەفی لەگەڵ نوێکردنەوەی ئەدەبیدا هاوکات نین. لە کاتێکدا سەرهەڵدانی مۆدێرنێتەی فەلسەفی بۆ سەدەی هەڤدەیەم دەگەڕێتەوە، نوێخوازی لە ئەدەبدا تا سەدەی نۆزدەیەم وەک ڕێبازێکی نوێ نەیتوانی خۆی بسەپێنێت.

دەگوترێت کە یەکەمین کەسێکیش واژەی مۆدێرنێتەی بەکارهێناوە، بۆدلێری شاعیری فەرەنسایی بووە. کە پێی وایە هونەر لە دوو بەش پێکدێت«بەشێکی گوزەرایەو بەسەر دەچێت کە مۆدێرنێتەیە، بەشەکەی تریشی نەگۆڕو هەتا هەتاییە»(١٤).

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی مۆدێرنێتە لەم چەند دێڕەدا خڕبکەینەوە:

باوەڕ بە زانست و پێشکەوتن و سیکولاریزم. بەدیهێنانی سیستەمی یاساو سەقامگیری سیاسی و ئابووری، پەرەسەندنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و دروستبوونی ئەو باوەڕەی مرۆڤ لەژێر سێبەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا بە گشت هیواو ئارەزووەکانی دەگات. گەشەکردنی خێرای بازاری سەرمایەداری، مەزنبوونی هێزی دەوڵەتی ناسیۆنال و هەوڵدانی ئەو دەوڵەتە بۆ بەرفراوانکردنی هەرچی زۆرتری سنووری دەسەڵاتی. هەوڵدانی بێوچان بۆ زاڵبوون بە سەر سروشتداو تەرخانکردنی گشت هێزو تواناکانی سروشت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ. یاخیبوونی ئەدەب و هونەر لە نەریتە کۆنەکان و دیتنەوەی ڕچەو ڕێبازی نوێ لە سەر ئاستی فۆرم و نێودرۆکداو بەرفراوانبوونی مەودای خەیاڵ...

* * *

بەڵام لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا، مۆدێرنێتە و پریسیپەکانی لە ئەنجامی بە بنبەست گەیشتن و کۆنبوونی بنەماکانی و لە دەستدانی واتاو کاریگەریی خۆیان و دەستەوەستانبوونیان لە ئاست پێشکەوتن و گۆڕانکارییە نوێیەکان و بەدینەهاتنی ئەو خەون و خەیاڵانەی لەسەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بیناکرابوون ... کەوتە بەر لێشاوی ڕەخنەو پێداچوونەوە. ڕەخنەیەک کە سەرتاپای بنەماکانی مۆدێرنێتە و ئەو ئەنجامە چاوەڕوانکراوانەی لە پراکتیکدا لێی کەوتنەوە جارێکی تر خستەوە ژێر هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە. ئەمەش هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکرد و تا وایلێهات چوارچێوەیەکی تەمومژاوی فەرهەنگی - هونەری - سیاسیی بە خۆوە گرت کە پاشان بە پۆست-مۆدێرنێتە ناسرا.

پۆست-مۆدێرنێتە چییە؟ ئایا کولتوورێک بە ناوی کولتووری پۆست-مۆدێرنێتە هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنە؟ ئایا مۆد، میتۆدێکی نوێی ئەدەبییە یان چەمکێکی فەلسەفییە؟ بیرۆکەیەکی شێوەکارییە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؟ بنەماو پرێنسیپەکانی کامانەن؟

پۆست-مۆدێرنێتە، چوارچێوەیەکی ئاشکراو دیاریکراوی نییە کە گشت هەڵگرانی ئەم بیرە لە ناوخۆیدا خربکاتەوەو ئەو بنەماو پرێنسیپانەشی نییە کە بێ چەندوچۆن هەمووان لەسەری کۆکبن. بۆیە ئەوەی لێرەدا لەدەست ئێمە دێت، ڕوونکردنەوەی لایەنی گشتی و لێکدانەوەو بەراوردکردنی بیروبۆچوون و هەندێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانێتی.

یەکەمین کێشەیەک کە لە کاتی لێدوان لەسەر ئەم مژارە دێتە ئاراوە، کێشەیەکە پەیوەندی بە ڕەوتی کاتەوە هەیە. Post لە زمانی لاتینیدا بە واتای پاش یان ئەو دیو دێت. بەڵام پۆست-مۆدێرنیستەکان لەگەڵ ئەوەدا نین کە پۆست-مۆدێرنێتە، پاش مۆدێرنێتەیە، یان دوای مۆدێرنێتە دێت. هەرچەندە بە ڕواڵەت ئاواش بێت، لە ڕووی تیۆرییەوە بەم جۆرە نییەو دەکرێ بۆ سەردەمی خودی مۆدێرنێتەو تەنانەت پێش ئەویش بگێڕدرێتەوە. ئەمەش ئەو لێکدانەوەیە کە فەیلەسوفی فەرەنسایی ژان لیوتار بۆیدەچێت. لیوتار چوارچێوەی پۆست-مۆدێرنێتە وەها فراواندەکاتەوە کە سەرتاپای بنچینە فەلسەفییەکانی مۆدێرنێتەی ڕۆژئاوا بگرێتەوە.

هەندێک لەمەش بەولاوەتر دەچن و پێیان وایە کە ناتوانرێ تەنانەت خودی مۆدێرنێتەش بە ڕەوتی کاتەوە ببەسترێتەوە: «مۆدێرنێتە هاوچەرخیی نییە. هاوچەرخانی وامان هەن هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمەو مۆدێرنێتەو سەردەمەوە نییە. لە سەدەکانی ڕابردووشدا کەسانی وا هەن لە چوار یان دوو هەزار ساڵ یان پێنجسەد ساڵ لەمەوبەرەوە نوێنەرایەتی مۆدێرنێتە دەکەن»(١٥).

هەروا کێشەو جیاوازی بیروبۆچوون لەم ڕووەوە کە ئایا مۆدێرنێتە کۆتایی پێهاتووە، یان ئەمەی ئێستا، هەر بەردەوامی پەیامی مۆدێرنێتەیە!؟ ئایا مۆدێرنێتە ڕەتکەینەوە، یان بۆ ڕەخنەو پێداچوونەوەکانیش هەر پەنا بۆ خوی و پرێنسیپەکانی ببەینەوە؟ گەلێک پرس و کێشەی تر، جۆرە دەستەبەندییەکی لەناو پۆست-مۆدێرنیستەکاندا هێناوەتە کایەوەو لە کاتێکدا بەلای دەستەیەکەوە پۆست مۆدێرنێتە ئەو شتە نوێیە نییە شیاوی شیکردنەوە بێت. بەلای دەستەیەکی ترەوە پۆست-مۆدێرنێتە بەردەوامی مۆدێرنێتەیەو یەک لە میکانیزمەکانێتی. چونکە مۆدێرنێتە بە ناوی ئەو بایەخ و نرخمەندییانەی خۆی بەدیهێناون هەڵی ئەوە دەرەخسێنێت و، ئەو مۆڵەتە دەدات کە لە ڕەخنەگرتنی بەردەوامدا بێت، مارشال بیرمان لەم بارەیەوە دەڵێت: «ڕەنگە یەک لە مەرجەکانی مۆدێرنێتەی تەواو ئەوە بێت کە لە دژایەتیکردنی مۆدێرنێتەدابێت»(١٦). ئەمەش هەر بە وتەکەی ئالان تورین دەچێت کە دەڵێت: «نیشانەی بێ چەندوچوونی مۆدێرنێتە پەیامی دژایەتیکردنی مۆدێرنێتەیە کە لە ڕەخنە لە خۆگرتن و خۆ تێکشکاندندا دەردەکەوێت»(١٧).

دەستەیەکی تر کە بەناوی نیچەو هایدگەرەوە ناسراوە پەیوەندی مۆدێرنێتە بە پۆست-مۆدێرنێتەوە لە چوونە ناو یەک و هاو کاتی و دژایەتی یەکتردا کە لە ئەنجامدا مۆدێرنێتەیەکی نوێتر لە دایکدەبێت، دەبینێتەوە.

بەڵام بەر لە هەمووان و یەکەمین کەسێک ڕچەی ڕەخنەی لە مۆدێرنێتە شکاندو بە بناغەدانەری ئەم ڕەخنەیە دادەنرێت هەر نیچەیە.

نیچە لە دیدێکی نامیتافیزیکیانەوە بۆ جیهانی ڕوانی. ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین و هەستی پێدەکەین و هەرلەوێشدا دەمرین، کە لە دەرەوەی ئەو هیچ بوونێک نییە.

ڕەخنەی نیچە بە دوو خەسڵەت ناوی دەرکردووە: یەکەم پێشدەستیکردنی لە ڕەخنەی مۆدێرنێتەدا و دووەم قوڵیی و ڕیشەییەکەیەتی.

ئەو گشت بایەخەکانی سەردەم بە ڕێگای پرێنسیپی «ئیرادەی هێز»دا دەربازدەکات و هەموو دامودەزگاکانی سیستەمی ئەخلاق و فەلسەفەو ئایین ڕەتدەکاتەوە. بەناو قوڵایی ستروکتووری کولتووری ڕۆژئاوادا کە لەسەر بایەخەکانی لاوازی و ملکەچکردن و پەراوێزەبوون و ئەخلاقی کۆیلایەتی دامەزراوە، دەچێتە خوارێ و هەڵیاندەگێڕێتەوە. هەر بۆیە» ژیانی فاتیمۆ» دەڵێت: «بیری پۆست-مۆدێرنێتە لە نیچەوە دەستپێدەکات»(١٨).

جا چۆن وەک لە مۆدێرنێتەدا عەقڵگەرایی بووە دیارترین و گرنگترین پرێنسیپەکانی تا وایلێهات عەقڵگەرایی و مۆدێرنێتە وەک دوو ئالقەی پێکەوە بەستراو، لە جیاتی یەکتر بەکار دەهاتن، لە پۆست-مۆدێرنێتەشدا ڕەخنە لە عەقڵگەرایی بووە ئەڵقەی سەرەکی پێداچوونەوەکان. عەقڵگەراییەک کە سیحرو قودسییەتی لە جیهان داماڵی، بۆ خۆی عەقڵی کردە ئامرازێک بۆ پەرستن و موقەدەس زانین. ئایینێکی لەناو بردو ئایینێکی تری هێنایە کایەوە. جیهانێکی سیحری لەناوبردو جیهانێکی تری سیحری لە جۆری عیلمانی بەدیهێنا.

ژان ماری دۆمیناک دەڵێت: «مۆدێرنێتە بەدوای ئینجیلێکدا دەگەڕێت، جێگای ئەو ئینجیلە بگرێتەوە کە تێکیشکاندووە»(١٩).

ڕۆشنگەران کە هەموو شتێکی ئایینیان بە ناعەقڵانی لە قەڵەم دەداو لەو باوەڕەدابوون کە عەقڵ کوێردەکات و ئازادییەکەی ئیفلیج دەکات. کەچی عەقڵی ڕۆشنگەریی بۆ خۆی دەبێتە ئەفسانەیەکی تری ئایینی لە جۆری عیلمانی. ئەم عەقڵەش لە قۆناغی «یاکوبیزم»(٢٠)ی شۆڕشی فەرەنسادا بوو بە ئایینێکی عیلمانی نوێ و

کڵێساکانی وەک نۆتردام بوون بە پەرستگای عەقڵ.

هەروا ڕۆڵی تەکنەلۆژیاو ئەو لایەنە نەگێتیڤانەی لەگەڵ پەرەسەندنی خۆیدا بەدیاندەهێنێت، لە لێکدانەوە فەلسەفییەکانی پۆست-مۆدێرنێتەدا یەکجار کاریگەرو بەرچاون. بە جۆرێک کە دەگوترێت پۆست-مۆدێرنێتە لە بناغەدا هەر لە ئەنجامی بێهیواییەوە پەیدا بووە. بێهیوایی بەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەختیاری بۆ مرۆڤایەتی بەدیدەهێنێت، هەروا بێهیوایی لەوەی مرۆڤ لە میانەی مامەڵەکردنی لەگەڵ سروشتدا بە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی دەگات.

لە مۆدێرنێتەدا دەستبەسەرداگرتنی سروشت لە لایەن مرۆڤەوە بوو بە پرێنسیپێک . لەم ڕووەوە دیکارت دەڵێت « ئێمە بۆ ئەوە درووست بووین بەسەر سروشتدا زاڵبین و دەستی بەسەردا بگرین»(٢١). فرانسیس بیکۆنیش لە شوێنێکی تردا دەڵێت:«ئامانج و مەبەستی فێربوون و زانستی مرۆڤ دەستبەسەرداگرتنی هەرچی زۆرتری سروشتە» (٢٢).

بەڵام گشت ئەمانە بوونە ئامانجی ڕەخنەی پۆست-مۆدێرنیستەکان. چونکە ئەم دەستبەسەراگرتنە، لە جیاتی دەستبەسەراگرتنێکی پۆزەتیڤانەو تەرخانکردنی لە پێناوی سوودوقازانج و ئامانجی باش بۆ مرۆڤایەتی و هاریکاریکردنی سروشت، بوو بە هۆی تێکدان و خراپکردنی ژینگە. ئێستا سەرجەمی داهاتووی مرۆڤایەتی و ژیان بە گشتی ڕووی لە مەترسییەکی گەورەیە: تەنکبونی ئۆزۆن، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایی زەوی، تواندنەوەی سەهۆڵەکانی دوو تەوەرەی زەوی، لەناوچوونی دارستان و زەویوزاری کشتوکاڵی و بوونیان بە بیابان، پیسکردنی ئاوی خواردنەوە ... بەشێکن لەو ئەنجامە خراپانەی پرێنسیپی دەستبەسەراگرتنی سروشت و پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیا بەدیهێناون.

جا لە میانەی ئەو ڕەخنانەدا کە لە عەقڵگەرایی مۆدێرنێتە دەگیرێت گەلێک چەمکی وەک عەقڵگەرایی کراوە، عەقڵگەرایی داخراو، عەقڵگەرایی ڕاستەقینە، عەقڵی تەکنیکی، عەقڵی ئامرازی و هیتر دەگوترێن. بەڵام بەر لە هەر شت، مرۆڤ کاتێک ڕەخنە لەهەر جۆرە عەقڵگەراییەک بگرێت، دیسان هەر دەبێ پەنا بۆ عەقڵ بباتەوەو جگە لەمە ئەڵترناتیڤێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە.

هەر بە پەیوەندی لەگەڵ تەکنەلۆژیاشدایە کە عەقڵی تەکنیکی یان عەقڵی ئامرازی دێتە کایەوە. مەبەستیش ئەو عەقڵییەتەیە کە وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیی چینایەتی و لە خزمەتی هێزی سەرمایەدارو تەکنەلۆژیادایە.

ناودارترین کەسێک کە لەم ڕووەوە کارو لێکۆڵینەوەی ئەنجامدابێت فەیلەسوفی ئەڵمانی هایدگەر1976-1889 ە (٢٣). هایدگەر دژی تەکنەلۆژیا نییە، بەڵام دژی لایەنە نێگەتیڤەکەیەتی و ئەو هەوڵدەدات لەگەوهەری تەکنەلۆژیا بگات. بەلای هایدگەرەوە «لە گەوهەری تەکنیکدا پەیوەندی نێوان گەردوون و مرۆڤ لەناودەچێت»(٢٤).

هەروا هایدگەر لە بەرهەڵستکاری خۆیدا لە هەمبەر عەقڵی تەکنیکدا تا ئەو جێگایە دەڕوات کە دەڵێت:«عەقڵ دوژمنی سەرسەختی بیرە»(٢٥).

دیارە جگە لە هایدگەر گەلێکی تریش بە تایبەتی فەیلەسوفەکانی سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەک هۆرکهایمەر، ئەدۆرنۆ، مارکۆزە ... ڕەخنە دەکەنە ئامرازێک بۆ بەرگریکردن و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر هەر جۆرە تەوەربەندی و کۆنترۆڵکردنێک. لێرەدایە کە تیۆرییەک بە ناوی «تیۆری ڕەخنەگرانە»(٢٦) دێتە کایەوە.

گرنگترین لایەنی فکری لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، ئەوەیە کە پەیوەندی بە عەقڵگەرایی ئامرازییەوە هەیە. عەقڵگەرایی ئامرازی لایەنگرو داواکاری دەستبەسەرداگرتنی سروشتە لە لایەن مرۆڤەوەو هەوڵدەدات سیستەمێکی کۆمەلایەتیی سیاسی دامەزرێنێت کە لە بری ئەوەی مرۆڤ ئازاد بکات ملکەچی بندەستیی خۆی بکات.

هۆرکهایمەر لەم بارەیەوە دەڵێت:«هەرچەند مەعریفەی تەکنیکی پێشبکەوێت مرۆڤ دەبینێت کە ئاسۆی بیرکردنەوەی بەر تەسک دەبێتەوەو توانای بەرگریکردنی لە هەمبەر تەکنیک و توانای خەیاڵ و حوکمی سەربەخۆییانەی لاواز دەبێت»(٢٧).

جا لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا و لە ڕێگای جۆرە هاوپەیمانییەک لە نێوان مەعریفەو هێزی دەسەلاتداردا، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی گشت کۆمەڵگاو ئابلووقەدانی تاک و کۆمەڵ، کۆمەڵگە ڕواڵەتێکی بە خۆوەگرت کە مارکۆزە ناوی لێناوە «مۆرکی عاقڵانەی ناعاقڵانەیی»(٢٨).

بۆیە لایەنگرانی «تیۆری ڕەخنەگرانە» داواکاری ئەو عەقڵیەتە کراون کە سوود لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ڕۆشنگەریی وەردەگرێت و لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕەتدەکاتەوە. جا هەرچەند ئەمانە بەم بۆچوونە گەیشتن، کە عەقڵی ئامرازی لە جیاتی ئەوەی ئازادیبەخش بێت کۆیلەکەرە، بەڵام ئەمە ناچاری نەکردن عەقڵ بە هەموو شکۆمەندییەکانییەوە ڕەتکەنەوە. لە ڕاستیدا چارێکی تریشیان نییە. چونکە هەروەک پێشتریش گوتمان ئەڵترناتیڤێکی دیکە لە ئارادا نییە.

دیدێکی تری شۆڕشگێر کە هەر لەسەر ڕەخنە لە بناغە کۆمەلایەتی و ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ دامەزراوە، هابرماسە. ئەو

لەبارەی مۆدێرنێتەوە دەڵێت:«مۆدێرنێتە پرۆژەیەکی تەواو نەبووە»(٢٩). دیارە مەبەستیشی ئەوەیە ئەو ئەنجامانەی لە مۆدێرنێتە چاوەڕوان دەکران بەدینەهاتن و لەسەر ئێمەیە هەوڵی بەدیهێنانیان بدەین.

بەلای هابرماسەوە ئەو شتانەی لە دەرەوەی عەقڵگەراییدان دەکرێ دیسان ملکەچی یاساکانی عەقڵی مرۆڤ بن. ئەمەش لە ڕێگای تێگەیشتنێکی نوێ بۆ مۆدێرنێتە و عەقڵگەراییەک کە لە سەر کاری «پەیوەستەیی»(٣٠) نەک ڕەتکردنەوەی بەرامبەر یان پەراوێزەکردنیەوە دامەزرابێت.

هابرماس هەوڵدەدات مۆدێرنێتە لەم بنبەست و گرفتانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە دەرباز بکات و گشت ئەو ستروکتورە قاڵبگرتووانەی بوونە ڕێگر لەبەردەمیدا تێکڕمێنێ و دەیەوێ لە ڕێگای عەقڵی پەیوەستەییەوە گەوهەری مۆدێرنێتە بپارێزێت، بەهەمان عەقڵی پەیوەستەییش ڕووبەڕووی عەقڵی ئامرازی دەبێتەوە. ئەو دەیەوێ جارێکی تروبە جۆرێکیتر سۆبژێکت بنیاد بنێتەوە. بە جۆرێک کە عەقڵی پەیوەستەیی لە عەقڵی تەنگەبەری سۆبژێکت دەربازبێت و تەونێک لە کۆمەڵە سۆبژێکتێکی پێکەوە بەستراو پێکبهێنێت و هەر عەقڵیش ببێتەوە سەرچاوەی گشت بڕیارەکان.

بەلای هابرماسەوە عەقڵی پەیوەستەیی دەربازبوونە لەو عەقڵەی لە سۆبژێکتدا خڕدەبێتەوەو ئەوانەش کە بەشداری تێدا دەکەن جۆرە تەنسیقێک لەناو خۆیاندا لە ڕێگای دەربڕینی پرۆژەکانیانەوە پێکدەهێنن. چونکە کاری پەیوەستەیی، جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان: من، تۆ، ئەو .. دروستدەکات و زمان لە وێدا دەبێتە میانجیگەرو ئەو هەلومەرجە بۆ سۆبژێکتێک دروستدەبێت کە سۆبژێکتێکی تر لە بەرامبەریدا ڕاوەستێ.

هەروا هابرماس بە شێوەیەکی ڕەها تەکنەلۆژیا ڕەتناکاتەوە، مەگەر ئەوەی ببێتە ئامرازێک مرۆڤ کۆتوبەند بکات. چونکە هابرماس پێی وایە کە عەقڵی تەکنیکیش بەشێک لە پێویستییە ماتریاڵییەکانی مرۆڤ دابیندەکات. نکولیکردنی ڕۆڵی باشی ئەو دەستکەوتانەی لە ڕێگای عەقڵی تەکنیکییەوە بەدیدێن بە هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکمەندیانەو بە جێ نابینێت.

بەڵام تەوەرێکی تری پۆست-مۆدێرنێتە کە دریدایە، لە دیدێکی ترەوە مۆدێرنێتە دەترخێنێتەوە. ئەو لە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەی عەقڵ لە لایەک و میتافیزیک لە لایەکی ترەوە دەستپێدەکات و میتافیزیک ئاوا پێناسەدەکات:«هەر سیستەمێکی پشتبەستوو بە بنەمایەک کە نەتوانرێ گومان لە ڕاستبوون بکەیت»(٣١).

هەروا دریدا پێی وایە کە « میتافیزیک بریتییە لە سیستەمێکی سیستەمە مەعریفییەکان کە بۆ کۆمەڵە بایەخێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. ئەنجامەکانیشی بەو پێیەی ئەو عەقڵەیە کە بە دوای شتە نەزانراوەکانی جیهاندا دەگەڕێت، موقەدەس ناسراون»(٣٢). ئەمەش کۆمەڵێک واژەی پێچەوانەی یەکتر وەک: ئاخاوتن/نووسین، وشەو/واتاکەی، خێر/شەڕ، ژن/پیاو، مۆدێرن/ نەریتی، ڕەسەن/ناڕەسەن، نێوەند/دەوروبەر... بەڕێوەی دەبات.

بەلای دریداوە پرێنسیپەکانی فەلسەفەو زمان دەکرێ لێکهەڵوەشێنرێنەوەو لە ڕێگای ئەو لێکهەڵوەشاندنەوە دەردەکەوێ، ئەمانە ئەنجامی دیاریکراوی واتان. گەلێک شت کە لە بیرو مێشکی ئێمەدا چەسپاون و پێمان وایە واقیعن، لە ڕاستیدا فڕیان بەسەر واقیعەوە نییەو تەنیا لە ڕێگای زمانەوە بە ئێمە تەلقینکراون.

هەروا دریدا دژی هەر جۆرە سەنتەرییەندییەکی وەک سەنترالیزمی نەژادی، لاهوتی، تیشکی- بەو پێیەی مێژووی میتافیزیک بۆ دیراسەی تیشکە-، دەنگی- بەو پێیەی لە ڕووی گرنگییەوە دەنگ واتا ئاخاوتن لە پێشەوەی نووسیندایە ... فیکرەی (ئامادەبوون) دەکرێت، کە دەڵێ(بوون) لە ئامادەبووندا بە دیاردەکەوێت. دریدا ناوی لێناوە (میتافیزمی ئامادەبوون) کە لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەیەوە دەیەوێ تێکی بشکێنێت.

بەمجۆرە لە حاڵێکدا کە میتافیزیک قسەکردن پێش نووسین دەخات و بە پلەی یەکەمی دادەنێت، واتا ئەو قسەی بەزار دەگوترێت ئەو ئیمتیازەی هەیە کە فاکتەری ئامادەبوونی قسەکەرەکەی دێتە سەر کە گوایا کاریگەری قسە هێزێکی تایبەت بە قسەکەرەکە دەبەخشێت و ئەو شتە دروستدەبێت کە پێیدەگوترێت سەنتەریزمی دەنگی Phonocentrism کە بە لای دریداوە لایەنێکی بناغەیی سەنتەریزمی عەقڵە.

دریدا لە کتێبەکەی خۆی «لە زانستی نووسیندا» داوای پێداچوونەوە بە ڕۆڵی نووسیندا، بەو پێیەی «قەوارەیەکی خاوەن تایبەتمەندی جیاوازە نەک تەنیا ڕووپۆشێک بۆ قسەی گوتراو»(٣٣) دەکات . بەلای ئەوەوە نووسین لەتەوەری دژی گوتندایە و دەنگ لەوێدا دەگاتە حاڵەتی لەناوچوون (عەدەم) و بوون لە دایکدەبێت.

دریدا هەوڵدەدات ئەو زنجیرە چەمکە میتافیزیکیانەی تا ئێستا باوبوون هەڵوەشێنێتەوەو پەیوەندییەکانی نێوان ئاخاوتن/نووسین، سروشت/کولتوور، هۆش/ماتەر، مەنتیق/بەلاغەت .. لە ڕووی زاڵبوونەوە بە

تایبەتیش زاڵبوونی مەنتیق بەسەر بەلاغەتدا، کە هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە موقەدەس ناسراوە، هەڵگێڕێتەوە.

دیارە جگە لە دریدا‌ش گەلێکی تر لە پۆست-مۆدێرنیستەکان گرنگی زۆریان بە ڕۆڵی زمان بۆ تێگەیشتنی واقیع و جیهان داوەو ئەوان پێیانوایە کە زمان دەربڕی واقیع نییە. بەڵکو هەر بۆ خۆی واقیع دروستدەکات و کاریشی تێدەکات.

هەروا واژەو چەمکەکانمان و شێوەی بەکارهێنانیان، ئەو بیروبۆچوونانەی دەربارەی خۆمان و جیهان لە خۆ دەگرن کە پێشتر لە بیرومێشکی ئێمەدا چەسپاون. بەم پێیە زمان ئەو ڕێگاو شوێنە دیاریدەکات و کاری تێدەکات کە خۆمان و جیهانی دەوروبەرمانی پێ ببینین و تێیبگەین و هەستی پێ بکەین.

لۆدۆێگ ویتگێنستاین دەڵێ:« سنووری زمانەکەم سنووری جیهانی منە»(٣٤).

لایەنێکی تر لە فەلسەفەی پۆست-مۆدێرنیستەکاندا جا هەر لە هایدگەرەوە بگرە تا مێشێل فۆکۆ و پاشانیش دریدا و بودیارو لیوتار .. کە باس و لێکۆڵینەوەی زۆریان لە بارەوە ئەنجامداوە، ڕەخنە لە فەلسەفەی مێژووHistoricism و ڕەتکردنەوەی پێشکەوتنی هێڵەکی (خطی) مێژوویە. بەلای ئەوانەوە ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوو لە شێوەی بازنەییدایە، واتا هیچ خاڵێکی کۆتایی نییە. لە لایەکی تریشەوە مەرج نییە مێژوو لە ڕەوتی پێشکەوتنی خۆیدا هەمیشە لە هەڵکشان و بەرەو باشتربووندا بێت. ئەمەش بە واتای ڕەتکردنەوەی ئەو بیرو بۆچوونەیە کە گوایە مرۆڤی سەدەکانی داهاتوو لە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەختەوەرتر دەبن.

لیڤی شتراوس لە کتێبیThe Savage mindدا ڕەخنەی توند ئاراستەی ژان پۆل سارتەر دەکات دەربارەی ماتریالیزمی مێژوویی، کە بە پێی ئەم تێزە گوایە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە لە شارستانییە کۆنەکان شکۆدارترە. لیڤی شتراوس دەڵێت:«دیدو بۆچوونی مێژووییانەی سارتەر لەسەر مێژوو کارێکی مەعریفیانەی دروست نییە»(٣٥).

بابەتێکی تر کە سەرنجی پۆست-مۆدێرنیستەکانی بە خۆوە خەریککردووە، ناسنامەیە. ئەمەش وەک ناسنامەی جینایەتی، نەتەوایەتی، ئاینی ، نەژادی، ڕەگەزی ... کە ئەمانە هەموو لە ژێر کاریگەری خەسڵەتی ناسەقامگیرو نەمەیوی سروشتی مرۆڤدان و شیاوی گۆڕانن. بیرو ئاخاوتنە سیاسییەکان و ڕاگەیاندن بە ئاسانی دەتوانن ناسنامەی تاک و کۆمەڵ دروستبکەن. لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ لە یەک کاتدا دەتوانێ چەند ناسنامەی جۆربەجۆری هەبێت.

ئەمە بابەتێکە، دەگوترێت کە قوتابیانی دریدا لە کاتی گوتنەوەی وانەکانیدا لە زانستگا، تێی نەدەگەیشتن. تا ئەوەی خانمێکی کۆمەڵناس بە ناوی Sherry Turkle (٣٦) هات و پەیوەندی ئەم مژارەی بە ئەنتەرنێتەوە هێنایە گۆڕێ.

ئەوانەی بە ئەنتەرنێت کار دەکەن و پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکدا دەبەستن کە نایانناسن، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان نەژادو ڕەگەزو تەمەن و هەرجۆرە ناسنامەیەک بۆ خۆیان دیاریبکەن. واتا بۆ نموونە پیاوێکی تەمەن چل ساڵەی سپی پێست، دەتوانێ خۆی وەک کچێکی هەژدە ساڵەی ڕەش پێست بناسێنێ و ئەو هەستە تاقیکاتەوەو ببینێ داخوا خەڵکی چۆن لەگەڵ ئەودا ڕەفتار دەکەن و خۆشی لە گۆشەیەکی ترەوە تەماشای خۆی بکات و بەمجۆرە دەتوانێ گشت ئەو ناسنامانەی هەیەتی و نییەتی تاقیکاتەوە.

خەسڵەتێکی تری گرنگی ئەم کارەش ئەوەیە کە هیچ شتێک لە قووڵایدا نییەو مێژوویەکیش لە ئارادا نییە.

هەر دەربارەی بابەتی ناسنامە، نموونەیەکی زیندووترمان لە بەردەستدایە: ماوەیەک لەمەوبەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە کە (مادلێن ئۆلبرایت) ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو بە ڕەچەڵەک چیک، لە سەردانێکیدا بۆ کۆماری چیک لە لایەن (ڤاتسلاڤ هاڤیل)ی سەرۆکی ئەم وڵاتەوە داوای لێکراوە تا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری چیک کە لە ساڵی 2003 دا ئەنجامدەدرێت وەکو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی بەشداری بکات! مەگەر ئۆلبرایت کوێندەرییەو چ ناسنامەیەکی هەیە؟ ئەمریکاییە، یان چیکە، یان هەردووکیانە؟ چۆن دەکرێ وەزیری وڵاتێک کە هێشتا لەسەر کورسی وەزارەتە، باس لە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی وڵاتێکی تر کە هەزاران کیلۆمەتر لە یەکترییەوە دوورن بکات؟ ئایا ئەمە ڕاستی لێکدانەوەی پۆست-مۆدێرنیستەکان لە مەڕ پرسی ناسنامە بە دیاردەخات یان شتێکی ترە؟!

بێگومان بیری پۆست-مۆدێرنێتە، وەک هەر بیرو فەلسەفەیەکی تر هەر کەس و لایەنێک لە گۆڕ بۆچوون و تێگەیشتن و بەرژەوەندی خۆی هەڵیدەسەنگێنێت. شتێکی ئاساییشە کە خەڵکانێک پڕاوپڕ قبوڵی بکەن و خەڵکانێکی تریش نیوەونیوە، یان درووست بە پێچەوانەوە. بەلام یەک لە خەسڵەتە دیارەکانی پۆست-مۆدێرنێتە ئەوەیە کە بیرێکی بەربڵاو نییە. بەڵکو لە چوارچێوەیەکی تەسکدایەو خوێنەرانی ئەم بیرە تەنیا کۆمەڵێکی ئارادەیەک دیاریکراو لە خوێنەرانی شارەزا

پێکدێن. یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمە ، زمانە قورسەکەیەتی کە لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردێت. ئەمەش نەک تەنیا بۆ خوێنەرێکی ئاسایی بەڵکو بۆ ئەو قوتابیانەش کە لە زانستگاکاندا ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو مامۆستایانەیاندا کە بە ناودارانی پۆست-مۆدێرنێتە ناسراون، بە گرفتێک دادەنرێت. ئەمەش یەک لەو ڕەخنانەیە کە لە پۆست-مۆدێرنێتە دەگیرێت. بەتایبەتیش کە پۆست-مۆدێرنیستەکان جاران هەمان ڕەخنەیان لە فەلسەفەی مۆدێرنێتە دەگرت، کە لەبەر قورسی زمانەکەی بە ئاسانی ناگاتە خەڵکی، کەچی بۆ خۆیان دووچاری هەمان گرفت بوونەوە.

هەروا زۆرترین ڕەخنەیەک کە لە بیری پۆست-مۆدێرنێتە دەگیرێت لە لایەن مارکسیستەکان بە تایبەتیش لەلایەن نەریتخوازەکانیانەوە چونکە پۆست-مۆدێرنێتە گشت ئایدیۆلۆژیا توتالیتارییەکان بە مارکسیزمیشەوە ڕەتدەکاتەوەو لە بری ئەوە، ئەو مافە بە گروپ و دەستە کۆمەلایەتیە بچوکەکان دەدات کە دۆزە سەرەکییەکانی خۆیان دەربڕن. ئەمە(بەلای مارکسیستەکانەوە) بە واتای ئەوەیە دەست لە چارەسەریە ڕیشەیی و هەمەلایەنەکان هەڵدەگرێت و تەنیا بە چارەسەرییە بچوک و لاوەکییەکان ڕازی دەبێت.لە لایەکی تریشەوە چونکە پۆست-مۆدێرنێتە بە قوڵاییدا ناچێتە خوارێ، کەواتە ئێمە ناتوانین (بەلای مارکسیستەکانەوە) بگەینە ڕیشەی ئەو دەسەلاتدارانەی دەمانچەوسێننەوەو بەمجۆرە هیچ کات ناتوانین بەرهەڵستکارییەکی یەکگرتوو، خەباتێکی گشتی دژی سەرمایەداری بەرپابکەین.

بەشێوەیەکی گشتی مارکسیستەکان پۆست-مۆدێرنێتە تەنیا وەک (کالایەکی ئایدیۆلۆژیانەی کۆن)(٣٧) دەبینن کە جگە لە ملکەچکردن بۆ سەرمایەداری شتێکی تر نییەو بانگاشەی ڕەتکردنەوەی چەوساندنەوە تەنیا کارێکی، ڕواڵەتییەو لە ئەنجامدا ڕازیبوونە بەوەی سەرمایەداری وەکو ئەمری واقیع قبوڵبکرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەڵگرانی بیرو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان پۆست-مۆدێرنێتە بە چوارچێوەی سیستەمی گلۆبالیزم دەزانن.

هەرچۆنێک بێت من پێم وایە خەسڵەتی هەرە باش و کاریگەر ئەوەیە کە گومان ماکێکی بنەڕەتی گیانی پۆست-مۆدێرنێتەیەو هەر وەلامێکی کامڵ و بۆچوونێکی ڕەها ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر لە سەرەتاوە ئەم بوارە بۆ مرۆڤ دەکاتەوەو ئەو چەکەی دەداتە دەست کە خۆی پێ لەبەرامبەر دۆگماو هەر جۆرە خۆلەقاڵبدانێک بپارێزێت و بەردەوام لە توێژینەوەو گەڕان بە دوای وەلامە ونبووەکانداو ڕەخنەو بەخۆداچوونەوەدا بێت و وای لێدەکات کە بەردەوام بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە نەک ملکەچکردن و تەسلیمبوون بۆ گشت فەلسەفەو بیرو بۆچوونێک تەنانەت خودی پۆست-مۆدێرنێتەش بڕوانێت.

* * *

بەلام ڕۆژهەلات، لە ڕەوشێکی زێدەجیاواز لەگەڵ ڕۆژئاوادا لە ئاستێکی جۆر بەجۆردا ژیاوەو دەژی.دیارە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەکان، یاخود نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ، هیچ کات بەم واتایە نییە کە ماف و خواست و ئارەزووە مرۆڤایەتییەکانی خەڵکی شوێنێک لەگەڵ شوێنێکی تردا جیاوازن. خواستەکانی وەک: ئازادی، یەکسانی، پێشکەوتن .. لەهەر کۆمەڵگەیەک و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ، لە لایەنە گشتییەکانیدا وەکو یەک وان. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەر پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی لە کۆمەڵگەیەکدا بەدیدێت، ئەو پرسیارە بۆ خەڵکی ناو کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان دروستدەکات کە چما ئەوەی لەوێ (ڕۆژئاوا) بە دیدێت، لێرە (ڕۆژهەلات) بەدینایەت؟ ئەمە پرسیارێکی سادەو بە جێشە. بەلام گەڕان بەدوای وەلامی ئەم پرسەو پرسەکانی تری لەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی دروشمی نوێخوازییان بەرزکردۆتەوەو ئەم کارانەشی لەم بوارانە ئەنجامیان داون، هەر لە بەراوردکردن لەگەڵ سەرچاوەو سەمبولدا کە ڕۆژئاوایە، بێت. ئەمەش یەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم جۆرە هەولانەیە. چونکە هەوڵدانی گەیشتن بە سەمبول، پێویستییەکانی کارەکەو بیرکردنەوەیەکی هەڵقوڵاو لە بارودۆخەکەوە دەکات بە لاسایی. لە حاڵێکدا تاکە کارێک کە شایستەی لاساییکردنەوە بێت ئەوەیە کە ڕوودانی گشت ئەو وەرچەرخان و پێشکەوتنانەی ڕۆژئاوا ، بە پلەی یەکەم لە پێویستییەکەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمجار لەبەراوردکردن لەگەڵ سەمبولێکدا، ئەگەر هەشبووبێ.

تەنانەت لە خودی ڕۆژهەلاتیشدا زۆرزوو هەزاران ساڵ بەر لە مۆدێرنێتەی ڕۆژئاواو بێ بەراوردکردن لەگەڵ سەمبولێکدا ، فەلسەفەو بیری بەدیهێنانی گۆڕانکاری یان نوێکاری و چەمکە فەلسەفییەکان و بە تایبەتی چەمکی «عەقڵی ویژدانی»(٣٨) لە فەلسەفەی زەردەشتیدا سەریهەڵداوەو، زەردەشت هەر لە ڕێگای هەمان چەمکی عەقڵی ویژدانییەوە بیری بەرابەریی مرۆڤایەتی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ستەم و زۆردارییەک دەخاتە ڕوو.

بەلام ئیتر پاشان ئەو دابڕانە قووڵە لە زەردەشت و

فەلسەفەو عەقڵگەرایی دێتە کایەوە. کە هێشتا هەر بەردەوامە. لە ڕووی خۆ بە کەمگرتنەوە نییە ئەگەر بڵێین، ئێمە لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا دەژین. ئەمەش نەک تەنیا ئێمەی کورد بەڵکو بە گشتی کۆمەڵگەی ئیسلام و بە تایبەتیش دەروودراوسێکانی ئێمە لە عەرەب و تورک و فارس دەگرێتەوەو هەرچەندە کۆمەڵە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان هەر یەک لەم نەتەوانە لەگەڵ ئەوی تردا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە خەسڵەتەکانی دواکەوتوویدا هاوبەش و تارادەیەکی زۆر وەک یەکن.

ڕەنگە لە جێگای خۆیدا بێت، کە لەم ڕووەوە نموونەی عەرەبان، کە بە حوکمی ئایین، جیوگرافیا، زمان، دیرۆک و پاشانیش پەیوەندییە سیاسییەکانەوە، کاریگەری بەرچاویان لەسەر ئێمە هەبووە، بهێنینەوە. هەرچەندە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە هەوڵ و کاری بەرچاو بۆ دەربازبوون لەو دیوارو تەلبەندانەی مێشکی مرۆڤی کۆمەڵگەی ئیسلامی تێدا بەندکراوە، ئەنجام دراون و لەم ڕووەوە دەتوانین ناوی زاناو فەیلەسوفانی وەک: ئیبن سینا، فارابی، کندی، ئیبن روشد.. و هیتر ببەین.

بەڵام گشت ئەم کارانە ئەگەرچی لە ڕووی فەلسەفی، زانستییەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا گەلێک بایەخداریش بن. کەچی نەئەوان و نە ئەمانەی ئەمڕۆ هێشتا نەیانتوانیوە درزێکی وا بخەنە دیواری ئەستوورو بڵندی بونیادی ئیسلامی کە تیشکێکی وای لێوە بێتە ژوورێ، تا ڕێگای بەرچاوی مرۆڤی ناو ئەم کۆمەڵگەیە ڕووناک کاتەوە. هێشتا چەمکە ئامادەو ساواوەکانی وەک: هێرشی فیکری ڕۆژئاواو، نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم - گومڕایی، کافرو مولحید ... لە هەمبەر هەر بیرێکی نوێخواز وەک چەمکێکی بەهێزو کاریگەر بەکاردێن.

لە ڕۆژهەڵاتدا کە هێشتا دەسەڵاتداران تاکە خاوەن بڕیارن و چارەنووسی سەرتاپای کۆمەڵگەکەیان لە دەستدایە لە واتای پێشکەوتن و مۆدێرنێتە نەگەیشتوون و مۆدێرنێتە تەنیا بە سەنعەت و تەکنەلۆژیاوە گرێدەدەن. ئەویش کام سەنعەت و تەکنەلۆژیا؟ ئەوەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە بڕیاری کڕینی دەدرێت. نەک ئەوەی بەرهەمی بیرو عەقڵ و ماندبوونی مرۆڤی خودی کۆمەڵگە بێت.

جەمال عەبدولناسر لەو سەردەمەدا کە بیرو بۆچوونەکانی برەویان هەبوو جارێک گوتبوی: «ئەوەی ئەوروپا بە سێ سەدە بەدەستیهێنا، لەسەر ئێمەیە بە سیی ساڵ بە دەستی بێنین»(٣٩). ئەم وتەیە جێگەی سەرنجی وردەو مرۆڤ بۆیدەردەکەوێت کە هیواو ئارەزووەکانی ڕۆژهەڵاتیی لەسەرچی بنیاتدەنرێت! جێگەی سیاسەتمەدارو زانستمەندو ڕووناکبیر لە پرۆسەی پێشکەوتندا لە کوێدایە؟!

ئێستا زۆرتر لە سیی ساڵ بەسەر ئاخاوتنەکەی ناسردا تێدەپەڕێت. بەڵام ئەو خەونە نەهاتەدی و بەم ڕەوش و مێتودو عەقڵیەتەشەوە هەرگیز بەدینایەت.

ئەمڕۆ ئەگەر وەکو نموونە سەیری وڵاتانی کەنداو یان تورکیا بکەین خاوەنی پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەردەمن و هەندێک ئامێرو ماشێنی جۆربەجۆر هەر لەوێ مۆنتاژ دەکرێن کەچی لە ڕووی زانینەوە یان نەزانینەوە بێت خۆیان خەڵکی بەوە فریو دەدەن کە لە ئاستی ڕۆژئاوادان و تەکنەلۆژیا بەرهەمدێنن. لە حاڵێکدا جیاوازی لە نێوان مۆنتاژو دروستکردندا هێندەی زەوی و ئاسمانە . مۆنتاژ دوایین و ئاسانترین قۆناغی کاری تەکنیکە، بە کارگەری نەخوێندەوارو تەنانەت (ڕۆبۆت) یش ئەنجامدەدرێت.

زۆر بە گرنگی دەزانم ئەوەش بڵێم کە مۆنتاژکاری لای ئێمە نەک تەنیا لە بواری تەکنەلۆژیاو سەنعەتدا بەڵکو بوارەکانی کارو لێکۆڵینەوەی فکری، ئەدەبی، هونەریش ... دەگرێتەوە. باهیچ دوور نەڕۆین و نموونەی خودی ئەم نووسینەوە بهێنینەوە سەیری سەرچاوە، نموونە، لێکدانەوەو بۆچوونەکان ... بکەین. چەندی بەرهەمی بیرکردنەوەو ماندوبوونی نووسەرەکەیەتی و چەند وەرگرتن و لاسایییە؟ لە ئەنجامدا بەوە دەگەین ئەمە لەکارێکی مۆنتاژەوە نزیکترە تا دروستکردن و داهێنان.

گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمە سەرەڕای بارودۆخی ژێر دەستی و نەبوونی قەوارەی سەربەخۆی خۆی لەژێر هەمان کاریگەرە گشتییەکەشدایەو مێشکمان پڕە لە کۆمەڵە چەمک و بۆچوونێک کە لە مێژ وەختە وەکو شتە موقەدەسەکان چەسپاون. دیارە مەرجیش نییە ئەم چەمک و بۆچوونانە تەنیا لە بواری ئایینیدا بن، بەڵکو لە بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا ... بەڵام لە بناغەدا لە یەک پرێنسیپەوە سەرچاوە دەگرن . مەگەر ئەو مامەڵەی پیاوی کورد بە دیندارو بێدینەوە لەگەڵ ژندا دەیکات و بەوەی پاراستنی شەرەفی خۆی لە بەندکردن و کوشتنی ئەودا دەبینێت، مەگەر دەستەوەستانیمان لە بەرامبەر هێزی سۆزو عاتیفەو زاڵبوونی ئەم سۆزو عاتیفانە بەسەر لۆژیکی عەقڵ لێکدانەوەماندا ... مەگەر بە هەڵەگرتنی جلوبەرگی مۆدەو ژیانی لۆکس و تەکنەلۆژیا لە شوێنی مۆدێرنیزەکردنی بیرو عەقڵ و گەلێک نموونەی تر ڕاستی ئەو واتایەی سەرەوە ناگەیەنن؟

ئێمە ئەگەر لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بمانەوێ بە دوای ئاستی مۆدێرنێتەدا بگەڕێین، بە ئاسانی کارەکەمان ئەنجامدەدەین. چونکە بە حوکمی ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، کۆمەڵگەیەکی پەرش وبڵاوو بێ دامودەزگایەو، ڕادەی نەخوێندەواری هێشتا لە ئاستێکی باڵادایە. هەندێک بوار هەن هەر لە بناغەدا لە مژارەکە وەدەردەنرێن. ئەمانەش وەک بوارەکانی ئابووری، سیستەمی دەسەڵاتدارێتی، فەلسەفە، زانست ... چونکە شتێکمان نییە لە بارەیانەوە بدوێین. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا ڕێکدێتەوە کە تا ئێستا کوردی تێدا ژیاوە.

بەڵام ئەمجارەش گەلێک بواری گرنگی وەک سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی ، ئاینی..هەن کە جێگای ڕەخنەن و دەکرا و دەبوایە لە مێژبێت پێداچوونەوەو نوێکاری تێدا بەدیهاتبایە. کە لەنێو ئەمانەدا تەنیا بوارێک، جۆرێک نوێکاری و پەرەسەندنی باشی تێدا بەدیهاتبێت، بواری ئەدەبی و بە تایبەتیش شیعرە. ئەمەش نەک تەنیا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی عەرەب و فارس و تورکیش هەر ڕاستە. لەم ڕووەوە بەلای ئەدۆنیسی شاعیری گەورەی عەرەبەوە لە کۆمەڵگەکەی ئەودا مۆدێرنێتەی زانستی، هەر لە بنەڕەتدا نییە، مۆدێرنێتەی شۆڕشگێڕیش واتا لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی .. لەپەراوێز دەربازنەبوون و بەرەو قوڵایی شۆڕنەبوونەتەوەو تەنیا بوارێک کە نوێکردنەوە لە وێدا گەیشتۆتە لوتکەی خۆی بواری شیعرە. ئەدۆنیس لەم بارەیەوە دەڵێت: « نوێکردنەوەی شیعریی لە کۆمەڵگەی عەرەبدا تا ئەو جێیە دەڕوات کە لە هەندێک ڕووەوە شان لە شانی نوێکردنەوەی شیعری ڕۆژئاوا بدات»(٤٠).

بەڵام ئەدۆنیس هۆیەکانی ئەم دیاردەیە ڕووناکاتەوە کە بەلای منەوە بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە لەمانە: بەر لەهەر شت شیعر بەرهەمی چالاکی فکری و داهێنانی تاکە کەسەو پێویست نییە جڤاک لە مۆدێرنیزەکردنیدا بەشدار بێت. لە لایەکی ترەوە شیعر پێویستی بەوە نییە ئەو شتانەی دەیاندۆزێتەوەو پێیاندەگات جەماوەرێک هەبێت لە پراکتیکدا جێبەجێیان بکات. بەڵکو بیرێکی جوان و داهێنانێکی بەرز بەوەی گەیشتە سەر کاغەزو بڵاوکرایەوە، پەیامەکەی خۆی گەیاندووە. هەروا شیعر پێویستی بە یاساو دامودەزگا نییە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، شیعر فریشتەیەکی ئازادە دەستولاقیشی زنجیر بکرێت ، هێشتا لە توانایدایە لە شەقەی باڵبدات و بۆ هەر جێیەک بیەوێ بفڕێت.

جا ئەگەرچی مۆدێرنیزم لە بواری شیعردا دڵخۆشکەرە، بەڵام جڤاک تەنیا بە شیعر پێشناکەوێت. نوێکردنەوە دەبێ لەهەموو بوارەکانداو لە ئاستی هاوتاییدا بێت. بۆ ئەمەش پێویستە کە عەقڵ ڕۆڵی خۆی بدرێتێ و دەرگا لە بەردەم گوماندا بکرێتەوەو ڕەهایی لە دیالۆگ دەربهێنرێت و کەلەپچە لە ڕەخنە بکرێتەوەو دیواری قودسیەت بروخێنرێت و گشت بتە موقەدەسەکانیش تێک بشکێنرێن.

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١- لە پاڵ واژەی Modernity گەلێک واژەی تری وەک Modernisme, Post-modernety, Posmodernity, Modernisation, Post-modernisme ... بەرچاو دەکەون و بەکاردێن. کە بێگومان هەریەک لە مانە واتای تایبەت بە خۆی و جوێ لەوانی تر دەبەخشێت و گەڕان بە دوای ئەم واژانەداو هەڵبژاردنی ڕاستترینیان بۆ خۆی یەک لە گرفتەکانی نووسین و دوان لەم مژارەدایە.

٢- میشیل لووی. مقالاتي درباره فلسفه سياسي. از كارل ماركس تا والتر بينيامين. درباره تغير جهان. ترجمه حسن مرتضوي. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان. ص٢٤٨ تهران

٣- هەمان سەرچاوە ص٢٤٩

٤- جان بودیار «الحداثه» مقاله في Encylopedia universalis ترجمه محمد سبيلا. مجله قضايا وشهادات ١٩٩١ دمشق ص٢٨٦

٥- الان تورين: نقد الحداثه، ترجمه انور مغيث. المجلس الاعلى للثقافه، القاهره١٩٩٧ص ٣٠

٦- محمود منقذ الهاشمي - ازمه الحداثه- الاداب ١١/١٢-١٩٩٨

٧- امانويل كانت: نقد العقل ا لمحض، ترجمه موسى وهبه. مركز الاتحاد القومي . بيروت - پاريس

٨- محمد جمال باروت- الحداثه والعقلانيه في منظور نقدي، الاداب. كانون الاول ١٩٩٨

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- عمر كوش-نقد الحداثه، نقدالميتافيزيقا.

١١- هەمان سەرچاوە.

١٢- ڕۆشنگەرایی، تێرمێکی ڕۆشنبیرییە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەوروپاو ئەمەریکادا بڵاوبۆوە. ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤایەتی لە خورافات و بۆ بەکارهێنانی عەقڵ لە ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا گێڕا. ڕۆشنگەران لە باوەڕیاندا بە پێشکەوتن هەموو یەکن، بەڵام لە بۆچوونە سیاسییەکانیدا جیاوازیی مەزن لە نێوانیاندا هەیە. لە لایەکەوە کە هەندێکیان داکۆکی لە زۆردارێکی ڕۆشنگەردەکەن، هەندێکی تریان وەک «گودین» پێی وایە کە عەقڵی ئازاد پێویستی بە

دەسەڵاتی سیاسی نییە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قرن الانوار، قاموس الفکر السیاسی، الجزء الثانی، تالیف. مجموعە من المختصین. دمشق ص٨٨ -١٩٩٤

١٣- عمر کوش. نقد الحداثە.

١٤- هەمان سەرچاوە.

١٥- محمد ارکون. الاسلام والحداثە. محاضرات ترجمها ولخصها وقدم لها هاشم صالح، مواقف العددان ٥٩-٦٠

١٦- مارشال بیرمان.حداثە التخلف، تجربە الحداثە. ترجمە فاضل جنکر. موسسە عیبال، قبرص ١٩٩٣

١٧- الان تورین.نقد الحداثە ص ١٤١

١٨- محمد علی الکردی. الحداثە ومابعدالحداثە فی الفکر الغربی. ابداع العدد السابع ١٩٩٦ ص٢٦

١٩- محمد جمال باروت.الحداثە والعقلانیە.

٢٠- یاکۆبیزم، لە یاکۆبییەکانەوە کە بە سەرکردایەتی ڕۆبسبیر یانەیەک و کۆمەڵەیەکی شۆڕشگێڕیان پێکهێناو لە نێوان ساڵانی ١٧٩٣-١٧٩٤دا دەسەڵاتیان لە فەرەنسا گرتە دەست. ڕۆبیسپیر بۆ خۆی دژی پەرستنی عەقڵ بوو، لەسەر ئەمە گەلێک لە پیاوانی ئایینی ڕەوانەی گیۆتین (مقصلە) کرد. بڕوانە قاموس الفکر السیاسی.

٢١- محمود منقذ الهاشمی. ازمە الحداثە.

٢٢- هەمان سەرچاوە.

٢٣- هایدگەر ساڵی ١٩٣٣ و لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی نازیزمدا بۆ ماوەیەکی کەم بوو بە سەرۆکی زانستگای فرایبورگ و لەو کاتەدا کەوتە بەر لێشاوی ڕەخنەو بە هاوکاری نازیزم تاوانبارکرا. ئەم کێشەیە تا ئێستاش گفتوگۆی لەسەرە.

٢٤- حوار مع -مارتن هایدگر- العرب والفکر العالمی. ترجمە: فریق الترجمە والمراجعە فی مرکز الانماء القومی. العدد الرابع. ١٩٨٨ ص٩٢-٩٣

٢٥- محمد نورالدین افایە.الحداثە والتواصل فی الفلسفە النقدیە المعاصرە، نموذج هابرماس. افریقا الشرق. الدار البیضاء ١٩٩١

٢٦- ساڵی ١٩٢٣ ئەنستیتوتی فرانکفۆرت بۆ تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا دامەزراو پاشان بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) ناوی دەرکرد. ئەم ئەنستیتۆیە لە بناغەدا بۆ باس و لێکۆڵینەوەی بیری مارکسی بوو. پاشان لەسەر دەستی ماکس هۆرکهایم 1895-1973 کە لە ساڵی 1930دا بوو بە بەرپرسی و بە هاوکاری تیۆدۆر ئەدرنۆ 1903-1969 پەرەیسەند، تیۆری ڕەخنەگرانە هاتە کایەوە. ئەم تیۆرییە لەسەر بنچینەی ڕەتکردنەوەی هەر سیستەمێکی فەلسەفی کە لەسەر حوکمی دڵنیایی ڕەهاوە دامەزرابێت پەرەیسەند. تیۆری ڕەخنەگرانە بە تیۆری فرۆلی ناودەبرێت، چونکە خۆ لە زۆر باس و بابەتی جۆربەجۆر بەڵام بە گیانێکی ڕەخنەگرانەوە دەدات. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ابراهیم الحیدری. مدرسە فرانکفۆرت. ابواب ١٧ بیروت ١٩٩٧ ص٩٩

٢٧- کریم ابو حلاوە. تجلیات الحداثە وتناقضاتها. الاداب (ئاماژەی پێکراوە).

٢٨- هەمان سەرچاوە.

٢٩- محمد جمال باروت.الحداثە والعقلانیە.

٣٠- بۆ زانیاری زۆرتر دەربارەی (عەقڵی پەیوەستەیی) و لایەنەکانی تری بیرو فەلسەفەی هابرماس. بڕوانە یۆرگن هابرماس، القول الفلسفی للحداثە، ترجمە، فاطمە الجیوشی، وزارە الثقافە، دمشق ١٩٩٦

٣١- تیری ایغلتون. نظریە الادب. ترجمە ثائر دیب.وزارە الثقافە، دمشق ١٩٩٥ ص ٢٢٧

٣٢- مطاع صفدی. الفکر بما یرجع الیە وحدە سوءال العتاب. الفکر العربی المعاصر. العدد ١٠٢-١٠٣ ص ٢٧

٣٣- عبدالله ابراهیم. التفکیک، المقولات والاصول، سلسلە عیون، الدار البیضاء،.١٩٩٠ ص ٧٩ لە عمر کوش (نقد الحداثە)وە وەرگیراوە.

٣٤- د. طلال الربیعی ، علم النفس مابعد الحداثە، الثقافە الجدیدە ٢٨٣ / ١٩٩٨ ص ٣٧

٣٥- مادان ساروب. مابعد البنیویە وما بعد الحداثە، اوجە الاتفاق والاختلاف. ترجمە حسن طلب. ابداع العدد الاول ١٩٩٧ ص ٤٧

٣٦- نوکرایی، پست مدرنیسم ، فرهنگ در عصر انفجار اطلاعات در گفتوگو با دکتر رسول نفیسی. فکر نو ، سال اول شمارە اول دی ماە ١٣٧٧

٣٧- الین م . وود، جدول عمل «مابعد الحداثە» الثقافە الجدیدە ٢٨٣ / ١٩٩٨

٣٨- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: زین العابدین خان. زاگرۆس، زەرادەشتی، ڕامانا مازدەیزمێ و باندۆرا وێ یا مەزن لسەر دیرۆکا فەلسەفێ. هاڤیبوون ژمارەکانی ٣،٤،٥ - ١٩٩٨ بەرلین.

٣٩- الهادی شقرون. لماذا فشل العرب فی تحقیق التنویر. مواقف العددان ٦١-٦٢ - ١٩٩٠ بیروت ص ٢١٣

٤٠- ادونیس. بیان الحداثە. مواقف العدد ٣٦ - ١٩٨٥ بیروت ص ١٣٥

گراهام فوللەر

# دۆزی کورد
# هەڕەشە لە یەکپارچەیی ئێراق دەکات

**ئامادەکردنی. فایەق سەعید**

**دوو دێڕ و سەرنجێ:**

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژتر کە ڕێکخراوی - راند - ی ئەمەریکایی بڵاوی کردۆتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی راوێژکارانی کاروباری بەرگری ئامادەکراوە( لێرەدا یازدە ئەندامی گرینگ کار دەکەن کە لێپرسراون بەرامبەر بە داڕشتن و سەرپەرشتی کردنی سیاسەتی بەرگری ئەمەریکا ) کە بەشێکە لە ڕێکخراوی - راند - ی سەر بە ئینستیتوّی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی کاروباری بەرگریی ئەمەریکا. ئەم ناوەندە بە پارمەتی دەوڵەتی فیدرال و پشتگیریی هەردوو دەفتەری وەزیری بەرگری و سەرکردایەتی هاوبەشی ئەرکان بەڕێوە دەچێ.

ئەم نووسینە لە بنەڕەتدا Graham Fullerلەسەر داوای کۆمەڵەی راوێژکارانی کاروباری بەرگری نووسیویەتی. ناونیشانی ئەم وتارە قسەی خودی نووسەرەکەیە.

لەم باسەدا کە پێدەچێ ساڵی ١٩٩٢ نووسرابێ، نووسەر تیشک دەخاتە سەر هەموو ئەو ئەگەرانەی کە لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا هەڕەشە لە مانەوەی ئێراق وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەکەن. بەڕای نووسەر کورد هەرگیز ئەڵتەرناتیڤێک نییە بۆ دەستەڵات گرتنەدەست لە ئێراقدا، بەڵام لە هەمان کاتدا کورد << نەک شیعە >> گەورەترین هەڕەشەیە لە بەردەم مانەوەی ئێراقدا وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو.

خودی لێکۆڵینەوەکە لەژێر ئەم ناوەدا بڵاوبۆتەوە: Iraq in the Next Decade: Will Iraq Survive Untill-2002? .

نووسەر بۆ ئامادەکردنی باسەکەی پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە، هەروەها چاوی بە چەندین کەسایەتی ئێراقی چ لەئەمەریکا و چ لە هەندەران کەوتووە، هەر لە شیعەوە تا دەگاتە کورد و عەرەب، توندڕەو و سێکولار و هتد. نووسەر لەم باسەدا وەک خۆی نووسیویەتی لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی ناوی کەسیانی نەهێناوە.

لەم باسەدا هەندێ جار بەدرێژی باسی کورد کراوە، لە هەندێ شوێنی دیکەشدا تەنیا چەند دێڕێکی لەسەر نووسراوە. من لێرەدا هەموو ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە وەرمگرتوون وئەوانەشی دەربارەی کورد دووبارەبوونەوە و سواوبن لامبردوون، هەروەک لە شوێنێکدا نووسەر باسێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە کە ئێمە سەدان جارمان خوێندۆتەوە، بۆیە ئەوەشم لابردووە کە بۆ خوێنەری کورد هیچ کارێک ناکاتە سەر ناوەرۆکی باسەکە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم باسەم بۆ گۆڤاری ( رابوون ) ئامادە کردووە و دەبوو قەوارەی سنووورداری ئەویش لەبەرچاو بگرم.

لەم باسەدا دەستەواژەکانم وەک نووسەر خۆی نووسیوەتەوە، بۆ نموونە: کوردستانی ئێراق، کوردە ئێراقییەکان، باکووری ئێراق، ئێران یان تورکیا. گەرچی ڕەنگە خودی ئەو دەستەواژانە بۆ ئێمە جودابن، چونکە کە دەگوترێ کوردستانی ئێراق، ئێران یا تورکیا ئەوە دەگرێتەوە کە ئەو بەشانەی کوردستان هەر یەکەیان سەر بە یەکێک لەو وڵاتانە بن. بەڵام کە دەڵێین باشووری کوردستان، باکوور یا رۆژاوا مەبەست دیاریکردنی چەند جێیەکی جوگرافیی یەک وڵاتە. بەلای منەوە دەبوو سەرانی سیاسی کورد باشوور و باکووریان لەبری ئێراق و تورکیاو هتد... بۆ کوردستان بەکار بهێنابا. کە ئەوان لەبەر هەر هۆکارێکی سیاسی یان فکری ئەوە ناکەن ئیدی بەلای منەوە چەسپاندنی ئەو دەستەواژانە دەبێتە ئەرکی توێژی رۆشنبیر و نووسەر و شاعیران. جەختکردن لە بەکاربردنی دروستی ئەو دەستەواژانە گەلێک گرینگە، وەکو وڵاتەکەمان لە دژی خواستی خۆمان داگیرکراوە، با هیچ نەبێ لە ناوهێنانی بەشە بەزۆر داگیر و لێک دابڕکراوەکانی وڵاتەکەماندا سەری قایلبوونی خۆشمان و نەوەکانی داهاتوومان بۆ داگیرکەران نەلەقێنین. پێمرایە ئێمەش کەمێک پێویستییمان بە هەستێکی جولەکانە هەبێ.

**ئەڵتەرناتیڤی کورد:**

لەوانەیە یەکێک لە ئەنجامەکانی هاتنە کایەی هەندێ رووداوی

گـرینگ و هەرە نوێ ئەوەبێ کـە کـوردەکـان زیاتر لە مـاوەی چەند دەیەیەکی داهاتوودا یەکگرتوو و سـوورترین لە پێناوی وەدیهـێنانی یەکێتی و سـەربەخۆیی خۆیاندا. لەوانەیە ئەو تەوژمـە لە هەر سێ دەوڵەتی ناوچەکـەدا ـ ئێـراق ، ئێـران و تورکـیـا ـ ببـێـتـە هۆی ناسـەقـامگیـری. لە لایەکی دیکەوە جیـهـان ئەورۆ زیاتر لە دوێنێ باوەش بۆ نەتەوە تازەکان یان کۆرپەکـان دەکاتەوە، ئەو نەتەوانەی کە چەندین بزوتنەوەی جـوداخـوازیـیـان لەگـەڵ خۆیاندا هێنایە ئاراوە. بۆ نموونە: نەتەوەکـانی یەکێتی سۆڤێتی جاران، یۆگۆسلاڤیای جاران، هیندستان، چین، ئیتیۆپیا و کەنەدا. ئاشکرێ لە ساڵەکانی داهاتوودا کوردەکانی ئێراق لەو تەوژمە بەدەربخرێن. سەرەنجام مرۆ هیچ کەڵکێ لە ئاوێتە بوونی کوردەکان لە نێو دەزگا سـیـاسـیـیـەکـانی ـ ئێراق ـ دا نابینێ. بە دڵنیاییشەوە دەڵێم نە کوردەکان هەوڵی خۆتواندنەوە لە نێو کـۆمـەڵگای ئێـراقـدا دەدەن و نە هیـچ یەکـێـک لە دەزگـا سەرەکییەکانیشیان هەوڵی ئەوە دەدەن. لەوانەیە کۆششی کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمـیـیـەکی گشـتی و بەربڵاو دوچاری لاوازی و سستی بووبێ، بەڵام ئەگەری پەشیمانبوونەوە لەو داخوازییە لە ئارادا نییە. مرۆ لەو باوەڕەدایە کە کوردەکانی ئێراق هەمیشە سووربوون بۆ بەدیهێنانی بەلای کـەمـەوە ئۆتۆنۆمـیـیـەکی پتەو و پێشکەوتوو. بەرەنگاربوونەوەی سـیـاسـەتی کـوشتن و بڕینی ڕژێمـە یەک لەدوای یەکـەکـانی ئێراق ئەوە دەردەخـات کـە ئەوان چاوەڕوانی هاتنە سـەر تەختی حکومەتێکی چاکتر ناکەن.

لەسـەر ئاسـتی تەکـتـیـک، کـوردەکـان حـەز بە بەسـتنی پەیماننامـە و ڕێکەوتننامـە لەگـەڵ ئێراقدا دەکەن، ئەوەش بە مەبەسـتی ڕاگـرتنی هێرشـەکـانی ئێراق بۆ سـەریان و باشـترکـردنی پێگەکـانی خۆیان و هەندێ شتی دیکەش. هەروەها کوردەکان هەوڵی مـانەوە و پاراستنی بوونی خۆیان دەدەن، هەتا ئەگەر ئەو مانەوەیەش پێویست بەوە بکات کە واز لە هەندێ لە ئامانجەکانی دوارۆژیان بهێنن و سـازش بکەن.

<<کوردستانی سـەربەخۆ>> بەدەم زۆر ئاسـانە، بەڵام بەرجەستەکردنی ئەم شتە لە بواری پراکتیکدا کارێکی پڕ ئاڵۆزە. ئاشکرایە کوردەکان ناتوانن لە ناوچە دوورەکــانی خـۆیـاندا، دوور لەو سێ دەوڵەتە بە گۆشەگیری و تەنیـا بژین. ژیانی ئابووریی ئەورۆ تەنیـا زاراوەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو گرفتێکی سیاسیشە. هیچ وڵاتێ ئەورۆ ناتوانێ سـیـاسـەتی << پشتبەخۆبەستن ـ Self-sufficiency >> پیـادە بکات. ئەورۆ تەنیــا ئەو دەوڵەتانە دەتوانن ژیان بەرنەسـەر کـە لە بواری پەیوەندیدا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ودەوڵەتانی دراوسـێدا، بتوانن بڕیارێکی ڕاست و سـەرکـەوتوو بدەن. بۆیە ژیانی هەر کـیـان ـ ێکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی بەستراوە بە بازرگانییەوە لەگەڵ تورکیا، ئێران و ئێراقدا. لەوانەیە تورکیا کە تا دوێنێ سـەرسەختترین دوژمنی کوردەکان بوو، ببێتە یەکێک لە شیاوترین ئەڵتەرناتیڤەکان لەبەردەم کورددا. چون کوردەکانی ئێراق ئاوێتەبوونی خۆیان لەگەڵ گەورەترین کۆمەڵگای ـ کوردیدا ـ بە چاکتر دەزانن وەک لەوەی بچنە ناو ـ ئێراق ـ ی عـەرەبییـەوە. لە کـۆتاییدا مـرۆڤ بۆی هەیە ـ کـوردسـتـان ـ ێکی سـەربەخۆ بێنێتـە بەرچاوی خۆی، بە شـێـوەیەکی ـ فـیـدراڵ ـ ی یان ـ کـۆنفـیـدراڵ ـ ی بەسـترابێ بە ئێراق یا ئێران یا تورکـیـاوە، یا بە هەرسێکیانەوە لە هەما کاتدا. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کارە سەرکەوتووبێ، دەبێ ئازادانە و لە ڕێگەی وتووێژێکی هاوسـەنگەوە بگەنە ئەنجام. نەتەوەی مۆدێرن بە کەمتر لەوە ڕازی نابێت.

**تورکیا:**

هاوتەریب لەگـەڵ ئەو گـۆڕانکارییـە دراماتیکـیـیـانەی لە ئێـراقـدا ڕوویاندا، چەندین ڕووداوی سیاسی گرینگ بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکیاشدا هاتنە ئاراوە. حکومەتی تورک ( بە سەرکردایەتی دیمیرێل ) و زۆری ( ئۆزال ) لە سـاڵی ١٩٩١دا دانی بە بوونی کـورددا نا. لە لایەکی دیکەوە دیمیـرێل لە کۆتایی هەمـان ساڵدا ڕایگەیاند کە << چیتر تورکیا ڕۆڵی تەماشاکەر نابینێ لە بەرامبەر کردارە دڕندانەکانی نێو ئێراق، دەنا ناتوانێ هاوسەنگی لە نێو خودی تورکیادا ڕابگرێ. بۆیە سیاسـەتی نوێی تورکـیـا ناتوانێ پاراستنی کـوردەکانی ئێراق پشتگوێ بخات >>"١".

ئەو وتەیەی دیمـیـرێل بە ڕوونی بەرژەوەندی تورکـیـا لەمـەڕ پشـتـگـیـریکردنی مـافی کـوردەکـانی ئێراق لە داهاتوودا، دەردەبڕێ. ئەمەش بە گۆڕانێکی سیاسی سەرەکی دەژمێردرێ کە ڕۆڵێکی نوێ دەدا بە تورکیا لەمەڕ بەرگریکردن لە کوردەکان لە ناوچەکەدا.

ئەنقـەرە زۆر بە مـەترسـیـیـەوە دەڕوانێـتـە مـەسـەلەی ئۆتۆنۆمی لە کـوردسـتـانی ئێـراقـدا، هەروەک بە توندیش دژ بە بیـرۆکـەی کوردستانێکی سەربەخۆیە لە ئێراقدا. تورکیا نەک هەر دان نانێ بەو << حکومەت >> ە کوردییەی لە باکووری ئێراقدا لە ئارادایە، بەڵکو دژ بە ڕێگاچارەی فیدراڵیشە بۆ کوردان"٢".

هەر لە هەمـان کـاتدا هەردوو سـەرکـردەی کـورد بارزانی و تاڵەبانی تورکیا و جیهانیان لەوە دڵنیا کردووە کە کوردە ئێراقییەکان نیازی جیـابوونەوەیان لە ئێـراق نییـە. تاڵەبانی لە کـاتی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خۆیدا ئەوەی ڕاگەیاند کەوا کـوردسـتانی ئێراق جگە لە تورکیا و ئێراق خۆی بە هیچ وڵاتێکی دیکەوە نابەستێتەوە. ئەگەر ـ سـەدام ـ مایەوە ئەوە کـوردەکـان دەبێ بچنە ناو تورکـیـاوە. هەروەها پەنجەی بۆ سوریا و ئێران وەک دوو ئەگەری لاواز ڕاکێشا. ( ئەمـە لەکاتێکدا کە بارزانی دژ بەو قسـانە بوو ) "٣". هەروەها تاڵەبانی داوای لە میللەتی تورک کرد کە باس لە مەسەلەی پەیوەندی دوارۆژی نێوان کوردستانی ئێراق و تورکیا بکات."٤".

تاڵەبانی هەمیشە هەوڵی داوە دڵی ئەنقەرە ڕازی بکات، پێشتریش هەردوو سەرکردەی کوردی ئێراق سیاسەتەکانی خۆیان لەگەڵ ـ ئەنقەرە ـ دا ڕێکخسـتـبـوو، چەندین جـاریش سـەرداني تورکـیـایان کـردووە، تورکـیــاش لە لایەن خـۆیەوە دوو پاسـپـۆرتی تورکی بۆ هەردوو سەرکردەکە فەراهەم کردبوو تا ڕێگای چوونە واشنتۆنیان وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە ساڵی ١٩٩٢ دا ئاسانتر بکات.

مەبەستی کوردەکان لە نزیکبوونەوەیان لە تورکیا ئەوەیە کە دەیانەوێ

تەنگ بە بەغدا هەڵچنن و هەڵوێستی سەدام حوسەین لاواز بکەن و لەوەش دڵنیابن کە داخۆ تورکیا بە فراوانکردنی ناوچەی - ئازاد - ی باکووری ئێراق رازییە. بەڵام مەسەلەکە بۆ تورکیا تەنیا بەربەستکردنی زیانەکانییەتی - جاران لەلای هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە ئەوە سەلمێنرابوو کە هەموو جۆرەکانی جیابوونەوە یا سەربەخۆیی کوردی <<نابێ بیری لێ بکرێتەوە>> بەڵام ئەورۆ ئەو سیاسەتانە وا تەماون.
ئەم پەیوەندییە نوێیەی نێوان تورکیا و کوردەکانی ئێراق، ئەگەر چی - تاکتیک - یش بێ، بەڵام لێی پەشیمانبوونەوە یان بیرچوونەوەی کارێکی ئاسان نییە. لەوانەشە عەقڵییەتی کوردی لەناو شوشەی تورکیاوە دەرهاتبێ و کار لەو شێوە بیرکردنەوە و مامەڵەیە بکات کە تورکیا لە ئاستی کوردەکاندا پێویستە بیگرێتەبەر. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا لە ناوەهەوایەکی دیموکراتی راستەقینە و دەوڵەتێکی - فیدراڵ - دا چاکببێتەوە، چون پەیوەندی نێوان کوردەکان و رژێمی ئێستا لە بەغدا گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر ناسک و پچڕاو، لەوانەیە چارەسەرکردنی لە دیدی پاراستنی یەکێتی دەوڵەتی - ئێراق - دوە زۆر ئاستەم بێ.

**ئێراق و تورکیا:**

تورکیا لە ماوەی چەندین دەیەدا خۆی لە کاروباری ئێراق هەڵ نەقورتاندووە. بەڵام ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی دراماتیکی گۆڕدرا و لەوانەشە لە ساڵانی داهاتوودا خراپتر بێ. تورکیا لە سێ لاوە بۆ ئێراق گرینگی خۆی هەیە:

یەکەم - یەکێک لە لوولە ستراتیژییەکانی نەوتی ئێراق بە تورکیادا بەرەو دەریای ناوەڕاست تێدەپەڕێ.

دووەم - تورکیا وەک ترانزێت بایەخێکی زۆری بۆ بازاری ئێراق هەیە.

سێیەم - گرفتی کوردی.

پیادەکردنی سیاسەتێکی لیبراڵ لە لایەن ئەنقەرەوە بەرامبەر بە کوردەکانی خۆی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تورکیا رەنگە بەڕەحمانەتر لە ژانەکانی کوردی ئێراق بڕوانێت. هەروەها تورکیا بڕیاری داوە کە چیتر لەگەڵ ئێراقدا لە پێناوی کۆتایی پێهێنانی جموجۆڵەکانی سەر سنووری هەردوو لا هاوکاری نەکات. لە کاتێکدا کە تورکیا مەترسییەکی زۆری لە جیابوونەوەی کوردەکانی خۆی هەیە و رۆژانەش پێگەکانی پ.ک.ک لە باکووری ئێراق بۆردومان دەکات، لە هەمان کاتدا لەوانەیە - فاکتەری کورد - بە شێوەیەکی بنەڕەتی و هەمیشەیی لە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئێراقدا بگۆڕێ. ئەگەری ئەوەش هەیە کە تورکیا لە ئێستا بەدواوە خۆی وەکو پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی کورد لە ناوچەکەدا بژمێرێ. بەو هیوایەی لەم پرۆسەیەدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردەکان چاکتر بکاتەوە لەبری دۆڕاندنیان بەهۆی کوشتن و بڕین و پشتکردنە داخوازییەکانیان. رەنگە سۆزی جیابوونەوە لەلای کوردەکانی ئێراق لە داهاتوویەکی دووردا بە شێوەیەکی خێراتر، بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی تورکیا پەرەبستێنێ. ئەگەر چی هیچ زانیارییەکیش لەم بارەیەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام پێدەچێ کوردەکانی ئێراق هەمیشە ئارەزوویەکی زۆر کزیان لە پێکەوە ژیانی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا هەبووبێ. کوردەکانی تورکیا بە پێچەوانەوە خاوەنی هەمان داخوازی و ئارەزوو نین و زۆربەیان نایاندەوێ لە تورکیا جیاببنەوە، هەرچەندە ناڕەزاییەکی توندیشیان بەرامبەر بە سیاسەتی کوشتن و بڕینی تورکیا لە خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا و نکوولی کردن لە رەگەزی کورد لە ناوچەکەدا هەیە. لە لایەکی دییەوە کوردەکانی تورکیا زیاتر تێکەڵ بە کۆمەڵگای تورکی بوون و رۆڵێکی گەورەتر لە بوارە هەمە جۆرەکانی تورکیادا دەبینن. هەر وەک زیاتر بەناو تورکیادا بلاوبوونەتەوە. کوردەکانی تورکیا شارستانیترن و گوزەرانێکی باشتریان هەیە، چون لە وڵاتێکی پێشکەوتووتردا دەژین. ئەوان جۆرە زرینگییەکی سیاسییان هەیە << بە پێوانەی ئەوروپایی >> تا کوردەکانی دی. تەنانەت پ.ک.ک - ی تیرۆریست و توندڕەویش لە ستروکتوری ئایدیۆلۆژی خۆیدا لە کۆمەڵە چەکدارە کلاسیکییەکانی کوردەکانی ئێراق پێشکەوتووترە.
کوردەکانی ئێراق پتر عەشایەر و گۆشەگیرن و زیاتر لە یەک ناوچەی ئێراقدا نیشتەجێن. بە کورتی ئەگەر بێت و لە داهاتوودا وڵاتێک هەبێ کە جێی سەرنجی کوردەکان بێ ئەوە تورکیایە، ئەم راستییەش ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و ئەنقەرە لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر پەرە پێدەستێنێ.
لە دژوارترین ئەگەریشدا، ئەگەر ئەنقەرە سیاسەتێکی توندوتیژ بەرامبەر کوردەکانی تورکیا پەیڕەو بکا، یا ناکۆکییەکانی نێوانیان تەشەنە بکا و پێکدادانێکی چەکدارانە بکەوێتە نێوانەوە، ئەوا بارودۆخ لە تورکیادا دەبێتە بارودۆخێکی تراژیدی، کە پاڵ بە تورکیاوە دەنێ جارێکی دی سیاسەتی کوشتن و بڕین لەبری سیاسەتێکی لیبراڵ پیادەبکات. لەم کەش و هەوایەدا رەنگە ئێراق ئەو هەلە بقۆزێتەوە و زیان بە تورکیا بگەیەنێ، یا بە پێچەوانەوە لەوانەشە ئێراق دووبارە لەگەڵ تورکیادا سیاسەتێکی کوشتن و بڕینی هاوبەش بۆ کپکردنەوەی جموجۆڵی سیاسی لە هەردوو وڵاتدا پیادە بکەن. دوور لەم سیناریۆ نەگەتیڤە، ئەگەری ئەوەش هەیە تورکیا بە شێوەیەک یاری بە کارتی کوردی بکات کە زیان بە ئێراق بگەیەنێ، نەک بە پێچەوانەوە. لە لایەکی دیکەوە دەستبەسەراگرتنی باکووری ئێراق کە تا دوێنێ زۆر سەخت بوو بیری لێ بکرێتەوە، لەبەر رۆشنایی دابەشبوونی چەندین وڵات لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان و پەرەسەندنی خێرای دۆزی کورد لە هەردوو وڵاتەکەدا و لاوازی ئێراقیش وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو، لە داهاتوودا کارێکی مەحاڵ نابێ. بەڵام کوردستان لە هەموو حاڵەتێکدا رۆڵێکی مەزن لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکەدا دەبینێ.

**سیاسەتی ئەمەریکا و دۆزی کورد:**

بەبێ تێڕوانینی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردەکان و ئەو ئەرکانەی بارودۆخەکە دەیخاتە ئەستۆی سیاسەتی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی

گشتی ناکرێ باس لە سەقامگیربوونی ئێراق بکەین. ڕەنگە دۆزی کورد پاش دۆزی فەلەستین، بۆ ناسەقامگیربوونی ناوچەکە سەرەکیترین گرفت (هۆ) بێت. بۆیە سیاسەتی ئەمەریکا پێویستی بە پەرەپێدانی هەندێ لە پرینسیپەکانی خۆی لەمەڕ چارەسەرکردنی داخوازییەکانی کورد هەیە، کە خۆیان لە ئۆتۆنۆمی یا هەتا سەربەخۆییدا، لە سێ وڵاتی ئێراق، ئێران و تورکیادا دەبیننەوە. تا ئەورۆ ئەمەریکا سیاسەتی هەمە جۆری لە ئاستی دۆزی - کورد - دا هەیە، ئەو سیاسەتانەش پەیوەندی بە پەیوەندییە ستیقۆلییەکانی ئەمەریکاوە هەیە لەگەڵ ئەو سێ دەوڵەتەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمەریکا «سیاسەتێکی کوردی» ئەوتۆی نییە کە کاری پێبکات. لەوانەشە ئەو سیاسەتە هەمەجۆرانەی ئەمەریکا کارێکی شیاو بووبێ لە ساڵانی ڕابوردوودا، چونا دۆزی کورد - لە دیدی ئەمەریکاوە - وەک هەندێ دۆزی گرینگی دیکە ئەوەندە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بەرچاو نەبوو.

پێدەچێ ئەمەریکا تا ئێستاش "فیدرالیزم" لە وەڵامی داخوازییەکانی کوردەکانی ئێراقدا بە ڕێگاچارەیەکی باش بزانێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پشتگیری لە هەمان ڕێگاچارە لە تورکیادا ناکات. سەبارەت بە کوردەکانی ئێرانیش هیچ جۆرە سیاسەتێکی نییە. ئەو سیاسەتە گەرچی لە ڕابوردوودا پەسەند بوو، بەڵام دۆزی کورد لە داهاتوودا، لە هەر سێ وڵاتەکەدا لە یەک خاڵدا یەکدەگرێتەوە. بێگومان مەترسی لەسەر مافی مرۆڤ کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد لە ئێراق و ئێران و تورکیاشدا دەبێ.

بە درێژایی مێژوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابەشبوونی وڵاتانی ئەورۆی بەسەر چەند وڵاتێکی بچووکتردا لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئایین یا ناوچە پێ چاک نەبووە. بەڵام هەڵبژاردنی "یەکبوون" لە جیاتی "جیابوونەوە" لە دیدی ئەمەریکاوە ڕووبەڕووی چەند بۆچوونێکی سیاسی بۆتەوە کە زۆر ئاستەمە مەهار بکرێن. بۆ نموونە تێڕوانینی سیاسی هەندێ گرووپی نەتەوەیی وەک فەلەستینییەکان، لاتڤیەکان، جۆرجیەکان سلۆڤاکیەکان، کشمیریەکان، تیبێتیەکان و چەندانی دیکەش. ئەوی ڕاستی بێ ئەم تەوژمە نوێیە ئێستا زۆر بە زەقی لە ئارادایە، بە تایبەت پاش نەمانی ئەو مەهارکردنەی شەڕی سارد لە ئاستی جیهاندا پیادەی کردبوو.

پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە "جیابوونەوە" وەک پرینسیپ لەوانەیە زۆر چاکتر بێ گەر بێتو لەگەڵ زیانەکانی بەرەنگاربوونەوەی "جیابوونەوە" دا بەراوردی بکەین. ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە وای لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد بە دابەشبوونی یەکێتی سۆڤیەت و دواتریش یۆگۆسلاڤیا ڕازی بێ. ترسی ئەمەریکا لە دۆزی کورد لە ئێراقدا بە شێوەیەکی تایبەت سەرچاوە لە کاریگەریی مالوێرانکەرانەی ئەو دۆزەوە هەڵدەگرێ بۆ سەر تورکیای هاوپەیمان. بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار و بەپێی ئەو ڕێڕەوەی بزووتنەوەی کورد بۆ خۆی دیاری دەکات لەمەڕ دیاریکردنی کەسایەتی و داخوازی و ستراتیژ و تەکتیک و جموجۆڵەکانی خۆی، لەوانەیە لە داهاتوودا ئەو بزووتنەوەیە ببێتە هێزێکی زۆر مەزن و بە هیچ شێوەیەک نەکرێ بەربەست بکرێ و ڕێگەی وەدەستهێنانی داخوازییەکانی لێ بگیرێ.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بێتو بزووتنەوەی کورد تروسکاییەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوە ئەگەری شەڕێکی نێوخۆیی لە ئێراق و ئێران و تورکیادا دێتە ئاراوە، کە ڕەنگە لەسەر خودی تورکیاش لە قایلبوونی بە ئۆتۆنۆمی کوردان یان جیابوونەوەیان خراپتر بکەوێتەوە. بە هەرحاڵ، وڵاتە یەکگرتووەکان بە هیچ جۆرێ لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم گرفتە بەرپرسیار نییە، بەڵام بیروڕا و سەرنجی ئەمەریکا کاریگەری خۆی دەبێ، بەتایبەت لە تورکیادا. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە داخوازی ئۆتۆنۆمی یا جیابوونەوە لە لایەن کوردەکانەوە لە چوارچێوەی ئەو دابەشبوونەدا هاتە ئاراوە کە لە دوای شەڕی ساردەوە زۆر وڵاتی فرەنەتەوەی گرتەوە.

لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە "سیاسەتێکی کوردی" نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئامادەبێ بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە، لە کاتی چاودێریکردنی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا. هەروەها هەموو دەزگاکانی ئیستیخبارات و لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان - بە لایەنی کەمەوە - دەبێ چاودێری دۆزی کورد و (کاریگەری ئەو دۆزە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا) بکەن، نەک تەنیا وەک چەند سیاسەتێکی ئەمەریکایی لێکجودای بەرامبەر بە ئێراق و ئێران و تورکیای تەماشابکەن

.

پەراوێز:

١- دوو نوێنەری کورد کە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا هەڵبژێردرابوون، لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا بە کوردی سوێندیان خوارد، بەمەش سیاسەتی تورکییان پشتگوێ خست. لە بەرامبەر ئەوەدا هیچ سزایەک نەدران، تەنیا ڕەخنەیان لێ گیرا. هەروەها ئەو نووسراوە کوردییانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا کەوتنە ناو کتێبخانەکانی تورکیاوە سەرنجی نووسەری ڕاکێشاوە. هەندێ لەو کتێبانە باسی لە شکۆمەندی و پیرۆزیی شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردەکان دەکرد. هەندێکی تریان بڕێ زاراوە و ڕستەی جوداخوازی و مارکسییانەی زۆر توندوتیژیان بەکارهێنابوو.

Mideast Mirror, July 24,1992, P.21 .٢

Mirror, July 27, 1992, P. 11

Briefing, July 27, 1992, P. 5. 4-

# سیناریۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ئاگۆستی 1941*

گۆڕین و ئامادەکردنی: دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی

ئەوەی کە لێرەدا باسدەکرێت سەرەتای دەستپێکردنی پیلانی دەسەلاتدارانی تاران و کۆنەپەرستانی ناوچەی ورمێ و خۆی و ماکۆیە، دژی گەلی کورد کە لە هیچ شتێک بۆ بەدناوکردنی کوردو خەباتە ڕەواکەی دریغییان نەکردووە. ئەم پیلانانە بۆ هاندانی هێزە سەرکوتکارەکانی سوپای ئێران و لە پێش چاوخستنی گەلی کورد لە لایەن دانیشتوانی ئێرانەوە ئامادەکراون، هەروا ئەنجام و بەردەوامبوونی داگیرکردن و کوردستان و گەلەکەی. جگە لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران کونسولی تورکیا و جاسوسەکانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانانە بەشدارییان کردووەو، ئەمەش لە بەلگەنامەکاندا دەردەکەوێت وەک: کۆکردنەوەی خەلک لە پۆست و تیلیگراف، مانگرتن و ناردنی تیلگرام بۆ تاران و شکاتکردنیان لە کوردان و داوای یارمەتی و ناردنی سوپای ئێران بۆ ناوچەکە تاکو جارێکی تر کورد قەلاچۆ بکەن و دروستکردنی کۆمیسیۆنی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی ڕەزائیە و ناوچەکە. ئەمانەو بەشداریکردنی شای ئێران لە پێکهێنانی ئەم کۆمیسیۆنە و هەراوهوریای ڕۆژنامەکان لەم بارەیەوە، بەدناوکردنی کوردەکان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی دەردوە بەتایبەتی کاربەدەستانی سوپایی و دیپلۆماتی سۆڤیەت ... پەردەکانی ئەم سیناریۆیە پیشان دەدەن.

ڕووداوی ئەوتۆش لە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان و کرماشان و لورستاندا ڕوویانداوە کە بە داخەوە تا ئێستا هیچ بایەخێکیان پێنەدراوەو، تەنیا لە چوارچێوەی مەهابادو دەوروبەری و یەک لایەنە ئەویش لە نێوان سالانی 1946-1945 باسکراوە لە کاتێکدا دەستپێکردنی ڕاپەڕینی کورد هەر لە ئاگۆستی 1941 وە لە ناوچەکانی ورمێ و خوی و ماکۆ و شاپورو مەریوان و کرماشان بووە. لە ئەنجامدا زۆر ناوچە ڕزگاردەکەن و دەسەلاتی ئێران تێک وپێکدەدەن و وای لێدێت کە کۆنەپەرستانی ئێران زۆر جار پەنا دەبەنە بەر سۆڤیەتییەکان و داوای هاوکارییان لێدەکەن. لێرەدا مەبەست لێکۆلینەوەی ڕووداوەکان و هەلسەنگاندنی ڕاپەڕینی کوردان نییە، بەلکو مەبەست گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە زمانی بەشێک لە کاربەدەستانی سۆڤیەت، هەروەها لە چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمەدا، کە شاهیدی پەرەگرتنی ڕووداوو پیلانەکانی کاربەدەستانی ئێران بوون دژی کورد.

وەک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت کوردەکان لایەنگیری شەڕ نەبوون و لە وتووێژەکاندا هەولی زۆریان داوە کە پێشی شەڕ بگرن. لە هەموو پێکهاتنەکاندا ئەوە ڕژێمی تاران بووە کە بەلێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە، گەرچی زۆربەی کاربەدەستانی سۆڤیەت لەسەرەتادا هاودەنگ و هاودەردی کورد بوون و هەولی زۆریان داوە کە شەڕو ئاژاوە لە ناوچەکەدا نەمێنێت. بەلام خۆشباوەڕی کوردان و فریوخواردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوژمن خۆی بەهێز بکات و سۆڤیەتەکانیش لەگەڵ ئەوە نابن کە شارەکانی ورمێ و خوی و ماکۆ لە سایەی ئەو دەسەلاتەی پێشمەرگە کوردەکان هەیانبوو، لە دەستی مولکدارو دەرەبەگەکان ئاسودە دەبن و مولکانە نادەن. لە نووسراوەکاندا ڕژێمی ئێران زۆر هەولی داوە کە کوردەکان بە دزو ڕاوڕووتکار بناسێنێت و لایەنی سیاسیی خەباتی گەلی کورد بشارێتەوە و بۆ بەلگەش زۆرجار ژاندارمەکان و نۆکەرەکانی ڕژێم جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و خەلک تالان دەکەن، هەروا چەند دەستەیەک کوردی بەکرێگیراویش بۆ ئەم مەبەستە دەخەنە کارەوە.
کاربەدەستانی ڕژێم زۆر هەولدەدەن کوردەکان لە پێش چاوی سۆڤیەتییەکان بخەن، هەروەها سۆڤیەتییەکانیش لەپێش چاوی کوردەکان بخەن، بەلام فایدەی نابێت.

ئەفراسیاو
1995 مۆسکۆ

* واتە دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەت وبریتانیاوە.

### دەربارەی ڕووداوەکانی ورمێ (ڕەزائیە)

لە مێژبوو ڕژێمی ئێران پیلانی ئەوەی دانابوو کە چۆن بیروڕای گشتی خەڵک لە سەر ڕووداوەکانی ناوچەکە بە پێچەوانە ڕاکێشێ. یەکەمین هەوڵدانیان لەم بارەیەوە بۆ مانگی مارتی 1942 دەگەڕێتەوە، کاتێک کە نوێنەری مەجلیسی ئێران «تەویەخت» لە پەرلەمانی ئێراندا هێندێ قسەی هیچ و پوچ و درۆی لەسەر ڕووداوەکانی ڕەزائیە دەربڕی، هۆکەشی هەمووی هێنایە سەر ڕووداوەکانی ئاگۆستی 1941 (ڕۆژی هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئێران) ئەم قسانەی تەویەخت لە چاپەمەنییەکانی ئێراندا بلاوکرانەوە. ڕۆژی1942/3/28 ڕۆژنامەی ئیتلاعات لەژێر ناوی «ئەوپەڕی نائارامی لە ڕەزائیە» نووسینێکی بلاوکردۆتەوە، تێیدا باسی 15 ڕووداوو دزی و تالانکردن و کوشتنی کردووە کە گوایە لە مانگی جەنیوەری و فێبریوەریدا ڕوویانداوە. لە کۆتاییدا ئیتلاعات دەنووسێت:« سەرەک وەزیر ئاگاداری ئەم ڕاگەیاندنە دەکەینەوەو داوای لێدەکەین کە بۆ هێمنایەتی ناوچەکە ئەوپەڕی هەنگاو هەلگرێت و ناوەندی کلپەو هەراو هوریاو فیتنە لەم ناوچەیەدا بەزووترین کات بکووژێنێتەوە. دەولەت دەبێ خەڵکی بێتاوان و دانیشتوانی زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە لە تالان و هێرشی تر بپارێزێت. چاودێری هەلگرتنی هەنگاوین بۆ جێبەجێکردنی ئەم کێشەیە».

لە ڕێککەوتی یەکی ئاپریلی 1942 دا ڕۆژنامەی «ستارە» لە وتارێکی دوورودرێژدا بە بەلگەوە دژی درۆو دەلەسەکانی تەویەخت سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕەزائیە هاتە دەنگ و چەندان تێلیگرامی بلاوکردۆتەوە کە لە ناوچەی ڕەزائیەوە نێردراون و باسی هێمنی تەواوی ناوچەکە دەکەن و وتارەکەی ڕۆژنامەی ستارە لە ڕادیۆ تارانیشەوە خوێندرایەوەو بەم چەشنە بەرپەرچی تەویەخت درایەوە.

بەدوای ڕۆژنامەی ستارەدا ڕۆژنامەکانی «مهر ایران» و «صدای ایران» و ..هتد وتەکانی تەویەختیان بەدرۆ خستەوە.

«سوهێلی » سەرەک وەزیرانی ئێرانیش لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بالوێزی سۆڤیەت وتبووی ئەو هەراوهوریایەی کە لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە ڕەزائیە نووسراون درۆبووە. بۆیە ئەویش وەک سەرەک وەزیر، کە داوایان لێکردبوو لەم بارەیەوە هەنگاو هەلگرێت، نەوێرا هیچ بکات، ڕۆژی1942/4/22 ڕۆژنامەی ئیتلاعات ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی بلاوکردۆتەوە:

«پالکۆنیک هاشمی لەگەڵ کەرتەکانی سوپای ئێران گەیشتۆتە ڕەزائیە و لەیەکەم ڕۆژی هاتنیدا چالاکانە دەستی بە پاکتاوکردنی چەتەکان کردووە. پێگەکانی ژاندارمری لە دەوروبەری شار دامەزراون و بۆ چەکدانان و وتووێژ بانگی سەرەک هۆزەکانی کوردی کردووە.

ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە وتارێکی تریدا بە ناوی «ڕووداوە تراژیدییەکانی ڕەزائیە» دەنووسێت:«دانیشتوانی ڕەزائیە بە تەلەفۆن داوای وتووێژیان لەگەڵ نوێنەرانی مەجلیس و بازرگان و کاربەدەستانی دەولەت کردووەو ڕایانگەیاندووە کە دانیشتوانی ڕەزائیە لە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی باندە کوردەکاندان و لە دەولەت چاودێری ئەوە دەکەن کە بە زووترین کات هێمنایەتیی ناوچەکە بپارێزێ. وەدەنگ کەوتنی هەنگاوی دەولەت کارەساتێکی قورسی بەدواوە دەبێت. ڕۆژنامەی ئیتلاعات داوا لە دەولەت دەکات کە بە فڕۆکە چەک بۆ دانیشتوانی ئەوێ بنێرێت بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لە باندکان بپارێزن. لە سەعاتی 7.5 ی ئێوارە سوهێلی بە تەلەفون بەڵێنی بە دانیشتوان دا کە «لەماوەی48 سەعات بۆ سەپاندنی هێمنی و ژیانی ئاسایی خەڵک هەنگاوی کاریگەر هەلدەگرێت».

ڕۆژی2ی مای لە مەجلیسی ئێران نوێنەری ڕەزائیە «ئەفشار» قسەی کردو وتی:«ئەمە چەند ڕۆژە هەموو دەقیقەیەک هەوالی ترسناک و دلتەزێنم بەدەست دەگات کە بۆ ئاگاداریی نوێنەران، هەروەها هەموو گەلی ئێران ناوەرۆکەکانیان بە کورتی بەم چەشنەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت:

بە پێی ئەو تێلگرام و هەوالانەی کە پێمان گەیشتوون هەشت ڕۆژە هێندێ تاوانبار، کە لە کۆتایی شەڕی جیهانیی پێشودوە ناوچەی ورمێیان وێران و تالانکردووەو دووبارە یەکیان گرتۆتەوەو بۆ کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵک، هەموو چەشنە شێوازێک بەکاردەهێنن. سێسەد گوندی ڕەزائیە کە دانیشتوانی ئەفشارن لە لایەن ئەم باندانەوە تالان دەکرێن . بە پێی ئەو تێلیگرامانەی کە لەم هەفتەیەی دواییدا وەرگیراون تەواوی مەڕومالات و شتومەکی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تالانکراون و شەست هەزار نەفەر لە دانیشتوانی ئەم گوندانە کە زۆربەیان منداڵبوون لە کاتی ڕاکردندا توقمی ڕووبارکراون و بەشێکیان بە ڕووتی ڕایانکردووەتە شارو تازانن چیبکەن. شاریش بۆ خۆی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوەو هەموو دەقیقەیەک مەترسی ئەوە هەیە کە باندەکان بێنە ناو شارەوە. گریان و هاواری ژن و منداڵ دەگاتە ئاسمانێ. تا ئێستا تەنیا بەربەرەکانی ژاندارمەکان توانیویانەپێش لە باندەکان بگرن.

گوندەکان کە لە ماوەی چەند سەدە بەکارو زەحمەتی جووتیاران و کرێکارانی ئەفشار دروستکرا بوون و وەک ناوچەکانی ئەورووپا دەهاتنە بەر چاو وێرانکراون و تەواوی ئەم زەحمەتە بە فیرۆ چووەو ئێستا دانیشتوانیان بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان لە ڕاکردندان. ئێستاکە لە بەشداربوونی سەرەک وەزیران کەڵک وەردەگرم و دەمەوێ بە خۆم ئیجازە بدەم و پرسیاری لێبکەم و بلێم چ هەنگاوێکتان بۆ ئەم کوێرەوەرییە و پاراستنی ژیان دانیشتوانی ڕەزائیە و ناوچەکە هەلگرتووە».

ڕۆژنامەکانی تاران لە نووسینی وتارو هەواڵ لەسەر بارودۆخی ناخۆشی ڕەزائیەو ناوچەکە بەردەوامن و داوای ناردنی سوپایێکی زۆر بۆ ئەوێ دەکەن تاکو کوردو ئەرمەن و ئاسوورییەکان، کە هێرشیان کردۆتە سەر دانیشتوان سەرکوت بکەن. ڕۆژنامەی «اومید» بە کێشانی وێنەیەک نیشانی دەدات کە ئاسووری و ئەرمەنە چەکدارەکان کە سوارەن هێرش دەکەنە سەر دانیشتوانی بێدەسەلات و ، ئەوانیش پێخاوس و داوای یارمەتی لە دایکی نیشتمان دەکەن. لە وێنەیەکی تردا شمشێر بە دەستانی دایکی نیشتمان بە سوپاو تانکەوە بەرەو ڕووی ئەرمەن و ئاسوورییەکان دەبنەوەو تێکیان دەشکێنن و ڕاویان دەنێن لەگەڵ وێنەکەشدا نووسراوە«دایکی نیشتمان لە مەترسیدایە».

ڕۆژنامەی «ناهد» بەسەروشانی ڕەزا شادا دەلێت و وتارو وێنەیەک بلاودەکاتەوە:لەلای ڕاستەوە بۆ خواری ڕەزائیە ڕازاوە پیشان دەدات کە تێیدا ڕەزا شا سواری ئەسپەو بەناو شاراد دەگەڕێ، مەبەستی وێنەکە ئەوەیە بلێت لە زەمانی ڕەزا شادا هەست بە هێزو توانایەک دەکراو ڕەزائیەش باخی بەهەشت و بێ چەتەبوو. لای چەپیشەوە وێنەی ئەخۆشێک، واتا ڕەزائیە پیشاندەدات کە وەزیری جەنگ دەستی گرتووەو بە ئەخۆشەکە دەلێت بەو زووانە چاکت دەکەمەوە.

ڕۆژنامەی «پرچم» زیاتر لە هەموو هاوارو دەنگی بەرز کردۆتەوەو بۆ لەناوبردنی کوردەکان داوای تاوانبارکردنی ئەرمەن و ئاسوورییەکانیش، دەکات.

ڕۆژنامەی «کۆشش» بە خوێنەرانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە

ئاسوورییەکان لە مێژە بە تالانکردن و کوشتار ناسراون و ئێستاش هەر خەریکی ئەو کارانەن و بە هیچ شتێک ناسرەوێن. ڕۆژنامەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئاسوورییەکان بۆ ناوەندی وڵات ڕاگوێزرێن.

ڕۆژنامەی «سیاست» دەنووسێت: تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت هێمنایەتی لە ناوچەی ڕەزائیە دابین بکرێت، کە شوێنەواری دیکتاتۆرییەت بە تەواوی لەناو ببرێت. واتە ئەو کاتەی کە یاسای بنەڕەتی «دەستوور» جێبەجێ دەکرێت و ئەوانەی کە ئازاری خەڵکیان داوەو دەستدرێژییان کردۆتە سەر خەڵک و بەرتیلیان خواردووە هەر کەس بن چ مرچەخۆرو ئاسایش، یان فەرمانبەرو وەزیر بن، دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. هەر کاتێک ئەمانە جێبەجێکران ئەو کاتە هەست بە ئارامی و هێمنایەتی دەکرێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەسەڵاتدارانی ئێران توانییان ئەو پیلانەی کە پێشتر دایان ڕشتبوو لە هەراو هوریای بەناو ڕووداوەکانی ڕەزائیە بەردەوام بن:

١- لە مەجلیسی ئێران کۆمیسیۆنێک بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان، بە سەرۆکایەتی «بەیات» جێگری سەرەک مەجلیسی ئێران دروست بوو. ئەو کۆمیسیۆنە داوا لە تەواوی دانیشتوان دەکات یارمەتی لێقەوماوانی ڕەزائیە بدەن و ژمارەیەکی تایبەتیان لە بانک بۆ ئەم مەبەستە کردۆتەوە.

٢- لە وەڵامی بانگەوازی کۆمیسیۆنی ناوبراودا هێندێ پارە کۆکرایەوەو چەند سینەماو تیاترو شوێنێکیان بۆ ئەم مەبەستە بۆ بلیتی یارمەتیدان دانابوو هەروەها لە دەزگاو کارخانەکانیشدا .. پارەیان بۆ لێقەوماوانی ڕەزائیە کۆکردەوە.

٣- دوای ئەوەی کە شا یەک ملیۆن ڕیاڵی بۆ لێقەوماوانی ڕەزائیە دیاریکرد، هەراو هوریایەکی نوێ لە چاپەمەنییەکانی ئێراندا بەرپاکرا. یارمەتیدانیان لە 10-50 ڕیاڵ دیاریکردبوو، ڕۆژنامەکانیش بە نیشانەی سوپاسەوە ناوی ئەوانەیان بڵاودەکردەوە کە بەشداری لەم شاڵاوەدا دەکەن.

٤- کۆمیسیۆنی ناوبراو بڕیاری دەرکرد کە «پوڵ»ی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دەربکات و نرخی تێلگرامیان بردە سەر، تاکو ئەم هەموو پارەیە بدرێتە سندووقی لێقەوماوانی ڕەزائیە.

٥- هەواڵێکی تایبەت بڵاوبۆتەوە کە دەوڵەت 280 تۆن گەنمی ناردووە بۆ ڕەزائیە و شاپور.

٦- ڕۆژنامەکانی تاران ڕاگەیاندنێکی زۆریان بڵاوکردۆتەوە گوایە «لەبەر ئەوەی کە لە ڕەزائیە هەست بە کەمی دوکتۆر دەکرێت چەند دکتۆر لە تەورێزو تارانەوە نێردراون بۆ ئەوێ» ئەمە جگە لە گەیاندنی داودەرمانێکی زۆر. بەڵام پاشتر ڕوون دەبێتەوە کە هەموو دوو دکتۆرو دوو برینپێچ و برێک دەرمان نێردراون. بەڵام لەمەدا مەبەست ئەوەیە ، بەڵکو گرنگی لەوەدابوو کە لێقەوماوان هێندە زۆرن، دەبێ دکتۆرو داودەرمانی زۆرتر بنێردرێت.

٧- بۆ ئەوەی شتەکە گەورەتر بکرێت و لە پێشچاو بێت ، دەستوور بە فەرمانداردکان درا، کە لە ناوچەکانی خۆیاندا کۆمیتەی یارمەتیدان بۆ لێقەوماوانی ڕەزائیە پێکبێنن و خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بن و ناوی ئەو ناوچانەش کە یارمەتییان دەنارد لە ڕۆژنامەکانی تاراندا بڵاودەکرانەوە. بۆ ئەوەی ئەم هەڵاو هاوارە هەرچی زیاتره درێژە بکێشێت، هەر ڕۆژنامەیەک 5-6 ڕاگەیاندنیان سەبارەت بە یارمەتیدان بڵاودەکردەوە. بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنانە کاریگەرتر بن، ڕۆژنامەکان هەواڵیان «لەسەر کوشتاری دڕندانەی باندە کوردەکان» بڵاودەکردەوە. هەواڵەکانیشیان وا لە چاپ دەدا کە گوایە سەدان منداڵ و ژن لە کاتی هەڵاتندا دەستدرێژیان لێکراوەو کوژراون. ئاماژەشیان بەوە دەکرد کە گوایە سەرچاوەی هەواڵەکانیان ئەو تێلگرامانەن کە لە ڕەزائیەوە بەدەستیان دەگەن. ئەمەی خوارەوە یەکێک لەو تیلیگرامانەن:

«کوردەکان دووبارە شاری ڕەزائیەیان گەمارۆ داوەو کەشتیەکان ناتوانن هەموو هەڵاتووەکان هەڵگرن. لە گوندەکاندا هیچ شتێک لە ماڵاندا نەماوەو خانووەکانیش کاولکراون» -ڕۆژنامەی ایران، 1942/5/13-.

ڕۆژی 1942/4/3 وەزیری جەنگ «جەهانبانی» چۆتە ڕەزائیە بەدوای ڕۆیشتنەکەی ئەودا ڕۆژنامەی «پرچم» لە وتاری سەرەکی خۆیدا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕەزائیە دەنووسێت: بەرامبەر بە کوردەکان نابێت خۆ سووک بکرێت، ئەگەر بێت و وتووێژ لەگەڵ سەرکردەی باندە کوردەکاندا بکرێت، بەدوای ئەم کردەوەیەدا هیچ کارێکی باش ڕوونادات، جگە لەوەی کە ئەوانی پێ بەهێز دەبێت. تاقیکردنەوەکانی ساڵانی ڕابردوو ئەوە نیشان دەدەن کە تەنیا بە شمشێرو زەبرەزەنگ دەکرێت ئەم هۆزانە ئارام بکرێنەوە، هەر بۆیە دەبێت سوپایەکی زۆر بنێردرێت بۆ ڕەزائیە کە ئەوسا دەکرێت هێمنایەتی لە ناوچەکەدا بپارێزرێت، ئەگینا هیچ ڕێگایەکی تر نابێ لە ئارادابێت.

وادیارە ئەو کوردانەی کە لە تاراندا دەژین نامەیان بۆ ڕۆژنامەی «پرچم» نووسیوەو ڕەخنە لە وتارەکانی دەگرن و ڕۆژنامەکەش ناچار بووە چەند نامەیەک لەوانە بڵاوبکاتەوە. ڕۆژی 11ی مای 1942 ڕۆژنامەی «پرچم» نامەی حوسێن ئەکبەری بڵاودەکاتەوە کە تێیدا دەنووسێت: لە ڕۆژنامەکەتاندا لە سەر گروپێکی باند، کە مەبەستتان کوردەکانن، کوردو لورەکان بە وەحشی ناودەبەن، پێویستە بڵێم کە من کوردم و باوەڕم بە پیاوچاکی و ئازایی و نەترسی و نیشتمانپەروەریی ئەوان هەیە. مێژوو شاهیدە کە کوردەکان دەورێکی گەورەیان لە پێکهێنانی کولتووری ئێراندا هەبووە، ئەوان پارێزەری ڕەسەن و کولتووری ئێرانن. نووسراوەی «اسرار الاستنتاج» نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بەرەرچی نووسراوەکانی ئێوە دەداتەوە. بەڵام سەبارەت بە ئێوە کە سووکایەتی بە گەلی کورد دەکەن، پێم وایە ئەگەر کەسێک تووشی هەڵەیەک بووە جا هەر کەسێک بێت و زمانی هەرچییەک بێت، دەبێت ناوی خۆی لێبنرێت ، نەک سووکایەتی بە گەلێکی نیشتمانپەروەرو ڕەسەن بکرێت. ڕۆژنامەی «پرچم»یش تێبینییەک لەسەر ئەم نامەیە دەنووسێت و دەڵێت: « ئێمە نەمانویستووە بە بەکارهێنانی وشەی کورد خەت بەسەر هەموو کورددا بێنین. ئەگەر ئێمە باندەکان بە وشەی کوردەکان ناو دەبەین تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناوێکی تر نازانین. پێویستە بگوترێ کە دەستە کوردەکان بە چەتەگەریی ناسراون. بۆ وێنە ڕووداوەکانی ڕەزائیە یەکەم جارو دوایەمین جار نییە، کوردەکان دەبێ خۆیان ئەم کردەوانە پەسەند نەکەن و دژیان ڕاوەستن، بە کورتی کوردەکان دەبێ لەگەڵ دەوڵەتدا بۆ لە ڕەگەوە هەڵکێشانی چەتەگەریی، هەوڵبدەن»

ڕۆژی 12ی مای 1942 ڕۆژنامەی «پرچم» نامەی خوێندەوارێ بە نازناوی -خ ف- دەوە بەم چەشنە بڵاوکردۆتەوە: «کوردەکان هیچ تاوانیان نییەو دەبێ تاوانبارانی سەرەکی کە لە نانەوەی ئاژاوەکاندا دەستیان هەبووە بدۆزرێنەوەو بە توندی سزا بدرێن. ئەوانە ئێستا لە تاران دادەنیشن و بە پێکەنینی ژەهراوییانەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن. ڕاستە کوردەکان لە ڕابردوودا زوڵم و ستەمیان لێکراوەو دەیانەوێ شکات لە ڕژێمی پێشوو بکەن و تۆڵەی خۆیان بسێننەوە.

بەڵام بە داخەوە تاوانباری ڕاستەقینە نادۆزنەوە. ئەوانەی کە زوڵمیان لێکردوون و پارەیان لێوەرگرتوون، سەرۆکەکانی ژاندارمری و فەرمانبەرانی دارایی و ژەنەڕاڵ و ئەفسەرانی سوپای ئێرانن .. هتد. ئەوانن ئەم تاوانانەیان دەکردو ئێستا لە تاران دانیشتوون. ژەنەڕاڵ موعینی کە لە ڕەزائیە بوو بە هۆی خوێنڕێژییەوە ڕایکرد. هەروا فەرماندەی پۆلیسی ئاسایش کە بە کردەوە پیسەکانی ناوبانگی دەرکردووە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ڕایکردە تاران و ئێستاش لە ژیانێکی زۆر باشدا لە تاران دەژیت. کوا ئەو دەستەی کە بتوانێت کەلەپچەیان بکات و بە تاوانی ئاژاوەنانەوەو ئاگرهەڵگیرساندن سزایان بدات. ئەم دەستە دەبێت دەستی دەوڵەت بێت کە ئەو تاوانکارانە دادگایی بکات.

ڕۆژنامەی «پرچم» لە وەڵامی ئەم نامەیەدا دەنووسێت:

«ئەم گەنجە ڕاست ناڵێت کاتێک دەڵێت کوردەکان تاوانبار نین. ئەگەر ئەفسەرانی ناوبراو تاونبارین، کوردەکانیش تاوانبارن. جەهانبانی کە لە ڕەزائییە گەڕاوەتەوە لە ڕێککەوتی1942/5/15 لە ڕادیۆوە قسەی کردو هیچ باسی ڕەزائیەی نەکردو زیاتر لەسەر پێویستی یەکێتی خەڵک و ڕێزنان لە یاساو بڕیارەکانی دەوڵەتی ئێران و یارمەتیدان بە سوپای ئێران بۆ سەقامگیربوونی هێمنایەتی و ..هتد دووا».

زۆری پێنەچوو جەهانباتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا چاوپێکەوتنێکی هەبوو ،کە لە سەرئەنجامی سەفەرەکەی بۆ ڕەزائیە پرسیاریان لێکردبوو. جەهانبانی گوتبووی کە بۆ دابینکردنی هێمنایەتی هەنگاو هەڵگیراوەو، پۆستەکانی ئاسایش دامەزراوەتەوەو قەرەبووی زیانی دانیشتووان دەکرێتەوە. پاشان جەهانبانی بەتایبەتی ئەوەی دەستنیشانکرد کە کوردەکان هەموویان چەتە نین و تاوانبارکردنیان ڕاست نییە. هەروەها تاوانبارکردنی ئەرمەن و ئاسوورییەکان بە تۆمەتی بەشداریکردنیان لەو چەتەگەرییەدا ڕاست نییە. بەم چەشنە لە قسەکانی وەزیری جەنگ، جەهانباتی ،کە بۆ خۆی چۆتە ئەوێ و لە نزیکەوە ئاشنای ڕووداوەکان بووە ،وا دەردەکەوێت کە شتێکی ئەوتۆ گرینگ لەوێ ڕووینەداوە.

ڕۆژنامەی ئیتلاعات و پرچم پشتیوانیان لە ناردنی سوپا بۆ ناوچەی ڕەزائیە کردووەو پرچم دەنووسێت: «ئێمە لە مێژ بوو داوای ئەو شتەمان دەکرد».

ڕۆژنامەکانی تر باسی پێشوازی گەرموگوڕی خەڵکی تەورێزو ڕەزائیە لە سوپای ئێران دەکەن. لە ژمارەی ڕۆژی1942/5/2 یدا ڕۆژنامەی «مهر ایران»کە ئۆرگانی پارتی عەدالەتە باسی پێشوازی خەڵک لە هاتنی سوپای ئێران بۆ ناوچەکە دەکات و دەڵێت ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە « ئێران هێشتا زیندووەو ورەی ئێرانیەتی هەر ماوە و ئەگەر ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی خاوێن و لایق، ئامادەی هەموو گیانبازی و فیداکارییەکە، بەڵام بە داخەوە...».

ڕۆژنامەی «کوشش» لە کۆتایی سەروتارەکەیدا باسی پێشوازی سوپای سوور لە سوپای ئێران دەکات و بە سوپاسێکی زۆرەوە دەنووسێت ئەم هەستە دۆستانەیە بۆ هەمیشە لای ئێرانییەکان دەمێنێتەوە»

سوهێلی سەرەک وەزیرانی ئێران لە ڕێککەوتی 1942/6/2 سەبارەت بە قسەکانی نوێنەری مەجلیس «تەباتەبایی» لە کۆبوونەوەی مەجلیسی ئێران لە ڕۆژی1942/5/31 قسەی کرد کە پشتگیری لە کوردەکان کردبوو و داوای کردبوو کە چەند نوێنەری مەجلیس بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوچەی ڕەزائیە بڕۆن بۆ ئەوێ، چونکە لەوێ هێمنایەتییەکی تەواو هەیە، وتەی ڕۆژنامەکان درۆیە. لەم کاتەدا نوێنەری مەجلیس «ئەفشار» لە جێی خۆی ڕادەبێ و بەدوای ئەویشدا نوێنەرانی تر بە دەنگی بەرز دژی «تەباتەبایی» قسەیان کردو هاواریان دەکرد بۆچی ئێوە لە کوردەکان پشتیوانی دەکەن. پاشان ئەفشار لەسەر بارودۆخی نالەباری ڕەزائیە قسەی کردو وتی 330 گوند وێرانکراون. پاشان وەزیری دادپەروەریی وتی سەبارەت بەوەی کە گوایە لە بازاری ڕەزائیە 33 نەفەر کوژراون هیچ بەڵگەیەک نییەو ئەمەڕاست نییە، بەڵام بارودۆخی ڕەزائیە تا ئەو جێگەیە کە دەزانرێت دەکرێ بڵێم لە مەترسیدایە.

سوهێلی لە مەجلیسدا ڕایگەیاند کە «نوێنەری مەجلیس تەباتەبایی کە لە کۆبوونەوەی ڕابردووی مەجلیسدا بە قسەکانی سەبارەت بە ڕەزائیە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران و دانیشتوانی ئازەربایجانی خەمگین کرد.

/نوێنەران ڕاستە وایە/

لە هۆڵەکەوە هاوار دەکرێ: «ئەو قسانە هەمووی درۆی بێشەرمانە بوون».

خراپتر لە هەموو ئەوە بوو کە لە زمانی فەهیمی ئوستاندارەوە وەک سەرچاوەیەک کەڵکی وەردەگرت، بەڵام فەهیمی لە نامەیەک کە بۆ منی نووسیوە وتویەتی قسەکانی تەباتەبایی هیچ بنەڕەتێکیان نییە. نازانم و تێناگەم چی شتێک پاڵی بە تەباتەباییەوە ناوە ئەم قسانە بکات.

/ئەفشار: خیانەت/.

بەڵام پێم وایە کە تەباتەبایی مەبەستی ئەوە بوو کە تووڕەیی و نیگەرانی نوێنەرانی مەجلیس لەمەڕ ڕووداوەکانی ڕەزائیە کەمبکاتەوە. بە پێی ڕاپۆرتی فەهیمی کە بۆ وەزیری ناوخۆی ناردووە ژمارەی کوژراوەکان زۆر زیاترە لەوەی کە تەباتەبایی باسی کرد. هەروەها دەبێ ژمارەی بریندارو ئەو زیانەی کە لە خەڵک کەوتووە زیاتر بێت. ئازاردەرە ئێستا ئەگەر بێت و لێرە باسی هەموو ئەم شتانە بکرێت.

/ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیس: بمرێ خائین/

دەبێ بڵێم کە کوردەکان دانیشتووی ئێرانن، بەڵام بە داخەوە لە ناویاندا هەندێ گروپ هەن کە هێمنایەتی و ئارامیی هێندێ ناوچەی ئێران تێکدەدەن. لەبەر ئەوە پێویستە بگوترێت کە لێرە نابێ قسەی وا بکرێت کە لە تاوان و کردەوەی ئەوانە چاوپۆشی بکرێت.

/بەڵێ ڕاستە/

ئاشکرایە کە ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای ڕاست لایانداوە بە توندی سزا دەدرێن.

/بەڵێ ڕاستە/

نوێنەرانی مەجلیس باشدەزانن کە هەنگاوەکانی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی باندەکان زۆر سەرکەوتووانە بووە. نابێ پەرۆشی ئەو بریندارو نەخۆش و لێقەوماوانەی ڕەزائیە بن. پێویستە بگوترێت کە ئاغای تەباتەبایی لەسەر ئەم ڕووداوانە تێگەیشتنی نییە. سەبارەت بە ژمارەی کوژراوان و بریندارانی ڕەزائیە ئەگەر پێویست بێت پێشکەش دەکرێت.

دوای سوهێلی، نوێنەری مەجلیس «دەشتی» قسەی کرد، ناوبراو ڕێبەری پارتی عەدالەت و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو پارتییەیە لە مەجلیسی ئێراندا. پارتی عەدالەت هەر ئەو پارتەیە کە تەباتەبایی ئەندامێتی. «دەشتی» وتی کە ماوەی مانگێکی تەواوە تاقمێکی باند زیانێکی زۆر دەگەیەنە ناوچەی ورمێ. پێم وایە کە دەوڵەت دەبێ بە زوترین کات لەو کاتەی کە ئێستا دانیشتوانی ڕەزائیە

ڕژاونەتە ناو پۆست و تێلیگراف و داوا لە دەوڵەت دەکەن فریایان کەوێت، هەنگاو هەڵگرێت.
/نوێنەرانی مەجلیس:ڕاستە/
ئێران ئێستا پێویستی بە هێمنایەتی هەیەو هەر ڕاپەڕینێک دەبێ بە تاوان لە قەڵەم بدرێت، ناوچەی ڕەزائیەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناوچەی فارسدا نییە. بیروڕای من ئەوەیە کە کوردەکان دەبێ بێبەزەییانە سزا بدرێن. دۆستی من تەباتەبایی لەگەڵ قەهیمی لەم بارەوە قسەی کردووەو لە کۆبوونەوەی پێشووی مەجلیس ناوەرۆکی ئەم وتووێژەی پێشکەش کردن. من بەوپەڕی ئیمانەوە دەڵێم کە ئەو هیچ مەبەستێکی خراپی نەبووە.
/ئەفشار: قسەکانی تەباتەبایی خیانەتیان لێدەبارێ/
پێویستە بڵێم تەباتەبایی بیروبۆچوونی فراکسیۆنی پارتی ئێمەی دەرنەبڕیوە، بەڵکو هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە. ئێمە لە هەنگاوەکانی دەوڵەت لەم بارەیەوە پشتیوانی دەکەین.
پاشان تەباتەبایی کە دەیەویست ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قسەکانی خۆی بڵێت وتی«من هەمیشە لایەنگری ئارامی و ڕێکوپێکی بووم لە وڵاتدا.
/ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیس کۆبوونەوەکەیان جێهێشت/
من لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا قسەکانی ئوستانداری ئازەربایجان فەهیمیم گێڕایەوە کە بە پێی قسەکانی وی لە شاری ڕەزائیەدا هیچ شتێک ڕووینەداوەو هەموو تێکهەڵچوون و خراپکاری لە دەوروبەری ڕەزائیەدا ڕوویداوە. تەباتەبایی لە قسەکردندا بەردەوام بوو.
/بەشێکی تری نوێنەرانی مەجلیس چوونە دەرەوەو «بەیات» کۆتایی کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند بەو پێیە کە زۆربەی نوێنەران چوونە دەرەوە/
کاتێک کە تەباتەبایی تریبوونەکەی جێهێشت، ئەو نوێنەرانەی کە چووبوونە دەرەوە یەکسەر گەڕانەوەو کۆبوونەوەی مەجلیس دەستی پێکردەوە. ڕۆژنامەی «ئاهید» لە وتارێکدا دەنووسێت ئەگەر دەوڵەت ئیجازەمان پێبدات ئێمە بە ناوی خەڵکەوە خائینەکانمان (کوردەکان) دادگایی دەکرد و تەنانەت شەڕی جیهادمان ڕادەگەیاند.
گرۆپێکی خەڵکی ڕەزائیە کە لە تاران دەژین لە نزیک دەرگای مەجلیسەوە کۆبوونەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە کۆبوونەوەکە تەواو بێت دژی تەباتەبایی خۆپیشاندان ڕێکبخەن و لێی بدەن. بەڵام سەرەک وەزیر سوهێلی و وەزیرەکانی تر تەباتەبایییان تا ناو ئۆتۆمبێلەکەی بەڕێکرد و بەم جۆرە بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە ماڵێ.
دەکرێت لەسەر ڕووداوەکانی ڕەزائیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە بگەین:
١- دروستکردنی کۆمیسیۆنی ئەرمەنی و گەورەکردنی لە چاپەمەنییەکاندا بە دەستووری کاربەدەستانی بەرزی ئێران بووەو نیشانەی ئەوەیە کە لە پێشان پیلانی بۆ دانراوەو هەم لە مەجلیس و هەم لە چاپەمەنییەکاندا زۆر ژیرانەوە بە میتۆدەوە کاریان لەسەر کردووە. جگە لەوە لە ئیشوکاری کۆمیسیۆنەکەدا هەم سوهێلی سەرەک وەزیران و «موعتەمدی» جێگری سەرەک وەزیران و «بەیات» جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و «هومایۆنجی» سەرۆکی کۆمیسیۆن و جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە گەڵ کاربەدەستانی تری گەورەی ئێراندا تێیدا بەشدارییان کردووە.
٢- دەوڵەتی ئێران دەیەوێت ڕووداوەکانی ڕەزائیە وا لێبکات کە لە بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤییەتدا نەبێت و هەم لە پێش چاوی ئێرانییەکان و هەم لە پێش چاوی بێگانەکان سۆڤییەت بەدناو بکەن.
٣- بۆچی دەوڵەتی ئێران هەوڵی داوە لەسەر ڕووداوەکانی ڕەزائیە هەرا ساز بکات:
ئا) هەوڵدەدات سوپا بۆ ناوچەکە بنێرێت.
ب) نیشانی بدات کەوەک دایک ئاگادارو خەمخۆری خەڵکەو بەم چەشنە دەیەوێت دانیشتوانی ناوچەکە لە لایەنگرانی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا، لە ئێمە، دووردەخاتەوە.
پ) هەستی نەتەوایەتی لەناو دانیشتوانی ئێراندا، بە تایبەتی لە ئازەربایجان و ڕەزائیەو تاراندا بوروژێنێت.
ت) جارێکی تر ئەوە نیشان بداتەوە ئەرمەن و ئاسووری و کوردەکان دوژمنی ئێرانییەکانن. تەواوی ئەمانە دەکرێ بڵێین کە بە دەستی ئەڵمانیای فاشی و نۆکەرەکانی لە ئێران و لە وڵاتانی دراوسێی ئێران بە پلەی یەکەم تورکیا ساز دەکرێت.

کۆمیسارۆڤ
باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران

**لەسەر ڕووداوەکانی ڕەزائیە**

لە ناوچەکەدا هێمنایەتی بەرقەرارەو خەڵک خەریکی ئیشوکاری خۆیانن و خەلەوخەرمان کۆکراوەتەوەو بە قسەی جووتیاران بەرهەمی ئەمساڵیان لەساڵی ڕابردوو زیاترە. ئەمەش وادەگەیەنێت قسەکانی ڕژێم کە گوایە خەلەو خەرمان کۆنەکراوەتەوەو خەڵکەکە هەمووی ڕایکردووە، درۆیە.
فیودالەکان و خاوەن زەوی و زارەکان کە ڕایانکردبوو خەریکی گەڕانەوەن و داوای بەش و موڵکانەی خۆیان لە جووتیاران دەکەن. بەشێکیان سەرکارەکانیان بۆ وەرگرتنی موڵکانە ناردۆتە ناوچەکان. جووتیارەکان کە نیو ساڵە چاویان بە موڵکدارەکان نەکەوتووە، نایانەوێ موڵکانەیان پێبدەن. لە نێوان کوردەکان و جووتیارەکان و تەنانەت ئازەرییەکانیش دووبارە پەیوەندی بەستراوەتەوە، بەشێکی زۆر لە جووتیاران، کە نایانەوێ موڵکانە بە دەربەگەکان بدەن ، بە دەربەگەکان دەڵێن: بەشی ئێوە کوردەکان بردوویانەو لە هەندێ شوێن تەنانەت خۆیان پێشنیار بۆ کوردەکان دەکەن کە بێن و بەشی موڵکانەی زەویدارەکان ببەن و گوندەکانیان لە دەستدرێژیی ژاندارمەکان کە بە زۆر شتیان لێدەستێنن بپارێزن. پێشنیاری زۆری لەم چەشنە بە نووسین و بە وتن بە کوردەکان دەگات. لە گەشتەکەمدا بۆ بەشێک لە گوندەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە جووتیاراندا قسەم کردو ڕاستەوخۆ ڕایانگەیاند:
« کوردەکان بێنە لامان باشترە،موڵکانەی خاوەن زەوییەکان دەبەن و دەمانپارێزن» بەشێک لە فیودالەکانیش وەکو جووتیارەکان دەکەن و داوا لە کوردەکان دەکەن کە لە وەرگرتنی موڵکانە لە جووتیارەکان یارمەتییان بدەن و پێشنیاری ئەوە دەکەن بەشێکی موڵکانەکە بەوان بدرێ. (بۆ وێنە موڵکدار نەخشین نامەی بۆ تاهیر ئاغا نووسیوە). ئەم شتانە لە نامەی ئوستانداری ڕەزائیەشدا کە لە ڕێککەوتی22 ی یوتی1942 دا کە بۆ منی نووسیوە ڕەنگ دەداتەوە. ئوستاندار دەڵێ:«...... ئێستا جووتیارەکان بۆ خۆیان تاڵان دەکەن .گەنمان پێ نافرۆشن و بە قسەی کوردەکان دەجووڵێنەوە .... لە بەشێک لە گوندەکاندا جووتیارەکان نوێنەری فیودالەکان دەردەکەن -لە گوندی بیرو، ڕۆشکان- و ڕایانگەیاندووە کە :«ئێمە کە گەنمان چاندووە هەر خۆشمان دەزانین چی لێبکەین». لە ڕێککەوتی 11ی ئەیلوولی1942 دا زۆربەی سەرکردەکانی کورد (جگە لە عومەر خان و سرتیپ ئاغاو تاهیر ئاغا) لە باخی ئوستانداریی کۆبوونەوەو ئوستاندار ئەم پێشنیارانەی بە کوردەکان کرد:

١- نوێنەرانیان لە گوندەکان لابەرن و داوای موڵکانەی زەویدارەکان لە جوتیاران نەکەن.
٢- بە چەکەوە نەیەنە ناو شار.
٣- واز لە فرۆشتنی بە قاچاغی مەڕومالآت و دەغڵ و دان بە تورکیاو عێراق بێنن.

ئوستاندار هەڕەشەی لێکردوون ئەگەر بێت و ئەو داواکارییانە جێبەجێ نەکرێن بە زۆر جێبەجێیان دەکات. سەرکردە کوردەکان بەڵێنی جێبەجێکردنیان دەدەن و داوادەکەن کە بە دەمانچەوە هاتوچۆی شار بکەن.

دەوڵەتی ئێران لە لایەکی ترەوە هەوڵدەدات کوردەکان دژی ئێمە بە کاربهێنێت و نێوان ئێمەو کوردەکان تێک بدات. بۆ نموونە: ئەفسەرێکی ئێرانی بەناوی مەهدی خان ئەشرەفی لە 13ی ئەیلوول لە کاتی قسەکردنی لەگەڵ برای ڕەشید بەگ باسی بێخودایی سۆڤێتییەکانی بۆ کردووە. یان فەرماندای ئازەربایجان «خەدیو» لەگەڵ کاربەدەستانی تری ئێرانی، سەرکردە کوردەکان میوانداری دەکەن و قسەیان بۆ دەکەن دژی ئێمە بجووڵێنەوە. بۆ نموونە پێیان وتوون سۆڤێتییەکان تەواوی دەوڵەمەندەکانیان لەناوبردوون و دەستیان بەسەر سەروەت و سامانیاندا گرتووەو باسی تاوان و کردەوەکانی کۆمیساری گەل بۆ کاروباری ناوخۆ (وەزیری ناوخۆ) ی سۆڤیەتیان بۆ کردوون کە چۆن کوڵاکەکانیان لەناوبردوون و لەم بارەیەوە کتێب و نووسراوەشیان پێداون و پێیان وتوون ئەم چارەنووسەش چاوەڕوانی بەگە کوردەکان دەکات. هەروەها پێیان وتوون کە لە سۆڤیەت دین نەماوەو لە ناویان بردووەو پێیان وتوون کە بەو زووانە سۆڤیەت تێک دەشکێت و ئەڵمانەکان و ئێمەی موسڵمان یەکدەگرینەوە. ئێمە بەرنامەمان بۆ چاری کێشەی کورد هەیە و پێیان وتوون کە لە ڕابردوودا کورد چەوسێندراوەتەوە. دەوڵەتی ئێستای ئێران دەوڵەتێکی دیموکراتەو کوردەکان دەتوانن نوێنەری خۆیان بۆ مەجلیس بنێرن و دەوڵەتی ئێران ئامادەیە بەخشدارو فەرماندارەکانی کوردستان لە خودی کوردەکان دیاریبکات و خودموختارییان بداتێ، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم کارانە بۆ دوای سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئێراندا دەمێنێتەوە. دواتر وتوویانە کە دەبێ ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ تورکیادا هەبێت. ڕۆژنامەی «پرچم» ژمارە 142 تێلگرامی ئوستانداری ئوستانی چوارەم «مەرزەبان»ی بڵاوکردۆتەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە «لە ناوچەکەدا هێمنایەتی هەیەو قسەکانی ئەو ڕۆژنامانە کە لەسەر ڕەزائیە نووسیویانە بە درۆ دەخەمەوە».

کاتی گرتنی سیواستوپول لە لایەن ئەڵمانەکانەوە پروپاگەندەی فاشیستەکان لە ئێراندا زۆر بووەو بڵاویان کردۆتەوە کە بەو زووانە مۆسکۆو لینینگرادیش دەگیرێن و بە سەرکەوتنی ئەڵمان قەوقاز لە نێوان ئێران و تورکیادا دابەش دەکرێت. ئەم پروپاگەندانە لە ناوچە بێلایەنەکاندا واتە لە ڕەزائیەو مەهاباد بڵاودەبنەوە. هەروەها وتراوە کە بەشێک لە سوپای سوور لە ئێران چووەتە دەرێ و دەبێ موسڵمانەکان (کوردو ئازەری) یادی ساڵی1918 بکەنەوە، واتە ڕووسەکان چەک بکەن و هەر بەچەکەکانی خۆیشیان لەناویان بەرن.

دەوری ئینگلیز لە ناوچەکەدا و لەناو کوردو ئاسوورییەکاندا هەست پێ دەکرێت و خۆی دەنوێنێت. ئێستا هاتووچۆی ئازاد بۆ عێراق هەیە و گەنجە ئاسوورییەکان یان بۆ ئیشکردن یان بۆ خزمەتی سەربازی لە ڕیزەکانی سوپای ئینگلیزدا دەچنە عێراق. ئەوانەی کە لە عێراقەوە دێن بۆ ئێرە ئاژەڵ و گەنم بە گران دەکڕن و تەنانەت بەهەر نرخێک بێت دەیبەن بۆ عێراق. ئەگەر وەزعەکە هەروا بەردەوام بێت خواردەمەنی لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە.

داواکردنی خەڵکی ئێرە بۆ بەشداریکردنیان لە شەڕدا شانبەشانی سوپای سوور زۆرەو دوو تۆن دیاری و شتومەک کە بۆ سوپای سوور هێناویانە وەرگیراوە.

ماکسیمۆڤ
کونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

ڕۆژنامەی «مهر ایران» ڕۆژی 1942/3/18 لە زمانی نوێنەری شیرازەوە «ئاغای ئەبیشت»ەوە دەنووسێت: ڕەزائیە لە مەترسیدایەو دانیشتوانی لەوپەڕی ناخۆشیدان. خەڵکی 500 گوند تاڵانکراون 15 هەزار موسڵمان شارو ناوچەکانیان بەجێهێشتووەو هاتوونەتە تاران و تەورێز و . . . بەسەر شەقامەکانەوە سەرگەردان دەخولێنەوە. کوردو ئاسوورییەکان هەر لە کۆنەوە هەوڵیانداوە ئەم ناوچەیە لە ئێران جیابکەنەوە.

ڕۆژنامەی «پرچم» ڕێککەوتی 1942/5/27 ژمارە 105ی خۆیدا، کوردو ئاسوورییەکان بە گەورەترین تاوان مەحکوم دەکات و دەنووسێت: تەنانەت منداڵانی تازە لەدایکبووشیان کوشتووە.

ڕۆژنامەی «کوشش» ژمارەی 19ی ڕێککەوتی 1942/5/30 دەنووسێت: دوای شەهریوەر کوردەکان و ئاسوورییەکان پێکەوە دەستیان بە تاڵان کردو منداڵی شیرە خۆریان لە دایک دابڕی و منالی بچووکیان دەخستە ناو ئاوەوە، دەستدرێژییان دەکردە سەر ژنان. ئەگەر دەوڵەت هەنگاوێک بۆ پێشگرتن لەم تاوانانە نەنێت، ئەوا خوێنی هەزاران ئەفەر دەڕژێت. لەگەڵ کوردەکان دەتوانین پێک بێین بەڵام لەگەڵ ئاسوورییەکان نا. ئێمە داوای پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک دەکەین کە بۆ کڕینی شتومەکی ئاسوورییەکان هەنگاو هەڵگرێت و پاش کڕینی شتەکانیان بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دووربخرێنەوە یان بە پێچەوانەوە ئەوان شتەکانی ئێمە بکڕن و ئێمە وڵات بەجێدەهێڵین.

ڕۆژنامەی «پرچم» ژمارە123 ی ڕێککەوتی 11یۆنی1942 ئەم تێلگرامەی چاپکردووە: «تێلگرامێکی تر لە ڕەزائیەوە کە بۆ وەزیری جەنگ، مەجلیسی ئێران،ڕۆژنامەی پەرچەم، سادقی ئەفشار نوێنەری ڕەزائیە لە مەجلیسی ئێران نێردراوە» «ئێمە جووتیارانی هەژار هیواداربن دوای هاتنی سوپا بۆ ئێرە هێمنایەتی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، ئێمە بەو هیوایە بڕیارمان داوە بگەڕێینەوە بۆ شوێن و ماڵی خۆمان کە سوپای ئێران بمانپارێزێت. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ گەڕانەوەی هێمنایەتی لە لایەن سوپای ئێرانەوە هەڵنەگیراوە. کوردەکان و بەتایبەتی ئاسوورییەکان تاڵانی دەکەن و ئازاری خەڵک دەدەن لەبەر ئەوە ناچار بووین جارێکی تر بەرەو شاری ڕەزائیە هەڵبێین. ئێستا لەبەر نەبوونی ئاوو نەمانی خەڵک لە ناوچەکەدا کشتوکاڵ ناکرێت و لە شارەکەدا هەست بە سەرەتای سەرهەڵدانی برسێتی دەکرێت. ئەگەر دەوڵەت لەم بارەیەوە ناتوانێت یارمەتیمان بدات لانی کەم ڕێگەی ئەوەمان پێبێشان بدات کە چۆن خۆمان بگەیەنینە ناوچەکانی تر تاکو لەمەترسی فەوتان ڕزگارمان بێت. ئێمە تەنانەت ئامادەین هەرچی سامانمان هەیە بە جێبهێڵین.

تێلیگرامەکە ئەم ناوانەی خوارەوە ئیمزایان کردووە:
سەوڵەت، موحەمەد عیلانی (یان ئیلانی)، عەزیزی، جەعفەری، عەلی باقیری، سەداقی، هاشم ڕەزایی، کەلامی، فەرزانی و . . هتد.

هەروەها لە وتارێکی تردا دەنووسرێت کە ئاسوورییەکان بەرابەرایەتی مەلکوک کە دکتۆری ددانە بە تاڵان و کوشتنی خەڵک تاوانبار

دەکرێن، گوایە لە ماڵی ئەسکەندەر ئاسووری و ئەرمەن و کوردەکان کۆبوونەوەیەکیان بوودو، سەرکردەکانی کورد زیرۆبەگ و کەمال بەگ لەم کۆبوونەوەدا بەشدار بوون، کە تیایدا پلان و بەرنامەیان بۆ خۆیان داناوەو هێزی چەکداریان درووستکردووە.
سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕەزائیە کە ناوی (باقری والی زادەیە) بە دەستی پینەچییەکی ئەرمەنی بەناوی (هاراتون) کوژراوە. کوردەکان دەستیان بە هێرش کردنەوە بۆسەر پۆستەکانی ژاندارمری لە دەرەوەی شار کردووەو ژاندارمەکانیش بە هۆی نەبوونی تەقەمەنییەوە بەرەو شار پاشەکشەیان کردووە. ئەو گوندانەی کە کەوتوونەتە دەستی کوردەکان تالانکراون. جووتیارەکان بەدەستی بەتاڵەوە هاتوونەتە شار.ئەو شتانەی کە جووتیارەکان بۆیان دەرباز نەبووە، ئاسوورییەکان بەتالان بردوونیان و چەند جووتیارێکییشیان کوشتووە. (مەلایک) کە خەڵکی (بوز ئورادیف) بووە لە گوندی (بارانلو) بە بیستوپێنج نەفەر چەکدارەوە لەگەڵ کوردەکانی پشتیوانی لە ژاندارمەکان دەکات. بەڵام ئەمانیش لەبەر نەبوونی تەقەمەنی و زۆربوونی کوردەکان، واز لە بەرەنگاری دێنن و بۆ شار دێن.
دوای چەند ڕۆژێک ژاندارمەکان لەگەڵ کوردەکاندا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێن:
١ - کوردەکان پاراستنی ژیانی ژاندارمەکان بە ئەستۆ دەگرن و تا شار بەڕێیان دەکەن.
٢ - کوردەکان بڕیار دەدەن سووکایەتی بە ژاندارمەکان نەکەن.
٣ - ئەو پێگەو پۆستانەی کە ژاندارمەکان درووستیان کردوون لە لایەن کوردەکانەوە ناروخێنرێن.
دوای ئەم پێکهاتنە ژاندارمەکان خۆیان تەسلیمی کوردەکان دەکەن و بەم چەشنە دەگەنە شار. کوردەکان بەرەو شار بەڕێیان دەکەن و پاشان شاری ڕەزائیە گەمارۆ دەدەن.

**ڕاپۆرتی ماکسیمۆڤ کونسولی سۆڤیەت لە ورمێ**

لە ڕێککەوتی دەی یونی1942 چاوم بە مەرزەبان ئوستانداری ئوستانی چوار کەوت. مەرزەبان پرسیاری ئەو شێخە کوردەی کرد کەناوی عەبدوڵایەو لە عێراقەوە هاتۆتە ئێرە، کە ئایا شتێک لەم بارەیەوە دەزانم. لە وەڵامدا گوتم کە شێخ عەبدوڵاو قازیی محەمەد لەگەڵ وەزیری جەنگی ئێران لەسەر داخوازی دەوڵەتی ئێران هاتوونەتە ئێرە، بۆ ئەوەی پێشگیری لە تێکهەڵچوونی نێوان کوردەکان و کاربەدەستانی ئێران بکەن. هەروەها بۆ ئەوەیە کە قازی و شێخ عەبدوڵا بانگەوازی کوردەکان بکەن کە هێمنایەتی لە ناوچەکەدا بپارێزن. مەرزەبان وتی هاتنی شێخ عەبدوڵا لە عێراقەوە بۆ ناوچەی ڕەزائیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو گوندانەیە کە پێشتر هی ئەو بووەو دەوڵەتی ئێران دەستی بەسەردا گرتوون. شێخ عەبدوڵا دژی دەوڵەتی ئێران و دۆستی ئینگلیزە.
مەرزەبان وتی کاتێک کە ئەو لە ئەستەمبووڵ بووە دوای ساڵی 1912 بۆی دەرکەوتووە کە ئینگلیز چۆن دەیەوێت کوردستانی سەربەخۆ درووست بکات و دەیەویست بڵێت ئێستاش وازی لەم پیلانە نەهێناوە. مەرزەبان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی، ئەفسەرێکی ئینگلیز کە ناوەکەی لەبیر چووە، چەند ساڵێک بۆ ئەم مەبەستە بە نهێنی لەناو کوردو لورەکاندا خەریکی ئیشوکارو درووستکردنی ڕێکخراو بووە. مەرزەبان دەیەویست ئەوە بە من بسەلمێنێت کە کوردەکان ئێستاش هەر ئەو نیازەیان هەیەو ئینگلیزیش لە پشت سەریانەوە ڕاوەستاوە. لە وەڵامی پرسیاری من کە بۆچی دەبێت کوردەکانی ڕەزائیە کە کەوتوونەتە شوێنێکی دووری ئێران ، دژی دەوڵەتی ئێران بن. مەرزەبان گوتی کە کوردەکانی مەهابادو سەقز گوێڕایەڵی ئێرانن و تەسلیم بە سوپای ئێران بوون. /لە ڕاستیدا وانییە. ماکسیمۆڤ/ هەروەها باسی ئازایەتی کوردەکان و شەڕکردنەکانیانی کردو گوتی، چەکیان زۆرەو لە سەرانسەری کوردستاندا دەوریان هەیە. منیش گوتم کە ئێمەو ئینگلیز لەگەڵ ئێران پەیمانمان هەیە و کێشەی سەربەخۆیی کوردستان /کە مەبەستی ئەو ئەمە بوو/ هیچ پەیوەندییەکمان پێوە نییەو سەربەخۆیی کوردستان شتێکی یۆتۆپیایە.
پاشان گوتی سۆڤیێتییەکان دوو نەفەر ئازەرییان بە بیانووی چەکداربوونیان دەستگیر کردووەو وتی کە وابێت دەبێ دەیان هەزار کوردیش دەستگیر بکەن، واتە دەبێ تەواوی کوردەکان بگرن، چونکە هەموویان چەکدارن.
لە وەڵامدا گوتم کە ئاگام لە شتی وانییەو ، ئەگەر کرابێتیش ئێمە یارمەتی دەوڵەتی ئێرانمان داوە. مەرزەبان وتی، لەتاراندا وا بڵاوەو منیش نامەم پێگەیشتووە کە گوایە ئێوە (سۆڤێتییەکان) یارمەتی کوردەکان دەدەن. لە مەرزەبانم پرسی بیروڕای خۆتان لەم ڕووەوە چییە؟
مەرزەبان گوتی، درۆیە بەڵام خەڵکی وا هەن کە باوەڕ دەکەن. منیش گوتم کە ئەم دەنگوباسانە لە لایەن نۆکەرانی نازییەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەویش گوتی کە ئەڵمان لە ئێران دوورەو دەنگوباسی وا دوور لە ڕاستییە. منیش گوتم کە ئەمریکا دوورترە لە ئەڵمانیاوە، بەڵام لەویش نۆکەر و لایەنگیری فاشیست زۆرن.
تێبینی: شێخ عەبدوڵا یەکێکە لە شێخە گەورەکانی بنەماڵەی شەمدینان. لەناو کوردەکانی عێراق و ناوچەی مەهابادو باشووردا لایەنگیری زۆرەو لە ناو هۆزەکانی هەرکی و شکاک و ..... ناوچەی ورمێش لایەنگیری یەکجار زۆرەو لەوێش پێشوازی گەرمیان لێکردووە و دەستو جلوبەرگی ماچ دەکەن و چەند گوندێکیشی لە عێراق هەیە، کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە زەوتکراوە. هاتنی وی بۆ ڕەزائیە بە دەستووری ئوستاندار (فەهیمی) بووە. ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر وتووێژەکان و مەبەستی هاتنی وی نییە. بەڵام شێخ عەبدوڵا لە لایەن وەزیری جەنگی ئێرانەوە بەرەو تاران بەڕێکراوە.

ماکسیمۆڤ
کونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

**چاوپێکەوتن لەگەڵ مەرزەبان13ی یونی 1942**

لەسەر بارودۆخی ناوچەی شاپور پرسیاری کردو وتی لەلایەن فەرمانداری شاپوردوە تێلگرامی وەرگرتووە کە تێیدا دەڵێت کوردەکان دەیانەوێ شارەکە بگرن و لەم بارەیەوە زۆر پەرۆشە. هاوڕێ (شموراتۆڤ) وتی کە من چەند سەعات لەمەو پێش لەوێ گەڕاومەتەوە. بارودۆخی ئەوێ زۆر ئارامە. سەرۆکی خێڵی جەلالی (شێخ قادر) چاوی بە فەرماندار کەوتووەو لەسەر هاتووچۆی کوردەکان لە شاپوردوە بۆ ماکوان قسەو باسیان کردووە.
مەرزەبان باسی هاتنی کوردە کۆچەرییەکانی عێراقی بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران کردو وتی ئاژەڵیان پێیەو ژمارەیان زۆر زۆرەو سەرۆکی ئەو کوردانە فەتاح بەگە کە ماوەیەکە هاتۆتە ڕەزائیە.
لە ڕێککەوتی 16یونی 1942 لەسەر داخوازی ئوستاندار من و هاوڕێ گۆگۆل چوینە لای لە سەر گەڕاندنەوەو سەقامگیربوونی دووبارەی

پۆستەکانی ژاندارمری لە ناوچەی ڕەزائیەدا قسەمان کردو ئەمانەی خوارەوە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون:
فەرماندەی کەرتەکانی سوپای ئێران لە ڕەزائیە سەرهەنگ موعینی، جێگری فەرماندەی ژاندارمری سەرگورد هاشمی.
وا تێگەیشتم کە مەرزەبان دەیەوێ بڕواتە تاران تاکو ئەو دەنگوباسە درۆیانەی کە لەسەر ڕەزائیە لە لایەن ئوستانداری تەورێزەوە فەهیمی بلاوکراوەتەوە بە درۆ بخاتەوە، بەڵام فەهیمی دەیەوێ بەم جەشنە (بە درووستکردنی درۆوودەلەسە لە سەر ئازەربایجان) نیشان بدات کە مەرزەبان لێهاتوو نییە تاکو خۆی ببێتە ئوستانداری هەردوو ئازەربایجان و کۆنترۆلی هەردوولا بکات. منیش لەگەڵ مەرزەبان هاودەردم و دەمەوێ بۆ سەقامگیرکردنی هێمنایەتی لە ناوچەکەدا یارمەتی بدەم و بڕیاردرا کە پۆستەکانی ژاندارمی دیسانەوە لە ناوچە ئازەرنشینەکاندا دابمەزرێندرێتەوەو بڕیاردرا بەبێ ئاگاداری فەرماندەی سوپای سوور لەناوچەکەدا نەجوڵێتەوە. هەروەها بڕیاردراوە کە پشتگیری لە فرۆشتنی بە قاچاخی گەنم و ئاژەڵ بە عێراق و تورکیا نەکرێت. ئینگلیزەکان زۆربەی گەنمی ئێرەیان کڕیوەو بردویانە بۆ عێراق. ئێستا لە ناوچەکەدا هەست بە برسێتی دەکرێت. منیش قەولی یارمەتیم بە مەرزەبان داوە.

ماکسیمۆڤ
کونسۆلی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

لە ڕێککەوتی 17ی یونی 1942 چاوم بە حاجی ئەمیر نازمی ئەفشار کەوت کە کابرایەکی زۆر دەولەمەندە و گلەیی دەکرد کە ئێمە بایەخێکی زۆر بە کوردەکان دەدەین و خۆمان لە ئازەرییەکان ناگەیەنین بۆ سەلماندنی ئەم قسانەش باسی سەفەری نوێنەرانی کوردی بۆ باکۆ کردو وتی کورد لە ئازەربایجاندا زۆربەی دانیشتوان پێکناهێنن. داوای کرد کە ئازەرییەکان فەرامۆش نەکرێن.

ماکسیمۆڤ
کونسۆلی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

**چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری فەرماندەی ژاندارمری ئازەربایجانی ئێران سەرگورد تەیمورچی لە ڕێککەوتی30 ی یونی 1942**

ئەو کە گوایا لە تەورێزەوە بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ژاندارمری و بەهێزکردنی، هەروەها گەڕانەوەی هێمنایەتی هاتوە بۆ ئێرە. ئەو وتی کە لە کاتی هاتنی لە ڕێگای شاپورەوە بۆ ئێرە چاوی بە دێنشینەکان کەوتوە کە بەرەو شار هەڵهاتوون گوایا دەترسن کوردەکان هێرش بکەنە سەریان. داوای یارمەتی لە ئێمە کردو وتی پێویستە سوپای سوور یارمەتی سوپای ئێران بدات. هەروەها وتی کە کوردەکان مەڕومالآت دەدزن و تالآن دەکەن و بە تورکیای دەفرۆشن و تورکیاش بە نازییەکانی دەفرۆشێت. لەبەر ئەوە تورکەکان هێندە دەولەمەند نین کە بزنێک بە سەد لیرە بکڕن. ئەگەر ئێمە دژی کوردەکان نەجوولێینەوە، ئێمە ئەلمانەکان بەخێودەکەین کە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ ئێوەش زیان دەگەیەنێت. هەروەها وتی کە کوردەکان لە کۆتایی 1917دا دژی سوپای ڕووسیا شەڕیان کردووە. منیش بەڵێنم پێدا کە سوپای ئێمە بۆ داسەپاندنی هێمنایەتی یارمەتی دەولەتی ئێران دەدات.

**وتووێژ لەگەڵ ئوستانداری ئوستانی چوارەم دکتۆر مەرزەبان لە ڕێککەوتی 24ی یونی 1942**

....... باسی ئەوەم بۆ کرد کە لە کاتی گەشتەکەم بۆ گوندەکانی ناوچەی ئازلو ئارامییەکی تەواوم بینی و جووتیارەکان خەریکی ئیشوکاری خۆیانن و لە هیچ شوێنێک کوردەکانم نەبینی، بەڵام زۆربەی خەلکی گوندەکانی زورەگناواو قەرەڵدر هێشتا نەگەڕاونەتەوە جێی خۆیان و لە شاردا دەژین، نازانم بۆ ناگەڕێنەوەو لەچی دەترسن؟ ئوستانداریش وتی منیش نازانم هۆکەی چییە و دەستووری داوە کە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. پاشان مەرزەبان باسی ئەو درۆوودەلەسانەی ڕۆژنامەی پەرچەمی کرد کە سەبارەت بە ڕەزائیە دەنووسێت. ئوستاندار وتی کە وتارەکانی ڕۆژنامەی ناوبراوی خوێندۆتەوەو زۆر سەری سوڕماوەو بانگی یەکێک لە نووسەرانی ئەو وتارانەی بە ناوی «فەوزانی ئیسماعیلی» کردوە بە نووسین بەڵێنی لێوەرگرتووە کەچیتر لەو وتارانە نەنووسێت.

ماکسیمۆڤ
کونسۆلی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

**لە دەفتەری ڕۆژانەی نیڤانۆڤ سەر کۆنسۆلی سۆڤیەت لە ڕەزائیە 16ی فێبریوەری 1942**

... چاوم بە ئوستاندار کەوت و وەک جاری پێشو لە بارەی یارمەتیدانی سوپای ئێمە بەوانی کرد و دەستنیشانی ئەوەی کرد کە دەسەلآتدارانی خۆجێی ئێران بە تایبەتی ئەو وەک ئوستاندار بەرامبەر بە کوردەکان زۆر بێ دەسەلآتن و باسی ئەوەی کردکە پۆلیسی ئێران لەو جێگایانەی کە سوپای سۆڤیەتی تیا نەبێت ناتوانن بڕۆن و دەترسن.
ژمارەیەک لە مولکدارەکانی ئازەری کە لە سولدزەوە هاتبوونە ئێرە پێیان گوتم کە 18 گوندیان تالآنکراوەو گێرمەو کێشە لە نێوان کوردەکان و ئاسوورییەکان بە سەرۆکایەتی مەلا بورهان و ئازەری و فارسەکان بە سەرۆکایەتی خەسرەو خانی قەرەپاپاخ بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە بەردەوامە. خەلک ئاژەڵ و دانەوێلەی خۆیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی تفەنگی پێبکڕن و نرخی تفەنگێک گەیشتۆتە 3500 ڕیاڵ و دانەی فیشەک بە 7 ڕیالە. ئەوان داوایان دەکرد سوپای سووریش بنێرین بۆ ئەوێ.هەروەها گوتیان ئەگەر سێ ئەفەریش بنێرن هەر بەسە منیش لە وەلآمدا گوتم لەبەر ئەوەی ناوچەی ناوبراو ناوچەیەکی بێلایەنەو ئێمە لەگەڵ ئێران و ئینگلیز پەیمان هەیە ناتوانین ئەم کارە بکەین. یەک سەعاتی پێنەچوو کە ئوستاندار هات و ئەویش شکاتی لە کوردەکان هەبوو. ئەو باسی دوژمنایەتیی نەتەوایەتیی نێوان کوردو ئازەری و ئەرمەنی و ئاسووری و فارسی کرد لە ناوچەکەدا کە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. هەروەها وتی کە دەولەتی ناوەندی توانیویەتی تەواوی ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت بکات، ئێمە توانیمان بە زووترین کات هێمنایەتی دامەزرێنین و ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەن و ئاسووری و کوردەکان هەلودای عێراق بکەین. هاتنی کوردەکانمان بۆ شار قەدەغەکرد. ئێستا کوردەکان دووبارە موسلمانەکان ئازار دەدەن، بەشێک لەوانە بە ناوانی ئاژاوەنانەوە کە لە ناوچەکە دوورخرابوونەوە دووبارە گەڕاوەتەوە ناوچەکانی خۆیان. ئەرمەنەکان و ئاسووری وکوردەکان دەچنە لای فەرماندەی سوپای سوورو دەنگوباسی موسلمانەکان دەبەن بەتایبەتی لەسەر بریندارەکانیان جا لەبەر ئەوە پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئەوان (ئەرمەن و ئاسووری و کورد) چەک بکرێن. ئەو کاتە موسلمانەکان بۆ خۆیان چەک دادەنێن و ئۆقرە دەگرن. ئەگەر ئەم کارە جێبەجێ بکرێت من موسلمانەکان ناچاردەکەم لە ماوەی سێ ڕۆژدا چەکەکانیان تەسلیم بکەنەوە.
من لە وەلآمدا گوتم کە لای ئێمە هەموو نەتەوەکان مافیان وەک یەکەو ڕێزیان لێدەگیرێت. بۆیە فەرماندەی هێزەکانی ئێمە بەیەک چاو دەڕواننە کوردەکان و ئەوانی ترو بۆ چەک کردنیش هەموویان یەکسان

سەیر دەکرێن. پێمگوت زۆر سوپاست دەکەم جەنابی ئوستاندار ئەگەر دوو نموونەم سەبارەت بە چەک کردنی موسڵمانەکان لە لایەن سوپای سوورەوە بۆ بهێنێتەوە. ئوستاندار گوتی کە لەبەر هێندێک شت ناویرێت نموونە باسبکات. ئوستاندار جگە لەوەی کە داوای چەککردنی کوردەکان لە لایەن ئێمەوە دەکات و دەشخوازێت دەستووری دەرکردنی کوردەکانی لە شار لە لایەن ئێمەوە بلاوبکرێتەوە. ئەو بۆخۆی ناتوانێت نە چەکیان بکات و نە دەستوور بدات شار جێبێڵن، لەبەر ئەوە کوردەکان گوێ نادەنە دەسەڵاتدارانی ئێران. من لە وەڵامدا گوتم کە دەستووری ئەوتۆ تەنیا دەسەڵاتدارانی ئێران دەتوانن بیدەن. دەستووری وا ئەگەر لەلایەن ئێمەوە بدرێت بە دەستتێوەردان لە کاروباری ئێران لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش دژی پەیماتی سێقۆڵیی نێوان ئێران و ئینگلیزو سۆڤیەتە. پاشان گوتی ئەی چی بکەن؟ کوردەکان لە شار ئاژاوە دروست دەکەن و دەبنە هۆی ناهێمنایەتی ناو شار. ئوستاندار گوتی کە پەیدابوونی کوردەکان لەناو جادەکانی شاری ڕەزائیە بووەتە هۆی ئەوەی کە هێندێ لە بازرگانەکان ناچارین شار جێبێڵن. بۆ نموونە میرزا خانی ئەفشار دەرمانخانەکەی بەستووەو چۆتە تەورێز.

ئوستاندار گوتی کە لە تارانەوە دەستوورمان پێدراوە کشتوکاڵ زیاتر بکەین و دەبێ گەنم و دانەوێڵە بۆ تەورێزو تاران و خۆراسان بنێرین.

ئوستاندار گوتی: جووتیارەکان مالیات نادەنە ئێمەو گیروگرفتێکی گەورەیان بۆ ئێمە دروست کردووە، زەوی مولکدارەکانیان زەوت کردووەو تەنانەت کرێشیان نادەن و زۆربەیان ئەرمەن و ئاسوورین. مولکدارە بچووکەکان ناتوانن قەرز لە بانک وەرگرن لەبەر ئەوە قەرزی کۆنیان نەداوەتەوە، چونکە نییانە. هەروا وتی داوات لێدەکەم ئەگەر فەرماندەی سوپای سوور ڕۆیشت بۆ ناو گوندەکان داوا لە جووتیارەکان بکات مالیات بدەن و، کۆماندێر موستەفاییێڤ پێیان بڵێت کە هێشتا دەولەت ماوە. من لە وەڵامدا گوتم کۆکردنەوەی مالیات لە ئەستۆی خۆتانەو کارێکی ناوخۆییە ئێمە دەستی تێوەرنادەین و فەرماندەکانی سوپای سوور ناتوانن بە خەڵک بڵێن مالیات بدەن یان نەدەن. ئەوان ئەرک و کاری تر جێبەجێ دەکەن و داواکارییەکانی ئێوە ئیشی ئەوان نییە. ئوستاندار گوتی، ئێمە سێ هەزار تۆن گەنمان لە ناوچەی سولدز کڕیوە، بەڵام کوردەکان ناهێڵن بیگوازینەوە. ئەگەر ئێوە 3 -4 سەربازی خۆتانمان پێبدەن ئێمە دەتوانین بیگوازینەوەو، پێشەکیش زۆر سوپاستان دەکەم. لە وەڵامدا پێم گوت کە ئەمەشیان ئەرکی ئێمە نییە، بەڵام باڵوێزمان لە تاران سەبارەت بەم شتانە ئاگادار دەکەینەوە.

ماکسیمۆڤ

**بۆ باڵوێزی یەکێتیی سۆڤیەت هاوڕێ سیمیرنۆڤ.ئا.ئا**

25 ی **فێبریوەری**1942

دەولەتی ئێران هەر لە کۆنەوە سیاسەتی هەڵگیرساندنی دوژمنایەتیی نێوان گەلانی ئێرانی گرتۆتە بەر، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕەزائیە. بە قسەی ئوستاندار «ئەحمەدی ئاراستە» لێرە کوشتاری بە کۆمەڵ ڕوویداوەو بیست هەزار کەس کوژراون، لە ئەنجامی ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردو ئەرمەن و ئاسوورییەکان بۆ عێراق هەڵاتوون. بزووتنەوەی کوردەکان بەڕێبەرایەتیی سمکۆ کە بە کوشتنی وی لە لایەن ڕێبەرانی خۆفرۆشی ئێرانەوە کۆتایی پێدێت، هاتنی کوردەکان بۆ شاری ڕەزائیەو شاپوورو تەورێز قەدەغە کراوە. تەواوی ئەم سیاسەتانە مێتۆدێکی فاشستین و ئەمانە هەمووی پێش هاتنی سوپای سوور بۆ ئێران ڕوویانداوە. ئێستا خەڵک بە هاتنی سوپای سوور شادن. گەلانی ئەم ناوچەیە هەر کام بە پێی ناسیۆنالی خۆی ڕێکخراوی خۆیان درووست کردووەو بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی خۆیان تێدەکۆشن، بەگشتی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە دەستوورو گوێڕایەڵیی بۆ دەولەتی ئێران سەرپێچی دەکەن. دامودەزگاکانی دەولەتیی لە زۆربەی ناوچەکاندا نەماون، بۆ نموونە لە سولدزو سەقزو بانە ......

بە هاتنی سوپای سوور بۆ ئێران کوردەکان ئەو کاتە هەستیان بەوە کرد کە وەک دانیشتوانی تری وڵاتی خۆیان ئێرانین. بۆیە ئەوان لایەنگیری لە ئێمە دەکەن و خۆیان بە نزیکی ئێمە دادەنێن. سەفەری ژمارەیەکی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ ڕۆڵێکی زۆری لەم بارەیەوە بینیوە. ئەوان لە نزیکەوە شتی زۆریان بینیوەو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتییان بە کردەوە بینیوەو پاش گەڕانەوەیان دەستیان بە پڕوپاگەندە کردووەو لەناو خەڵکدا بڵاویانکردۆتەوە کە سۆڤیەتەکان بەڵێنی خودموختارییان پێداون.

ئوستانداری پێشوو لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ من گوتی کە کوردەکان وەحشی و پیاوکوژو تاڵانکەرن و لە ڕابردوودا نەیاندەهێشت بێنە شار، لەبەر ئەوە موسڵمانەکانیان دەکوشت. ئەوان ئێستا هەست بە ئازادی دەکەن و ئێوە چەکداریان دەکەن.

ئوستانداری ئێستە ئەحمەدی ئاراستە، لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دەیانگوت:« کوردەکان گوێڕایەڵی ئێمە نابن، تەنانەت ئەگەر ئێمە هێزێکی زۆریشمان هەبێت، بەڵام ئێوە ئەگەر بە پێ چەکیش بن، ڕێزتان دەگرن»

ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان دێنە باڵوێزخانەی ئێمەو داوای پەنابەری و ڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت دەکەن بۆ وێنە ڕۆژی 22ی فێبریوەی 1942کەمال بەگ عەلی میر حاج بەگ (باوک و کوڕ) هاتنە لامان، کە هەشتا گوندیان بە 5.4 هەزار دانیشتوانەوە هەیەو لەسەر سنووری ئێران-تورکیا لە ناوچەی تولیاکی، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و گاجار دەژین. ئەوان هاتبوون بپرسن، ئایا سۆڤیەت ئامادەیە هەموویان وەرگرێت. هەروەها پێشنیاری ئەوەیان پێکردین کە یارمەتی (مەڕو ماڵات و ئەسپ) بە سوپای سوور پێشکەش دەکەن. هەروەها دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکان کە لە 35-40 کیلۆمەتری ڕەزائیە دەژین پێشنیاری یارمەتی مالیان بە سوپای سوور کرد. وێنەیەکی تر کە کوردەکان پشتیوانی لە ئێمە دەکەن ئەوەیە کاتێک کە کەرتەکانی سوپای سوور دەچنە ناوچەی سولدوز یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای سوور داوا لە مەلا بورهان دەکات کە هێمنایەتی ناوچەکە بپارێزێت، لەو کاتەوە تا ئێستا مەلا بورهان بە دەست نیشاندەی سوپای سوور دادەنێن. کاتێک کە لەلایەن دەولەتەوە نوێنەرێک بە ناوی «خوسرەو خانی قەرەپاپاخ» دیاری کرابوو خەڵکەکە پێی دەڵێن نوێنەری ئێمە مەلا بورهانە و تەنیا سوپای سوور دەتوانێت ئەو لابەرێت. سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکان لایەنگیری لە ئێمە دەکەن دەبێ ئاگاداربین، چونکە ئینگلیزەکان و تورکەکان و ئێرانییەکان دەیانەوێت کەڵکیان لێوەربگرن و بەرەو لای خۆیان ڕایانکێشن. کارکردن لەناو کوردەکاندا باشترە بدرێتە دەستی گروپەکانی هاوڕێ عەلییێڤ و ئاتاکشیێف. تکایە کەس لەم دوو گروپە نەنێردرێن بۆ ئەملاو ئەولا، تا لەناو کوردەکاندا خەریکی ئیش بن.

م . نیڤانۆڤ

سەر کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائیە

(ماوێتی)

# گاو شینجیەن یەکەمین نووسەری چینە که خەڵات دەکرێت

لەم دۆسییەدا:
* خودو جیهان (وتار)
* پینەدۆزو کچەکەی (چیرۆک)
* من شانۆ چۆن دەبینم (وتار)
* مۆنۆلۆگ (شانۆنامە)

**حەسەن نوور لە سوێدییەوە کردوونی بە کوردی**

## خود و جیهان

مرۆڤ بۆ دەنووسێت؟ یان ڕاستتری بڵێم: من بۆ دەنووسم؟
ڕەنگە ئەم پرسیارەم لە هی دیکە لەلا گرنگتر بێت. هەروەکو کتێبەکانم وەرگێڕدراون و شانۆنامەکانم لە ڕۆژئاوادا نمایش کراون، خوێنەری کتێب و بینەری شانۆگەرییەکانم داویانەتە زۆری. بەڵام کە بەرهەمەکانم نووسین لەو بڕوایەدا نەبووم ڕۆژێک بێت و چاپ بکرێن، یان سەر شانۆ بخرێن. نەشمدەزانی خوێنەر و بینەرانم لە کوێن. لەبەر ئەوەی نووسینەکانم قەدەغە کران، لە بینەر و خوێنەری چینی دابڕابووم. چونکە بیرم بۆ ئەوە نەچووبوو کە خوێنەری ڕۆژئاوایم هەبێت، بۆیە بۆ ئەوانیشم نەدەنووسی.
بەردەوامبوونیشم بە خوگرتن و خەدەدانم بە نووسینەوە، وەکو جۆرێک لە گوزەرانکردن، بەست بووە. لە ساڵە سەختەکانی سەرەتای شۆڕشی کولتووریدا ترسی ئەوەم لێنیشتبوو، سووریارێزان بدەن بەسەر ماڵەکەمدا، بۆیە ئاگرم لە باوڵێک دەستنووس و ڕەشنووسی خۆم بەر دا. دوایی کە بۆ پێنج ساڵ کارکردن ڕەوانەی لادێ کرام، بای ئەو خووە کۆنەم هەڵیکردەوە و، دەستم دایەوە ئەو خەتەربازییەی کە بەنهێنی خەریکی نووسین ببمەوە. سەرەڕا بۆ شاردنەوەی نووسینەکانم ناچار بووم لە شووشەیان بئاخنم و لە چاڵ قایمیان بکەم. من پێم وانەبوو، ڕۆژێکی ڕۆژئاسا شۆڕشی کولتووری کۆتایی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هزر و هەستی خۆم نووسیونەتەوە، بۆ ئەوەی تەنیایم بتارێنم و خۆشم لێبگوزەرێت.
کە شۆڕشی کولتووری بەسەرچوو، دەرووی بەختم بۆ بڵاوکردنەوە و بەنووسەربوونم لێکرایەوە. بەڵام ئەم کارە هاوکات کێشەی نوێ و ڕەخنەلێگرتن و سانسۆریشی بۆم نایەوە، ئەگەرچی هەوڵم دەدا خۆ بگرم و خۆم لە کێشە سیاسییەکان ببوێرم. ئەدەبی چینی لە سەراسەری سەدەی ڕابردوودا نەیتوانی لە ستەمە شەوەئاساکەی سیاسەت دەربازی ببێت. ئەگەرچی شۆڕشی کولتووری لە هەشتاکاندا بەسەرچوو، بەڵام شۆڕش و بزووتنەوەی کەمبەرچاوتر بێدابڕان لەئارادابوون. بۆیە هەندێک لە نووسەران کەوتنە بانگەشەکردن بۆ "ئەدەبی پەتی"، ئاشکرایە بۆ ئەوەی خۆ لە ستەمە سیاسییەکە بپارێزن. لەگەڵ ئەمەشدا من

پێم وانییە بۆ داهێنانی "ئەدەبی پەتی" دەنووسم. ئەگەر "ئەدەبی پەتی" مانای لایەنگریی زمان و شێوەی ئەدەبی و ئیستاتیک، وەکو بەوشە گەمەکردنێکی بێناوەڕۆکی جەدی بگەیەنێت، گومان دەبەم شایەنی ژیان بۆبەختکردن بێت.

باوەڕ ناکەم "ئەدەبی پەتی" فریارەسی ئەدەب بێت. ئایا ئازادی ئەدەبی لە سایەی ڕژێمی دکتاتۆریدا لە ئارادا دەبێت؟ ئاخۆ بەمەرجکردنی "ئەدەبی پەتی" مانای تەنگکردنەوەی ئەدەبییش ناگەیەنێت؟ داخۆ ئەمە تەنیا خۆشخەیاڵیی نووسەران نییە؟ ئەم پرسیارە لەڕووی هەموومان دەوەستێتەوە، ئەگەرچی دەتوانین خۆ لە باسکردنی ئەم بابەتە بپارێزین، بەڵام هەرگیز لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ئەدەبی چینی لە مەودای سەد ساڵی لەمەوبەردا گیرۆی جۆراوجۆر ئەشکەنجەی داوە. هەرکە ئەدەب و نووسەرانیش ڕوو لە بەرزی هەڵکشابن، دیسان بەربوونەتەوە نێو قەیرانی واقعی سیاسییەوە و، بێچارە کەوتوونەتەوە.

ڕاستیشە، کە "ئەدەبی پەتی" ڕاپەڕینە لەڕووی ئەدەبی باودا، کە پاشکۆی دەسگاکانە. ئەگەر کونترۆڵە سیاسییە زاڵەکە لەبیرنەکەین، دیارە کە نەک هەر ئاوا هەڵدەکەوێت، بەڵکو تەنگکردنەوەیشی بەدوادا دێت. هەر کە دەسگاکانی دەسەڵات پێیان وابوو نووسەرێک دەم لە سیاسەت دەکوتێت و، قەڵەم لە کێشە ڕاستییەکان بەکاردەهێنێت، ڕوونکردنەوەی ڕەخناوی دەخاتە ڕوو یان زیان بە ئاکاری باو دەگەیەنێت، لە ئاستی خۆیدا ڕایدەگرن. ئەگەرچی زۆری جاران بیشیسەلمێنێت، کە تەنیا بە "ئەدەبی پەتی"یەوە خەریکە. جا ئەگەر باری پەتیبوون و پەتینەبوون بکەین بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەب و، ئەگەر ئەم ستراتیجی بەرگرییە دۆزی داهێنانمان بێت، ئەوا ڕووی ئەدەب لە لاوازی دەکرێت و ئیدی ژیان بۆ ئەدەب تەرخانکردن هیچ مانایەک نابەخشێت.

سەیر نییە کە ئەدەب لە سەرووی سیاسەتەوە دەوەستێت، چونکە لە شێوەی نووسیندا، بەو پەڕی ئازادییەوە، گوزارە لە مرۆڤ و هەلومەرجی ژیانی دەکرێت و، چونکە پێویست ناکات بایەخە بەرژەوەندییەکانی واقع لەبەرچاو بگرێت. جێی خۆیەتی ئەدەب مەبەستی سیاسی هەبێت، بەمەرجێک نووسەر ڕای لەسەر بێت. کەس لاری لەوە نییە. بەڵام هەر بەو جۆرە یەکجار جێی داخە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی زۆر بۆ نووسەر بهێنێت و ناچاری خزمەتکردنی مەبەستێکی سیاسی بکات. لە ١٩٤٩ بەملاوە هەر ئەم بارەیە کە زۆری نووسەران خۆیانی تێدا دەبیننەوە. لە بەراییدا بەشێک لە نووسەران هێشتا تەمای خۆشیان لە شۆڕش نابوو و، کەم تا زۆر ئامادەی هاوکاریکردن بوون، بەڵام سیاسەتەکەی ماوتسی تۆنگ هەناسەی لە ئەدەبی چینی بڕی. نووسەری بەجەرگیش، کە بوێرانە بەرەنگاری ستەمە سیاسییەکە بوویێتنەوە، هەرگیز کەم نەبوون، بەڵام زۆری جاران و لە کۆتاییدا هەم ژیان و هەم ئەدەبەکەیان لە ڕێی خەباتدا بەخت کردووە.

من هەڵاتن و ژیانم لە ڕۆژئاوادا هەڵبژاردووە. بەڵام هیچ کاتێک هەوڵم نەداوە، بوونم وەکو نووسەرێکی تاراوگەنشین بشارمەوە، بەڵکو بەئاشکرا خستوومەتەڕوو کە تاکو وڵاتەکەم دکتاتۆر بێت، بیر لە گەڕانەوە ناکەمەوە. لە ١٩٨٩دا و، لەپاش بەکۆمەڵکوژییەکەی گۆڕەپانی (ئاشتی ئاسمانی) دا، ڕوون و ئاشکرا هەڵوێستی خۆم لەڕووی ئەو کردارە خوێناوییەدا نواند و داوای خۆکێشانەوەم لە پارتی کۆمەنیست کرد. سێ مانگ دواترشانۆنامەی "هەڵاتن"م نووسی، کە دەزگاکانی دەسەڵات مۆری دژەشۆڕشیان پێوە نا. ماڵەکەمیان لە پیکینگ پشکنی و پێوەندی لێدرا. بەڵام "هەڵاتن" باسی هەڵاتن تەنیا لە جەور و ستەمی سیاسی ناکات، بەڵکو هەڵاتن لە ستەمی کەسانی دیکەش دەگرێتەوە. ئەوەی کە لە ئاکامدا هەرگیز ناتوانین لێی قوتار ببین خودی خۆمانە، ئەگەر توانی جڵەوگرتنیمان نەبێت، ژیانمان لێ بە دۆزەخ دەکات.

بێگومان شانونامەکە "ئەدەبی پەتی" نییە، بەڵام کارێکی تەنیا سیاسی ڕووت، یان ئەدەبی مەبەست سیاسی نییە. بۆیە وەبەر ڕەخنەی هاوڕێیانی سەر بە بزوتنەوەی دیموکراتیشەوە کەوتم. ئەو شانۆیەی لۆس ئێنجلس کە ئەرکی نووسینی شانۆنامەکەی پێڕاسپاردم، داوای لێکردم پێیدا بچمەوە. چونکە ئەو پاڵەوانانەی ئەوان بە تەمایان بوون، کارەکەی من وەخۆوەی نەگرتبوون. من داواکەم ڕەت کردەوە و شانۆنامەکەم لێوەرگرتنەوە و خەرجی وەرگێڕانەکەیشی



کەوتە ئەستۆم. دواتر لە سوید و ئەڵمانیا و فەرەنسا و پۆلاند پیشان درا. بەڵام هیچ کام لەو نمایشانە تێبینی و ڕەخنە لە بارودۆخە سیاسییەکەی چین نەبوون، بەڵکو جەخت بوون لە لایەنە فەلسەفییەکەی دەقەکە و، وەکو تراجیدیایەکی نوێ لەمەر باروحاڵی مرۆڤی تاکەوە چاوی لێکرابوو.

ئەوەی کە بەتەمای نووسینی بووم - کە هێشتا لە چین هەڵنەبڕابووم- پێدەچێت لێی بووبێتمەوە. من دەمویست داستانێکی چینی دابهێنم، بۆیە شانۆنامەی (دڕندە) م نووسی، کە باس لە نوغرۆبوونی بەیتی هان-چینییەکەوە دەکات. دەمویست کتێبێک لەبارەی ئەفسانە کۆنەکانی چینەوە بنووسم کە تەنیا وەکو کەرتێک لە ئەدەبی کلاسیکی چینیدا پارێزراون. ئیدی کە لە دەرەوەی وڵاتدا گیرسامەوە، ئەو بابەتانەم بەکارهێنان کە لە چیندا کۆم کردبوونەوە و، شانۆنامەی (مێژوویەک دەربارەی چیا و دەریا) م نووسی، کە لە نەژادی کولتووریی نەتەوەی ئێمە دەکۆڵێتەوە. پاش ڕەنجی حەوت ساڵی خشتم و، لە فەرەنسا ڕۆمانی "چیای ڕۆح" م ئامادە کرد. کتێبێک کە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ خۆم نووسیوە و، کۆی بیرەوەرییەکانی منداڵی و گشت گومان و زانیاری خۆمی دەربارەی کولتووری چینی وەخۆوە گرتووە. ئەمیان کۆتایی بە هەستی دوورەوڵاتی و تاسەباریم هێنا.

به شانۆنامەی (هەڵاتوو)ش دواییم بە خەریکبوونم بە سیاسەتی چینییەوە هێنا و، بڕیارم دا خۆم لەگەڵ ڕژێمدا یەکلا بکەمەوە. لەم بەرهەمانەمدا بۆچوونە پۆزەتیڤەکانم لە سەرنجە نەگەتیڤەکانی کولتووری ئەو وڵاتەی تێیدا لەدایک بووم: چین، جیا کردوونەوە. خوێنی چینیم و کولتووری چینی، کە خۆمیان پێ پێناسە دەکەم - چینی من- لەگەڵ جەستەمدا ئاوێتە بوون. ئەوەی دەربارەی دەنووسم کولتووری چینی منە، ئەو کولتوورەیە کە لە ناخمدا داڵدەم داوە.

من بڕوام وایە، کە وەستانەوە لەڕووی ستەمی سیاسی و دەورویەرە کۆمەڵایەتیە ڕاستییەکە لە ئەدەبدا ئاساییە. ئەم لەڕووووەستانەوەیەش تەنیا لە تاکەوە سەرهەڵدەدا، نەک لە گرۆوە. هەرکە دەنگی تاک لەلایەن گرۆوە کۆنترۆڵ کرا، ئیدی دەبێت سازش و مل کەچ بکات یان بۆ دەستخەرۆکردنی ڕێگە بە کەسانی دیکە بدات. بەم جۆرە ئەدەب لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، دوێنێ و ئەمرۆیش، خەفە دەکرێت.

ئەمرۆ تێکلانی سیاسەت بە ئەدەبەوە لە ئەورووپادا کەم بەرچاوە، فشار و ستەمەکە لە باری ئابووری بازاڕەوە سەرچاوە دەگرێت. من و هاوکارە ڕۆژئاواییەکانم گیرۆدەی هەراسانیی دیکە بووینەتەوە، کە بێگومان بە هەراسانییە سیاسییەکە ناگیرێن. نووسەر لە ڕۆژئاوادا ئازادی تەواوی هەیە، بۆ نووسینی هەرچییەک ڕای لێبێت، مەگەر بوختان بۆ کەسانی دیکە هەڵببەستێت. بەڵام مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بژێوی خۆی دابین بکات و خۆی بڵاوبکاتەوە، دەبێت بەپیر مەرجەکانی بازاڕەوە بچێت. بێتو نەیەوێت لە ڕووی بازاڕدا سەرچەمێنێت و نەداتە پاڵ زەوقی چاپخانەوان و خوێنەر، ناچارە بە تەنیایی ڕەزا ببێت.

من ڕێگەی دوایینەیانم گرتووەتە بەر. میراتی کولتووری چینیشم - کە تا لەوێ هەڵنەبڕابووم، ڕک و کینم لێدەبووەوە- هیچ کاتێک بە بازاڕدا نەگێڕاوە. لەسای ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی چینیش بژێوی خۆم دابین ناکەم، چونکە ئەو جۆرە ڕەخنەیە زۆر ڕووکەش دەبینم. بەڵام ئەگەر کەسێک بایەخ بەڕای من بدات و گوێم بۆ هەڵبخات، لاریم نییە ڕای خۆم لەبارەی سیاسەتی چینی و نێونەتەوەییشەوە دەرببڕم. دەوڵەتی نەتەوەییش وڕێنەیەکە بیری تاکەکەس هەژار دەکات. کەچی هێشتا

ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئەرکی سەرەکی خۆم – وەکو نووسەر– نازانم، بەڵکو وەکو تاک وەدەنگ دێم. بەڵام من سوورم لەسەر ئەوەی بە زمانی خۆم بنووسم و، دڵنیام کە نووسەری چینی تاراوگەنشین هێشتا دەتوانێت بە چینییەکی جوان بنووسێت و، تەنانەت هێزی تێبگێڕێت و پەرەی پێبدات. من بەپێی ئەزموونی خۆم بۆم دەرکەوتووە، ئێستا کە لە ڕۆژئاوایشدا بە چینی دەنووسم، لە داوا و داخوازی زمان لەجاران، شارەزاترم. لە "مێژوویەک دەربارەی چیا و دەریا" دا و لە بەرهەمەکانی دواتریشمدا بایەخێکی زۆرم بە ڕەوانبێژی و دەنگناسی داوە، لەچاو ئەوەی لە چین کردوومە. من لە زمای چینی کۆنەوە دەخوازمەوە، تا زمانی ئەدەبیی خۆمی پێ دەوڵەمەند بکەم و، زۆریش دەکۆشم تا شێوەی دەربڕینی نوێی وەها دابهێنم، کە پێکهاتی بنچینەیی زمان نەشێوێنێت.

ئایا بەبێ لاساییکردنەوەی زمان و ڕێزمانی ڕۆژئاوایی، زمانی چینیمان پێش دەخرێت؟ من "لە چیای ڕۆح" و زۆربەی شانۆنامە نوێکانمدا هەوڵم داوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و، چەند وتارێکم نووسیوە تێیاندا ڕەخنەم لە ("ئەورووپایکردن")ی زمانی چینی گرتووە و، ئاماژەم بۆ "تەوژمی ئاگایی" وەکو ڕێبازێکی لەبار کردووە و، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتم لەو بابەتەدا نووسیوە. ئەم مەرج و داوا زۆرانەم لە زمان بەدیارکەوتوون، چونکە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتدا دەژیم و لە هەلومەرجی جیاواز لە جاران دەنووسم. ئەمانە بەواتای بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەوروبەرەیشە، کە خۆمی تێدا دەبینمەوە.

نووسەری بەچینینووس، ئێستا، لە هەموو شوێنێکی سەر ئەم زەوییەدا هەڵکەوتوون و ئاشکرایشە کە ئەدەبی چینی تەنیا لە چیندا دانەکەوتووە. ئەمە بەو مانایەشە کە ئیدی چین چەمکێکی جوگرافی نییە و ئەمەیش بیرێک نییە لە ئاسمانەوە پێم گەیشتبێت. جارو بار بە فەرەنسیش دەنووسم. هەست و خوستی مرۆڤ لە بەرتەسکیی زمان سەرووترە و – جا مرۆڤ بە هەچ زمانێک بنووسێت– دەکرێت بە کەسی دیکە ڕابگەیەنرێن. کاتێک هەستە خۆییەکانم، بەزمانێکی دیکە گوزارە دەکرێن و، کەسی دیکە تێیان دەگەن و دەیانناسنەوە، بێگومان خۆشی و شادیم تێدەگەڕێت.

بەڵام من لە سۆراخی ئەم جۆرە پاداشتەدا نانووسم. نووسینی من بەر لە هەموو شتێک جۆرە وتووێژێکە لەگەڵ خۆمدا. ئەو وتووێژەی، کە تا پێم بکرێت، هەوڵی پێشخستنی دەدەم. کە ڕاست و دوور لە درۆ بوو ئیدی یەکجار هەست دەکەم کە زیندووم.

دوا شانۆنامەم ساتیرێکە لەبارەی (خود)ەوە. لە "دیالۆگ لەگەڵ نارەزایی" و "پاسکردن" و لە "چوارڕژەنی جەژن"دا هەوڵم دەدەم ئەوە بخەمە ڕوو، کاتێک تاک بۆ بەرگرتن لە ستەمی دەوروبەر خۆی لێدەبێت بەپاڵەوان و ڕێگە بە خود دەدات جێی عیسا و خودا بگرێتەوە، ڕک و کین دەوروژێنێت. ئەگەر خودیش بە مرۆڤی سەروو بزانین، بە زەبروزەنگمان دەگەیەنێت. قووڵترین توخمی خودیش لە ڕەشاییەکی وەکو ڕەژوو پێکدێت و، ئەگەر خەباتگێڕ ڕێگە بە خود بدات تاکو دەرەوەی هەموو کۆنترۆڵێک پەل بهاوێت خۆیشی هەڵدەلوشێت. ئەم جیهانە هێند پڕ لە هەرایە و، خودیش ئەوەندە بێهێز و تەنیایە، بۆیە داهێنانم بە پەناگەی خۆم کردووە. لەوێ بە سەری سووک و بێلایەنە سەرنج لە جیهان دەگرم و لە خود دەڕوانم.

کۆمەڵگە پێویستی بە ئەدەب نییە. ئەدەب شتێکی خۆییە، نوزەی نێو جیهانێکی پڕ لە هەرای دەنگدراوە. ئەگەر ئێمە لەو هەراوهوریایەدا نەخنکێین، لە بێدەنگیدا دەمرین. من پێم وایە، کە ئەدەب وەستانەوەی تاکەکەس نییە تەنیا لە ڕووی ئەو دەوروبەرەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵکو لەڕووەوەستانەوەی مردنیشە. ئەگەرچی هەڵوەستەیەکی کەمبایەخە و بەس، نە جیهانی پێدەگۆڕدرێت و نە خودیش، بەڵام هیچ نەبێت بەرەنگاربوونەوە و لەڕوودا وەستانەوەیە.

کاتێک ئەدەب دەست لە بایەخەکانی بەرژەوەند هەڵدەگرێت، سەرئازاد و نەترس و سروشتی هەڵدەکەوێت. من هەوڵدەدەم لەم بۆچوونە لانەدەم و لەسەرخۆ و بەخۆشییەوە درێژە بە نووسین بدەم. من تەنیا ئەو کاتەی، کە دەنووسم ترسی لەدەستدانی سروشتی خۆم نییە و، لەڕێگەی نووسینەوە لەیەکبینە خۆشی و شادیم تێدەگەڕێت.

*وتارێکە نووسەر لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە نووسەرانی چین، لە ساڵی ١٩٩٦ دا خوێندوویەتەوە و ئانتا کرستاشۆن بۆخەتەکەی کردووە بە سویدی و، لە ڕۆژنامەی D.N دا ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٣ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٠ بڵاوی کردووەتەوە.

# پینەدۆزەو کچەکەی

ئێمە ئەو ساتەی بەرەبەیان داجینگزیمان بەرچاو کەوت، کە بۆ کەنار چۆمەکە شۆڕ ببووینەوە، ئەو زووتر گیانی دەرچووبوو. من چووبووم ئاو بێنم. ئاوەکەی ئەو بەیانییە زۆر ڕوون و خاوێن بوو، بەڵام هێشتا کەس دەستی بە جل و قاپشۆردن نەکردبوو. پورە زانگ بۆ برنج شۆردنەوە چووبووە ئەوێ؛ ماڵەکەی لەسەر هەورازە بەرزەکەی کەنارەکەیە. من لەسەر پردەکە وەستابووم و تازە سەتڵەکەم هەڵکێشابوو، کە سەرم هەڵبڕی چاوم بە دەسێ جل کەوت بەژێر داربییەکەی نزیک پێچی چۆمەکە دەکشا. وای بۆ چووم کەسێ کە ڕوو لە ڕەوی ئاوەکە خەریکی جلشۆردن بێ، وریانەبووبێ و، ئاوەکە جلەکەی ڕادابێ. کە ڕووم لەو لایە کرد، تەنیا پورە زانگی لێبوو. هاوارم لێکرد: "پورە زانگ، ئاوەکە جلەکانتی بردووە!" وەڵامی دایەوە: "نە بابە، من خەرکی برنجشۆردنەوەم!" ئیتر سەتڵەکەم لەوێ دانا و لە دەسەجلەکە چوومە پێش. "پیاو لەترسان گیانی لەبەدەن نەتارێ!" هاوارم لێهەستا و، پورە زانگ گورج بەدەنگمەوە هات و پێکەوە بۆ ئەوێ دامانە غار. دیاربوو، کەسێ بێ. نەک دەسێ جل، نەء، ڕوومەتی بەدەرەوە و هەموو سەری ژێر ئاوەکە کەوتبوو، بەدڵنیاییەوە کچ بوو. ئای، کچی پینەدۆزەکە بوو: داجینگزی! ئەوەندە ترسمان لێنیشت خۆمان لەسەر پێ نەدەگرت.

ئەو بەیانییە زووە هەر من و پورە زانگ لە کەنار چۆمەکە بووین. دەستمان کردە هاوار و هانا بردن: "وەرن، فریاکەون، کەسێ لێرە خنکاوە!"
سەرەتا پورە (چێن) بە چەند چەرچەفێکی باوەشییەوە، سەرڕەو بەنشێوەکەیا داگەڕا. دوایی وتی، ئەگەر کورە چکۆلەکەی (ئێرمۆ) لە ناوجێ میزی بەخۆیا نەکردایە بەو بەیانییە زووە بۆ جلشۆردن نەدەهاتە کەنار چۆمەکە.

بە دوای ئەوەوە پیرە (لی) کابراکەی پەنیر و وشکەفرۆشیی گوندەکە هات. ئەویان بە دەنگمەوە هاتبوو.

پیرە زریکاندی: "چییە بۆ وا وشک و ئەبڵەق بوون؟ زووکەن دەبێ لە ئاوەکەی دەر بێنین!" ئێمەش پێکەوە چووینە ناو ئاوەکە و نەمانپەرژا پێڵاوەکانمان لە پێ داکەنین.

بەڵام نەشمانتوانی لە ئاوەکەی دەر بکێشین، نەء. پرچی لە ڕەگی داربییەکە گیر ببوو. کەزیە درێژەکەی – ئەو کەزیە ڕەشە بەورشە و جوانەی– تێکئالاَنێکی بژ بوو.
"دیارە لە هەناسەکێشان چۆتەوە" پیرە لی بوو ئەمەی وت، بیرتە؟
کە دەرمانکێشایە کەنارەکە، خەڵکێکی زۆر کۆیان بەستبوو. هەموو چاویان لێبوو ئەو کارە چۆن هەڵکەوت. سەعات پێنج و شەشی بەرەبەیان بوو. دنیا ڕۆشن ببوو، بەڵام خۆر هێشتا بەدیار نەکەوتبوو. تیشکێکی ئامال سوور نیشتبووە سەر دارخورماکانی ئەوبەری چۆمەکە.
دوایی کەسێ قیڕاندی: "لە دەمەوە هەناسەی پێ بدەن!" ئێمەی ژنان سەر لە شتی وا دەرناکەین، هیچ کام لە پیاوانیش دەستی نەدایە ئەم کارە چونکە کچە سەردەق بوو.
هیچ چارەیەکی نەمابوو. ڕوومەتی سپی وەک پەڕەکاغەزی لێهاتبوو. لێوەکانی مۆر هەڵگەڕابوون. ڕۆح لە ڕووخساری تارابوو. ورگیشی ئاوسابوو. ئای، چەند بەسەزمان بوو. کچێکی هێند شۆخ و شەنگ، تازە پێگەیوو، تەنیا حەڤدە هەژدەساڵانە، جەرگەی سەرەوەختی ژنێتی، ئەوەندە ڕێکوپێک و بەئاوڕوو بوو

و جا، هەرکە غەریبەیێ وەقسە بهاتایە، سوور هەڵدەگەڕا و زۆر مەند و گرانیش بوو. بۆ کەس هەیە داجینگزی دیبێ لە پیاو بگەڕێ . لە ماڵیشا جلی دەشۆرد و چێشتی لێدەنا و تەنانەت چاوێکیشی لە برا بچووکەکەی دەبوو.

بۆ پێرار دەچێ کە دایکی نەخۆش کەوت و مرد. کچە خوشکێکی گەورەتری هەبوو. بەڵام بەشوو درابوو. بۆیە هەر خۆی و برا بچووکەکەی لە ماڵی باوکیا مابوونەوە. ئەویش غەزەبێ بوو بۆ خۆی. کچە هەرچییەکی بکردایە تێیهەڵدەدا . پیاو دڵنیا نەبوو کچی ئەو بێ! بەڵام دایکی ژنێکی ڕەسەن بوو، خوشکە گەورەی ئێمەی ژنانی دێش بوو . سەوزەی لە کەپری ناو هەرەوەزییەکەی بازارا دەفرۆشت. لە ڕاستییا؛ ئاسان نەبوو بژێوی منداڵەکان دەردەس بکا. کاسبی مێردە پینەدۆزەکەشی ئەوتۆ نەبوو، ئەوکاتانە هەموو خەڵکی ڕێکخرابوون، دەمکارییش بەکەس نەدەکرا. ئەگینا دەیانوت ڕێی سەرمایەداری گرتۆتە بەر.! ئەو کابرا بەدڕەفتارەش سەربار ئالودەی عەرق بوو. کە چەند پیاڵەیەکی دەخواردەوە ئیتر دەکەوتە شیڕەشیڕ و دەست وەشاندن و، ژیانێکی ئەوەندە دژوار و تاڵ بوو هاوسێکانیش بەدەستییەوە دامابوون. کابرا داخی خۆی بە ژنەکەی دەڕشت. دایکی داجینگزی پێرانەکەیی پەنجا ساڵ پڕبکاتەوە، سەری نایەوە. کە ژنەکەشی مرد دەستی بە لێدانی کچەکەی کرد، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش چییە پەنجەی لە کوڕەکەی بەرز نەکردەوە. ئاخر، گوناهی داجینگزی چی بوو کە بە کچ لە دایک ببوو؟! دەڵێی کچ لەم دێیە بچووک و نالەبارەیا بەهای هیچێکی نییە. بەڵام لە شارا بار قەت بەم جۆرە نییە، کچەشاریی خۆیان جوان دەڕازێننەوە، تەنانەت کچۆڵەش جلوبەرگی ڕازاوە دەپۆشن. بەڵام هیچ کەسێ بۆ تەنیا ڕۆژێکیش داجینگزیی لە کراسی گوڵدارا نەدی، گەر ڕاستت دەوێ ، کچ نییە حەزی لە خۆجوانکردن نەبێ... کچێکی هێند تەڕوتازەی وەک ئەو، ها، بە کەزییە ڕەشە درەوشەدارە ئەستوور و، هەردەم جوان داهێنراوەکەیەوە! داخەکەم، باسکردنی بەچ دەچێ؟ بۆ دەبوو کچی ئەو ماڵە بێ؟

لە سۆنگەی چی لێی دەدا؟ خۆ گەر بهاتایە و برنجی بەدەستەوە بسووتایە، یا کە تاریکی دابهاتایە و کەسێکی بەسەر بکردایەتەوە، یا لە دەرگای ماڵا وەدرەنگ بەکەوتایە و گەنجێکی دەمڕووت قسەیەکی لەگەڵا بکردایە، جا خۆت بگرە و کوێت دێشێ. ئاخر چۆن کچ وا پەروەردە دەکرێ! کە دایکی مرد لە پۆلی پێنجی سەرەتاییا بوو. ئیتر لە چوونە قوتابخانە قەدەغەی کرد. مامۆستا (سون)ی قوتابخانەکە داجینگزی بەسەر کردەوە، بەڵام هەرچەندی کرد و پاڕایەوە، کابرا ئەو دەمەی دایخستبوو، نەیکردەوە. هەرکە مامۆستا سون لە ماڵیان هەڵبڕا دەستی بە شیڕەشیڕ کردەوە : " دەتەوێ پارە لە پای داوێنتەڕییت خەرج کەم" . کە کچانی قوتابخانە نمایشێکیان بەسەماوە ڕێک خست ، کابرا قیڕاندی، کە ئەم کارە بێئاوڕوویە و ئەمجا پرسی ، کە کتێب خوێندنەوە چ کەڵکێکی هەیە. هەرچۆنێ بێ، درەنگ یا زوو ، بەمێردی دەدا! ئاخر چی لەگەڵ کابرایەکی وایا دەوترێ؟!

کچەکەم لە قوتابخانە بە تەنیشت داجینگزییەوە دادەنیشت و دەسەخوشکیش بوون. ڕۆژێ چووە ماڵیان و وتی: " سبەی هەرەوەزییەکە بارەبەرێ بەرازی زیندوو ڕەوانەی شار ئەکا، ئەڵێی چی پێکەوە بچینە سینەما؟ دایکم وتی بۆخۆت بانگی داجینگزیش کە." ئیتر کابرا تێیهەڵچوو: "تۆ بەش بە خۆت ناچیە سینەما! شتی وا لەڕێت دەرئەکا!"

دوایی وتی خەڵک لە سینەمایا هەر باوەش بەیەکا دەکەن و بەس. خەڵکی داوێنتەڕ نەبێ کەسی تر ڕووی تێناکا . بەڵام دەبێ ڕای تۆش لەسەر ئەوەبێ کە پیاو لە چوونەسینەما زۆر شت فێر دەبێ؟

بەر لەوەی ئەمە ڕوو بدا جارێکیان، پورە زانگ، وتت: " هەر ماوە لە کۆت و پێوەنی بنێ!"

(لیللێ وی)، بەربەریش، سنووری باخەکەی لەگەڵ می

پینەدۆزەکە یەکە. جاریکیان باخەکەی ئاو دەدا و داجینگزیش هەر ئەو کاتە بۆ ڕنینەوەی سەوزە هاتە ناو باخەکە. کاتێ وەستابوون و قسەیان دەکرد، کابرا هەڵیکوتایە سەریان و چی نەکرد! هەرچی خراپیی بەدەما هات پێی وت، بێ ئەوەی بەبیریا بێ ئەو پیسییەی کە بەدەمیا هات گوێی کەسێکی تر کلاو دەکا! کچەش، کە نزیکەی پێگەیین ببۆوە، ئاواتی دەخواست بەناخی زەویا بچێتە خوار!

کە داجینگزی هاتە ماڵمان - ئاخر ئێمە هاوسێی بووین- دەبوو بزانین چی ڕووی داوە و بۆچی باوکی دیسان لێی داوە. بەڵام ئەو لەیەکبینە دەگریا و ئیتر ئێمەش نەمانویست پرسیاری تری لێبکەین.

نەدەبوو کتێب بخوێنێتەوە گەر حەزی لە خوێندنەوەی کتێبیش بووایە، دەبوو بەدزییەوە بیکا. ناچار دەبوو لە ژێر کراسەکەیا بیشارێتەوە و بۆ ماڵی بدزێتەوە و پاشان بەو جۆرە بیگێڕێتەوە. جاریکیان - ئەرێ چ کتێبێ بوو؟- با، ناوی *لاوانی چین* بوو، کتێبێکی گەورە بوو، نەبێ بەهەڵە گۆڤار بوو، کابرا کتێبەکەی بەرچاو کەوت و دەسبەجێ لە چاوی تەباغی مەتبەخەکەیا ئاگری تێبەردا. کچەکەم لە کتێبخانەکەی قوتابخانەی خواستبۆوە، دەبوو قەرەبووی بکەینەوە. ئەو کتێبە سەرەڕا بۆ هاندانی لاوان بۆ خوێند تەرخان کرابوو! کابرا خۆی ئەلفی لە بێ جیا نەدەکردەوە، بەڵام کە وێنەی کچێ، کە جمناستیکی دەکرد، بە بەرگەکەوە بینی ، وتی ڕانی دەرخستووە و پانتۆڵی لەبەر نییە. کچەکەم کردیە سەری و داوای لێکرد پارەی کتێبەکە بدا. ئەوە بوو بەو جۆرە بەگژ کچەکەما هات و، وتی: "بێتو جارێکی تر کتێبی بێناوڕوو بە کیژەکەم پیشان بدەی پێ ناخەیتە ئەم ماڵە!" ئێمە نەخوازەڵا نامانەوێ خەراپەی ئەو کابرا غەزەبە بڵێین، بەڵام با دەردی بێ! کچەکەی خۆی ناچاری مردن کرد ، بۆیە خۆیشی بە دەردێ چوو کە شایانی بوو.

ئەرێ کێ بوو پرسی ئایا پینەدۆزەکە بۆ کەنار چۆمەکە شۆڕ بۆوە ؟ ئەی چۆن! مەگەر لە کچەکەی نەقەومابوو! ئەوە بوو کەسێ بانگی لێکرد و ئەویش بەغار هات، پێی لە پێتاو نابوو، پاژنەشی بەدەرەوە. نەختێ دەشەلی. چونکە پێیەکی گیر بوو. ئەوەندەی دەیخواردەوە ئیفلیجی کردبوو. چاومان لێبوو کە بە قنەخشکێوە نزیک بۆوە، بەڵام دەنگ لە کەسمانەوە نەهات، تەنیا خۆمان لادا تا چاومان لێبێ کە دیدەنی باوک و فەرزەن چۆن خۆ دەنوێنێ.

پیرە لەترێکی دا و بەزرمەوە لەسەر هەرێزی کەنار ئاوەکە کەوت. هەروا لەوێ کەوت و نەیتوانی خۆکردبکاتەوە. ئەیچۆن گریا! مەگەر کچی خۆی نەبوو! بەسەرتاپای لەشی سەر هەژین نیشتوویەوە ،بە چوارچنگۆڵە لە کچە نزیک بۆوە و دەستی لەباوەش گرت و قین قین گریا . ڕەگە شینەکانی هەنیەی تەواو هەڵئاوسابوون. ئا، باشە، دڵی هیچ کەسێ لەبەرد نییە! ڕاستیشە بەو ڕەوابوو، بەڵام بەزەیشمان پێی دەهاتەوە!

دوایی لە داربەستێ گەڕاین و داجینگزیمان تا ماڵ دایە سەر شان . لە ژووری نووستنی ماڵی پینەدۆزا هەریەکە و بە قسەیێ دڵیمان دایەوە، چونکە هیچی دیکەمان نەبوو بیڵێین، زۆری نەبرد هەرکەسە چۆوە ماڵی خۆی. کە کاولەکەی پینەدۆزمان بەجێ هێشت، هیچمان قسەیەکی باشی نەبوو بیکا ! کە گەیشتینە سەرجادەکە کنەمان لەبارەی شتەکەوە کرد. کابرا ئاوڵەیینەکەی ڕۆنفرۆشییەکەش کە لەگەڵ پینەدۆزەکە دیواری بەین بوو، زۆری بۆ وتن پێبوو. باشە، بەسەرهاتەکە چۆن پێشهاتبوو؟

ئێوارەی پێشوو، لەگەڵ گەیشتنی کارەبایا بوو بۆ دێکەمان، گوێی لێ دەبێ کە پیرە بەمشت دەکێشێ بەمێزێکا و دەیکاتە قڕە. ئاخر دیواری هەموو ساختمانەکە لە دارە و دیواری واش هیچ دەنگێ کل ناداتەوە. نازانم چ شۆفارێ بۆ پیرەی گێڕابووەوە کە داجینگزی لە نێو داربییەکانی خوارێی نزیک چۆمەکە چاوی بە پیاوێ کەوتبوو و قسەی لەگەڵا کردبوو. بۆیە

کابرا مشت بەمێزا دەکێشێ و، لە کچەکەی خۆی دەپرسێتەوە. لە پێشا زۆری قسە پێ دەکا و دواتر بە داوێنتەڕی ناو دەبا و، ئیتر داوای لێ دەکا کە بۆی بگێڕێتەوە ئەو ڕۆژە – سات بە سات– لە کوێ دەبێ و، چاوی بە کێ دەکەوێ. دواتریش لێی دەداو پێی دەڵێ، ڕەدووی پیاوان کەوتوو و، سەربار بە قەحپەی ناو دەبا و خراپتریش، بەڵام من نامەوێ ئەو وشانە بەدەمما بێنم.

ئاخر چۆن کچێکی گەنج بەم جۆرە دەردەبا؟ ئیتر پیاو هەر گوێی لەوە دەبێ کە کچە چۆن دەگرێ و پیرەش چۆنی قەمچیژەن دەکا. ئاوڵەینەکە بە خاوخێزانەوە و تەواوی هاوسێکانی دیکەش گوێیان لەم هەمووە ببوو. ئێوە خۆتان دەتوانن لێیان بپرسن، بەڵام باوەڕ مەکەن کەسیان هەوڵی دابێ ناوبژییان بکا. چونکە هیچ کەسێ نایەوێ خۆ لە کاری وا هەڵقوتێنێ. ئێمە نازانین کێ ئەو قسەیەی بە کابرا گەیاندبوو. ئاخر داجینگزی بەبەرچاوی هەموومانەوە پێگەیی، کەسمان لەو بڕوایەیا نین کاری وای لێبوەشایەوە. جا یا قسەیشی لەگەڵ پیاوێ کردبووبێ، ئاخر خۆ گەورەکچ بوو. چوزانم، ئامۆژگارییەکی لەسەرخۆی بەس بوو. ئای، بەدبەخت خۆی ئەو کەسەی بە کچ لەدایک دەبێ!

کچە چۆن مرد؟ هەر لەوێ لێی کەوتبوو. من و پوردە زانگ و هەموو ئەوانەی خوارێی کەنار چۆمەکە داجینگزیمان بە مردوویی بینی. کەسێکی شەڕانی؟ من شتی وام بەرگوێ نەکەوتۆتەوە! ئای، بیر لە کابرای پینەدۆز دەکەنەوە! ئەو کەسێکی شەڕانی نەبوو! ئەم جۆرە کارەشی قەت لەدەست نەدەهات. بێ بەڵگەش ناتوانین بەوەی تاوانبار بکەین. سەربار ئەویش مردووە. دوانیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە گیانی ئەویش دەرچوو.

وابزانم، وتم هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە؟ ئێمە لاشەکەیمان هەڵگرتبوو و لە ژووری نووستنی ماڵەکەی پینەدۆزا دامان گرتبوو. کابرا بەدیار لاشەکەوە، لەسەر تەختێ دانیشتبوو و دیار بوو بیری لای خۆی نەبوو. ژووری نووستنەکە دەرگایەکی هەیە، بەری بە جادەوەیە. خەڵکێکیش گەر بەوناوەیا بێن و بچن، ڕێ و ڕاست ناو ژوورەکە دەبینن. پیرە (تیان)، کابرا کەڵەگەتەکە، لە وردەواڵەفرۆشییەکەی ئەوبەری جادەکەیا کاری دەکرد، لە کاتی نیوەڕۆژەیا گوندییەکانی دەوروبەر کە بۆ کڕین و فرۆشتن هاتبوونە ئێرە بۆ ماڵی خۆیان گەڕابوونەوە و، خەڵکە خۆهەڵقوتێنەکەش کە بەر ماڵی پینەدۆزەکەیان گرتبوو، بۆ نانخواردن چووبوونەوە.

پیرە تیان لە پشت مێزی ناو دوکانەکەوە ڕێ و ڕاست چاوی لە ژووری پینەدۆزەکە بڕیبوو. کابرا هەر لەوێ دادەنیشێ وەک کەسێ خەوبیباتەوە لەپێشان چورتێ دەدا، پاشان بەردەبێتە و نایوانی هەستێتەوە. پیرە تیان سەرەتا خۆی لێ دەورێ، چونکە ئەویش لە کابرا پڕ دەبێ. ئیتر پاش وەختێکی باش کە بۆی دەردەکەوێ کابرا سەرێ نەکەوتۆتەوە. جادەکەی دەبڕی و دەچێتە ژووری نووستنی پینەدۆزەکە. کە سەری هەڵ دەهێنێ دەبینێ سەروچاوی تەواو مۆر هەڵگەڕاوە، کتومت جەرگی بەراز، دەمیشی خوار بووە. ئیتر پیرە تیان هەڵدەکاتە هاوار و هانا. بەڵام کە دەیگەیەننە نەخۆشخانەکەی نزیک بەو جادەیەی کە دارتاشخانەکەی لێیە، دیارە درەنگی پێ دەچێ. پیرە تیان ئەمەی بەچاوی خۆی دەبینێ. دەتوانن لەو بپرسن. بەڵام، بەهەرحاڵ ئاوا هەڵکەوت.

چی، برا بچکوکەکەی؟ ئەویان ،خوشکە گەورەکەی هات بەشوێنی و هەرکە لە ناشتنیان بوونەوە، وەڕێ کەوتن. ئێستا کاولەکەی پینەدۆز چۆڵە و دەرگاکەی بەکڵوم گاڵە دراوە.

دیارە باش ئەکەن کە لەم کارە دەکۆڵنەوە. بەڵام ئێوەمانانێ کە وەک کادر لە دادگای شارا کار دەکەن و خەڵکی شارەزا و دنیادیتەن، باشە پێم ناڵێن، قەت شتی وا لە شارا ڕوودەدا؟

گۆڤاری BLM ژمارە چواری ساڵی ١٩٨٧.

# من شانۆ چۆن دەبینم

فیلم کە لە سەرەتای سەدەی ئێمەدا هاتە گۆڕێ و تەلەڤیزۆنیش، دوای جەنگی دووەمی جیهان بە پێشوەچوونی توندییەوە، هەڕەشەیەکی جدی لە ڕووی هونەری فرەکۆنینەی شانۆدا پێک دەهێنن. شانۆ بە کام ئامراز، لە خەباتی دژ بەم دوو ئینکەبەرەدا، کە بە چەکی کارەبایی پڕن و بێدابڕان خۆ نوێ دەکەنەوە، درێژە بە بوون و مانەوەی خۆی دەدات؟ پێویستە ئەم پرسیارە درامانووسانی کۆی وڵاتان خەریک بکات، چون هیچ کەسێک لە ئێمە بە تەمای هاریکاری نییە تاکو هونەری درامایی بۆ موزە و کتێبخانەکان دوور بخرێتەوە.

شانۆی هاوچاخ بۆ درێژەدان بە مانەوە و پەرەسەندنی خۆی پێویستە لە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو تایبەتمەندییانەدا بێت، کە مەرجی مانەوەی پێک دەهێنن. ئەو تایبەتمەندییانەی کە نە فیلمی مودێرن و نە تەلەڤیزۆن جێیان ناگرێتەوە. شانۆ تەنیا لە ڕێی پەرەپێدانی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەتوانێت بینەری خۆی، کە فیلم و تەلەڤیزۆن لێیان زەوت کردووە، دەستەبەر بکاتەوە.

لە سەردەمێکدا کە هەندێک لە شانۆکاران، بە قووڵی نیگەرانی ئەو ئینکەبەرییە توندەی فیلم و تەلەڤیزۆن بوون ، بۆ دارشتنەوەی ئامرازە تەکنیکییەکانی شانۆ کەوتنە خۆ، جێرزی گرۆتوڤسکی هات و کارەکتەری ڕاستینەی هونەری درامایی پێناسەکرد: "ئەوەی کە بەر لە هەموو شتێک شانۆی پێ نیشان دەکرێت هاویاریی ڕاستەوخۆی نێوان ئەکتەر و بینەرانیانە." گرۆتوڤسکی بەم پێیە بۆ هیم و بنەڕەتی شانۆ گەڕایەوە.

لە قوناغێکی نزیکە کورتی مێژووی نوێی شانۆدا دیوارێک لە نێوان ئەکتەر و بینەراندا هەڵچنرا. بێگومان دیوارەکە پشتدیار بوو، بەڵام ئەرکی دیواریشی دەبینی. ئەمیان شانۆی ڕووسی بوو لەسەر مۆدێلی ستانسلاڤسکی، کە مانەتدی لە دوا دراماکانی ئیپستیشدا هەبوو. زۆری ئەو درامایانە لە نێوان سێ دیواری ژووری مێواندا نمایش دەکرێن. برێخت تەوژمەکەی وەرگەڕاند و کەڵکی لەو تەکنیکە فرەکۆنە وەرگرت کە ڕێ بە چیرۆکبێژ دەدا ڕووداوی شانۆگەرییەکە وەپێش ببات و هەروەها بە ئەکتەریش کە ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە بینەر بکات، تاکو ڕای خۆی دەربارەی ئەو شتە دەرببڕێت و ڕوون بکاتەوە کە لە سەر تەختی شانۆدا پێش دەهات. لە ڕێی گەڕانەوە بۆ بنیچە و هیمی شانۆ، برێخت ڕێگەی نوێی بۆ شانۆی مودێرن ئەفراند و بەخواستی خۆشی پێی لەوە نا کە (الهام)سەرۆی لە شانۆی کلاسیکیی چینی گیر کەوتبوو.

ئەنتۆنین ئارتۆش، دەمڕاستێکی دیکەی شانۆی مودێرن، ئەو توخمانەی لە شانۆی میللی (بالینێس) دا دیتەوە کە دەکرا ڕێبازێکی نوێ بە گەشەکردنی شانۆی خۆرئاوایی ببەخشێت. لە ڕاستیدا هەوڵی ئارتۆ بۆ ڕاپەڕاندنی خوازە هونەرییەکانی لە سەروەختی خۆیدا جێ و سەری نەگرت، بەڵام ئارتۆی دەمڕاستی شانۆی "گشتگر" دەبێت بە پەیامبەرێکی پێشبین بناسرێت. ئارتۆ بۆ پێشبینییەکانی خۆی لە بارەی داهاتووی شانۆی خۆرئاواییەوە هەوڵیدا و سەرۆی لە سەرمۆنیا

ئاینییەکانی دێری (لاما)کانی (تیبێت)دا دەستەبەر کرد.

دراماتووسی پۆلۆنی، ئەڵمانی و فەرەنسی تەنانەت ئەمریکاییش کە سەرسامی نمایشە کۆسمۆلۆجییە زێدەکۆنەکانی چین لە بارەی (یین) و (یەنگ) و پێنج قۆناغەکەوە ببوون، هەریەکەیان لە شانۆی بەسەرچوودا، ئامرازی دەربڕینی هونەرییان بۆ شانۆی مودێرن دۆزییەوە. شانۆی چینیی، کە خاوەن مێژوویەکی دووهەزار ساڵەیە، بەبەریەوە نییە بەتەنگ ئەو نەریتە دەوڵەمەندانە نەیەت، ئەگەر ئەرکی خۆنوێکردنەوەی بێتە ڕێگە.

من لەم دواییەدا لە سەفەرێکی (١٥٠٠٠ کم) ی لە ناوچەی نزیک بە دۆڵی ڕووباری یانگزی بوومەوە و بۆم هەڵکەوت لە نزیکەوە لە بنەڕەتی شێوە شانۆییە ناوچەییەکان بکۆڵمەوە. لە دێیەکانی هەرێمی (گۆیزهو)دا هێشتا جۆرێک دراما نمایش دەکرێت، ئەکتەرانی دەمامکی دارینە دەپۆشن. ئەم دramaیانە بۆ سەمایەکی کۆن دەگەڕێنەوە، کە بۆ دوورخستنەوەی ڕۆحی بەد و ناپاک تەرخان کرابوو، کە بەشێک لە سێرمۆنیا ئاینییەکانی شانگدیناستین (١٥٢٠ - ١٠٣٠ بەر لە زایین) پێک دەهێنا. دۆزراوە کۆنەکانی هەمان سەردەم، بۆ نموونە دەمامکی زێوینیش دەگرنەوە کە لە سەرمۆنیا ئاینییەکاندا بەکار دەهێنران. نۆ-درامای کلاسیکی ژاپۆنیش کە دەمامکیان تێدا بەکار دەهێنرێت، گومانی تێدا نییە نوێنەرایەتی قۆناغێکی پێشکەوتووی دیکەی ئەو سەرمۆنیایانە دەکات. شێوە سەرەتاییەکەیشی لە نێو دانیشتوانی ناوچەی (هونان) و (جیانگشی) دا هێشتا زیندوو ڕاگیراوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر ئامادەی گەلەنمایشێک بووم لە تیبێتدا، کە ئەکتەرانیان بە دەمامکەوە ئامادەکرابوون و، هەڵیان دەکردە ستران و سەمایان دەکرد. جەماوەری تیبێتی، بۆ بینینی ئەو نمایشانە ،کە زور جار چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، توێشوویەک هەڵدەگرن کە لە tsamba و کەرە پێک دێت. من لە شانۆنامەی داهاتومدا بەتەمام گیاتێکی نوێ وەبەر ئەو نەریتە بکەمەوە. بەڵام جیاواز لە ONeill دەمامکەکان تەنیا بە مەبەستی سیمبولی بەکار نابەم، بەڵکو وەکو ئامرازی ڕاستەقینەی دەربڕین لە درامایەکی مودێرندا بەکار دەهێنم.

بە دەستپێک لەم بۆچوونەوە، من پێم وایە ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە شانۆی پەیڤ ناوی دەبەین مەرج نییە تەنیا لە "هونەری پەیڤ"دا تەنگبکرێتەوە و، دراماتووسیش خۆی تەنیا بە نووسەری دەقی ئەدەبی بزانێت. بێگومان باشتر وایە بەسەر زمانی خۆیدا بەتەواوەتی زاڵ بێت و بەبەریەوە بێت دیالۆگێکی زیندو و هۆشبەری پێ بنووسێت . بەڵام هاوکات دەبێت ئەو دیاردانە، لەبەرچاو بگرێت کە بێدەنگن و، خاوەن بزوتی بەرچاوی ڕوون و، گوتەنی بێپەیڤ و، دەمامک و چی تریشن کە لەسەر تەختی شانۆدا کەڵیکان لێدەکەوێتەوە. مەبەستی من لەم قسانە هەرگیز ئەوە نییە کە دراماتووس جێی دەرهێنەر بگرێتەوە؛ دەمەوێت بڵێم، دراماتووس دەبێت بە هۆشیارییەکی بڕندە و بەرچاوی شانۆییەوە تەیار و ئامادەبێت. چونکە مەبەست لە دراما نمایشکردنیەتی، نەک تەنیا خوێندنەوەی. دەقێکی تەواوی درامایی دەبێت بەجۆرێک ئەفراندرابێت، کە وەکو بەشێک بۆ نواندن ئەرک بگێڕێت. لەو بەشەشدا گوتەکانی ئەکتەر تەنیا یەک لە توخمە پێکهێنە زۆرەکان بێت. لە سەرلەبەری ئەم دوا دوو سەدەیەدا دراما، بەبێ هەڵاواردن، وەکو ڕشتەیەکی ئەدەبی دەبینرا. ئەم جۆرە درامایە لە داهاتویشدا هەر دەردەبات. بەڵام لە سەردەمێکدا کە شانۆی مودێرن لە پێناو بوونی ڕەوای خۆیدا تێبکۆشێت، پێویستە نەک هەر لە تەلەڤیزۆن و فیلمی جیا بکەینەوە، بەڵکو لەوەش بەئاگابین کە لە ئەدەبیش جیاوازە - بەواتایەکی دیکە دەبێت بیرمان نەچێت کە شانۆ نمایشکردنە.

ئەگەر ئەم بۆچوونانە لەبەرچاو بگرین، دیارە کە شانۆ تەنیا وەکو هونەری زمان نامێنێتەوە: دەمامکیش کە لە

سەرمۆنیا سەرەتاییە ئاینییەکاندا دەبینران، سەمای جەزبە و بەیت و باوی میللی، بەتاناچوونی پڕ لە وشەئارایی ئەکتەرانی ئاهەنگی هەمەجۆر، زۆرانبازی سەخت و، توخمەکانی شانۆی بووکەشووشە و نسێنواندن و، هونەری سیحربازی و گاڵتەبازایی، لەباریکدان کە پێکەوە بەسەر تەختی شانۆی مودێرن بخرێن. بۆ دوو هەزار ساڵ دەچێت کە ئەم هەموو توخمانە بەشی پێکهێن بوون لە نمایشە هەمەجۆرەکانی سەردەمی (هان) دا، کە دواتر پێشخرا و و شانۆی کلاسیکی چینی پێکهێنا.

ئەگەر شانۆی مودێرن ئەم شێوانە لە فەرامۆشی قوتار بکات، ئیدی پێویست ناکات دراما لە نێوان سێ دیواری ژووری مێوان یان ژووری پیشانداندا نمایش بکرێت و، نە ئەمڕۆ و نە سبەیش پێویست ناکات لە دیمەنی جودادا خانەبەند بکرێن و گۆڕینی شوێنیش هەر بە دیمەنگۆڕین بەرچاو بخرێت. ئەو کاتەی خۆمان لەم کۆتانە ئازاد کرد ئیدی ئەکتەر لە سەر شانۆدا دەیکرێت بەتەواوەتی گوزارە لە توانستی داهێنەرانەی خۆی بکات و ئیدی پێویست ناکات لە بەرایییەوە تا کۆتایی هەر پشت بە گوتەکانی خۆی ببەستێت. دانەبڕاتی شانۆش کە لەمەوە دەئافرێت هەمان مەرج لە ئەکتەری مودێرن و، هونەرمەندی ئۆپێرای کلاسیکیی چینیش دەخوازێت: پێویستە لە هەمان کاتدا سوود لە هەموو توانستەکانی، دەنگ ،ئاماژە و بزوت وەربگرێت. من کە دەڵێم باشتر وایە شانۆی مودێرن گیان وەبەر توخمی ئۆپێرای کلاسیکی چینی بکاتەوە، دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە داب و نەریتە دەقگرتووەکان بقوزێتەوە.

نموونەیەکی دیکە مامەڵەکردنە لەگەڵ شوێن و کاتدا. ئۆپێرای کلاسیکی ، لە وەئاگاهێنانەوەی ئەندێشەی بینەردا، بەر لە هەموو شتێک پشت بە توانستی ئەکتەر دەبەستێت و، بێئەوەی تەختی نزیکە ڕووتی شانۆ بۆ تۆزقاڵێکیش تەگەرە بخاتە ڕێگەی ئەکتەرەوە، لە تاقگەی کەفچەڕی دەرەی قووڵەوە خۆی دەگوازێتەوە بۆ کۆشک و هەیوانی پاتەختی قەیسەریی؛ جارێک ڕۆحی بۆ مەنزڵگای ناخی زەوی دەفڕێت، جارێکی دیکە لە خەودا بۆ هەرێمە ئاسمانییەکان دەگوازرێتەوە. ئەکتەری ئۆپێرای کلاسیکی بە یارمەتی چەند وشەیەک، سەربەندی گۆرانییەک، پۆزێک، سەربال بادانێک و چەند هەنگاوێک بەسەر تەختی شانۆدا ئاسان و سەنجڕاکێشانە ئەو کارانەی درامانووسی خۆرئاوایی ڕادەپەڕێنێت کە مەگەر بە ئەرکێکی زۆر و سەرئێشەیەکی باش بتوانێت لە نێوان سێ دیوار و سێ کاتی جودادا جێیان بکاتەوە.

ئەمەی کە درامانووس و ئەکتەر و دەرهێنەر پێی ڕازی دەبن و، بەئەنقەست کەرەکتەری خەیاڵیی تەختی شانۆیی بەکاردەهێنن، هەرگیز لاوازبوون نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە جەختێکی بەهێزە لە توانی حەزڕاکێشانی هونەرییانەی هونەری شانۆ. ئەگەر شانۆ لاسایی فیلمی بکردایەتەوە و خۆشخەیاڵێکی ڕۆبنایە کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەقاداری سروشتی واقع بووایە، ئاشکرایە کە ڕەنجەکانی بەزایە دەچوون. بینەر بۆ دیتنی کۆپییەکی دەقاودەقی واقع سەر بە شانۆدا ناکات، بەڵکو بۆئەوەی هەست بە هاودەنگی تەواوی نێوان شانۆ و ساڵۆن بکاتەوە، کە تەنیا بە شانۆ ڕادەپەڕێنێت. لەوانەیە ئەم هاوئاهەنگییە بە هاوبەشیی شوێننامێزی بینەر و ئەکتەر پێناسەبکرێت. کە ئەم هاوبەشییەی شوێن لەگەڵ کەرەکتەری خەیاڵیی تەختی شانۆدا گرێ درا، ئەوسا ئەکتەر دەتوانێت لەبەرچاوی بینەردا پڕبەپڕ گوزارە لە توانست و زیرەکی خۆی بکات و نێوان لەگەڵ بینەردا سازبکات و بە یاردەی لێزانین و یارای خۆی حەزی بینەر ڕابکێشێت و بەژێر بیرکردنەوەیانی بخات و بیانهەژێنێت و ئەوەندە سەرسامیان بکات کە بکەونە چەپڵەڕێزان و و هاوار و بڵێن: براڤۆ. ئەو کەسانەش کە بە نیشتن بەرانبەر شاشەی سارد و بریقەداری تەلەڤیزۆنەوە ڕازی نابن و چوونە شانۆ و پارە خەرجکردن بۆ کڕینی بلیت لەبەرتر دەگرن، هەر لە

سۆراخی ئەم هاوبەشییەیە کە بە گیان و جەستە هەستی پێدەکەن؟ هەر ئەم هاوبەشییەیە کە کرۆکی شانۆ پێک دەهێنێت.

شانۆ هەرگیز گێڕانەوەی وەلا نەناوە. بریخت تەکنیکێکی تایبەتی بەکارهێنا، تەکنیکی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ. تەکنیکی گێڕانەوەی دیکە زۆرن. من خۆم گەڕانەوە بۆ تەکنیکی بایەخ پێنەدراوی گێڕانەوە لەبەرتر دەگرم، کە لە ئەفراندنی کەش و هەوایەکی چڕتر، لە هۆڵی شانۆدا هاوکار بێت. من ئەو کەیف و کەشە پڕلە خۆشی و هەرایەم پێ باشترە کە لە شانۆی منداڵیمدا هەستم پێ کردووە. لەلایەکی ترەوە من هیچ رام لەو خاولیانە نەبووە کە لە سالۆنەکەدا بۆ یەکتری فڕێدەدران. خەڵکانێک کە حەزیان لە دەموچاو سڕینەوە بوو، پێیان خۆش بوو، بەڵام کەسانێک ئەو خووەیان نەگرتبوو، بە خاولییە باڵگرتووەکان سەغڵەت دەبوون. خۆم ئەو لایەنگرانەی ئۆپێرام بەدڵبوون کە لە بالکۆندا دانیشتبوون و پلیان بە ستوونی بالکۆن دەکوتی و بەدەم ئاوازەوە سەریان بادەدا. من بەو هیوایەم کە شانۆگەرییەکانم بتوانن بینەر لەگەڵ خۆیاندا، بەهەمان شێوە، بورووژێنن و بەدووی ریتمی دراماکەیان بخەن. لە شانۆگەرییەکانمدا عەودالی ئەوەم کە ئاواز بە گوتە و گوتەنە بێپەیڤەکان ببەخشم.

قۆستنەوەی بیرۆکەی کات - شوێنی ئۆپێرای کلاسیکی چینی و تەکنیکی گێڕانەوە کە لە بەیت و ڕشتەی ئەدەبی میللیی ترەوە وەرگیراون، گومانی تێدا نیە کە لە ڕیشەوە پێکهاتی درامای مودێرن دەگۆڕن. تەکنیکی ئیپسن لە نووسیندا کە بە تێکنالقانی چوار قوناغ نیشان دەکرێت - وروژان، پێشخستن، کلیماکس و ئاکام- و ڕووداو وەپێشبردنێک کە لەلایەن میکانیزمەکانی خۆوەئاکامگەیاندنەوە هەنگاو بە هەنگاو بەڕێوە دەبرێت، وشک و بێتام بەرچاو دەکەوێت. پێکهاتی درامایەک لە پلەیەکی بەرزدا نووسەر بەوە گرێو دەکات کە چۆن مەمەڵە لەگەڵ بیرۆکەی کات و شوێندا بکات و کامانە تەکنیکی گێڕانەوە بۆ بەکارهێنان هەڵبژێرێت. گومانی تێدا نییە کە درامایەکی مودێرن بێتو بەسەر پرنسیپە پێکهاتەییەکانەوە بنیات بنرێت، کە بە هەندێک بەشی دەهۆڵکوتین دەناسرێتەوە، کە هێشتا لە دۆڵی-یانگزیدا لە برەودان. ئەم بەشانەی دەهۆڵکوتین بە سیمفۆنیا کلاسیکییەکانی خۆرئاوا بگرین پێکهاتێکی ئاڵۆزتری هەیە. من لەو بڕوایەدام کە سەمفۆنیایەکی مودێرن، ئەگەر لەسەر پرنسیپی پێکهاتەییە بەشەکانی دەهۆڵکوتین داڕێژرابێت، دیارە کە دەنگێکی باش دەداتەوە.

چینی کۆن بە دوو کولتووری جودا نیشان دەکرا: کولتووری بژاردەی ڕۆشنبیر و کولتووری میللی کە دەماودەم لەلایەن گوندیی و شاریی نەخوێندەوارەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواسترایەوە. بەڵگەکانی کولتووری میللی زانیاری لەبارەی ئەو خدە و نەریتانەوە دەبەخشن کە لە نێو خەڵکدا باون، بەڵام خاوەنی بەهای زۆر و بەرزی هونەریشن. ئەم نەریتە میللیانە هێشتا لە دێ و ناوچە شاخاوییە دوورەکاندا پارێزراون. پاش شۆڕشی کولتووری دەست درایە کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر ئەو بابەتانە، کە چیتر بۆ ئەو چوار دیاردە کۆنە ناگێڕدرێنەوە، کە شۆڕشگێڕە کولتوورییەکان بەتەمای تونا کردنیان بوون. زۆری ئەو لێکۆڵەرانەی لە بواری تۆمارکردنی گۆرانی میللی و بەت ویاوی چینیدا دەسبەکار بوون، لەوە بەئاگاهاتن کە هەرگیز و تەنیا لەگەڵ پێنج و حەوت کێشی تradیشونیدا نایەنەوە. ئەو خاکەی کە ئەدەب و هونەری میللی لێیەوە هەڵتۆقیون، هێزێکی بێوێنەی فراژووبوونی پێبەخشیون: توخمەکانی ئەدەبی میللی هەروەکو سیستەمە ئێکۆلۆجییەکان لە یەدەگی سروشتماندا دەکرێت چاوگێکی بەنرخ و فرە بەبەها، بۆ پەرەسەندنی بەردەوامی ئەدەب و هونەری مودێرن پێک بهێنن. بایۆلۆجەکان تۆوی ڕووەکی کێوی بۆ ڕێگرتن لە شێوانی بۆقی تاقیکردنەوە بەکار دەهێنن و

ئەوە بە ئەوە پەرە بە جۆری نوێیان دەدەن. دراماش وەکو گۆرانی لە نێو خەڵکی ئاساییدا سەری هەڵدا، تاکو دوای ماوەیەکی درێژخایەن لەلایەن کەسانێکەوە تۆماربکرێن کە سەر بە چینی خوێندە و ڕۆشنبیران بوون. دراما و شیعری هاوچاخ لە هەموو دنیادا لە هەمان تەنگژەدا گیریان خواردووە و خۆ پێشخستنیشیان لە ملانێدا لەگەڵ فیلم، شانۆ، پۆپموزیک و خولی وەرزشیدا دژوارە. دیارە کە هەر سەردەمە و مۆدەی نوێباوی خۆی هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا شانۆ، کە لە نوای هەموو دەربڕینە کولتورییەکاندا دادەنرێت، هەروا بەبێ فریارەس لەناو بچێت. من دڵنیام کە شانۆ خاوەن هێزێکی ڕەسەنە، کە بۆ نوێکردنەوەی خۆی بەسە: بۆ ئەوەی شانۆ گەشەبسەنێتەوە دەبێ بەو چاوگانە بگاتەوە کە جارێکیان گیانیان پێبەخشی.

کاتێک مرۆڤ ڕێگە لە ڕووی بیرکردنەوەی نوێدا بەرین دەکات و لە شێوەی درامایی و ئامرازی دەربڕینی نوێ دەگەڕێت، جار بەسەر جارەوە ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی دەبنەوە: ئایا ئەم بیرە نوێیە شانۆنامێزە؟ مرۆڤ چۆن پێناسەی شانۆنامێزیی دەکات؟ کام توخمانە بۆ شانۆ دەلوێن؟ بەواتایەکی دیکە: شانۆ، خۆی، چییە؟ من پێم وایە شانۆ، سەرەڕای گۆڕانە دەرەکییەکان هێشتا کەرەکتەری پێشینی خۆی پاراستووە. هۆی ئەمەش، بەر لە هەموو شتێک، بۆچوونی گریکە کۆنەکانە کە دەڵێت شانۆ بزاوتە. هەر کە ناکۆکی هەست و خوست بە بزاوت ئاڵشت بکرێن، ئەوسا دەشێت سەر شانۆ بخرێن. لە شانۆنامەی S.O.S مدا ناکۆکییە سایکۆلۆجی و ئایدیۆلۆجییەکانی پێنج ئەکتەرەکەم کرد بە بزاوت کە بەڕاشکانی لەسەر شانۆدا دەرکیان پێ دەکرێن. ئاشکرایە کە ئەم بیرۆکەیە نوێ نییە، بەڵام پشتی بۆچوونێکی فرەکۆن دەربارەی تەکنیکی دراماییی دەکرێت.

بەپێی بۆچوونێک کە ئانتۆنین ئارتۆ دایهێنا و، لەلایەن تادیۆس کانتۆرەوە پەرەی پێدرا، دەبێ شانۆ بە پێشوەچوون ببینرێت، کە خۆی لە خۆیدا بەمانای فرەواندنی ئەو بۆچوونەشە کە دەڵێت شانۆ بزاوتە. من خۆم پێموایە کە دەکرێت تێزی زۆرتر لەسەر دەستپێشخەرییەکانی ئارتۆ و کانتۆدا پێک بهێنرێت: شانۆ کۆنتراستە، شانۆ گۆڕانە، شانۆ تەلیسمە، شانۆ دۆزراوەیە. لەڕێی قۆستنەوەی ئەم بۆچوونانەوە، دەکرێت ئەو توخمانە بەکاربهێنرێن، کە تەکنیکی کۆنی درامانووسین نەیتوانیوە مامەڵەیان لەگەڵدابکات.

سیحربازیش سەر بە شانۆیە. کە هونەرمەندی سیحرباز تەقەیەک لە دەمانچەکەیەوە دەکات، شریتە سووورە ئاوریشمینەکەی کڵاوەکەی دەبێت بە مریشک و، لە چاوتروکانێکیشدا کڕی دەخات و بەدەم دەنگی بوق و، ئاوازەوە پەل بە پەلی شۆخەژنێک چەقۆئاژن دەکرێن تاکو دەسبەجێ و ساغ و بێ باڵ بەسەر شانۆوە بفڕێت. ئەم فێڵانە لە کەرەکتەری شانۆییان کەم نییە. پەرجووبازییەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستیش لەسەر هەمان بنەمای دراماییی پێک هاتوون. شانۆنامەی مۆدێرنیش بە ڕووداوە فرەتەجریدیشەکانیانەوە کاتێک بینەر سەرسام دەکەن، بە کەرەکتەری سیحربازییانەوە بەستە. وەکو دەردەکەوێت گۆڕان و تەلیسم و دۆزراوەیە کە شانۆ دەکات بە ئەو تەرزە هونەرە سەرسامکەرەی کە شانۆیە. شانۆنامە تاکپەردەکانم (چاولێکەر) و (پێهەڵگرتن کارێکی زۆر سەختە) لە هەمان بۆچوونەوە هەڵنراون. من پێم وا نییە کە شانۆ دەبێت پروپاگەندە بۆ بۆچوونی ئاینی بکات و بە خەیاڵی بێماناش بینەر چاوترسێن بکات، بەڵام دەبێت بینەر سەرسام بکات: ئەو شانۆگەرییەی بینەر سەرسام نەکات کەس سەری پێدا ناگرێت.

من پێشم وایە ئەگەر درامانووس بیەوێت حەزی بینەر ڕابکێشێت دەبێت شتێکی زۆر بنەڕەتی لەبیر نەچێت: دەبێت بڕوایەکی تەواوی بە هۆشیاریی و ئەندێشەی

بینەر هەبێت؛ نەک شانۆگەرییەکە بە درێژەکانی شانۆنامەکە کۆتایی بێت، ئەگینا بینەران جارێکی دیکە بۆ بینینی شانۆگەرییەکە نایەنەوە. درامانووس دەبێت ئەم مەرجە لەبەرچاو بگرێت.

درامانووس دەبێت بیر لە دەرهێنەر و ئەکتەرانیش بکاتەوە، ئەگەرچی دەقەکە بەوپەڕی لێزانیشەوە داڕێژرابێت، بەلام خۆ لە کۆتاییدا هەر ئەوانن، نەک درامامەنووس، کە بەرجەستەی دەکەن. دەبێت بەئەنقەست دەرفەت بە توانستی داهێنانەوەی دەرهێنەر و کردەی ئەکتەر بدات و ئەو بوارەشیان بۆ بڕەخسێنێت کە بە باشترین شێوە گوزارە لە پیشەزانینی خۆیان بکەن. ئەگەر دەق بتوانێت خواستی داهێنانی دەرهێنەر و ئەکتەر هانبدات، کاریگەرییە درامایییەکان زۆر بەهێزتر دەبن. بەلام سەرگرتن و سەرنەگرتنی نمایشێک تەنیا بە لێزانینی دەرهێنەر و ئەکتەرەوە پێوەند نییە، بەڵکو بە یارای دەقەکەشەوە بەستە، کە نەتوانێت دنەی خواستی داهێنانەوەی ئەوان بدات. بۆیە من هەمیشە چەند کەلێنێکی دژوار لە شانۆنامەکانمدا جێ دەهێلم بۆ ئەوەی دەرفەتێکی فراوان بۆ هێز و توانی داهێناتی ئەکتەر و دەرهێنەر بسازێنم.

لەکۆتاییدا ماوە بلێم شانۆ ڕشتە هونەرێکە، کە لە شوێنێکی داخراودا پێشکەش دەکرێت. بێگومان ئەم بۆچوونە نوێ نییە. مەبەستمە بلێم کە شانۆ دەبێت بۆچوونە ترادیشۆنییەکە دەربارەی شوێن لە شانۆدا، بەدەست بهێنێتەوە. ئیتر با ئەو شوێن شانۆیە لەهەرکوێیەکدا: لە ژوورەوە یان لەدەرەوەدا، هەلکەوتبێت، لەوێدا ئەکتەر لەڕێگەی نواندنەوە پێوەندی بە بینەری خۆیەوە دەکات. بەم پێیە هۆلی شانۆ دەبێت بە ئەو شوێنەی کە ئەکتەر و بینەر بۆچوون و هەستی خۆیانی تێدا ئالۆشت دەکەن. ئەم شوێنە شتێکی زۆر جیاوازە لە هۆلی سینەما، کە بینەر لەنێو تاریکیدا دادەنیشن و چاو لە پەردەیەکی سپی دەبڕن و، هەرکەسەیان لە دنیای داخراوی ئەزموونەکانی خۆیدا گۆشەگیر بووە. بینەری فیلم هەرگیز پێوەندی بە ڕۆڵ و ئەکتەرانی سەر پەردە و، تەنانەت بە بینەرانی تریشەوە پێناکرێت. هەر ئەمەیە فیلم دەکات بە جۆرێک لە هونەری تاکەکەس، هونەرێک کە درەنگ و زوو تەلەڤیزۆنی ناوەکی جێی دەگرێتەوە. ئەوانەی کە ئێستا لە مالدا دانیشتوون و سەیری تەلەڤیزۆن دەکەن، لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا دەڕژێنە شانۆکانەوە، تاکو هەست بەو بارە ئاهەنگدارە بکەن کە لە شانۆدا سەر و باندەستە. لەوێدا مرۆڤی سەر و خوار تەختی شانۆش دەتوانن پێکەوە بگرین و پێبکەنن، خۆشحال و خەمباریش بن و بەزیادەوە بوار بۆ هەست و سۆزی خۆیان، هەروەکو لە کۆنسێرتی پۆپموزیک و یاری فوتبۆلێندا، بڕەخسێنن. داهاتوو بەستەی شانۆیە. تەنانەت لە ڕۆژئاواشدا ئەوانەی ئیدی بەرگەی تەنیایی ناگرن، بۆ نەریتەکانی شانۆی ئاسیای خۆرهەلات و گریکی کۆن دەگەڕێنەوە تاکو ئەو ئالوگۆڕی بیر و هەستە بدۆزنەوە، کە غەریبیی دەکەن. کە ئەو ڕۆژەش داهات ئیتر شانۆ بە زۆرین شێوە و ئامرازی نوێی دەربڕین گەیشتووە. کە شانۆ یارای ژینی خۆیشی دەستەبەر کردەوە، ئەوسا دەکرێت باس لە ڕابوونی شانۆی زیندوو بکەین.

ئانجین ٣٠/٨/ ١٩٨٤

لە گۆڤاری BLM ژمارە چواری سالی ١٩٨٨ەوە وەرگیراوە.

# مۆنۆلۆگ

( ئەکتەرێکی پەنجاو چەند ساڵە، بە بێدەنگی، دێتە سەر شانۆ ڕۆشناکە. پەتێک دەردەهێنێت، کە لە پاڵ رامپەکەدا دایدەنێت)

ئەکتەرەکە (لەبەر خۆیەوە): من دەمەوێ ئەم پەتە ڕابکێشم و ( سەرهەڵدەبڕێت و سەیری بینەران دەکات) خەتی سنووریّ بکێشم. ئێوە لەو بەر و من لەم بەری خەتەکەیا. ( ڕوو لە بینەران دەکاتەوە) دەمەوێ دیواریّ هەڵچنم ( دادەنەوێت و وای دەردەخات کە بە چەمەنتۆ خشت و چەمچەوە خەریکە)، دیواریّ لە نێوان ئێوە و خۆمی ئەکتەرا.

(ئەکتەرەکە بەگورجی دەستبەکارە و دیوارەکە بەخێرایی هەڵدەچێت. ڕووناکی هۆڵەکە کز دەکرێت، هاوکات تەختی شانۆ ڕۆشنتر دەبێت.)

هەڵبەت دیوارێکی ڕاستینەم پێهەڵناچنرێ. ( وچانێک دەدات، دیوارەکە گەیشتووەتە ئاستی بەرسینگی.) گەر بەڕاستیی بووایە لێتانەوە دیار نەدەبووم! ( بەسەر دیوارەکەوە چاو دەگێڕێت و، ئەمجار سەیری دەوروخولی خۆی لە پشت دیوارەکەدا، دەکات.) نمایشکردنی شانۆ بۆ خوم لێرە لە پشت دیوارەکەیا ، لە هیچەیە. دەبێ دیواریّ بێ، لە تویّیەوە چاوتان لێم بێ . من پێویستم نییە بتانبینم .

( لە هەڵچنینی دیوارەکە بێوچان بەردەوام دەبێت تاکو لە بەژنی تێدەپەڕێت، کە دەبینێت تاکە خشتێک ماوەتەوە دێتە سەر پەنجەی پێ و خشتەکە دەخاتە سەر دیوارەکە، دەستەکانی دەسڕێت و پشویەک دەدات. ڕووناکی هۆڵەکە بە تەواوی خامۆش دەکرێت؛ ئێستا هەر شانۆکە ڕۆشنە.)

وا لێرە وەستاوم و دەتوانم چۆنم پێ باش بێ بچمە ڕۆلەکەمەوە و ئیتر ترسی تێبینییەکانی ئێوەم نییە. چەنەبازانی هۆڵەکەش با لە هەر شتێ کەیفیان لێبێ بدوێن، من گوێم لێ نییە. نیگای ئێوەش موچڕکە بەلەشما نایەنن ، چونکە تێیان ناگەم! ( بە دەنگی بەرز ڕادەگەیەنێت): ئێستا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕم، تاکە ڕۆڵی ئەم شانۆگەرییە! ئێستا وەک خاوەنی ڕۆڵە سەرەکییەکە بۆتان دەدوێم. من – ( بێدەنگ و لەبەر خۆیەوە): ئەو شتەی دەبێ بیڵێم، چییە؟ (لادەکاتەوە و سەیری دواوەی شانۆکە دەکات): وتەکەم بیر چووە! (لاسایی وەبیرهێنێکی بەتەمەن دەکاتەوە): ش، ش، شش! ( بەدەنگی خۆی): چی؟ (بە دەنگی وەبیرهێنەکە): شش! شش! شش! ( بەدەنگی خۆی): باشە، بەئێوە بڵێم؛ من ئێستا خۆم لە ڕۆڵەکەما دەبینمەوە و، دەتوانم هەرچییەکم پێخۆشبێ و چۆنم پێخۆشبێ بیڵێم. هیچ کەسێکیش ئەو ڕۆڵەی کە لەسەر شانۆیا دەیگێڕم ، تێکەڵ بە کەسایەتی تایبەتی منی ناکا. بەڵام هاوکات ئەوە کەسایەتی تایبەتی خۆمە کە لەسەر تەختی شانۆیا ڕۆڵەکە دەبینێ.

( بە خۆڕاپەرمونێکی زۆر و بە جموجوڵێکی نەختێک زیادەوە): گەر ڕۆڵی دوکتۆریّ ببینم ، خۆم زۆر جدی دەنوێنم، بەلام هێشتا لەبەردڵ و شیرینم و دەنگیشم نەختێ خنکاو دێتە بەر گویّ چونکە دایم بە دەمپۆشەوە دێم و دەچم. گەر ڕۆڵی لۆتی یان سواڵکەرێکی کەساس بگێڕم قرخە بەربینم دەگریّ. گەر ببمە منجرێکی لە هەموو شت زانا، چاویلکەیەکی پەراوێز عاج لە چاو دەکەم. ڕەنگە ڕوویدا ڕۆڵی بیانییێ ببینم ، ئەوسا باسکبەستێ بەخاچی کەچەوە لەباڵ دەبەستم و جووتێ چەکمەی ناڵچەدار لەپێ دەکەم، لەسەر تەختی شانۆیا ، کە بەنێو سەرلەبەری ژێردەسانی هیتلەرا دێم و دەچم،

تەقە تەقی بێ. لەوانەشە ببمە کەسێکی دەمپێکهاتوو کە بە زاراوەی پەکینگی بدوێ: " ها، ها برا هەڵپەتە ها، دیارە بەنیاز چتێکی، باشە دەنگە بێ، خوا لەگەڵ!" بێگومان جاری وا هەیە پیاو لە شانۆگەرییەکی بەناوبانگا بەشدار دەبێ. لە ڕۆژانی لاوێتیشا پیاو لەسەر ڕۆڵی ڕۆمیۆ بەشەڕ دەهات و، کە بۆ گێڕانی ڕۆڵی شا (لیر)یش لەبەر پیری پەکی کەوت، هەمیشە لەم شانۆگەرییەکەوە بۆ ئەو شانۆگەری، ڕۆڵی لاوەکی پێ دەدرێ...

( بە دەنگی ئاسایی و بێسۆز): ڕۆژێ دادێ فەرق بەپیری خۆت دەکەی. بەڕاستیش وایە، تۆ بوویتە بە باوەگەورە و نەوەت هەن لێت دەوروکێن. جا چی لەوە ناخۆشترە کە هەست بە پیریی خۆت بکەی! لەو ساتەوەی پیاو بە زریکەوە لە کۆشی دایکی بەر دەبێتەوە، تا دەکەوێتە گروگاڵ و سەرپێ و دەچێتە قوتابخانە و پێدەگا، هەر یەکێ لە ئێمە خواستێکی لە دڵا هەڵدەدا. بەشێکمان دەیەوێ وڵاتەکەی ئازاد بکا و خزمەتی گەلەکەی بکا، بەشێکی تر بەهیوایە لە کارێکا ناو دەرکا و هەڵکەوێ. ئێمەی ئەکتەر بە وێنە بگرە: ئەوپەڕی پێشکەوتنی ئێمە سەرناسبوونە، کە بەجۆرێ ڕۆڵ بگێڕین، هەرکە خەڵک چاویان بە ناوی یەکێکمان لە ڕاگەیەنراوێکا بکەوێ، دەسبەجێ بلیت بکڕن. بەڵام گیانەکەم شتەکە بەم ئاسانییە نییە! پیاو زۆر تەمەن ناکا، چەندیش خۆی بڕمێنێ جاروبار شتێکی لەدەس دەردەچێ. خۆ ژاژ نییە، کە بەهاران، هەرکە بارانێکی باش دایکرد، بڕوێ. کەسێ بیەوێ ناو دەرکا، دەبێ لەڕووی کۆسپ و تەنگانە بوەستێتەوە. کە پیاو لەناکاو خۆی وەپێشخست و ناوی کەوتە نێو ناوانەوە، ئیتر بوختانی بۆ هەڵدەبەسترێ و تێکەڵ بە ئێرەیی دەکرێ – یان ڕەنگە ئێرەییەکە تێکەڵی بوختان بکرێ– ڕەنگە فەرقی نەبێ کامیان پێشی ئەوی تریان بکەوێ، ئیتر وەک نووسنەک بە پاشەڵی پیاوەوە دەنووسێن، یا با بەزمانێکی جوانتر بیڵێم، وا بە پێڵاوەکانتەوە دەنووسێن ، کتومت بە قوڕاوێکا تێپەڕی و بە قوڕی پێڵاوەکانتەوە گیر بخۆی، کە تا دێ قورس و قورستر دەبێ. ئەوەش لە سۆنگەی ئەو ڕێزەوەیە کە خەڵکی لە ناودارانی دەنێن؛ کە پیاو ناودەنگی دەرکرد ئیتر کەسانێ هەن ڕێزی لێ بنێن ، هەروا کەسانێکیشی لێ بەدیار دەکەون ڕکیان لێی ببێتەوە. بەکورتییەکەی؛ هەرکە پیاو بۆی دەرکەوت تەمەن بەسەر چوو، بێنەوەی مەبەستی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، واتە کە پیاو پیر بوو، دەبێ لێگەڕێ و خۆی بە کوڕی منداڵەکانییەوە بخافڵێنێ: گەر کوڕ نەبوون، خۆ چەند کچێ هەر دەبن، تەننەن، تیانتیەن یان پینگپینگی وردیلانە، یان چوزانم با هەر چییەکی تریان ناو بێ. ئا، خۆ کچێ دەبێ لووتی بسڕی یا پاشەڵی پاک بکەیتەوە. ئیتر وایە، کە نەوەکانت بە باوەگەورەت بانگ دەکەن گەرمیت بە دڵا دەگەڕێ، لەخەفەتباریا وەک دڵدانەوەی لێدێ. ئەرێ باسی چیم دەکرد؟

( بەخۆدا دێتەوە و بەتاندا دەچێت): بەڵێ، باسی هەڵچنینی دیوارم دەکرد. گەر ئەکتەر دیواری لەنێوان خۆی و بینەرا پێهەڵچنرێ. دیوارێ کە تەنیا لە بەرەی بینەرانەوە پشتدیار بێ، تا بیبینن، بێنەوەی بینەرانی لێدیار بن، ئیتر لەسەر شانۆیا بڕوای بەخۆی دێ و ئەکتەرێکی زیرەکی لێهەڵدەکەوێ. ( دەبزوێت و بە دەنگی بەرزتر ڕادەگەیەنێت): هەر ئەمەیە وا لە ئەکتەر دەکا بە ئازادی و ئاسایی ڕۆڵ بگێڕێ، ئیتر با خەریکی هەرچیێ بێ: پێبکەنێ و نەفرەت بکا، قسەی خۆشەویستی بچرپێنێ، لەدایک بێ، بەساڵابچێ، نەخۆش بکەوێ و بمرێ.

( لەناکاو قوولە لە خۆی دەبڕێت): بەڵام، گەر پیاو بیەوێ ئەکتەرێکی باشی لێهەڵکەوێ، ئەم ئەمەندەیە کەم دێنێ. دەبێ لەنووکەوە تێهەڵچمەوە و ئەم دیوارە بڕمێنم. ئەوەی پیاو خۆی هەڵی دەچنێ دەبێ هەر خۆی دایڕمێنێ.

(خشت بەخشتی دیوارەکە لەسەر یەک دەکاتەوە؛ دوودڵی دایدەگرێت و کە دیوارەکە دەگاتە ناوکی دەسهەڵدەگرێت؛ بەخەیاڵداچوونی پێوە دیارە): لێرە دەکرێ چوارچێوەی پەنجەرەیێ هەڵبەستم تا جارجارە سەرێ لە ناو ڕۆڵەکەمەوە دەربکێشم. (پاڵ بە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە دەدات): پیاو دەبێ ناوبەناو

وچانێ بدا و نێوان لەگەڵ بینەرا خۆشکا و ڕەنگە چاو لە کەسێ داگرێ. پێویستە ئاگای لە کاردانەوەی بینەرانیش بێ، ئاخۆ زەق زەق تەماشا دەکەن، یا بەچاوی لێکنراوەوە بیر دەکەنەوە. دەبێ گوێ هەڵخەی گەر دەنگ لە کەسێکی نێو بینەرانەوە دێ، گەرنا بەهێمنی لە نواندنەکەت بەردەوام بە.

(وەردەچەرخێت و چەند هەنگاوێک هەڵدەهێنێت، نیگەرانی پێوە دیارە، لەناو چوارچێوەی پەنجەرەکەوە سەر دەردەکێشێتەوە، هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت): ئەمڕۆ کەمێ خۆڕسکانە ڕۆڵەکەت دەگێڕی، دەبێ لەسۆنگەی ئەو گۆشتاوە بێ کە خواردت؟ (وەڵام دەداتەوە): ئەمڕۆ خەم دایگرتووە. بەرلەوەی نمایشەکە دەستپێبکا دایکی لە نەخۆشخانە سەری نایەوە. (بێدەنگی).

( بەدەنگی سەرنجدەرێکی هێمن): تەنانەت ئەکتەرێکی زۆر زیرەکی بەدەمودووش لە مرۆڤ زیاتر نییە؛ ئەویش کوڕی دایک و مێردی ژن و، باوکی منداڵی خۆیەتی، ئەویش ژیان و کەسی خۆی هەیە و هەروەها جیهانێکی ناخیی هەیە، کە تەنیا جیهانی خۆیەتی. بەڵام ناتوانێ خۆ لە نمایشێ بەخاوەن نەکا و بینەری خۆی بڕەنجێنێ کە خۆشیان بە دیتنی شانۆگەرییەکە دێ، تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێکی کۆچی دوایی کردووە یا خەمبارە و یەکجار نائومێد کەوتووە. هەرچی ئازار بچێژێ نابێ کەیفی بینەران بشێوێنێ. دەبێ لە ڕێنوێنییەکانی تایبەت بە ڕۆڵەکە لانەدا. ڕەنگە ڕۆڵەکەی پێویست بکا، بداتە قریوەی پێکەنین و، گەر زۆر بۆ خۆی بێنێ، کەڵکێکی وای نابێ. بەڵام ئەکتەر ڕاکێشانی سەرنجی بینەرەی بەسە تا داسرەوێ و خۆی لەدەست نەدا.

( دەبزوێت و نەختێک دەنگ هەڵدەبڕێت): زۆر جار ڕوودەدا، بەناچاری ڕۆڵێ بگێڕێ، کە ڕای لەسەر نییە، بەڵام سەرەڕا بەری ئەو کەوتووە. لەو بارەیا ئەکتەری زیرەک هەستی خۆی دەرناخا: لە خودی خۆیەوە دێتە دەرێ و کتومت بینەران لەلاوە سەیری خۆی دەکا..

(پشت لە بینەران دەکاتەوە): من ژیانم دەوێ! مەرگم ناوێ! ( بەر بەلای بینەراندا دەکاتەوە و جووڵە لەخۆی دەبڕێت): خۆ تۆ ئەو لەپیاوەتی کەوتووەش نیت، کە لە پای ژنی گەنج هێنانا پارەیەکی باشی بەخت کرد! ( دێت و دەچێت): ئانەو پارچەیە، نا. لایەنی گرنگی ئەم ڕۆڵە ئەوەیە کە پیاو بە هەست و هۆشەوە دەیگێڕێ. (لە جووڵە دەکەوێت) خۆ تۆ "کاو کاو" سەرقۆشەنی تۆقێنەریش نی، کە گۆو مورۆ شانۆنامەکی دەربارە نووسیوە.

( گوڕی تێدەگەڕێت و بە هەژدەر دەدوێت): تۆ تۆی، تۆ خۆت ئەکتەرەکەی. تۆ مەزەنەی خۆت و کارەکتەر و زانیاری خۆت بەکاردێنی و ڕات لەبارەی ڕۆڵەکەوە لەسەر ڕای بینەرانە. دەمێنێتەوە لەو چرکانە بەئاگا بێ کە پێ دەچێ لەسەر تەختی شانۆیا هیچێ ڕوونەدا. هەر لەو ساتانەدایەکە پەنجەرەکە بەڕووی بینەرانا دەکەیتەوە، بەڵام جاروبار پەنجەرەیێ کەمە و بۆیە دەبێ دەرگایێ بخەیتە سەر پشت.

(وای پیشان دەدا کە دەرگایەک دەکاتەوە و بەسەر ژێردەرەکەدا پێیهەڵدەگرێت). بڕۆ نێو بینەران و ڕۆڵەکەت لەگەڵ ئەوانا ،پێکەوە، بخولقێنە. تۆ لە یەک کاتا کەسایەتی ڕۆڵەکەتی و خۆشتی.( دەرگاکە بە کراوەیی ڕادەگرێت، لەناو دەرگاکە دەوەستێت و بەتەواوی سەردادەنەوێنێت): بەڵێ، گەورەم! (نیگای لەنێو بینەراندا گوم دەبێت.)

(پشتی ڕاست دەکاتەوە): شتێ دەڵێ و مەبەستی شتێکی ترە! سیمای ئەو داڵەورە دەبێ سروشتیتر بنوێنم . بەڵام ، خۆ ئەکتەر کویلە نییە. ئەوپەڕەکەشی هەر ئەمەیە، ئەکتەری زیرەک ناتوانێ دایم و دەرەم خۆی بنوێنێ. گەرچی جاروبار دەبێ لە ئەزمونەکانی خۆیەوە دەست پێبکا، بەڵام دەبێ هاوکات لە بەرتەنگیی خۆیەوە خۆ قوتار بکا.

لە ژیانی ڕاستینەیا ڕەنگە کەسێکی نەوێر و بێهێز بێ کە بەئاسانی بڕیاری بۆ نەدرێ. بەڵام بێتو وەک سەرلەشکرێ بێتە سەر تەختی شانۆ تەنیا دەست هەڵبڕین و نرکاندنی بەسە، تا بەرودوای لەشکرەکە فەرمانەکەی ڕاپەڕێنن.(نرکەی دەنگدان وەک لافاو هەڵدەکشێت و دادەکشێت.)

دیارە کە لە ژیانی ئاساییا ئەم بڕوایەی بەخۆ نییە، بۆیە دەبێ وەک بینەران بکا، لەدەرەوە سەیری ڕۆڵەکەی خۆی بکا، کتومت. دەبێ ئەوەی بۆ ساغ بێتەوە گەر کەسایەتی ڕۆڵەکــە خــاوەن ئەو هێــز و ئەو بڕوایەیە. هەروەک ئەکتەری ئۆپێرا کە دێتە سەر شانۆ بەچاوی زەقەوە وشک دەوەستێ: هەرکە تەپڵ و سەنجەکان دەکەونە زرمەزرم دەچێتە ڕۆڵەکەیەوە و دەبێتە قەیسەرێ یا سەرلەشکرێ. بەڵام شانۆی نوێ کەڵکێ ئەوتۆی لە نموونە دەقگرتووەکەی ئۆپێرای پەکینگەوەی دەسگیر نابێ. شانۆی نوێ دەبێ زیندوو و زۆر سروشتی بێ، لەم جۆرە شانۆیەیا جێی تۆزقاڵێ شتی ناسروشتی نابێتەوە.

(دەنگ هەڵدەبڕێت): با ئەکتەر لە ژیانیا کەسێکی تەواو بێبەهابێ، بەڵام گەر بە ناو ئەو دیواری چوارەمەوە تێپەڕێ کە لە بینەرانی جیا دەکاتەوە و ( بەرەو ڕامپەکە دەچێتە پێش) زات بنێتە بەر خۆی کە بە چاوی کەسایەتی ڕۆڵەکەیەوە سەیری بینەران بکا و هاوکات بە چاوی بینەرەوە لە کەسایەتییەکە بڕوانێ، ئەو بڕوایەی بەخۆ دەبێ کە لە ئەکتەری زیرەک دەخوازرێ و، لە تێکڕای ئەو ڕۆڵانەی کە دەیانگێڕێ، ئیتر خۆ نانوێنێ. هەر ئەوسا دەتوانێ بێوێنە ڕۆڵە سەرەکییەکە بەرجەستە بکا. گەر پێویست بە گریان یا پێکەنین بکا، بێ دیکۆر وکەرەستەی شانۆ و جلوبەرگ یا مکیاج، بەڵێ تەنانەت بێ کاریگەری دەنگ یان ڕووناکیش، دەچێتە ڕۆڵەکەیەوە.

(ڕووناکییەکە کز دەکرێت، بەڵام خامۆش ناکرێت. لێرە ئەکتەرەکە دەکرێت مۆنۆلۆج لەدیمەنێکی نمایشی لەشکرەوە هەڵببژێرێت. مۆنۆلۆجەکە لە ناکاو دەپچڕێت.)

( بە دەنگە ئاساییەکەی خۆی): کە ئەکتەر بەباشی ئاشانی ڕۆڵەکە و بەسەریا زاڵ بوو، ئیتر شتێکی داهێناوە و ئەو شتەش جۆرێ خۆشی پێدەبەخشێ. لە سەرێکەوە ترنجاوەتە ڕۆڵەکەوە و لەسەرێکی ترەوە خۆی لە ڕۆڵەکەوە دەرکێشاوە (چاو بەخۆیدا دەهێنێت). ئەمیش وەک بینەران سەرسام دەبێ، کە خۆی دەبینێ دەچێتە ڕۆڵەکەوە و خۆی لەگەڵیا، بێ زیاد وکەم، دەگونجێنێ.

( بە گرنگییەکی زۆرەوە): بەڵام ئەکتەر هەردەم ڕۆڵەکەی پێ جڵەو ناکرێ. گەر ڕۆژێ هەست بە وردە جیاوازییەکان نەکاتەوە، زۆر پەریشان دەبێ، بۆیە پێویستە پەنا بەرێتە بەر چەند فێڵ و جووڵەیێ بۆ ئەوەی لەنگیی نواندنە هونەرییەکە داپۆشێ. هەروەک زۆر بۆ خۆی بێنێ، بەخۆیا دەشکێتەوە. ئەکتەر گرفتاری خەم و خەفەتێ دەبێ کە بە تووشی کەسانی ترەوە نایێ: کە نەتوانێ ڕۆڵەکەی خۆی ببینێتەوە. ئەو خەفەت و خەمە ئەوینێکی ناکامی وەبیر دێنێتەوە. بێگومان ئێوەش ڕووبەڕووی ئەم ئەوینە ناکامە بوونەتەوە. گەرچی ئێستا زۆر شاد و بەکەیف دیارن. بەڵام کەسێکتان تیا نییە زات بکا و بڵێ ؛ جەزرەبەی ئەوینی ناکامتان نەکێشاوە! ئەکتەر تا خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئەو جەزرەبەیە بێ، پێدەگا و ڕۆڵ دوای ڕۆڵ بەردەوامی پێدەدا..

(سەرنج لە خاڵێکی ناوەندی تەختی شانۆکە گیر دەکات، لەوێدا تیشکێکی بازنەیی بەرەبەرە ڕۆشنتر دەبێت. ڕۆڵەکەی بەجێ دەهێڵێت و کەنار دەگرێت.)

( لە پاڵ ڕامپەکە دادەنیشێت و لە ڕۆڵەکەی ڕادەمێنێت؛ چاو لە تیشکە بازنەییەکەی ناوەندی تەختەکە دەبڕێت.)

(بەدەنگێکی نزم): دەست دەگرێتە بەر چەناگە. (دەست دەداتە بەر چەناگە) نەء، ناتەواوە، دەست شۆڕ دەکاتەوە. (دەستی شۆڕ دەکاتەوە). دەست دەنێتە سەر ئەژنۆ، وەک بیر لە شتێ بکاتەوە. ( دەست دەخاتە سەر ئەژنۆ). نەخێر ئەمیشیان ناتەواوە! دەستی لە ئەژنۆ دەترازێنێ.

ئێستا تەواوە! ئیتر بە دەستەکانیەوە خەریک نییە و بیرناکاتەوە. لە ڕۆڵەکەیا تواوەتەوە.

( هەڵدەستێتەوە! بێناگا شێواز دەگۆڕێت. کە بەهێواشی لە تیشکەبازنەییەکە نزیک دەبێتەوە نەختێک پیرتر بەدیار دەکەوێت. لەبەر خۆیەوە): ئێستا دەست پێدەکا!

( بەپارێزەوە لە دەوروبەری تیشکەبازنەییەکە

وردەبێتەوە): بەدەم بیرکردنەوەوە دێ و دەچێ و...

(ئێستا لە ڕووناکی تیشکەبازنەییەکە بترازێت، تەختی شانۆکە تاریکە. ئەکتەرەکە دەچێتە نێو تیشکە بازنەییەکەوە و سوورێکی تێدا دەخواتەوە. ڕوو لە بینەران دەکاتەوە پەرێشان دیارە؛ دەنگی دوودڵی و ڕاڕایی دەردەخات.) نازانم گەر کەستان ئەمەی بەسەر هاتبێ یان نا. پیاو بەشەو دەنوێ و، لەناکاو لە شەلاڵی ئارەقە و دڵ بە تەپ و کوت ڕادەچڵەکێ، ئیتر مەحاڵە خەوی لێبکەوێتەوە. لەوانەیە پیربوون بگەیەنێ. گەر پیاو تەواوی شەو بنوێ، ڕەنگە سبەی هۆشی نەبێتەوە؟ نابێ ترس بخەمە دڵی هاوسەرەکەمەوە کە لێرە، بەتەنیشتمەوە ڕاکشاوە!

(وای دەردەخات کە بەپارێزەوە لەجێ دەردێت): هم، پیاسەیە دەکەم. (تیشکە بازنەییەکە لەسەر تەختی شانۆدا دوای دەکەوێت؛ لەبەر خۆیەوە دەڵێت): دەبێ بیرێ لەو ماوەیە بکەمەوە کە ماومە.

(بەکەپجارییەوە): گەر ئێوە ئەکتەر بووایەن دەبوو ئاوا بیرتان بکردایەتەوە، کە چرچی بەدیار دەکەوێ و پێڵوەکان شۆڕدەبنەوە و ورگیش زل بووە، ئیتر پیاو ڕۆڵی لاوی شەیدا و ڕۆمانسیی پێناگێڕدرێ. گەر لەگەڵ کچی گەنجا هەڵبخاتەوە هەناسەی سوار دەبێ. تۆ شۆخ و شەنگی لاوێنیشت بەسەرچووە و چیتر ڕۆڵی شالیری شەکسپیریشت پێ نانوێنرێ. بیرم نەچێ! پیاو زۆر دڵسارد دەبێ ڕۆڵی ئەو پیرە تەنیایە ببینێ. بۆیە دەبێ بەوردی بیری لێبکەیتەوە کە بۆ کام کار لەباری. وانە بەقوتابیان بڵێیەوە، ڕەنگە، یان بیرەوەرییەکانت بنووسییەوە؟ پیشە بەهەموو کەس ناگۆڕدرێ و هەموو کەس نابێ بە دەرهێنەر، پیشەی دەرهێنانیش بووەتە کۆمەڵەیەک بۆ خانەنشینە پیرەکان. پیاو وەک (ڕێگان)یشی پێناکرێ، گەر بەئەکتەریی دەرنەبا، بڕوا و ببێتە سەرۆک! کە پیاو نەختێ ترسی بچێتە دڵەوە و عەودالی ڕێگاچارەش بێ، هیچ کەڵکێکی لێناکەوێتەوە. تۆ ڕەنگە پێتوابێ، هونەر هیچ سنوورێ نەناسێ و، هەر بەم بۆچوونە پشت ئەستوور بی، نەک دڵگیریی لاوێنییەکەت. هەربۆیە دەسبەجێ چوارەم دیوارە وەهمخوڵقێنەکە دەڕوخێنی و، لەسەر تەختی شانۆشا هونەرەکەت دەکەیتە پاڵپشتی ژیانت. تا بەساڵیشا بچی، بۆ سادە و ئاسانییەکی گەورەتر دەکۆشی.

(بێدەنگی)

( بەدەنگێکی نزم وەبیری خۆی دەهێنێتە): بە بینەران بڵێ: ئەم تەختی شانۆیە لە جێی دارستانێکی چڕە.

(بەرەبەرە ڕووناکی تەختەکە کز دەکرێت؛ تیشکێک، لەلاوە، کڵێشەی بەدیار دەخات. پێدەچێت شتێکی هەڵهێنابێت): باریکەڕێیە لە ناو ئەم دارستانە تاریکەیا هەیە.

(تیشکێکی کز لە پاشخانەکەدا دەترووسکێتەوە.) بەساڵاچووە، پایزی تەمەن.

( بەپیری تیشکەکەوە دەچێت.) گەڵا دەوەرێ.(لە ڕووناکییەکە هەڵدەڕوانێت). گڤەی بای پایز دێ. ( بە مەراقەوە گوێ هەڵدەخات) گەڵا زەردە زێڕینەکان. ( لا دەکاتەوە و سەر هەڵدەبڕێت ؛ بەکزی دەڕوانێت و ئاهێک هەڵدەکێشێت): وەرزی سەرەمێری و کامڵبوون.

( کەمێک لا دەکاتەوە و وا پیشان دەدات کە بە گۆچانێک گەڵاکان تێکوەردەدات): لە پایزا کە سۆراخی شوێنەواری لاوێنیت دەکەی، شەوێکی، بەر لە بەهاری، ئەو ساڵەت – ئەرێ کام ساڵ بوو؟ بیر دێتەوە.

( تەختی شانۆکە لە تاریکی دەنیشێت، تیشکێکی شینی کز دەخرێتە سەری.). تۆ خۆت لە کێڵگەیەکا دەبینییەوە، بۆ زەویکێڵان لەوێی، نەک نمایشکردنی شانۆ. لەناکاو هاژەی ڕووبارێکی شەختەگرتووت دەگاتە گوێ کە لە دوور دەکشێ...

(بە مەراقەوە گوێ هەڵدەخات).

(چرکەی تەرەکینی شەختە تا دێت بەهێزتر دەبێت؛ دەنگەکە تێکەڵ بە گرمەیەکی خنکاو دەبێت؛ لەو تاریکەشەوەدا زیقەی سۆنەکێویەک و شەقەی باڵی دەبیسترێت.)

هەڕەتی لاوێنیشی ، لە ڕابردووی دوورەوەی بیر دێتەوە:

(هاواری ڕۆژنامەفرۆشێکی لاو.) هەژار بەڵام وەبەرز...

(تیشکێکی زەرد دەکەوێتە سەر دەم وچاوی؛ ڕیچ دەبێتەوە و لە سۆراخی سەرچاوەی دەنگەکەیا بەدەوری خۆیدا چاودەگێڕێت. دەنگی ڕۆژنامەفرۆشەکە لەناکاو کپ دەکرێت. دەنگی لافاو. تیشکێکی سوور لە دواوە جێی تیشکەکەی سەر ڕوومەتی دەگرێتەوە. باوەشی دەکاتەوە و بەپیر لافاوەکەوە ڕادەکات): ئەودەمانە چەند گەنج و چەند گورجوگۆڵ بووی! تۆ لە پێشی خۆت دەڕوانی ، تێدەکۆشای و پڕبەدڵ باوەشت بە ژیانا دەکرد، کتومت دەریا کە خەریکە لە باوەشت بگرێ!

(دەنگی لافاوەکە زیاد دەکرێت ؛ بەدەنگی بەرز هاوار دەکات): ئا- ێ- ی!

( دەنگی تێکەڵ بە گرمەی لافاوەکە دەبێت و دەسبەجێ دادەمرکێتەوە: لە هەردوو لایەوە گڵۆپی سەوز و سووری هاتوچۆ دەکەونە تروکە تروک. بەدوودڵییەوە، بەڕاست و چەپی خۆیا، چاو دەگێڕێت. هۆرنی ئوتۆمبێل و دەنگی بڵندگۆ؛ لەلای چەپەوە هووڕای سیاسی دەکێشرێت ، لای ڕاستەوە گۆرانییەکی دەکەوێتە بەر گوێ، بەڵام دەنگەکان هێند بەیەکدا دەچن پیاو لە وشەکان ناگات.)

ئیتر بە جەرگەی تەمەنا ڕادەبووری و دەگەیتە چوارریانێ و لەخۆت بێخەبەر گێژەڵەی گێچەڵ دەبی. خەڵک لە چەمەرت دەکێشن و ،بەرگریت پێ ناکرێ و نازانی چ تاوانێکت کردووە. ئەمیان جیایە لەو باجەی کە دەیدەی کاتێ بە جادەیا بپەڕیتەوە و تیشکی سوور هەڵبووبێ!

(غەڵبەغەڵب؛ وا دێتە بەرچاو کە خەڵکی پاڵی پێوە دەنێن و دڕی پێدەدەن) و ناشتەوێ بکەویتە بەر ئەو لافاوەوە.

( دەنگی جیاوازی نێو جادە. ئەکتەرەکە بەجۆرێک دەبزوێت وەکو کەسێک بەسینگدانەپێش دڕ بە قەڵەباڵغییەوە بدات. تیشکەکەی سەر ڕوومەتی ڕەنگ دەگۆڕدرێت ، وەکو ڕووناکی نیۆنێکی کەوتبێتە سەر.) دەڵێی ، کتومت، کەسێ لە جادەیەکی قەڵەباڵغا یا لەبەر دەرگەی میترۆیا، پێی ناوەتە سەر پێڵاوەکەت.

(دادەنەوێت و پێڵاوەکەی هەڵدەکێشێت. تیشکێک بە ڕوومەتیدا دەشەکێتەوە)

تۆ کلیلەکەی گیرفانیشت لێکەوتووە. پێ و پێڵاوی بێژمار بەسەر سەرتەوە هەنگاو هەڵدەگرن و (بەچوارچۆمەڵە لە کلیلەکە دەگەڕێت) پێ لە هونەرەکەت دەنێن. سەردەمێکی ئاشوبەیە، ئەو سەردەمەیە کە کولتوور دەکرێ بە شۆڕش. هیچێ بە هیچ کەسێ ڕوون ناکرێتەوە و پرسیارکردنیش هیچ سوودێکی نییە و گەر تۆ.. ( کە کەسێک پێ بە دەستیدا دەنێت، هاواری لێوە هەڵدەستێت) ، ئای!

تەختی شانۆ تاریک دەکرێت. دەمەوڕوو کەوتووە. تەواوی دەنگەکان کپ کراون. لە تیشکێکی بازنەییدا پێچراوەتەوە و بەدەم ئاوازێکی خاوەوە بەزەحمەت سەر ئەژنۆ دەکەوێتەوە. تەواو شەکەت و ماندوو.) کتومت ئەودەمەی خەڵک لە ناو وێرانە و کەلاوەی دوای بۆمەلەرزەیا لە دەوری و ئینجانەی شکاو دەگەڕن، گەر کەڵکیان مابێ: ژیان دەگەڕێتەوە سەر دۆخی جاران و دوایی...

( لە شتێک دەنەوێت و لێی ورد دەبێتەوە): پیاو ئاوایش گوڵێکی بن خۆڵەکەوەی هێشتا سیس نەبوو، دەردێنێ و سەرلەنوێ ئاوی دەدا، وەک ئەوەی گوڵەکە...بێ

( ئاوازەکە بەهێز دەکرێت؛ لە جێی خۆیدا وشک و چاو مۆڵەق دەوەستێت پێشوازی لە چەپڵە و ستایش و پێداهەڵگوتن دەکات. تیشکە بازنەییەکە خامۆش دەکرێت و ڕووناکییە ئاساییەکەی شانۆ جێی دەگرێتەوە.)

(نەختێک خێراتر، بە دەنگی سەرنجدەرێکی کەنارگر دەدوێت): سەرلەنوێ ڕێز لە کارەکەت دەگیرێ و دان بە لێهاتوویت دەنرێ، بەڵام تۆ لات ئاشکرایە کە ئەم بارەت زۆر ناخایەنێ. تۆ لەئەکتەرێ بەولاوە هیچی تر نی و ئەکتەریش سەر بە شانۆیە. تۆ دڵناسودە نیت و خەویشت خراپە. دەشزانی لەبەر پیری لە ئەکتەری چوویتەوە.

( پشت لە جەماوەر دەکات و بەنێو تاریکی سەرشانۆکەدا دێت و دەچێت): ژوورەکەت زۆر بچووکە. چەند مەترێکی چوارگۆشەت بەردەکەوێ. ( ترپەی

هەنگاوەکانی و چرکەی کاتژمێرەکە تیژتر دەبن.)
بەم نیوە شەوەش ناتەوێ هاوسەر و منداڵەکانت سەغڵەت بکەی. ( ڕوو لە بینەران دەکاتەوە و دەچێتەوە سەر شێوازی ئاسایی خۆی؛ پێڵاوەکانی دادەکەنێت، بەدەستەوە دەیانگرێت، بەنووکە پەنجە ڕێدەکات و، وای دەردەخات کە دەرگایەک دەکاتەوە؛ بەپارێزەوە دەرگاکە دادەخات: بە ڕاڕەوێکی تاریکدا لەپ دەکوتێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت): ئەی چۆن! خۆ دەبێ کەسێ گڵۆپی ئەم ڕاڕەوە گشتییەی دزیبێ! ( سەر بادەدات.) چییە، ئەم ڕاڕەوە بەهیچ جۆرێ بۆت لەبەر ناڕوا؟ ئەوەتا تا دەروویێ دەسم کوتاوە. ( داسرەوتوو دیارە، گڤەی با دێت.)

من قەت پێم نەخستۆتە ئێرە (ترسی لێنیشتووە.) گژەبا لای ڕاستەوە هەڵدەکا، نەخێر، لای چەپەوە. نەء، وادیارە لە هەر چوار لاوە! ئەرێ کەوتوومەتە کوێ؟ لەم چۆڵە بێسنوورەیا، پیاو نازانێ ڕوو لە کوێ بکا!

( ئاهی نیگەرانی هەڵدەکێشێت): دەبێ لەو ناوە کەسێ هەبێ؟

(بەپرتەپرتەوە. ): پیاو نازانێ پەنا بۆ کوێ ببا!

( ئاوازی ئەلکترۆنی. بە سیما و ئاستی دەنگی چیرۆکبێژێک، بەر بەلای بینەراندا دەکاتەوە): ئەوەتانێ؛ ئەو وا بەڕێوەیە! بە نەرم ونیانی لەبەردەمتا دەخولێتەوە . هەروەک لە خەونا بێ. ئەوت ئاشنا دێتە بەرچاوت، ئەرێ ئەوە کچی ماڵەهاوسێکەتان نییە کە بەمناڵی لە ناو خۆڵا یاریت لەگەڵ دەکرد؟ ئێوە، پێکەوە حەمامۆکێتان دەکرد، بەڵام تۆ شێوەی ناکەیتەوە. هەرچۆنێ بێ پێتوایە ئەوە و دۆستانە دەیدوێنی. ئەو دەستەکانیت بۆ درێژ دەکا و دەست پیادێنێ، بەڵام گژەبا لە هەر چوار لاوە گڤەی دێ. پێیەکانت ڕچیون و چیتر ناتوانی لێرە بمێنیتەوە -

(دێتەوە سەر قسەکردن بەئاسایی؛ دەپژمێت): ئاتشی!

( ئاگر دەکاتەوە، گەوجانە پێدەکەنیت، بەڵام خێرا سیمای جارانی دەێتەوە.)

(ڕوو لە بینەران دەکاتەوە؛ بەدەنگی سەرنجدەرێکی کەنارگر وەکو لەگەڵ کەسایەتی ڕۆڵەکەی خۆیدا بدوێت): ئەم خەونە ئاگاداری کردوویتەوە کە ئەو ڕۆڵ نوێیەی ئەوەندە بۆی بە مەراق بووی، ماوەیەکە لە دڵتا ڕەگی داکوتیوە. ڕاستە تۆ تەوژمی خوێنت بەرزە و ڕاستیشە کە دڵت ناوبەناو سەردەکا. ئیتر پیری و هەزار عەیب. تۆ گوێ بە ئامۆژگارییەکانی پزیشک نادەی و ئەرکێکی زۆر بەخەرج دەدەی تا هەڵێکی ترت بۆ بڕەخسێ و بچیتەوە سەر تەختی شانۆ و توانستی خۆت بخەیتە ڕوو.

( چەند جارێک چاو دادەگرێت؛ بەتەمەن دێتە بەر چاو، بەڵام هێشتا بەگوڕ دەدوێت): ئێمەی ئەکتەر حەز لە بەزم و کەیف و شادیی دەکەین، ئێمە چێژ لە چەپڵە وەردەگرین و هەوڵدەدەین لەدڵی بینەرانا شیرین بین. لەتەنیایی سڵ دەکەینەوە. ئەمە جۆرە نەخۆشییەش پێم وایە تایبەت بەم پیشەیەیە. ئیتر ئێمەی ئەکتەر واین. هەرچی دیلی ئەو شتە بین کە پێوەی خەریکین، پڕبەدڵ خۆمانی لە ڕێ بەخت دەکەین تا ڕۆڵی نوێ دابێنین. گەر لە سەر تەختی شانۆ یا لە دەروەی شانۆیا تووشی ژانەدڵ بین، ئیتر لە ئەکتەری چوویتەوە و ژیانمان لەپێناوی هونەرەکەمانا بەخت کردووە. وابزانم بینەریش بەهیوای ئەم خۆشییەیە بۆ ئێمە.

(بێدەنگی)

( بەدەنگێکی نزم بەخۆی دەڵێت): چۆنی؟

( پێدەچێت هۆشی وەخۆی هاتبێتەوە): ئۆه، بەڵێ باسی ئەو پەتەم دەکرد -

( بە دەنگی بەرز): کێ ئەو پەتەی هاویشتۆتە سەر شانۆ؟

( بە سووکێک بەبیر خۆی دێنێتەوە): مەگەر خۆت نەبووی؟

(بەدەنگی بەرز): چۆن پەت وا دەهاوێژرێتە سەر شانۆ؟

(بە کپی): مەگەر وات دەرنەخست کە پەتەکە دیوارێ بێ؟

(بەتوڕەییەوە) دیواری چی؟

(بەخەمسارديیەوە): ئەو دیواری چوارەمەی کە ئەکتەر لە بینەرانی جیا دەکاتەوە.

(بەسەرکێشییەوە): باشە ئەی بینەران چۆن دەمبینن؟ بەڵام دیوارەکە پشتدیارە!

پیاو دیواری پشتدیاری بۆ چییە؟ دەبێ لاببرێ!

ئەوەی خۆت هەڵتچنیوە دەبێ هەر خۆت دایڕمێنی!

دەبا وابێ! (لە پەتەکە دەنەوێت و دەیخاتەوە گیرفانی و شانۆکە بەجێ دەهێڵێت.)

وەرگێڕانی لە چینییەوە بۆ سویدی یۆران مالمکڤیست. گۆڤاری Artes ژمارە ٢ - ١٩٨٧

ئەحمەدی مەلا

# مەحوی

## لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت، وێنەی خۆشەویست و سەرچاوەکانی عیشق

دەقی ئەو بابەتەی کە لە ٢/١١/١٩٩٩ لە دانیشگای فرانس-کۆنتی- فەرەنسا خوێندرایەوە بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی بەراورد و فەرەنسی.

### ١- هەڵبژاردنی بابەت

بابەتی تێز: مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت، وێنەی خۆشویست و سەرچاوەکانی عیشق. سەرەتا، هەڵبژاردنی مەحوی لەو دیدەنیگایەوە هاتە ئەنجام کە شاعیرێکی نەناسراوە لە نێو ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، هەروەها کاتێکیش سەرنجی ئەدەبیاتی سۆفیزم دەدەین، ئەوەی کە بە فەرەنسی نووسراوەتەوە، زۆر بەدەگمەن چاومان بە ئەدەبیاتی سۆفیزمی کوردی دەکەوێت. ئەمەش لە حاڵەتێکدا کە ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەت لە قوناغی کلاسیکدا، پێکهاتەیەکی گرینگە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا. مەبەستیش لە قوناغی کلاسیکی ئەو قوناغەیە کە هۆنینەوەی شیعر پەیڕەوی دەستووره شیعرییە ڕۆژهەڵاتییەکان دەکات کە لە شیعری کوردی و عارەبی و تورکی-عوسمانی و فارسیدا بەرچاو دەکەوێت.

ئەم خوێندنەوە ڕەخنەئامێزە بانگاشەی ئەوەی کردین، کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد سەبارەت بە دیوانەکەی شاعیر ئەنجام بدەین. بە زمانی فەرەنسی تا ئێستا تێز لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردی نووسراونەتەوە، بەڵام لەمەڕ نووسینێکی دیاریکراو، یا شاعیرێکی دیاریکراو هیچ کارێک ئەنجام نەدراوە.



بە شکلێکی تەقلیدی شیعری سۆفیگەری بە شیعری حەدەس و تەسامی و عیشق دەناسرێتەوە. ئەم دوو دێرەی خوارەوە وا پێی دەچێ لەگەڵ پێناسەکەی سەرەوە بگونجێ: "دڵ وەکو سیستەمی کاژێر وردە، حەز و ئارەزووەکانی بەرەو ئاقاری دوورمان دەبا، بەمەرجێ بە نەرم و نیانییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین" (سان ژۆن-پێرس، نامەیەک بۆ ئەندرێ جید، واشینتۆن ١/٢/١٩٤٨). بێگومانین لەوەی کە مەسافەیەکی کولتووری سان ژۆن-پێرس لە کولتووری ئیسلامی جودا دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەم دێڕەی خوارەوە پێی دەچێ لە دەروونی سۆفییەکەوە هەڵقوڵابێت: "عیشق

مەنزڵیتی، خۆبەدەستەوەدان عەقیدە و لە هەموو جێگایەکیشدا هەڵ دەکات." لێرەوە دەکرێت گریمانی ئەوە بکەین کە کولتوور دەستووری ژیانە، ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و دەزگا سیاسییەکان، کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لە یەکتر جودا دەکەنەوە، بەڵام ئەدەب، شیعریش بەتایبەتی بانگەوازێکە بۆ یەکێتی. هایدگەر جوان بۆی دەچێت کاتێ زمان بە مەنزڵی مرۆڤ دەچوێنێ.

ئامانجی سەرەکی ئەم هەڵبژاردنەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم هەوڵدانە بچووکە بچێتە نێو ئەوانی ترەوە، کە سەبارەت بە ئەدبی کلاسیکی کوردی نووسراونەتەوە. هەروەها نەبوونی بیبلۆگرافیا دەربارەی شاعیر بە زمانی فەرەنسی گرفتێکی ئاسان نەبوو بۆ زاڵبوون بەسەریدا.

٢- چەند وشەیەک لەبارەی تەرجەمەی شیعرەکانەوە.
بەشێوەیەکی جەوهەری لەسەر دەقە کوردییەکان خوێندنەوەکانمان ئەنجام دا، هەروەها بۆ خوێنەری فەرەنسی ١٣٢ شیعرمان تەرجەمە کرد کە بەرهەمی سەرەکی شاعیرن.

کاتێ تەرجەمەش دەکەین وشەی تەرجەمەکراو مورادیفی وشە ئەسڵییەکە نییە. وردکاری مانا لەژێر دەست دەخزێ. لەم بەرهەمەی ئێمەدا تەنها دوو نموونەمان هەڵبژارد کە لە ئاستی تەرجەمە خۆیان نادەن بەدەستەوە، نموونەی لەم بابەتەش کەم نین. لە پێناوی ئەوەی خوێنەر وێنەیەکی تێکڕایی لەلا دروست بێت، بە پێویستمان زانی هەموو شیعرەکانی بەشی یەکەمی دیوانەکە تەرجەمە بکەین.

سەبارەت بە ئیشی تەرجەمە دەکرێ زۆر شت بڵێین، هەروەکو ئۆکتاڤیۆ پاز دەڵێت: " واتە ئەخلاقی و ئیستاتیکییەکان، لێکدانەوە زانستییەکان و سیحرئامێزەکان، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگوێزرێن." بەبێ حسێبی ناتەوایی بەرهەمە ئەدەبییەکان تەرجەمە ناکرێن، بەبێ تەرجەمەیش ئیشەکان مەیسەر نەدەبوون. هێنری میشۆ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە: "هەموو سەردەمێک، لە بەرهەمهێنانی کاری ئەدەبیدا تەرجەمە دەهێنێتە کایەوە و هەموو وەرگێڕەکانیش ئیحتمالی نووسینی تر دەهێننە کایەوە، پێویستە ئیشی تەرجەمەکراو نووسینەوە بێت نەک بەرهەمهێنانەوە." (پێشەکی بۆ حەوت مەلەف).

**٢- گریمان و ئیشکالییەکان**

گریمانی کارەکەمان لە سێکوچکە پێشنیارکراوەکەی هێنری کۆربانەوە هەڵهێنجا. هاوپۆلی نێوان شەریعەت (دراوە وشەبەوشەکانی کتێبی پیرۆز، مەبەست قورئانە) و حەقیقەت (حەقیقەتە ڕۆحانییەکان لە تەحقیقکردنی زاتدا دەردەکەوێت و ئامانجێکی بنەڕەتییە لە ژیانی سۆفیدا) و تەریقەت (ئەو ڕێبازەی کە سۆفی لەو مەبەستەدا هەڵیدەبژێرێت). بەکورتی مەبەست لە سێکوچکەی شەریعەت/ حەقیقەت/تەریقەتە. گریمان: "بەرهەمی مەحوی ئەنجامی لێکدادانی ڕۆحی یاسا واتە شەریعەت بەپێی بۆچوونی ئیسلامی تەقلیدی ، حەقیقەت وەک ئەزموونێکی تاکەکەس لە هەوڵی گەیشتن بەخوا قەوارە وەردەگرێت. وێنەی خۆشەویستیش تێمەکان لە ئامێز دەگرێت."

**٣- مێتۆدی ئیشکردن**

پاش ئەوەی بابەتەکەمان هەڵبژارد، تێبینی ئەوەمان کرد کە مێتۆدی تێماتیک زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیشکالییەتەکەمان دەگونجێت؛ چونکە لە دیدەنیگای ئەزموونی ڕۆحانیەوە لە دەقی شیعری ورد دەبێتەوە وەکو ئۆنتۆلۆژی، واتە ئاخاوتن لەسەر بوونەوەر دەکاتە چمکی لێدوانەکان. هەروەها گەڕانێکیشە لە توخمە هاوتەباییەکانی ناوەوەی دەق.

مەحوی لە ڕێگای دەقە شیعرییەکانییەوە نەک تەنها پەیوەندی نوێ لەگەڵ خۆی دروست دەکات، بەڵکو لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژێ. لێرەوە نووسین کەشفکردنی فرەبۆچوونە. هەر بۆیە مێتۆدی تێماتیک دەبێتە ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە گوێرەی ئەم ڕێبازە: " ئەدەب زیاتر بابەتێکی ئەزموونئامێزە لە فەزای ڕۆحانییەتدا وەک لەوەی تەنها زانیاریمان پێشکەش بکات." (بێرژێ دانیال، پێشەکییەک سەبارەت بە مێتۆدی ڕەخنە بۆ شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، پاریس، بۆرداس، ١٩٩٠،ل٦٠٨). هەروەها بەنیسبەت ژان-پیار ریشار، "ئەدەب بواری چالاکی پەیوەندییە بەختەوەرەکانە". بابەتە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش زیاتر گرینگی بە ئەدەبی سۆفیگەری دەدات وەک لە شیکلە شیعرییەکان.

### ٤-قوناغەکان

پێش ئەوەی باسی بەشی یەکەم بکەین، دەمانەوێ لە بارەی بەشی دووەم و سێیەمەوە هەڵوێستەیەک بکەین. چونکە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو لێکدادانە بکەین کە لە نێوان شەریعەت و حەقیقەتدا دێتە دی، بە پێویست دەزانرێ باس لە ڕوحی یاسا بکەین هەروەک ئیسلامی تەقلیدی پێشکەشمانی دەکات. لەم ڕووەوە دەبێ ئاوڕێک لە شەریعەت بدەینەوە کە گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە ژیانی موسڵماناندا، پاشان پەیوەندی ئەم لایەنە لەگەڵ شیعردا چۆن سەقامگیر دەبێت؟

پاشان باسمان لە چوار مەزهەبە بنەڕەتییەکان کرد کە شەریعەت پێکدەهێنن بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر مەزهەبی شافیعی ڕاوەستین چونکە نەک تەنها مەزهەبێکی سەرەکییە لە کوردستاندا، بەڵکو تەریقەتی نەقشبەندیش لەنێو ئەو مەزهەبەوە سەرهەڵدەدا و شاعیر خۆشی سەر بەو مەزهەبەیە. ئامانجی ئێمە ئەوە نەبوو لە چمکی مێژوویی یان سۆسیۆلۆژییەوە لەم بابەتە بدوێین. بەلام لە پێناوی ئەوەی سیاقی گشتی دەستنیشان بکرێت، ئەم خوێندنەوەیەمان بە گرینگ زانی، بۆ ئەوەی لەو ئاووهەوایە بگەین کە مەحوی شیعرەکانی تیا دەنووسێ. بێگومان بڕواشمان بە فەرادەتی خوڵقاندنی ئەدەبی هەیە. لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکەماندا باسمان لە شێکلە کلاسیکی شیعر کرد، هەروەها ژیانی شاعیر و دیوانەکەیمان پێشکەش کرد.

بەبێ ئەوەی باسی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەر بکرێت، مومکین نییە لە بارەی شەریعەتەوە بدوێین. پێش ئەوەی لەبارەی ئەو ئایەتانەوە بدوێین کە مەحوی ئاوێتەی شیعرەکانی دەکات، بە پێویستمان زانی لەبارەی مەزهەبی شافیعییەوە بدوێین و بیخەینە نێو مەتزوورێکی مێژووییەوە. بۆ ئەوەی لەو دیالۆگە بگەین کە لە نێوان شیعرەکان و کتێبی پیرۆزدا دروست بووە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە دووی ئەو ڕچەیە بگەڕێین کە لێکدانی تێکستەکان دروست دەبێ، بزانین ئایا ئەم لێکترنجاندنە لە پێناوی دروستکردنی واتای نوێیە یا دووبارەکردنەوەی وتەی پیرۆزە؟ هەمان ڕێبازمان بۆ حەدیسەکانی پێغەمبەر گرتە بەر. سەرەڕای ئەو مەسافە گرنگەی کە پێغەمبەر لە مەحوی جودا دەکاتەوە، دەنگی شیعری ئەو دەیەوێ "وتاری زیندوو" ببوژێنێتەوە و نەک تەنها بەهایەکی مێژوویی بداتێ، بەڵکو لەو تەزووە بگەڕێت کە لەوپەڕ مێژووەوە دێ. پێی دەچێ شاعیر پەیوەندییەکی دینامیکی لە حەدیسی پێغەمبەر بەرپا بکات و بیەوێ دڵسۆزانە تێپەڕی کات.

ئەم بەشە بە سنوور و بارستاییەکانی یاسا کۆتایی دێت. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری مەحوی دەیەوێ بزووتنەوەکانی ناوەکی خۆی دروست کات و دڵسۆزیی دەقاودەقی شەریعەتیش بێت. بەم بۆچوونە یاسای کتێبی پیرۆز ڕۆ دەچێتە نهوومی ژێرەوەی شیعرەکان، بەلام گوڕی خۆی لەدەست نادات و لە هەمان کاتیشدا ڕێ بۆ خوڵقاندنی شیعری خۆش دەکات. ئایا ئەم یاسایەی کە لە دەرەوە دەسەپێنرێت شیعر ناکاتە چەند بۆچوونێکی برینگ؟ یا لە تخووبەکانی ئەزموونی تاکەکەسدا بڕەی بەو بارستاییانە دەدات، بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەمی ئەزموونی ناخ و لە ئەقارەکانی ڕوحەوەش ئیجا بقۆزێتەوە کە بەر نەفەسی یەزدانی کەوتبێ و لە هەمان کاتیشدا ڕچەی خۆی شەق کات؟

لەم دوا بەشەدا توخمی جەوهەریمان لە فیکری ئیسلامی تەقلیدی هەڵبژارد: مەعریفە، خەیاڵ، مەفهوومی چاکە و خراپە. پاداشت و سزا.

١- چمکی مەعریفەیمان لەبەر ڕووناکی فیکری شافیعی و ئیبنی عارەبی خستە ژێر لێکۆڵینەوە. لەلایەن شافیعییەوە، مەعریفە تێکڕای قورئان و حەدیس دەگرێتەوە و سروشتی مەعریفەش نەگۆڕە، دەربارەی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەدوێ. بەم پێیە مەعریفە، مەعریفەی ڕەچەڵەکە. بەلام بە نیسبەت ئیبن عارەبییەوە مەعریفە پەیوەندی بە دەسەڵات و توانستی دڵەوە هەیە. کاتێ مەعریفە لە دڵدا تەجەللا دەکات، ئاسۆکانی فیکر فراوان دەکات.

٢- خەیاڵ چ لە فیکری سۆفیگەریدا چ لە خەڵقی شیعریدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ. ئایا خەیاڵ "شازادەی هەڵە و دەلەسەیە" هەروەک پاسکاڵ دەڵێ، یا ئەڵقەیەکە زەمین بە ئاسمانەوە گرێ دەدا؟ جیهانی خەیاڵ لە چمکی زمانەوانیدا قەوارە وەردەگرێت. لەم ڕووەوە شیعر بە کریستاڵکردنی خەیاڵ دەخوێندرێتەوە.

٣- چمکی خراپە و چاکە هەمیشە لە مەنزووری قورئانییەوە تەماشا نەکراوە. باشە دەبێتە "وصل" لەگەڵ خۆشەویست و خەراپەش دوورکەوتنەوەیە لێی.. لێرەدا شاعیر ئەم هاوکێشەیە لە سەر بۆچوونی خۆی دادەمەزرێنێتەوە.

٤- ئەگەر بەهەشت جێی لەززەتە لە فیکری ئیسلامیدا، ئەوە دۆزەخ هاوپۆڵێتی. لای مەحوی ئەم دوو شوێنە تێکەڵ یەکتر دەبن و باس لە دۆزەخی زەمینی

دەکات. یاسا سنووری هەیە، ئەم سنوورەش زیهنی سۆفیگەریتی دەیسەپێنێ. دینامیزمی نووسین لەلای مەحوی لەسەر گەمەیەک دادەمەزرێ کە لەگەڵ تێکستی پیرۆز دەیکات. شیعر لای وی، "زەوقە"، بێگومان مەبەست لە زەوقی رۆحانییە.

بەشی سێیەممان بۆ پەیوەندی نێوان شیعری مەحوی و حەقیقەت تەرخان کرد. لەبەر ئەوەی حەقیقەت ئامانجی سەرەکییە لای ئەهلی تەسەووف، حەقیقەتمان لە دەروازەیەکی فراوانەوە تێبینی کرد. نەمانویست پێناسە بۆ حەقیقەت بدۆزینەوە، چونکە سروشتی حەقیقەت لای سۆفیان جێگیر نییە. لە دوو توێی دەقە شیعرییەکانەوە ویستمان لەم پەیوەندییە بدوێین. چەند لاپەڕەیەکمان بۆ هەلاج و خدری زیندە تەرخان کرد.

١- خدری زیندە، ئەو بوونەوەرە نەبینراوە شوێنێکی دیاری هەیە لە نێو شیعرەکانی شاعیردا. بەم پێیە پەیوەندی لە نێوان بینراو و نەبینراو دروست دەبێت. ئەو ڕۆڵەی کە خدری زیندە لە کۆخەیاڵی کورددا هەیەتی سنووری قورئان تەی دەکات.

٢- هەلاج یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە جێی دەمەتەقێی زۆر بوو لە نێو فیرکی ئیسلامیدا. رەمزی شەهید بوونە. بە شێکلێکی ئایدیالی، لە حەقیقەتی یەزدانییەوە نزیکە. هەڵوێستی مەحوی بەرامبەر بە هەلاج لە بەرز و نزمبوونەوەدایە، ڕەخنەی سەرەکی مەحوی ئەوەیە کە هەلاج نەدەبوو لە یاسا لا بدات. ئەم موفارەقەیە جەوهەرییە هەموو ڕووبەری شیعری مەحوی داگیر دەکات.

هەر لە هەمان بەشدا، چەند لاپەڕەیەکمان بۆ وەزیفەی شیعریی پێغەمبەران لە شیعری مەحویدا تەرخان کرد. نامیلکەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیمان وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی (مەبەست لە عەقیدەی کوردییە)، چونکە نەک تەنها بەهایەکی ئەدەبی هەیە و بە یەکێک لە کۆنترین پەخشانی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵکو کاتێکیش لەمەر پێغەمبەرانەوە دەدوێ بە جۆرێکی هەرەمی باسیان لێوە دەکات. لەم ڕووەوە هەست بە جۆرە هاوچوونێک دەکەین لە نێوان شاعیر و مەولانادا.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، مێتۆدی باشلارمان بۆ لێکۆڵینەوەی توخمە مەتریالەکان و پەیوەندییان لەگەڵ حەقیقەتی شاراوەدا هەڵبژارد. بە نیسبەت باشلارەوە ئاو و ئاگر و خاک و با هارمۆنی خەیاڵن. لە شیعرەکاندا لە دووی بوعدی حەقیقەتی شاراوە دەگەڕاین.

ئێستە کاتی ئەوە هاتووە بێینە سەر باسی یەکەم کە هەموو شیعرەکان لە ئامێز دەگرێت. لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحویدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە مەحوی خەون بە وێنەی ئافرەتێکەوە دەبینێ، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە چەق. فیکرەی چەقیش یەکسەر بەرەو فیکری پیرۆز دەمانبات. کەعبە لە فیکری ئیسلامیدا دەکەوێتە چەقی و ناوەندی جیهانیشەوە، هەر لە هەمان هەواریش وێنەی خۆشەویست لەلای مەحوی قەوارە وەردەگرێت. وێنەیەکی ئاڵۆزە و لە هەمان کاتیشدا دەقە شیعرییەکان دەخەمڵێنێ. وێنەی ئافرەت وەکو سەنتەر و مەڵبەندی یەزدان خۆی ئاشکرا دەکات.

بۆیە لەو سەرچاوانەمان کۆڵییەوە کە دەبنە بنکەی خۆشەویستی لەلای مەحوی. لەمەر جەستە و وێنەی ئافرەتەوە دووایین و پاشان ئەو مۆدێلانەمان هێنایەوە کە مەحوی باسیان لێوە دەکات، یا دەبنە ئیحای شیعرەکانی.

١- مەحوی چ پەیوەندییەکی لەگەڵ مەجنووندا هەیە؟ بەرامبەر بە هەلاج، مەجنوون دەردەکەوێ. وێنەی ئەمیان دەبێتە زایەڵەی ئەوی تر. سنووری پیرۆز و دونیەوی دەڕوخێ و جێ بۆ خۆشەویستییەکی هەتاهەتایی خۆش دەکات. ڕستەی "انا الحق" و "انا لیلی" بەرامبەر یەکتر دەوەستن و بەئاسانی دەکرێ جێگۆڕکێیان پێ بکەین.

٢- مەحوی تەقەموسی فەرهادی کۆکەن دەکات. مەجنوون و فەرهاد روانگەیەکی تێکڕایی لەمەر خۆشەویستییەوە پێکدەهێنن. شێتبوون - مەرگ یا عیشق- مەرگ هەموو دیوانەکەی دەگرێتەوە و دەبێتە رووپای شاعیر.

٣- مەحوی میراتگری شێخی سەنعانە. شێخی خواناس و پیاوچاک بە دەستی خۆشەویستی کچێکی فەلەوە خودای لەیاد دەچێت. بە نیسبەت فەرەیدونی عەتار، کیژی فەلە خەڵکی یۆنانستانە. ئەم جۆرە عیشقە یاسا و ڕێباز تێدەشکێنێ و ڕوو لە جەوهەر دەکات. لەم دیدەنیگایەوە، واتاکانی مزگەوت و کڵێسا و سیناگۆک تێکەڵ یەکتر دەبن و دەبنە شوێنێکی تایبەت کە ئەویش لە هەواری خەیاڵدا جێی دەبێتەوە.

بۆ کۆتاییهێنان بەم بەشە، لەو توخمە سۆفییانە دواین کە لە دووتوێی شیعرەکاندا هاتوون. وەکو: مەیخانە و مەی و مەیگێڕ و زیکر. مەیخانە بۆ سۆفیان رەمزی جیهانە و شوێنێکە شاعیر لە خۆی ورد دەبێتەوە، شوێنی زیکریشە. هەندێ جار جیهان بچووک دەبێتەوە و دەبێتە مەیخانە، مەیش، شەرابێکی رەمزییە، شاعیر مەست دەکات تا بەسەر یاسای نووسراودا زاڵ بێت و مەستانە ڕووی دەمی لە واعیز و موتەکەلیمین بکات.

### ٥- سەرئەنجام

لەو سێ کوچکەیەی کە پێشنیارمان کرد، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە وێنەی خۆشەویستی وێنەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام لە ناوەندی تێکستەکاندا شوێن پەیدا دەکات. ئارکیتیپێکی ئەدەبییە. سەردرای ئەوەی بابەتی خۆشەویستی لە شیعردا بابەتێکی کۆنە، بەڵام شاعیر شوێنپەنجەی خۆی جێدەهێڵێ. گەمەی دژایەتی سەرتاپای شیعرەکان داگیر دەکات، هەڵبەزودابەزێکی هەمیشەیی هاوسەنگی دەدا بە شیعرەکان؛ لە نێوان چاکە و خەراپە، هۆش و دڵ، ڕووناکی و سێبەر، ڕۆژ و شەو. وێنەی زراقی ئافرەتێکیش کە لە مینیاتورە ڕۆژهەلاتییەکان چاومان پێی دەکەوێ، وێنەی ئافرەت لە شیعری مەحوی پێکدەهێنێت.

ڕوانگەی شاعیر سەبارەت بە خۆشەویستی لە سێ خاڵدا یەک دەگرێ:

١- شێتبوون بۆ خۆ قوتارکردن لە داب و نەریتی باو و داسەپاو کە کۆمەڵ دایدەڕێژێ. هەوای خۆشەویستی بیابان و چیاوچۆڵە کە یاسا تیایدا جێی نابێتەوە.

٢- مەرگ وەک دوا بەڵگەی خۆشەویستی. لەو مەنزوورەدا، عیشق- مەرگ یەک شتن. مەرگ وەکو سەفەرێک بەرەو ڕزگاری دەخوێندرێتەوە.

٣- لەبەر ئەوەی عیشق پەیوەندی بە دەسەڵاتی دڵەوە هەیە، دڵ بڕیار دەدات نەک هۆش. بۆیە دڵ دەتوانێ باوەڕی شاعیر لەق کات. عیشق ئامانجە، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە پەراوێزەوە.

مەحوی پشت بە خوێندنەوەیەکی دەقاودەق نابەستێت سەبارەت بە فیکری شافیعی، هەرچەندە دڵسۆزی خۆی بۆ ناشارێتەوە. مەبەستی مەحوی، ئەوەیە شیعر بکاتە ئامرازێک بۆ ئەوەی دەمامک لە ڕووی "مونافیقان" هەڵماڵێ، ئەوانەی ئیسلام دەکەنە داردەست بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست.

شتێکی ڕوونە کە دەقی قورئانی و حەدیسی پێغەمبەر لە دەقی مەحویدا دەردەکەون، بەڵام لە پێناوی نوێکردنەوەی پەیامی خودا و بە جۆرێکی تایبەتمەندیش موتربە دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا، شیعری مەحوی هەندێ جار تووشی نارەحەتیمان دەکات، چونکە لە لایەک دەیەوێ خیتابی خۆی بێنێتە کایەوە لە هەمان کاتیشدا ئاخاوتنی باو دەکاتە کەپری خۆ داڵدەدان

ڕاستە زمانحاڵی پێغەمبەرە لەسەر زەوی، مەبەستی ئەو زیندووکردنەوەی ئیسلامە کە بتوانێ عەدالەت و یەکسانی بنێتەوە. بەڵام پرسیاری ئەوە دەکرێ، ئایا بە چ مێتۆدێ ئەم پرۆژەیە مومکینە؟ ئایا بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە؟ خۆخستنەپاڵ سیاسەتی عەبدولحەمیدی دوو کە سیاسەتێکی پانئیسلامیستی کردبوو بە دروشم بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەیەم کە پاشان نەخشەی ناوچەکە بەتێکڕایی تێکدەچێت؟

سەبارەت بە حەقیقەت، تێبینی ئەوە دەکەین:

١- حەقیقەتی شیکلی. مەحوی رەخنە لە دەجاڵ و واعیزە درۆزنەکان دەگرێت، دەیەوێ سۆفیگەرییەک ببوژێنێتەوە ڕوو لە خوا و پشت بە شەریعەت بەستن، هەروەکو مەولانا خالید بۆی دەچێ.

٢- حەقیقەت لە ڕێگای عیشقەوە، کە تەنها ڕێگایە کە بتوانێ بگاتە خۆشەویستی.

٣- حەقیقەتی شاراوە. توخمە سروشتییەکانی ئەم بوعدەی حەقیقەتە دەگرنە خۆ.

لەلایەکی تریشەوە، مەحوی لە سەدەی نۆزدەم بە جۆرە لێکترازانێکی زەمەنی دەچوێندرێت. حەنینی بۆ جیهانێکی بەسەرچوو هەیە، بڕوای تەواوی بە پەیامی خودایە کە بتوانێ ئینسانی کامیل بکاتە پرۆژەی خۆی. بۆیە پرۆژە شیعری و سۆفیگەرییەکەی دژ بە جیهانێکە لە گۆڕاندایە، چ لەسەر ئاستی سیاسی و چ لە ئاستی ڕۆحانی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەردەوامییەکی مەنتیقیی شێوە نووسینێکە کە قوتابخانەی نالی دایمەزراند.

# مەلەک ڕێحان

دلاوەر قەرەداغی

هەتاو بانگم دەکات
بەدەم هەڵقوڕاندنی چایەک و
داخرمانی کلۆیەک شەکرەوە
بێباکانە بە گوێمدا دەچرپێنێ:
ماڵەکەم لێرەیەو ..
پێهەڵگرە با بڕۆین!
خەمت نەبێ،
خۆر هێندەی ڕمێکی
بۆ ئاوابوون بمێنێ
لەوێین!
بە درێژایی ئەو مشت و مڕە
خوێناوییەی ژێر تۆفان
من دڵێکم هەر لە مەلەک ڕێحان بوو
بێئەوەی کەس
گوێی لێبێ
یان خۆی حەز بکات
کەس بزانێ
دایکم بە دەم کردنەوەی
بەلوعەی حەوشەوە
لەبەر خۆوە دەپاڕایەوە:
خودایە .. ئەی خودای ڕەبولعالەمین
ڕێحان داوای دڵ و
داوای تاجەکانی لێنەکاتەوە!
یەک بە خۆم خەمی ئەوەم بوو
کە نەبا لەوپەڕی سەمادا
شاڵە یاقووتییەکەی
بێتەوە بە بیردا،
یان هەر بۆ تەریقکردنەوەم
ئەو تۆزە سوراییە
بداتەوە بە ڕوومدا،
کە مەغریبێکیان
لە خۆرنشین جێماو
پیاوە پیرەکانی گەڕەک
لە خۆشیا
بۆ بەرچایی بەشی هەموومانیان
لێدا !
بەو شەوە ..
بەو هەموو مردنەشەوە
هێشتا مەزەندەم دەکرد
شتێک مابێتەوە لەوەی
کە تەرمەکان:
بە درێژایی سەفەر نووسیبوویان
شتێکی زیاتر مابێتەوە

لەو بەفرەی،
کە نەدەچووە ئەقڵەوە
ئاوەها لەنزیکەوە بباریّ و
بەو پیرییە .. فڕینیشی بەڵەد بیّ!
بەوەدا کە مەرگ
سیّ شەوان بوو
چ سرەوتی نەبوو،
دەبوو بە خۆمی بسەلمێنم و
چاوەڕێیش بم
تا ئەو بیابانە بەرینە
لەبنی تەنهاییدا بنیشیّ!
دەبوو چاوەڕیّ بم و
جار جارەش بەلا چاو
بنۆڕم:
لە جەدەلی سەربازێکی خوێناوی
بەرباران
لەگەڵ خۆدا!
بنۆڕم .. لە چاک و چۆنیی
نەهەنگێک و ماسییەکی نایلۆن
بنۆڕم .. لە جێگۆڕکێی نێوان

شمشێرەکان
لە جحێل بوونەوەی «با»کان.
دەبوو هێند گوڕی چاوەڕوانیی
لە خۆدا ڕابیبنم
ئامادە بم بۆ لە خرەیّی
کە هۆن .. هۆن
خوێن لە ڕوانینمەوە دەپڕژیّ!
لە خۆوە نەبوو

کە زۆرمان پێمان وابوو
سیّ شەوە خودا جێیهێشتووین
دەمانگوت:
گەر وانییە .. ئەی بۆ سیّ شەوە
مەرگ سروەتی نییەو
ئەم بەفرەش بیّ وچان
کەوتۆتە ڕەنگ کردنی ماڵەکان؟!
تا ئەو کاتەی منالترینمان
گۆمی گومانی شلەقاندو
لە دوورەوە .. وەک حەکیمێک
ئاماژەی بۆ کردین:
کتێبەکان داخەن
با بچینەوە ناو خەون
گەر شتیّ مابێتەوە لە عەشق
حەیفە .. حەیفە
با لە ژێر سێبەری ئەبدییەت دا
هەڵیکێشین لە نوور!
هەر ئەو منالترینەمان
کە تێکەڵەیەک بوو
لە ئەفسانەو غروور
زوو زوو بەدەم ڕێوە
سەری بادەداو
لەبەر خۆوە دەیگوت:
نەء .. نە دەبوو
جێمان بهێڵێت
نەء ..نەء .. نە دەبوو!
هەر ئەو خۆی
یەکەم جار چووە پێشیّ
تا سامی لە میهرەبانترین

## بتیان بشکێ

وەک بیرم بێ:
بەفر دانەوێوەو
پەیتا پەیتا
منیشی بردە ژووری
تا دواهەمین قسە بردمی
تا دواهەمین نەفەس
لەگەڵ ئەوەشدا:
وەک زاهیدێکی بوخارایی
دەدوام:
« سلاو
ئەی ئەوەی کە هەمیشە
ئێوارانێک
لە دەریاوە دەگەیت!»
چما تا ئێستا
چ شتێکت بینیوە
زولاڵتر لە بەیانییە
باراناوییەکانی نیشاپوور؟
چ جوانییەکات شک بردووە
کە ئاوها تۆفاناویی
بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک
دراببێتە بۆشایی؟
نیشاپوور ..
دڵم بدەرەوە
وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان
دڵی ئەو کوژراوە سەمەرقەندییە
دڵتەنگانەت دایەوە.

نیشاپوور

## بۆ تەفسیرکە

وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان
«خودا» ت بە چوار دێڕ
بۆ حافزە تفەنگ لە شانەکانی
سەر سنوور تەفسیرکرد.
بگەڕێ .. بگەڕێ
بگەڕێ لە گەڵمدا بۆ شتێک
مناڵیی بمداتەوە
ساڵانی گۆشەگیرییە گەورەکان
ڕۆژانی جەنجاڵییە سەیرەکان
بۆ شتێک
عیشقە دارینەکان
بە شەرمەوە بمدەنەوە!
من دەگەڕێم .. دەگەڕێم
دەگەڕێم و سوور دەزانم
تازە دوای ئەم هەموو
خێوە خەونی چی؟
دەگەڕێم و لێم مەعلوومە
تازە لەگەڵ ئەم هەموو
تەرمەدا سەفەری چی؟
دەگەڕێم و
دەبێ زووتر پێهەڵگرم
دەزانم !
خۆر ڕمێکی بۆ ئاوابوون مابێ
دەبێ
لە مەلەک ڕێحان بم!

ستۆکهۆلم - فلێن

2000

ڕەفیق سابیر

# چەند هۆنراوەیەک

**هەڵبژاردن**

بیرت نایە چۆن ڕێت کەوتە ئەم دەڤەرە
تەمی زەمان هەر شتێکی داپۆشیوە
تروسکەیەک هیوا نەبێت.
خەونی مەزن ژانی گەورەی بەدواوەیە
لەوانەیە تا ڕۆخی شێتبوونت بەرێت.

تۆ بە خۆتدا، بە هەر چوارلادا دەڕوانی
ژیان بۆ داهاتوو والآ،
دەوروبەرت بۆ تەنیایی و
ڕۆژەکان بۆ چاوەڕوانی.

پێتوابوو جوانی لێرە بێت
پەیڤەکان زایەڵەی ڕاستی و
ڕاستی ڕێگای ئازادی بێت.

ئازادی: ویستی ئازاد و هەڵبژاردنە؛
تەنیایی تۆ دووڕیانێکە
بەرەو وێڵبوون یان خۆناسین
ژیانیش هەڵەمووتێکە
بۆ هەڵدێران یان هەڵفڕین.

2000/4/5

**بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟**

پەیڤەکان خۆیان دەنووسنەوە
ئێمەیش خۆمان.

بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟
ئێمە دەتوانین بپرسین
کەچی هیچ نالێین
وەکو بێمانا بێت پەیڤین.

بەرێگاوە شوێن هەڵدەبڕین
تا ڕاستی ببینین: چڕبوونەوەی بۆشایی

ئەبەدییەت ببینین کە وێنەیەکی خۆمانە.

بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟
نە بۆ مردن کاتمان هەیە
نە بۆ ژیان.

2000/3/24

## کۆچێکی دی

وەک کۆچێکی ناکاوی دی بەڕێوەبێ
یان چارەنووس چاوەڕێ؛
شەپۆلەکان دورگەکە وەک کەشتی رادەژێنن
مانگ خەواڵوو بەناو هەورەکاندا دەخشێت.
دارەکان بێدار و
رەنگەکان لە تێکچرژاندا لێکچوو.
رێگا چۆڵەکانیش لە تەرم سامناکتر،
لە پرسە خەمناکتر.

جەستەکان لە کۆتەرە دەچن
روخسارە بێ رواڵەتەکان لە بەرد،
وەک هەمیشەش دەسەڵات درەخشان و
هەقیقەت خامۆش.

رەنگە ئەمە شێتییەتی بێت، یان پێویستی،
کەچی کەس ناپرسێ بۆچی لەم دەریایە بدەین
کاتێک
جەستەمان لە کەناردا جێ بمێنێت.
کەس نا پرسێ مەبەست لەم ئازادییە چییە!
بۆ تۆش کە ناتەوێت دوو باڵ لە «ئافرۆدیت»
بخوازیت،
ئاسان نییە بڕوابێنیت:
شوێن وێرانە و
زەمان لە راکردنیدا کوێر.

2000/1/7

ئەم هۆنراوانە بەشێکن لە کۆمەڵەهۆنراودیەکی شاعیر بە ناوی روونبوونەوە، کە بەم نزیکانە، لە لایەن رابوونەوە بڵاو دەکرێتەوە.



# هەوتانە

**ئەحمەدی مەلا**

**شەمە**

دەرەوە

هەتاوێکی مردارەوەبوو، دوور، لە سەرووی هەورە چڕ و تێکپەستراوەکاندا، بەئاستەمیش گەرمی نەدەگەیاندە سەر زەمینە تەڕ و شێدارەکە، کە تەمێکی بۆر تا ناوقەدی دارتەلەکان یخ لێی کەوتبوون. "هەڵاتبوو". ئەگەر لە دەرەوە بوویتایە، بەبێ ئەوەی باران ببارێت، هوردە تەڕایی کۆبووەوە دەنیشتە سەر پێستەکەت و جارِسی دەکردی.

ژوورەوە

لە دیوی ناوەوەی پەنجەرەکە هەڵاوێک کۆ ببووەوە.

لەژێر بەتانییەکە یەک دوو جار خۆی ڕاکێشا. ژوورەوە گەرم بوو. بەتانییەکەی لەسەر ڕوو هەڵماڵی بەکزی چاوی کردەوە و بەبێتاقەتی سەیری پەنجەرە تەڵخەکەی کرد و لە دڵی خۆیدا نەعلەتێکی هەتاوی کرد. هەر لە ژێر بەتانییەکەوە دەستی بۆ پاکەتە ڕۆسمەنەکە ڕاکێشا و جگەرەیەکی دەرهێنا و بەبێ سەیرکردن، وەکو کوێر لە چەرخەکە گەڕا. ژوورەوە گەرم و بێدەنگ. هەندە بێدەنگ لەخۆڕا دەبووە دەنگێکی بێزارکەر، لەو جۆرە دەنگانەی کە وەسف ناکرێن. جۆرە دەنگێکە کە لە هەناوی بێدەنگیدا لەدایک دەبێت، بێگومان کۆڕپەی هەموو بێدەنگییەکیش نییە. بە مۆڵیدان هەڵسا و چووە ئاودەستخانەکە، دەتووت بیر لە شتێ دەکاتەوە، بەڵام مێشکی جەمی کردبوو. قەدەرێک لەسەر تەشتی ئاودەستخانەکە دانیشت و دەستی بۆ ئەو ڕۆژنامە کۆنانە برد کە دەمێک بوو لەوێ دانرابوون. تاقە کتێبخانەی ئەو بوو. سیفۆنەکەی ڕاکێشا و فلتەرەکەی فڕێدایە ناو تەشتەکە، بێدەنگی ژوورەکە بەو خوڕەیە ڕەوییەوە. بەسەرشۆڕی بەرەو مەتبەغەکە چوو. کترییە ئاوەکەی خستە سەر ئاگر و لە پاکەتە زەردەکە کیسە چایەکی لیپتۆنی دەرهێنا و فڕێی دایە پەرداخەکەوە. هاتەوە ژوورێ، بەتانی و دۆشەکەکەی لوول دا و لە لاپاڵێک داینا بۆ شەوی داهاتوو. سەیری سەعاتەکەی کرد کە لە سەر تەلەڤیزیۆنەکە بوو، چینێ تۆزی تەنک هەموو شتێکی داپۆشیبوو. کترییەکە دەستی بە فیقەفیق کرد، گەڕایەوە لای و دوگمەی تەباغی گازەکەی خستە سەر سفر و ئاوە کوڵاوەکەی ڕشتە ناو پەرداخەکە و گەڕایەوە ژوورەکە. جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و دوگمەی تەلەڤیزیۆنەکەی بادا و هیچی گرینگ لە کەناڵەکاندا نەبوو. کاسێتێکی مامڵێی خستە سەر تەسجیلەکە و ژوورەکەی پڕ کرد. (دیسانەوە پیرەژنەکەی ئەودیو ڕق دەیگرێ پۆلیس دەهێنێتە سەری.)

چووە بەردەم سەلاجە بچووکەکە و دەرگاکەی کردەوە: دەسکێ کەرەویز و سێ تەماتە و پاکەتێ گۆشتی قیمەکراو و لیترێ ئاوپرتەقاڵ. دەرگاکەی داخست و هاتەوە سەر قەنەفەکە و جگەرەکەی لەسەر تەپڵەکەکە دانا و سووتووەکەی کەوتە سەر فلتەرە کۆبووەکانی ناو تەپڵەکریستالە گرینج گرینجەکە. کەمێ برسی بوو، بەڵام تاقەتی خواردنی نەبوو، حەزی دەکرد بخەوێتەوە، بەڵام خەوی نەدەهات. بیری لە چوونەدەرێ کردەوە، بەڵام کەشی دەرەوە ئەم بیرەی لەلا پوچ کردەوە.

تاقە هیوا: سنووقی پۆستەکە بوو کە لە نهۆمی زەوییە. کلیلەکەی هەڵگرت و بە پەیژەکاندا هاتە خوارێ. پیرەژنێک بە زەمبیلێکەوە سەردەکەوت بەچاوێکی سەیر سەیری یەکتریان کرد. بە شکلێکی ئۆتۆماتیکی کلیلە

ڕەشە بچووکەکەی هەڵبژارد و دەرگا بچووکەکەی سنووقەکەی پێ کردەوە. دوو ڕێکلامە و کاغەزێکی ڕەسمیی. هیوای ئەو ڕۆژەش کوژایەوە. سەرکەوتەوە، لەسەر مێزی ژوورەکە داینان.

دەنگی مامڵێ لەو ژووره داخراوەدا حەپس ببوو. لە پەنجەرەکەوە خانووەکانی ئەو بەر، سست، هەندێ کۆترە شینکەی شار، لە قەراغی پەنجەرەکاندا خۆیان داڵدە دابوو. لە پاڵ یەک کرۆشکیان دابوو. لاباڵەکانیان تەڕ ببوو و پێیە وردیلەکانیان لەسەر چەمەنتۆ بۆرەکە دەخزی.

چووە حەمامەکە و ڕیشی پاک تاشی و هەندێ قۆڵانیای ساوییە ڕیشە تاشراوەکە و دۆلابەکەی کردەوە و کراسێکی جوانی هەڵبژارد و کردییە بەری و پانتۆڵە کابۆیەکەی کردە پێ و چوو دانیشتەوە و جگەرەیەکی تری داگیرساند و وردە وردە مێشکی قاڵ و دەستی بە بیرکردنەوە کرد و تا دەهات ئۆقرەی لەبەر دەگیرا. بەبێ ئامانج خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی بچێتە دەرێ.

* * *

وردە وردە باران دەباری، بێسەیوان. باران قەمسەڵە موشەممەکەی تەڕ دەکات. سیروانی بەخەیاڵدا دێت. بەرەو ماڵی سیروان ملی ڕێگا دەگرێت. بە پێش ئەو بارەدا تێدەپەڕێ کە پێش هەفتەیەک دەریان کرد و وەخت بوو هەناوی بدڕن. دوو سەرتاشراوی بەرامبەر هات. "خۆیانن"! ویستی بگەڕێتەوە، تازە درەنگە. ویستی خۆی لێیان گێل کات. یەکێکیان بە پۆستاڵەکەی شەقێکی لە قوتووە کۆکەکە دا و بەر دیوارە کەڕیووچەکە کەوت. سەیرێکی ئەویان کرد و تێپەڕین.

نزیکی ماڵی سیروان بووەوە، لە زەنگی دا، کەس لەماڵ نییە. وردە وردە ئێوارە خۆیی تەڕاییەکی زۆر شاریان دەکردە بوخچەیەکی تۆندوتۆڵ. خۆی کردە باڕێکار شەوی درەنگ گەڕایەوە ماڵ.

**یەکشەمە**

دەرەوە

هەتاوێکی زەردباو لە نێو هەورە پەرت و بلاوەکاندا خۆی دەردەکێشا و لە نێوان هەورە شاشەکاندا نوقم دەبوو. دەرەوە ساردە. بای باکوور شار دەتەزێنێ.

کۆترەکانی ئەو بەریش کروشکیان داوە. پێیە پەمییە وردیلەکانیان لە سەر چەمەنتۆیە بۆرەکە دەخزێ. جار جار دەگمێن، جارجاریش بەدەنووک ڕاوی یەکتر دەنێن. هێشتاش زووە بۆ ئەوەی بڕشێننە دەنووک یەکترییەوە.

ژوورەوە

ژوورەوە گەرم و هالاوێک دیوی ژوورەوەی پەنجەرە گەورەکەی داپۆشیوە، دەڵێی پەردەیەکی ئاوییە بەسەر شووشەی پەنجەرەکاندا شۆڕبووەتەوە، لە هەندێ لاوە یەک دوو دڵۆپە یەکیان گرتووە و پێکرا شۆڕبوونەتەوە و هێڵێکیان دروست کردووە تا دامێنی پەنجەرەکە. بەتانییەکەی داوەتە سەر خۆی و خۆی گرموڵە داوە. هەردوو قاچەکانی ڕاکێشاوە و هەردوو بازووەکانی لەملا و ئەولاوە دەرکەوتوون، دەتووت خاچێکە لەسەر زەوی. خاچێکی کەوتوو.

دەستی بۆ خۆی هێنایەوە و بەتانییەکەی لەسەر ڕووی لادا. بێجووڵە. تەماشای بنمیچی ژوورەکەی دەکرد. بیری لە شتێک دەکردەوە و بەبێ ئەوەی داوی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی دەسگیر بێت. پاکەتە ڕۆسمەنەکە دوور نەبوو لە چمکی بەتانییەکەوە. جگەرەیەکی دەرهێنا و هەر بە ڕاکشانەوە دەستی بە کێشانی کرد. بۆنی جگەرە و هالاو بۆنێکی تایبەتی لە ژوورەکەدا دروست کردبوو، سەرەڕای ئەوەش دەمێک بوو پەنجەرەکە نەکرابووەوە. دەرەوەش وردە وردە تاریک دادێت.

زەنگی تەلەفۆن لێیدا. ناچار هەڵسا و چوو سەماعەکەی هەڵگرت.

-کێیە

–

– ئا ئەوە تۆی

–

-کەی یەکتر ببینین.

–

– باشە تا دوایی.

سەماعەکەی دانا و چووە ئاودەستخانەکەوە. سیفۆنەکەی ڕاکێشا و دەرگاکەی لەدووی خۆی داخست. چووە موتبەغەکەوە، کترییە ئاوەکەی خستە سەر ئاگر. زیڕەی کترییەکە ڕێگەی لە داڵغەکەی بڕی. لە کوێ بوو؟ لە پشت چاخانەی حەسیرەکان . دەیویست

بچێ بۆ بولاغ ئامانەتێک هەیە دەبێ لەگەڵ خۆی بیبات بۆ زێویە. پێیان نەوتبوو، ئامانەتەکە چییە. ئەویش بیری دەکردەوە دەبێ ئامانەتەکە چ بێت. نەیدەزانی خەڵکی کوێیە. (چیرۆکی ئامادە دەکرد.)

ئەو کەمە هیوایەی کە دوێنێ لە سنووقی پۆستەکەدا بە دی دەکرد ئیمڕۆ پوک بووەوە: یەکشەمەیە.

دەفتەرە بچووکەکەی هەڵگرت و لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە. چاوی بە ژمارەی تەلەفۆنێ کەوت، نەیدەزانی کەی نووسیویتی و هی کێیە.

هەستی بە بێزارییەرک دەکرد. قەمسەڵە چەرمەکەی کردە بەر و چووە دەرەوە. بەرامبەر دەرگا دوو سەرتاشراوەکە وەستابوون، سەرو قوتووە بیرەیان بەدەستەوە بوو. ئەو ویستی بەتەواوی خۆی لێیان گێل کات. بەڵام ئەوان بەبێ مەبەست نەهاتبوون. نەیویست بگەڕێتەوە ماڵ. خۆی کەمێ گورج کرد و ناودیوی کۆڵانەکان بوو.

**دووشەمە**

دەبوو بەیانی زوو لەخەو هەڵسێت. هەندێ ئیشی دایەرەی هەبوو.

دەرەوە

کۆترکانی ئەوبەر پێ دەچێ سەرمایان بێت. لەپاڵ یەک کرۆشکیان داوە. لەولاوە پیرەژنێک هوردەنانیان بۆ فڕێ دەدا.

بەزەحمەت گوێی لە زەنگی سەعاتەکەی بوو. خێرا هەڵسا و ئاوێکی کردە سەروچاویا و بەخێرایی ڕیشی تاشی و جلی کردە بەر و بۆی دەرچوو. سەیری سنووقی پۆستی کرد، هیچی تێدا نەبوو هەستی کرد کە ئیمڕۆ سڕاوەتەوە. پاسی ژمارە ١٠ی وەرگرت. دوای سێ وێسگە دابەزی. پاسێکی تری وەرگرت. پاس بێدەنگ. پیرەژنێکی دی هەر بە هاوسێکەی دەچوو، لە دڵی خۆیدا وتی، ئەم ژنانە کە دەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو هەموو هەرێک دەچن. بەڵام ئەمیان سەگێکی لە باوەش بوو، قردێلەیەکی سووریشی بە مووەکانی لای گوێچکەی ڕاستییەوە نووساندبوو، کەهەندێ بە ئەملاوئەولادا شۆڕ ببووەوە و بەتەواوی چاوی سەگەکەی داپۆشیبوو. پێدەچوو زۆری خۆش بوێ. (ئەویش کاتی خۆی سەگی زۆر خۆش دەویست). دوای حەوت ئێسگە دابەزی دوای سەد مەترێ لای چەپی وەرگرت و چووە باڵەخانەی ٧٥. دوای پێنج دەقە دەرچوو. کەمێ تینووی بوو. چووە قاوەخانەیەکەوە بیرەیەکی داواکرد و هەر لە کاونتوارەکە خواردییەوە و ئەوێی جێهێشت.

نەیدەزانی چ بکات. بگەڕێتەوە ماڵ یان بچێتە لای سیروان یا بەپیاسە ئێوارە بهێنێت. ترسێکی لێ نیشتبوو. نزیکی لای ماڵ بووەوە دیسانەوە هەردوو سەرتاشراوەکە پەیدا بوون. "دەبێ ئەمە ڕێکەوت بێت. بەڵام لەم شارە گەورەیەدا ڕێکەوتی واش ڕێکەوتە!" بەرەو ڕووی هاتن. یەکێکیان چەقۆیەکی دەرهێنا و ئەوی تر پەلاماری دا، خۆی ڕاپسکاند و بۆی دەرچوو. کەوتنە شوێنی نەیانگرت.

* * *

–ئەوە تۆی!

–

– دوو سەرتاشراوەکە وەختبوو ئیمڕۆ سکم هەڵدڕن. دەترسم.

–

– دەی خواحافیز.

**سێشەمە**

دەرەوە

هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو. بەفرێکی زۆر باریبوو. بەئاستەم کۆترکانی ئەوبەر دیارن. قیڕەی قەلەڕەش لەگەڵ سەرمای ئێوارە تێکەڵ دەبوون.

ژوورەوە

بەتانییەکەی بەجۆرێ لەخۆی لوول دابوو هەر لە کفن دەچوو. کفنێکی درێژ. خشەخشەیەکی وەرزکەر لە تەسجیلەکەوە دەهات، کاسێتەکە تەواو ببوو بەڵام نەکوژابووەوە.

زڕەی تەلەفۆن هێنایەوە ئاگا.

هەر لەژێر بەتانییەکەوە دەستی بۆ سەماعەکە درێژ کرد.

-ئەلو، کێیە؟

-

-ئەوە تۆی!

-

-بۆ، سەعات چەندە؟

-

-دیار نیت

-

-خوا حافیز.

بەتانییەکەی لەسە روو لادا. بەچاوهەڵگلۆفینەوە بەرەو ئاودەسخانەکە ڕۆیشت. دانیشت و سەری شۆڕ کردەوە. هەردوو پەنجەی کاکڵە و هەردوو پەنجەی شایەتمانی توند لە لاجانگەکانی قایم کرد. ( "دەبوایە ئامانەتەکە بگەیەنم." بەهاری چالاک زوو دەگەیشتە قەراغی کەرکووک، بۆنی گژوگیا دەهات.ئەویش گورج بەرەو گەرمکی بولاغ دەڕۆیشت) هەڵسا و بەبێ ئەوەی لە دالغەکەی ببێتەوە، بەرەو حەمامەکە ڕۆیشت. خۆی رووت دەکاتەوە و سەیری جەستەی خۆی دەکات. لەو شوێنە ورد دەبێتەوە کە تەمەنی ئازارە. دەستی بۆ دەبات، کەمێ نوازشی لەگەڵ دەکات. "بۆچی ئامانەتەکەم نەگەیاند." ئاوێکی مەیلەو سارد لە دووشەکەوە بەهورووژم لەشی تەڕ کرد. گوێی لە فشەی هەڵم بوو کە لە لووتی کترییەکەوە بە تەوژم دەردێت. بۆرییەکەی گرتەوە. پەشتەماڵەکەی لەناوقەدی ئاڵاند و بەرەو موتبەغەکە ڕۆیشت. کترییەکەی هەڵگرت و ئاوە کوڵاوەکەی ڕژاندە ناو پەرداغی چاکە و بەبێ تێکدان، هەر بەگەرمی خواردییەوە.

کەمێ هەستی بە برسێتی کرد. پێی دەچوو پەیمانی لەگەڵ یەکێ بەستبێ، زوو خۆی گۆڕی و دوای ئەوەی دەرگای لەدووی خۆی داخست، بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە. هەمان پیرەژنی بینی کە بە نکەنک دەیەوێ سەرکەوێت. تەماشای یەکتریان کرد. پیرەژنەکە پێی دەچوو، دەمێک بێ بیەوێ شتێکی پێ بڵێ هەر نەیدەزانی چۆن. ئەم جارەیان، هەناسەیەکی هەڵکێشا، وەک بڵێی کەمێ هێز بداتە خۆی و چاوە شینەکانی لە نێو چرچ و لۆچە تێکچرژاوەکان کە بێئامان گەمارۆی ڕوخسارە سپیلکەکەیان دابوو، چروسکەیان دەهات. سەری بەئاستەم هەڵبڕی و لێوەکانی بە ڕەنگێکی پەمەیی کاڵ بۆیاغ کردبوو، تەتەڵەیان دەکرد. بەدەنگە نەرمەکەی پێی وت: "دەزانم لە جەهەنەم ڕات کردووە، بەڵام ئێرەش بەهەشت نییە." وەکو ئەوەی هەموو قەڵەباڵغی مێشکی ئەو تەنها ڕستەیەک ساغ کاتەوە. خواحافیزییان لەیەک کردو و ئەو خۆی ئاودیوی دەرەوە کرد.

**چوارشەمە**

**دەرەوە**

ساردە. ئێمڕۆ زۆر ساردە. قەڵەڕەشکەیەک لە پەنای پەنجەرەیەک دەنووک لە دیوار دەدات.

**ژوورەوە**

کەس لە ژوورێ نییە.
ئەمشەو نەهاتەوە.

**پێنجشەمە**

**دەرەوە**

کوترکان لە شوێنی خۆیانن. پیرەژنەکە گەنمەشامییان بۆ فڕێ دەدات. دەرەوە وەکو دوێنێ ساردە. هەور نزمە.

**ژوورەوە**

زوو لەخەو هەڵسا. دەبوو بچێتە لای یەکێ. ڕیشی نەتاشی. کەمێ ئاوی بەسەروچاویا کرد و خۆی گۆڕی و دەرگای لەدووی خۆی داخست. ژوورەوە گەرمە. سەعاتەکەی سەر تەلەفیزیۆنەکە چرکەچرک دەکات. و میلە ڕەشەکەی ژمارەکان بەسەر دەکاتەوە. هەندێ ڕۆژنامە لەملاوئەولا کەوتوون. دوو شووشە بیرەی دەم هەڵپچڕاو، قوتوویەکی ماست، کیسەیەکی نایلۆنی بەتاڵ، گۆڤارێک لاپەڕەی یەکەمی هەڵدراوەتەوە، ڕەسمێک بەجوانی نابینرێت، چونکە هەندێ قاوەی پیا ڕژاوە، بەڵام دەکرێت ئەمەی لای خوارەوە بخوێندرێتەوە: لە وڵاتی پێشکەوتوودا تەمەنی مرۆڤ لە زیادبووندایە. تێکرایی تەمەن لە بەرزبووندایە، ئەویش لەسایەی پزیشکسازی و پاکوخاوێنی و وەرزشکردنەوە. لەساڵی ٢٠٢٠ پیر دنیا داگیر دەکات. لە تەنیشت گۆڤارەکە

قەڵەمێ کەوتووە. بلوزێک بەنارێکی داکەنراوە و فڕێ دراوە، پانتۆڵی بەسەر ئەسکەمبیلێک شۆڕبۆتەوە و هەندێ پارەی خوردە کەوتووەتە سەرزەوی، مەنجەڵێک سپاگەتی پیا هیشک بۆتەوە و لە قەراغێکی کەڕوی هەڵهێناوە، چەنگاڵێک لەسەرپشت کەوتووە، کەوچکێکی بچووک هەندێ شەکری پیا هیشک بۆتەوە. بەقەد دیوارەکەیا وێنەی دیمەنێکی سروشتی هەڵواسراوە، لەدوور، گوندێک دیارە، کەسی تێدا نییە. یەک دوو چنار بە حەوایا بەرز بوونەتەوە. دوو باڵندە دەفڕن و ئاسمانی دیمەنەکە جێ ناهێڵن. لە دیوی ژوورەوەی دەرگاکەش وێنەیەکی ڕەش و سپی، جەمەدانی لەسەرێک، کەمێ ڕیشی هێشتۆتەوە، بزەیەک لەسەر لێوانیدایە، قەراغی وێنەکە کرنی گرنییە و دوو میلیمەتر سپییە، بەڵام تۆزقاڵێ زەرد هەڵگەڕاوە، پێی دەچێ کاتی خۆی بەنارێکی کەمێ نووشتابێتەوە، وێنەی لاوێکە، سەیری دوور دەکات و بزەکەی هەندێ نهێنی چاوانی دەدرکێنێ. لەخوارەوەی وێنەکە، ژوودایەک (کونێکی بچووک بۆ ئەوەی پێش ئەوەی دەرگا لە یەکێ بکرێتەوە، هەر لە پێناوی ئاسایشدا، بەباش دەزانرێت سەیری ئەو کونە بکرێت). سەیری کونەکە دەکەیت، جارێکی تر سەیری دەکەیتەوە، دوو سەرتاشراوەکەن، دەمووچاویان پان بۆتەوە، چوارچاو ئەبڵەق، ددانەکانیان سپی و ناوچەوانیان بریقەی دێت.

چارێکی تریش دەرەوە

سەیری سنووقی پۆستەکەی کرد، کەسێ شتێکی بۆ نەناردووە. لە دڵی خۆیدا وتی: ئەم یەکشەمانە کۆتایی نایەن. نەیدەزانی چاوەڕێی چ دەکات. شتێکی تایبەت نەبوو، بەڵام چاوەڕوان بوو، چاوەڕوانی هەواڵێک، لەپڕێکدا سەرتاپای ژیانی بگۆڕێ، بیری لەوە نەدەکردەوە کە شتی وا مەحاڵە.ڕەنگبێ جۆرە هیوابەخۆدانێک بێت. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هیوای بەو نامەیە زیادی دەکرد. سەیری سەعاتەکەی مەچەکی کرد، سەعات هەشت و نیوە. "هێشتا پۆستەچی نەهاتووە". بۆیە گەڕانەوەی ئێوارەی لەلا خۆش بوو.

هەینی

ژوورەوەیەکی تر.

خۆی کرمۆڵە دابوو، بائاستەمیش گوێی لە بانگی منارەکەی مزگەوتی گەورە دەبوو. خۆی و بەتانییەکە لەیەک جودا نەدەکرانەوە. تەپڵە کریستاڵەکە لە تەنیشتی و لە پاکەتەکە دەم کراوەکە تەنها فلتەری جگەرەیەک دیارە. نازانێن شەو سەعات چەند هاتەوە. پێی دەچێ گەلێ ماندوو بێت. وادیارە نایەوێ لە خەو هەڵسێ، پەیمانی لەگەڵ کەس نەبەستووە ئیشی "دایەرەی" نییە و پێی دەچێ شەویش زۆر درەنگ هاتبێتەوە. کەمێک پێیەکانی جووڵاندەوە و خۆی بەلای ڕاستدا وەرچەرخاند. ئیمڕۆیش وەکو دوێنێ دەبێ هەڵسێ و بچێتە ئاودەسخانەکە و پاشان بۆ موتبەغەکە و، کترییە ئاوەکە بخاتە سەر ئاگرو زیڕەی کترییەکە ڕێگە لە داڵغەکانی ببڕێ. لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم جارەیان لەکوێ بوو! دیسانەوە لەپشت چاخانەی حەسیرەکان، دەیویست بچێ بۆ بولاغ، ئامانەتێک هەیە و دەبێ لەگەڵ خۆی بیبات بۆ زێویە و پێیان نەوتووە، ئامانەتەکە چییە. ئەویش بیری دەکردەوە، دەبێ ئامانەتەکە چ بێت و بۆ تووشی ئەم بەزمەیان کرد، خۆ، هیچی لە هیچدا نەبوو، دەیویست یارمەتی حەمەی ئامۆزای بدات. نە چاوی بە ئامانەت کەوت و نە گەیشتیشە بولاغ. بیری لەوە دەکردەوە: حەمەی ئامۆزایان لە خشتە دەرکردبوو، ویستیان تووشی کەن، ئەویش بە دڵپاکی خۆی بە ساویلکەیی بیری لەم داوە نەکردبووەوە و ڕێک و ڕاست هات بەمنی وت. منیش لەبەر ئەوەی جێی بڕوام بوو، هەڵسام بێ سێ و دووکردن کەوتمە ڕێ و بۆ ئەوەی "ئامانەتەکە" بگەیەنمە جێ. نزیکیماڵیان دەبێتەوە، دوو موسەللەحە ڕاوەستاون، زوو دڵی خەتەرە دەکات و بەخۆی دەڵێ ئەمە گێژاوێکە و بۆ حەمە ئامادە کراوە و من تێی دەکەوم. باشە لە دوو موسەللەحەکە زۆر نزیک

نەکەتبووەوە و توانی پاشەکشە بکات و خۆی دەرباز کات.سواری تێمسێک دەبێت و دەچێ بۆ ڕەحیماوای کۆن، بۆ ماڵی حەمەی ئامۆزا. پاشان بیری کردبووەوە کە نەدەبووایە وا بەخێرایی بەرەو ماڵی حەمەی ئامۆزای بڕوا. ڕەنگبێ ئەویش لە ژێر موراقەبە بێت. پاشان چی بەسەر خۆی نەهێنا. زوو خەبەر گەیشتبووە حەمە، یەکسەر کەرکووکی جێ هێشت و خۆی گەیاندە "خاکی ئازادکراو". قورە شلەکە بۆ ئەو مایەوە. بیری لەوە دەکردەوە هەرچۆنێک بێت تازە تووش بووە و دەبێ خۆی بۆ ئەم بەزمە ئامادە بکات.

دەگاتە ڕەحیماوای کۆن و دەگیرێ. هەرچەند، پاشان بیری دەکردەوە و نەیدەزانی و نەیدەتوانی ئەمەم مەتەڵە شیتەڵ کات. چونکە دوای کارەساتەکە، ئەم مەسەلە وەکو مەتەڵی لێهاتبوو. نە دەستی گەیشتە حەمەی ئامۆزای، نە کەسی تریشی دەناسی کە پەیوەندییان بەم بەزم و ڕەزمەوە هەبێت. بەڵام چۆن گیرا؟

لەدەمی خۆیمان بیست، بەڵام کەینێ؟ کاتێ خۆی تەسلیمی پۆلیسی شارەکە کرد بۆ ئەوەی داوای پەناهەندێتییەکەی قبوڵ بکرێت لە ڕێگای موتەرجیمەوە هەموو چیرۆکەکەی گێڕابووەوە. چیرۆکێکی خراپ نەبوو، چونکە پەیوەندییەکی باشی پەیدا کردبوو لەگەڵ ئەوانەی کە لە دوورەوڵات دەگەڕانەوە. جا چ بە نامە، چ بە چاوپێکەوتن، دەچوو تازەترین هەواڵی گوێ لێدەبوو: سەرماوسۆڵەی وڵاتانی باکوور، پیرەژنە تەنهاکان، سەرهەڵدانی تەوژمی نازییە نوێکان، هەوا پیسی و هتد، زۆر شتیان بۆ گێڕابووەوە و خۆشی زۆری خستبووە سەری. ئەمە وای لێکردبوو کە هەڵس و کەوتی خۆی دەسکاری دەکرد، وردەوردە خۆی فەرامۆش دەکرد، بۆیە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستا، هەستی دەکرد پێی لەسەر زەمین نییە. لەگەڵ هەموو کەسێک دانوولەی نەدەکولا، هاموشۆی هەموو کەسێکی نەدەکرد. تا وای لێهات، بەتەنها، لەژوورێک دەنووست. تا وای لێهات دایکیشی بە غەریب دەزانی، یەک دوو جار کردبوویە شەڕ لەگەڵی، کە گوایە حورمەتی ئازادی تاکەکەس ناگرێت و بەبێ مەوعید دێتە ژوورەکەی، تا وای لێهات دایکیشی کەم سەری لێدەدا. بەناچاری دەیانوت: "کورەکەمان موعەقەد بووە". بیریان لەوە کردەوە بیبەنە لای دختۆرێ یا لای شێخێ. بەڵام، کاتێ قسەی لەگەڵ دەکرا، ئەو هەموو خەڵکی بە شێت دەزانی و دەیوت لای ئێمە کات بەهای خۆی هەیە و مرۆڤ پێویستە ڕۆژگاری خۆی بەرنامەڕێژ کات و بەپێی نەخشە بڕوانێتە داهاتوو، ئەم ڕستانەی هێندە دووبارە کردبووەوە هەموو کەس و کارەکانی دەیاندایە تریقەی پێکەنین کاتێ باسی ئایندەی دەکرد. سەیر لەوەدا بوو، بە پێکەنین و توانج تورە نەدەبوو، بۆیە کە لە خەو هەڵدەستا، بە ئاستەم پەردەی ژوورەکەی لادەدا و کۆترە شینکەکانی ئەوبەری دەبینی، لەسەر گوێسوانەی حەوشەکەدا لەبەر هەتاوی دەمەو بەهار، دەرشانە دەنووکی یەکەوە. بیری لە دەرەوە دەکردەوە، بەڵام لە ژوورەوە بوو. ئەم مەتەڵەی هەڵنەدەهێنا. بۆیە بەلایەن کەم دەیویست لەم ژیانە کورتە، تا دڵی ئارەزووی لێیەتی بخەوێ.

١٩٩٨/٥/٢٢

ڕێواس ئەحمەد

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە دەربارەی وەرگێڕان
# نموونە:"بەهاری تازە دێ"

وەرگێڕانی ئەدەب و کتێبی تایبەت بە منداڵان بۆ زمانی کوردی دیاردەیەکی نوێیە. هەر بۆیە بە دەگمەن لێکۆڵینەوەو بابەتی قوڵ سەبارەت بە مێتودو مۆدیلی وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵان بەرچاو دەکەوێت. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە وەرگێڕان گواستنەوەی ڕاستەوخۆی تێکستە، لە کاتێکدا وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پڕگرفتە، لەوێدا وەرگێڕ هەوڵدەدا هاوسەنگییەک لەنێوان دوو زمان و دوو کولتووڕو هەندێک جار دوو سیستەمی بیرکردنەوەی جیاوازیشدا، بخوڵقێنێت.

ئەگەر نووسین بۆ منداڵ دنیایەک وردەکاریی و شارەزاییەکی بە دیقەت بخوازێت، ئەگەر خودی وەرگێڕان پڕۆسەیەکی سەخت بێت، ئەوا بێگومان وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵان وەرگێڕ دووچاری ئاڵۆزیی و سەختکاریی سەربار دەکاتەوە.

یەکێ لەمەبەستە بنەڕەتیەکانی وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵان لایەنی هونەری و پەروەردەیی و ڕەخساندنی هەلومەرجێکە بۆ ئەو منداڵانەی بەرهەمەکەیان بۆ وەرگێڕدراوە، تا بتوانن پەیوەندییەکی نوێ بۆ وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بە منداڵی نەتەوەکانی تر، وەدەست بخەن. ئەدەبی وەرگێڕدراو شارەزایی و زانیاری تازە بەمنداڵ دەدات و حەزی خوێندنەوەو گەڕان بەدوای زانیاری نوێی لا پەیدا دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە بیری لێبکرێتەوە"گونجاندنی ئەو ئەدەبە بۆئەو منداڵانەی کە تێکستەکە دەخوێننەوە، ئەم گونجاندنەش دەبێ لە چوارچێوەی تێکستە وەرگێڕدراوەکەدا شوێنی بکرێتەوە، چونکە ئەو خوێنەرە تازانەی سەر بەم گروپەن پێداویستی تایبەت بە خۆیان هەیە."«١».

"ئەدەپتەشون" * کەتێگۆرییەکە لە وەرگێرانی ئەدەبی منداڵاندا، بەکاردێت لەبەرئەوەی زۆرجار بەبێ دەستکاری و گۆڕان لە تێکستە ئۆریگیناڵەکەدا، وەرگێڕان دەبێتە نیمچە مەحاڵ و گرفتی سەخت لەبەردەم خوێنەراندا دروست دەکات و ناتوانن بەتەواوی لە تێکستە وەرگێڕدراوەکە و لە مەبەستەکانی ئەو نووسەرە بگەن کە بەرهەمەکەی بۆ منداڵی نەتەوەکەی خۆی نوسیووەو بۆ ئەوان ڕوون و گونجاوە. بەلام لەوانەیە بۆ خوێنەری دووەم کە تێکستەکەی بۆ وەرگێڕدراوە، وانەبێت. ئەمەش زۆرجار والە وەرگێڕ دەکات کە لە تێکستە ئۆریگیناڵەکە لابدات «٢». بەلام

* ئەدەپتەشون بە ئینگلیزی Adaptation و بە سوێدی Adaption زاراوەیەکە لە ئەدەبی منداڵاندا بۆ دوو پرۆسەی جیاواز بەکاردەهێندرێت:
١- دەستکاریکردن و گۆڕان و هەندێک جار سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەقێکی بۆ گەورەساڵ نووسراو بەو نیازەی بۆ منداڵان بگونجێنرێت ، هەروەک لە ڕۆمانی «ڕۆبنسۆن کرۆسۆ» دا کراوە.
٢- ئەو گۆڕان و دەستکارییەی کە وەرگێڕێک لە کاتی وەرگێڕانی ئۆریگیناڵەکەدا دەیکات بە نیازی گونجاندن و ئاسانترکردن.
ڕەنگە زاراوەی ئەدەپتەشون بە کوردی بکاتە گونجاندن یان وەرگێڕان بە دەستکارییەوە یان سەرلەنوێ داڕشتنەوە، هەرچەندە ئەوە کاری پسپۆڕانی زمانەوانییەو، بۆ ئەوانی بەجێدەهێڵم. بەلام من لەم وتارەدا وشەی ئەدەپتەشون کەبە سوێدی و ئینگلیزیش بەکاردەهێنرێن، وەک خۆی بەکاردەهێنم.

ئەمە بەو مانایە نییە کە هەق بە وەرگێڕ بدرێت بەئارەزووی خۆی و بەبیانوی گونجاندن بۆ خوێنەرە تازەکە، تێکستێکی نوێی لێوە بخوڵقێنێ. لەم بارەدا وەرگێڕ دەبێ توانای زمانەوانی و بەهرەی خولقاندنی وشەو زاراوەی نوێی هەبێ و لە هەمان کاتدا دەرهەق بە تێکستە ئۆریگیناڵەکە دەستپاک بێت. "میق ، میۆکەی من" ی ئاسترید لیندگرێن کە ئەنوەر قادر لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی ئەو دوو مەرجەی پێکاوەو یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە بە زمانێکی پاراو ناوەڕۆک و ئەتمۆسفێری چیرۆکەکەی بە کوردی کردووە.

لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵاندا چەند خاڵێکی گرنگ هەن کە پەیڕەوکردنیان پێویستن:

* هەڵبژاردنی بابەت گرنگترین هەنگاوە. کاتێک کتێبێک بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێردرێ دەبێ بیر لەوە کرابێتەوە کە ناوەڕۆک و شێوەی بیرکردنەوەو مەرجە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەرهەمە بۆ ئەو منداڵانەی کەبۆیان تەرجەمە دەکرێت، گونجاوو لە بارین. دیارە خودی ئەم بابەتەش کێشەمە کێشی زۆری لەسەرە و جیهانبینی و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی وەرگێڕ دەوریان دەبینێت. بۆ نموونە ڕەنگە کتێبی "باوکی میا دەگوێزێتەوە" یان "بار دەکات ... جیا دەبێتەوە" لە نووسینی گونیلا بێریستریۆم کە سەبارەت بە ژیانی کیژۆڵەیەکە کە دایک و باوکی لێک جیادەبنەوەو باوکی دەگوێزێتەوەو لەگەڵ ژنێکی تردا دەژیت و، دایکی لەگەڵ میا دەمێننەوە، پاش ماوەیەک دایکیشی دەزگیرانێ بۆ خۆی دەگرێ و پێکەوە دەژین. لێرەدا نووسەر دەیەوێ باسی ئەو گرفتانەی منداڵ بکات کە لەکاتی جیابونەوەی دایک و باوکدا دووچاری دەبێت. لەوانەیە کەسی وا هەبێت وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بۆ کوردی پێ باش نەبێت. بە بیانووی ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژن دەبێ ماڵ جێبهێڵێ و منداڵ لای باوک بمێنێتەوەو، ژن و پیاویش بێ مارەبڕین ناتوانن بە ئاشکرا پێکەوە بژین. لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانی کتێبێکی وا کارێکی زۆر باشە چونکە وێنەی ژیانی خێزانێکی ئەورووپایی دەخاتە بەردەم منداڵی کوردەوە، ئەمە ئەگەر قسە لەسەر منداڵی کوردستان بێت. خۆ ئەگەر باس لە منداڵی ئێرە (کوردانی ئەورووپا) بێت ئەوە کارێکی زۆر پێویستەو بابەتەکەیشی پێ نامۆ نییە.

* پرۆسەی وەرگێڕان لەچ زمانێکەوە بۆ چ زمانێک.



زۆر جار وەرگێڕان لەزمانێکی دەوڵەمەندەوە بۆ زمانێکی گۆشەگیر، یان گەشەنەسەندوو و کار لەسەر نەکراو گرفت بۆ وەرگێڕەکە دروست دەکات. بۆ نموونە زۆر وشە سەبارەت بەکولتوور، سروشت، ئاژەڵ، دیاردەی کۆمەڵایەتی، دابونەرێتی نەتەوەکانی ترو دەستکەوتە تازەکانی زانست هەن کە لە بەردەم وەرگێڕدا ئاستەنگ دروستدەکەن. بەڵام ئەم کێشەیە نابێ وامان لێبکات لە وەرگێڕانی بەرهەمی گرنگ بۆ منداڵان بسڵەمێینەوە. لەم ڕووەوە وەرگێڕ دەتوانێ وشەی تازەو گونجاو داهێنێت کە لە دەستووروو ڕێزمانی زمانەکەوە سەرچاوە هەڵگرێت،، یان هەمان وشە بیانی و ئۆریگیناڵەکان، بە ڕوونکردنەوەیان لە پەراوێزدا بەکاربهێنێ.

* وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بواری پێداچوونەوەو بەراوردکردن لە نێوان هەردوو تێکستەکەدا (ئۆریگیناڵ و وەرگێڕدراو) بهێڵێتەوە، تا بزانرێ چ جۆرە گۆڕانێک کراوەو بە چ مەبەستێک. هەندێ جار ئەوگۆڕانانەی کە بە مەبەستی گونجاندن ئەنجام دەدرێن، دەکەونە دژایەتی لەگەڵ یەکێ لە مەبەستە گرنگەکانی وەرگێڕان کە ئەویش بەجیهانیکردنی تێگەیشتن و تێڕوانینی منداڵانە. بەداخەوە لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی و لە ئەدەبی منداڵاندا بە تایبەتی ئەم لایەنە فەرامۆشکراوەو زۆرجار تێکستە وەرگێڕاوەکە وا دەگۆڕدرێ کە بەزەحمەت دەتوانرێ ناوەڕۆک و لایەنی هونەریی تێکستە ئۆریگیناڵەکە بناسرێتەوەو بەراوردبکرێن.

* * *

کتێبی منداڵان شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی ناڕاستەوخۆی نێوان منداڵ و گەورەساڵ و بەشێوەکی گشتی لەلایەن گەورەساڵانەوە دەنووسرێ ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەئەم کتێبانە تەنیا منداڵ دەیانخوێننەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە کە گەورە ساڵان دەستەڵاتێکی زۆریان بەسەر کتێب و ئەدەبی منداڵاندا هەیە، ئێمەی گەورەساڵ بڕیاردەدەین کە کتێبی منداڵ چ ئەرک و گرنگییەک لە پەروەردەکردنیاندا بگێڕێ و تەنانەت زۆرجار گەورەساڵان بۆ مەبەستی سیاسی یان ئایدۆلۆژیی خۆیان ئەدەبی منداڵانیان بەکارهێناوە، هەروەک ماوەیەکی زۆر لەبیروهۆشی منداڵانی سۆڤیەتدا ستالین کرابووە سەرکردەیەکی بێهاوتاو نیشتمانپەروەر. هەر گەورەشە بڕیاردەدات منداڵ چ جۆرە کتێبێک بخوێنێتەوە: دایک و باوک و مامۆستاکانن کە بڕیاردەدەن چ کتێبێک بکڕن تاکو منداڵان بیخوێننەوە، دەزگاکانی چاپ و کتێب فرۆشەکانن بڕیار دەدەن چ جۆرە کتێبێک لە بازاردا بفرۆشرێ. لێرەوە دەمەوێ ڕێگا خۆش بکەم بۆ دەربڕینی چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کتێبێک کە فەرهاد شاکەلی لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی، ئەویش "بەهاری تازەدێ یە".

**بەهاری تازەدێ**

Vår i bullerby لە نووسینی نووسەری گەورە ئاسترید لیندگرێنە. لەم دێیەی ئاستریددا سێ کێڵگەو حەوت منداڵ هەن. لەڕێگەی «لیسە» وە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە باسی ژیانی لادێ و گەمەی هەمەڕەنگی، ئەومنداڵانە دەکات. ئەم منداڵانە زیتەڵەو وریان و هەموو تواناو فەنتازییاکانی خۆیان بۆ داهێنان و دۆزینەوەی یاری نوێ بەکاردەهێنن، هەموو ئازادییەکیشیان بۆ گەمەو وازی کردن لە دەرەوەی ماڵەوە بۆ ڕەخسێندراوە. منداڵانی بوللەربی بە هەموو شتێک گەمە دەکەن کە دەورویەر بۆی ڕەخساندوون، ئەوان یاری بە چیرۆک و داستان دەکەن، هەروا یاری بە زمان دەکەن ... منداڵان بە هەموو شێوەیەک دەورویەریان تاقیدەکەنەوەو ... تاقیدەکەنەوە «٣»

ئەو دیمەنە ڕیالیستیە پڕ زەوق و خۆشییەی لە پەیوەندی ئەو منداڵانەدا هەیە، هەموو منداڵانی جیهان حەزیان لێیە. زۆر سیفات و بیرکردنەوەو هەڵس وکەوتی منداڵان هاوبەشن، جائیتر ئەو منداڵانە لە هەرکوێیەکی جیهاندا بژین و بەهەر زمانێک بپەیڤن. بۆ نموونە هەموو منداڵێک حەزی لە گوڵ چنینەوەو، گەمەکردن بەئاوو، هەڵگژان بە دارو دیوارو، یاریکردن لەگەڵ ئاژەڵ و، لەدەرەوەی ماڵدا بە ئازادی وازیکردنە.

* * *

لە کوردستان منداڵانی لادێنشین ، لەکاری کشتوکاڵیدا یارمەتی دایک و باوکیان دەدەن، منداڵانی ئێمە ئازادییەکی کەمتریان هەیەو پەیوەندییان لەگەڵ ئاژەڵدا جیاوازەو زۆر لە منداڵانی دێنشین چەند ساڵێکی تەمەنیان بە بەرخەوانی و شوانکاریی دەبەنە سەر. کەچی لیسای ئاسترید لەلایەن باوکییەوە بەرخێکی بە دیاری پێدەبەخشرێ تا خزمەتی بکات و بە شووشەمەمە شیری بداتێ. منداڵانی کوردیش وەک منداڵانی ئاسترید حەزیان لێیە لە دەرەوەی ماڵ و بێ چاودێری گەورە ساڵان یاریبکەن. منداڵانی کوردستان لە بەهاراندا دەچنە دەشت و سەیران، تۆڵەکە و کنگرو ڕێواس و چوالە دەچنن و کۆدەکەنەوە، هەروا ئەوانیش حەزیان لێیە کە حەیوانێکیماڵییان هەبێ، گەرچی لای ئێمە بە هۆی چۆنێتی ژیانمان و پەروەردەی ئایینییەوە تێڕوانینمان بۆ ئاژەڵ جیاوازە. بۆ نموونە سەگ (گەرچی لە گوندەکاندا بۆ پاسەوانی و پاسکردنی مەروماڵات ڕادەگیرێ) بەڵام بە ئاژەڵێکی گڵاو دادەنرێ. کەچی لەم چیرۆکەدا سەگ هاوڕێیەکی نزیکی منداڵەکانە. ئەو جیاوازییە زۆرەی منداڵێکی کورد لە چیرۆکەکەدا دەیبینێ ئەوەیە کە ئەم منداڵانە مۆتەکەی شەر، بۆمباباران، هێرش و سوپا گەمارۆی نەداون و لەژیانێکی پڕ ئارام و ئاسوودەدا دەژین. ئەم وێنە پڕ خۆشی و یاری و گەمەو ئازادییە، خۆشی و خەندەو ڕۆشنایی بە منداڵان دەبەخشێ.

لەم بۆچوونانەوە دەتوانم بڵێم کە بە کوردی کردنی ئەم کتێبە کارێکی باشە، وەرگێر لە هەڵبژاردنی بابەتەکەدا سەرکەتووە. لەم بارەیەوە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی ئاسترید لیندگرێن، بۆ زمانەکانی تر شیاوی وەرگێرانن و تا ئێستاش

کتێبەکانی بۆ زیاتر لە حەفتاو شەش زمان وەرگێڕدراون.

### دەقی کوردی"بەهارلە گوندی جەنجاڵ، یان شلۆقدا-Vår i Bullerbyn"

لە ئەدەبی منداڵانی کورددا هیچ تیۆریی و میتودێکی تایبەتی نییە بۆ بەراوردو کۆنترۆڵی کتێبی وەرگێڕدراو، چەندان کتێب و چیرۆکی منداڵان دەکرێنە کوردی. بەڵام کەم جار ڕەخنەو پێداچوونەوەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە دەبینرێن. بۆیە لەم پرۆسێسەدا من پشت بەو کەتیگۆرییانە دەبەستم کە نووسەرو باسکاری سویدی «یۆتی کلینبێری» دەستنیشانی کردوون. ئەم نووسەرە چەندان کتێب و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان بە زمانی سوێدی و ئەڵەمانی و ئینگلیزی هەیە.

یۆتی کلینبێری بۆ بەراوردکردنی بەرهەمی وەرگێڕاو (دەق بە زمانی یەکەم و دووەم) ئەم کەتیگۆریانەی خوارەوە بەکاردەهێنێ:

* ئەدەپتەشونی نەتەوایەتی.
* وەرگێڕانی هەڵە.
* کەمدیقەتیی لە وەرگێڕاندا.
* درێژکردنەوەی ڕستە.
* کورتکردنەوەی ڕستە.

### ئەدەپتەشونی نەتەوایەتی

زۆجار وەرگێر لە ئاگا یان بێئاگاییەوە، یان بەمەبەستی گونجاندنی دەقەکە بۆ خۆێنەرە گریمانیەکان لەکاتی وەرگێڕاندا، دەستکاریی تێکستەکە دەکات، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە "لەهەموو کارێکی وەرگێڕاندا بڕێک ئاڵۆزی و سەختی هەن، چونکە وەرگێڕو خۆێنەرانی ئەو، سەر بە هەمان ئەتمۆسفێری کولتووری، نووسەری دەقە ئۆریگیناڵەکە نین"«٤»

زۆرجار بیرکردنەوەو جەختکردن لەسەر جیاوازییە کولتوورییەکان و زاڵبوونی ئەم مەبەستە بەسەر وەرگێڕ یان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەبنە هۆی نائەمانەتی بەرامبەر دەقە ئۆریگیناڵەکە. بە نیاز یان بیانووی گونجاندن لەگەڵ باری کولتووری و شێوەی ژیانی کۆمەلایەتیدا، هێندە دەستکاریی دەقەکە دەکرێت کە لەکاتی بەراوردکردنەوەیدا بە ئاسانی ناناسرێتەوە. فەرهاد شاکەلی لەم کارەیدا زۆر شتی لە دەقەکە گۆڕیوە کە من دەیخەمە خانەی ئەدەپتەشونی نەتەوایەتییەوە، هەوڵدەدەم ڕاوبۆچوونی خۆم لەمەڕ ئەو گۆڕانانە دەربڕم.

کتێبەکە بە سویدی ناوی Vår i Bullerbyn ە. Vår واتە بەهار، buller بەمانای شلۆقی، نائارامی، جەنجاڵ، ئاژاوە یان دەنگەدەنگ، غەڵبەغەڵب. by واتە گوند یان لادێ، ئاوایی. کەچی وەرگێڕ ناوی کتێبەکەی کردووە بە «بەهاری تازەدێ». وەک دەردەکەوێ ئەم ناوە پەیوەندی بە ناوە ئۆریگیناڵەکەوە نییە. کەچی ئاسترید لیندگرین لە هەڵبژاردنی وشەی buller دا مەبەستی هەبووە، چونکە ئەم وشەیە سیمبۆلێکە بۆ کەش و هەوای ئەو دێیە کە پڕ بووە لەیاری وگاڵتەو گەپ، ئەمەش لە منداڵێتی خودی نووسەرەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، ژیانی منداڵێتی ئاسترید پڕ لە یاری هەمەچەشنەو ئازادی بووە، نووسەر دەیەوێ لەژیانی منداڵانی ئەم گوندەدا ئەوە نیشان بدات کە مەرج نییە منداڵ هەردەم هێمن و لەسەرخۆ بێت هەروەک دایک و باوکان دەیانەوێ، بەڵکو زۆر گرنگە کە بەئازادی و بێ کۆنترۆڵی گەورەسالان لە دەرەوەبێت و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا یاری بکات. ئەو گۆڕانەی وەرگێڕی کوردی لە دەقەکەدا کردوونی وایلێکردم، کە سەرنجی چاپی عەرەبی و فارسی هەمان دەق بدەم و بزانم ئەوان چۆن گۆڕیویانەتە سەر زمانەکانی خۆیان. لەمەشدا مەبەستم هەبوو، کە ئێمەو ئەوان لە باری کولتوورییەوە لەگەلێک ڕووەوە لێک نزیکین. ناونیشانی کتێبەکە لە چاپە عەرەبییەکەدا وەک خۆی ماوەتەوە: "الربیع فی القریه الصاخبه" و لە فارسییەکەشدا بە هەمان دیقەت و جوانیی کراوە بە "بهار در دهکده شلوغ". لێرەدا قسە ئەوە نییە کە ئایا «بەهاری تازەدێ» ناوێکی جوانە بۆ چیرۆک یان نە؟ بەڵکو قسەی من دەربارەی ئەوەیە کە ئەم ناوە کوردییە لە ناوەڕۆکی کتێبەکە دوورمان دەخاتەوەو، جەختیش لەوە دەکەم کە ئاسترید لیندگرین، بە مەبەست ناوی Vår i Bullerbyn لە چیرۆکەکەی ناوە. هەر لەم بۆچوونەوە من بە باشی نازانم کە وەرگێڕ دەستکاریی ناوەکەی کردووە. بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ناوەکە ڕۆڵێکی سیمبۆلبەخشی هەیە.

وەرگێر تەنیا بە گۆڕانی ناوی کتێبەکەوە نەوەستاوە بەڵکو ناوی هەموو کەسەکان و بەگشتی هەموو ناوەکانی بەناوی وڵاتی سوێدیشەوە گۆڕیوە.

Lisa بووە بە ڕەنگین

| | |
|---|---|
| Anna | بووە بە ئاڵا |
| Lasse | بووە بەئارام |
| Bosse | بووە بە بارام |
| Kerstin | بووە بە شەرمین |
| Britta | بووە بە تارا |
| Olle | بووە بە چالاک |
| Svipp | ناوی سەگەو بووە بە گورزە |
| Pontus | ناوی بەرخەو بووە بە کرێوە |
| Ulrika | ناوی بەرانەو بووە بە تیسکن |

وەرگێڕی زمانی عەرەبیش هەمان کاری کردووە، بەڵام لە فارسییەکەدا وەک خۆیان ماونەتەوە. کەپێم وایە وەرگێڕە فارسەکە بە دروستی ڕەچاوی پرینسیپەکانی وەرگێڕانی کردووە.

دەربارەی گۆڕینی ناوی کتێبی منداڵان و ناوی کەسایەتیەکان، لە نێوان پسپۆڕو باسکارانی ئەدەبی منداڵاندا بە تایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی پێشوودا گفتوگۆیەکی زۆر کراوە، ناوی کتێب و کەسایەتییەکان و ناو بە گشتی لەدوو حاڵەتدا دەگۆڕدرێ:

یەکەم: گەربێت و ئەوناوە لە زمانی دووەمدا مانایەکی خراپ ببەخشێت، هەروەک پیپی Pipi لەزمانی فەرەنسیدا کراوە بە فیفی لەبەرئەوەی faire Pipi بە زمانی فەرەنسی مانای میزکردن دەگەیەنێت ، هەروا لە تێکستە نەرویجیەکەی چیرۆکی «برایانی شێردڵ» دا Skorpan یان گۆڕیوە، چونکە ئەم وشەیە لە زمانی نەرویجیدا دەبێتە گوێچکە نانی ڕەق.

دووەم: ئەگەر نووسینی یان وتنی ئەو ناوە بەو زمانەی بۆی تەرجەمە کراوە، مەحاڵ یان زۆر گران بێت.

گەر بەوردی سەرنجی ناوی کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە بدەین ، دەبینین هەم بەوتن و هەم بە نووسین ئاسانن و بە کوردیش هیچ مانایەکی سەیر نابەخشن. بۆیە پێم وایە ناو گۆڕینەکان لە جێی خۆیاندا نین و ناهەقییە دەرهەق بە تێکستەکە کراوە. لەهەمان کاتدا ئەو ناو گۆڕینە یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تێکستەکە ئاسان تر بکات لای منداڵ ... ئەو ترادیسیۆنە مێژووییەی کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی ڕێگای بە دەستکاریکردن و گۆڕینی ناو داوە بە بیانووی ئەوەی کە ناوەکان نامۆن لەو زمانەدا کە تەرجەمەی بۆ دەکرێت، دەبێ وازلێبهێنرێت.«٥»

لە تێکستە کوردییەکەدا وشەی بەرازو بەچکە بەراز کراون بە بزن و کار . ڕەنگە وەرگێڕ لە گۆڕینی ئەم دوو وشەیەدا مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی هەبووبێت، (لە چاپی عەرەبیشدا هەمان کار کراوە. بەڵام لە چاپە فارسییەکەدا بەراز هەر بە بەرازیی خۆی ماوەتەوە!!) ڕاستە ئایینی ئیسلام خواردنی گۆشتی بەرازی حەرام کردووە. بەڵام پێم وانییە ناوهێنانی بەراز و باسکردنی ئەم ئاژەڵە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئایینی و غەیرە ئایینیدا تابۆ کرابێت. هەموو ئەو منداڵە کوردانەی لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی لە ئەوروپادا دەژین دەزانن کە لە بەشێکی گەورەی دنیادا بەراز ئاژەڵێکی ماڵییەو جووتیارەکان وەک مەڕو بزنی لای خۆمان بەخێویان دەکەن. زانینی ئەم ڕاستیەش زانیارییەکی نوێیە بۆ منداڵانی کوردستان. کردنی بەراز بە بزن، ئەگەر لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا سەیر بکەین، دەخرێتە خانەی دانی ئینفەرماسیۆنی هەڵە بە منداڵان.

ئەمە لە کاتێکدا وەرگێڕ دەبێ ئەم کتێبەی بە پلەی یەکەم بۆ منداڵانی کوردی کۆمەڵگەی سوێد وەرگێڕابێت، کە هەم لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەدا ئەم کتێبەیان بە سوێدی بۆ خوێندراوەتەوە، هەم ڕۆژانە بەراز دەبینن ناونەبردنی بەراز لە دەقێکدا کە ئەوان ئۆریگیناڵەکەیشی دەناسنەوە، جێگەی پرسیار دەبێت. چونکە چ ناوی بەرازو چ ناوەکانی تر کە وەرگێڕ گۆڕیونی بۆ ئەمان وشەگەلێکی ئاساین.

وشەی våreld کەمانای ئاگری بەهارە،کراوە بە نەورۆز. لە بەهاراندا جوتیاران گەڵای وەریوی ناو کێڵگەکانیان کۆدەکەنەوەو ئاگری تێبەردەدەن ،منداڵانیش بەدەوری ئەم ئاگرە بچکۆلەیەدا دەکەونە سەماو گۆرانی. ئاستریدلیندگرێن دەیەوێ ئەوە پیشانبدات کە منداڵانی ئەم دێیە لە هەموو شتێک بۆ یاریکردن و چێژ وەرگرتن کەڵک وەردەگرن. بەڵام نەورۆز لە زەینی مرۆڤی کورددا بە گەورەو بچووکەوە مانایەکی گەلێ جیاوازی هەیە. نەورۆز سیمبۆلی ئاشتی و ئازادی و یەکەمین ڕۆژی بەهار و سەری ساڵی نوێی کوردییەو مانایەکی قوڵی نەتەوایەتی هەیە. هەر بۆیە گۆڕینی ئەم وشەیە تەواو لە جێگەی خۆیدا نییە. لێرەدا قسە ئەوە نییە ئایا وشەی نەورۆز یان وشە سوێدییەکە کامیان جوانترن، بەڵکو قسە لەسەر جوانی هەڵبژاردن و بە دیقەت کارکردنە لە سەر وشەکان لە ڕەوتی ئاسایی تێکست و چیرۆکێکی دیاریکراودا.

* * *

دەکرێ وەرگێر وشەیەک یان ڕستەیەک بە کەمدیقەتی وەرگێڕێ. ئەمەش یان پەیوەندی بە کەمتوانایی یان غەفڵەت یان کەم حەوسڵەیی وەرگێڕەوە هەیە. ئەو کەمدیقەتییانەی لەم وەرگێڕانەدا هاتوون زۆر نین . خودی دەقە سوێدییەکەش بەزمانێکی ئاسان و پاراوو بۆ منداڵ نوسراوەو ڕستەکانی پوخت و کورتن. ئەو هەڵانەی لە کاتی وەرگێڕاندا کراون لەوانەیە پەیوەندی بە کەم دیقەتی و گوێ نەدانی وەرگێڕەوە بێت، چەند دانەیەکیشی ڕەنگە بخرێتە خانەی دەستکاریکردن بە مەبەستی پەروەردەیی سیاسی یان ئایدۆلۆژی کە دەستتێوەردانێکی نا پێویستە:

tusen miljoner واتەهەزاران مـیلیـۆن لە دەقە کوردییەکەدا کراوە بە هەزاران هەزار. لێرەدا من هیچ هۆیەک نابینم کە وا پێویست بکات ئەم دوو وشەیە بگۆڕدرێ چونکە ئەوە زمانی زیادەڕۆیی و موبالەغەی منداڵەو نووسەر بە مەبەست بەکاری هێناوە ئەگینا لەزمانی ئاسایی خەڵکی سوێدیشدا وا ناگوترێت.

vitsippor , blåsippor بە گوڵاڵەسورەو وەنەوشە وەرگێراون. لەکاتێکدا ئەم دوو گوڵە جیاوازن. ڕاستە ئەم دوو گوڵە لە تیپی گوڵاڵەن، بەڵام هەمان گوڵ نین. بەپێی قاموسی سویدی-ئینگلیزی هەروەها ئینگلیزی-کوردی ئەم دوو گوڵە ناویان «گوڵە نیسانی سپی و ئادارۆکەن.

den ville Kerstin klappa واتە شێشتین دەیویست دەست (بەسەگەکەدا- نووسەر) بکێشێ یان دەست بەسەگەکەدا بهێنێ. کەچی لە دەقە کوردییەکەدا بووە بە: شەرمین دەیویست لێی بدات. ئاشکرایە کە لێدان (لێدانی سەگ) و دەست هێنان بە سەگدا دوو کرداری جیاوازن و ماناکانیشیان زۆر لە یەکەوە دوورن. منداڵی چیرۆکەکانی ئاسترید هەرگیز ئازاری ئاژەڵ نادەن.

skrek واتە قیژاندن، لە دەقە کوردییەکەدا کراوە بە گریان. مەرج نییە قیژە بەرهەم و ئاکامی گریان بێت، ڕەنگە منداڵێک لە ترسان یان لە خۆشیاندا بقیژێنێت.

i hela Sverige لە هەموو سوێد .لە دەقە کوردییەکەدا کراوە بە ئەم وڵاتە، دیارە ئەم گۆڕانکارییە دەبوو بکرایە، چونکە ئەم چیرۆکە وا بە کوردی کراوە کە مانەوەی وشەی سوێد سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت.

من لێرەدا بۆ نموونە دەقی سوێدی ئەو دێڕە و دەقە کوردی و عەرەبی و فارسییەکەشی دەنووسم، تا ئەوەمان بۆ ڕوونبێتەوە کە هەندێک دەستکاری هەن لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر بێ مانان و لە دەق دوور دەکەونەوەو هیچ پێویستییەکیش بۆ ئەو دەستکارییانە نین.

Vår tjur är nog den snällaste som finns i hela **Sverige**.

کوردییەکەی: گایەکەمان سەلارو هێمنترین گای ئەم ولاتەیە.

عەرەبییەکە: ان ثورنا هو من الطف الثیران في العالم.

فارسییەکەی: گاو نر ما شاید مهربانترین گاوی است که در تمام سوئد وجود دارد.

tjudrad واتە بەستراو کەچی لە کوردییەکەدا بووە بە گرژو مۆن. نازانم وەرگێر چۆن تووشی ئەم غەفڵەتە بووە، لە کاتێکدا وێنەی ناو کتێبەکە وێنەی گایەکی بەستراوەیە، نەک گایەکی گرژو مۆن. ئەمەش گرفتێکی تر بۆ منداڵ دروست دەکات .. کاتێک وێنەکە شتێک دەردەبڕێت و نووسینەکە شتێکی تری پێ دەڵێت.

lagårdsplan واتە ڕەپەڵگا، لەتێکستە کوردییەکەدا بووەتە گەوڕ. گەوڕ بەو ژوورە یان ئەشکەوتە دەوترێ کە زستانان ئاژەڵی تێدا دەژی بەلام ڕەپەڵگا بێ سەقف و دیوارە.

törs واتە زات دەکەم ، جورئەت دەکەم، یان دەوێرم. لە دەقە کوردییەکدا جاری یەکەم بە دروستی کراوە بە کوردی و جاری دووەم بە کەمدیقەتی کراوە بە دەتوانم.

två meter واتە دوو مەتر، لەوەرگێڕاندا بووە بە دوو هەنگاو

förstod inte واتە تێنەگەیشت، لە وەرگێڕاندا بووە بە نەیزانی.

کەتیگۆری درێژکردنەوە یان کورتکردنەوە لەم دەقە وەرگێردراوەدا نابینرێن، ئەم کەتیگۆرییانە زیاتر لەو دەقە درێژانەدا بەرچاو دەکەون کە تێگەیشتنی هەندێ بڕگەو ڕستەیان بۆ منداڵ قورسن. تاقە حاڵەتێک کە

دەتوانرێ لە "بەهاری تازەدێ دا" بەدرێژکردنەوەی دابنرێ وشەی barkbåter کە وشەیەکی وا لەزمانی کوردیدا نییە بۆیە وەرگێر رستەیەکی بۆ ئەم وشەیە بەکار هێناوە(لەتۆێکڵەدار بەلەمیاندروستکرد. لە عەرەبییەکەشدا کراوە بە "التی بنوها من لحاء الخشب" و فارسییەکەشی بووە بە "از پوست درخت درست کرده بودند".

وەرگێر کرداری «دەستیان پێکرد»ی لەچەند شوێنێک بەکارهێناوە کە لەدەقە سویدییەکەیدا نییەو رەنگبێ لە ژێرکارتێکردنی زمانی عەرەبیدا بێت . لەدەقە سویدییەکەدابەم جۆرەیە så skäller han واتە ئەو «یان سەگەکە» ئاوا دەوەڕی کەچی لەوەرگێڕاندا بووە بە ئەو دەستیکرد بە وەڕین یان och sen lekte vi واتە پاشان ئێمە یاریمان کرد «یان ئەمجار یاریمانکرد» لە وەرگێڕانەکەدا بووە بە پاشان ئێمە دەستمان کرد بەیاری. بەلابردنی وشەی دەستمان پێکرد رستەکە رەوان و ئاسان تر دەبێتەوە بۆ منداڵ و بوونیشیان زەروری نییە.

**سەرئەنجام**

لە سوێدا ساڵی ٩٠٠ کتێب بۆ منداڵ و مێرمنداڵان چاپ و بلاودەکرێنەوە. نیوەی ئەو ژمارەیە کتێبی وەرگێراون کەلە زمانەکانی تری جیهانەوە بە تایبەتی لەزمانی ئینگلیزییەوە دەکرێن بە سوێدی .لەکاتێکدا ژمارەی دانیشوانی سوید نزیکەی نۆ ملیۆنە .دڵنیانیم لەژمارەی ئەو کتێبانەی بۆ منداڵان بە زمانی کوردی چاپکراون. بەلاّم شکم هەیە ئەو کتێبانەی ئائیستا بۆ منداڵان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا چاپکراون بگەن بە ٩٠٠ کتێب. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ناهەموارەی کە گەلەکەمانی تێدازیاوەو بۆ پێگەویایەی منداڵ لەکۆمەڵگاکەماندا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و قووڵ هەیە.

لە هەشتاکانەوە بەهۆی هاتن و گیرساندنەوەی ژمارەیەک لە قوتابیان و رۆشنبیرانی کورد لە ولاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا، بزاڤێکی وەرگێران گەشەی سەندووە بۆ نموونە لە سوێدا لەساڵی ١٩٨٦تا١٩٩٩ نزیکەی ٣٩ کتێب بۆ منداڵان لەزمانی سوێدییەوە کراون بەکوردی " هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بەپێی لیستەیەک کە لە لایەن ئینستیتوتی کتێبی منداڵان لە ستۆکهۆلم بلاوکراوەتەوە".

وەرگێڕان دەتوانێ دەورێکی گەلێک بایەخدار بگێڕێ لەگەشەسەندنی ئەدەبی کوردی منداڵاندا ، ئاشکرایە کە ئەدەبی کوردی منداڵان بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی منداڵانی نەتەوەکانی تردا بەتایبەتی ئەورووپا زۆر لە دوایە، ئێمە بە داخەوە تاقە نووسەرێکیشمان نییە کە بەنووسەری منداڵان دابنرێ و، هەموو بەرهەمەکانی بۆ منداڵ تەرخان بێ. هەموو ئەو نووسەرانەی کە بۆ منداڵ دەنووسن نووسەرانێکن کە پتر بۆ گەورەساڵ دەنووسن، جار جارەش لەژێر فشاری بەزەیی یان نیشتمانپەروەریی یان بە ئاسانزانین ئاورێک لە منداڵان دەدەنەوە. بۆیە نووسین بۆ منداڵ لای ئێمە نەبۆتە رەوتێکی بەردەوام و بەشێک لە پرۆسەی نووسین و بلاوکردنەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەدەبی منداڵان بە کوردی وەک ژانەرێکی سەربەخۆ لە زانکۆکاندا ناخوێندرێ و هێندەش سەرچاوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی منداڵ و چۆنیەتی نووسین و شیکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ منداڵ دەنووسرێن لەبەر دەستی خوێنەرو رووناکبیرانی ئێمەدا نیین، کتێبخانەی کوردی لەم رووەوە گەلێک هەژارەو رۆشنبیرو نووسەرانی کورد ئەرکێکی گەلێک سەختیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ئەوانەیان لە دەرەوەی ولاتدا دەژین بە وەرگێڕانی ئەدەب و کتێبی تایبەت بۆ منداڵان دەتوانن خزمەتێکی گەورە بکەن.

وەرگێڕان لە دوو رووەوە دەتوانێ خزمەت بە ئەدەبی منداڵانی کورد بکات ، یەکەمیان وەرگێڕان توانایەکی گەورە لەبەردەم منداڵان و گەنجاندا دەرەخسێنێ، بۆ چوونە ناو جیهانی فراوان و پڕ سوودی ئەدەبی منداڵانی نەتەوەکانی تری جیهانەوەو، بۆچون و تێڕوانینێکی نێونەتەوەیی و گڵۆبالیزەکراویان پێ دەبەخشێ و شارەزایی و زانیارییان سەبارەت بە ژیان و جیهانی منداڵانی تر بۆ مەیسەر دەکات.

دووەم وەرگێڕان دەبێتە فاکتەرێکی تری دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان. بە وەرگێڕان زۆر وشەی نوێ دێتە ناو زمانەکەمانەوە:

* داهێنانی وشەی نوێ بەپێی ئەو زمانەی کە لێیەوە وەردەگێردرێ و بەکوردی کردنی زۆر وشە کە لە زمانی کوردیدا نین. وەرگێر ناچاردەبێت کە ئەو وشانە بکات بەکوردی.

* بەکارهێنانی زۆر وشەی بێگانە هەروەک خۆی، بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی کتێبی زانستی و دەکومێنتنامەدا.

* * *

چلۆنایەتی وەرگێڕان و هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بەرهەمی پێشنیارکراو یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتوویی وەرگێڕان. گەر ئەم کتێبەی ئاسترید لیندگرین، لەڕووی ناوەڕۆکەوە، بە نموونە وەرگرین دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی ئەم کتێبەدا سەرکەوتووە. ناوەڕۆکی کتێبەکە باسی ژیانی ڕۆژانەی پڕلە یاری و گەمەی منداڵانی سوید دەکات، کە منداڵانی زۆر جێگای تری ئەم جیهانە خەون بە ژیانێکی واوەدەبینن، بەتایبەتی منداڵانی کوردستان.

بەهاری تازەدێ یان بەهار لە گوندی شلۆقدا کتێبێکی وێنەدارە. دەقی ئەم کتێبە لە کاتی وەرگێڕاندا دەستکارییەکی زۆرکراوە، بەڵام وێنەکان هەروەک خۆیان ماونەتەوە، واتە دەقەکە بە دەستکارییەکی زۆرەوە بە کوردی کراوە، کە لەگەڵ وێنە سوێدییەکان ناگونجێن و نایەنەوە یەک. وێنەی خانو، منداڵەکان، جلو بەرگیان سوێدین نەک کوردی، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە لەسوێدا چاپ و بلاوکراوەتەوە بۆ منداڵانێک کە ئاسترید لیندگرێن و بەرهەمەکانی دەناسن، بۆیە منداڵانی کوردی دانیشتوی سوێد ئەم جۆرە گۆڕانکاریانەیان بەلاوە سەیردەبێت. لە کۆتایی تەرمینی یەکەمی ساڵی 1999دا ئەم کتێبەم بۆ ژمارەیەک منداڵی کورد (تەمەنی ٦–٨ ساڵان) لەقوتابخانەی Sätra و لە کتێبخانەی Skärholmen خوێندەوە، پێش خوێندنەوەی دەقە کوردییەکە زۆربەیان بە کتێبەکەو نووسەرەکەی و کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە ئاشنا بوون، بۆیە بەلایانەوە سەیربوو کە گوێیان لە ناوە کوردییەکان بوو. زۆریش بەلایانەوە سەیرتربوو، وشەی نەورۆز هاتە ناو تێکستەکەوە. هەر بۆیە یەکێ لە منداڵەکان پرسی ئەوە چ دەڵێیت کەی لە سوێد نەورۆز هەیە و ئاسترید لیندگرێن نازانێ نەورۆز چییە.

لەکاتی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کارێکی وەرگێڕدراودا باشە بیر لەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەینەوە:

* بەبێ ڕەزامەندی خودی نووسەرەکە یان ئەو دەزگاییەی کە لێپرسراوی دەرکردن و خاوەنێتی کتێبەکەیان پێ بەخشراوە. وەرگێڕ مافی گۆڕاندن ودەستکارییەکی زۆری دەقە ئەسڵیەکەی نییە.
* لەکاتی وەرگێڕانی کتێبی وێنەدار( یان وێنە کتێب) دەبێ بیر لە گونجاندنی دق و وێنە بکرێتەوە، تا ناهاوسەنگی لەنێوان وێنەو تێکستدا دروست نەبێت.
* دەقە وەرگێڕاودکە لەلایەن کەسێکی بە توانا (لە زمانە ئۆریگیناڵەکە) هەروەها زمانزانێکی کوردەوە بەراوردبکرێ.

لە گەڵ ئەو سەرنج و تێبینیانەی خستمنە ڕوو، ئەم وەرگێڕانەی فەرهاد شاکەلی، دەکرێ بە وەرگێڕانێکی باش و لە باری داڕشتنەوە زمان پاراو دابنرێت، چونکە بەزمانێکی ئاسان نوسراوەو منداڵ لێی دەگات. بە گشتی ئەو ئەتمۆسفێرەی کە خاسیەتێکی تایبەتی بەرهەمەکانی ئاستریدە ماوەتەوە و وەرگێڕ توانیویەتی زەوق و خۆشی بەشێک لە دیالۆگی نێوان منداڵەکان بکات بە کوردی.

پێم وایە ئەگەر وەرگێڕی کوردیی، ڕێبازێکی وەک ڕێبازی وەرگێڕە فارسییەکەی هەمان تێکستی هەڵبژاردایەو خۆی لەو دەستکارییە نازەرورییانە بپارێزایە کە ئاماژەم پێکردوون، ئێستا باسی دەقێکی سەرکەوتووترو نزیکتر لە دەقەکانی ئاسترید لیندگرێنمان دەکرد.

**سەرچاوەکان**

1- Astrid Surmatz "Att översätt berättandet", konsten att berätta för barn,Center för barnkultur N.26, Stockholm 1996,s62.
2- Göte Klingberg, Översättning av barnböcker mål och konflikter, Barnbok,1,1982.s4.
3- Vivi Edström, Astrid Lindgren. Vildtoring och lägereld, Stockholm1992,s60.
4- Göte Klingberg, The different Aspectsof the research into the translation of childrens Books in translafion. Stockholm 1976,s86.
5- Karl Skjonsberg, Vem berättar? Om adaptationer i barnlitteratur. Falköping 1982,s.48.
- Vår i Bullerbyn. Astrid Lindgren.
– بەهاری تازەدێ. ئاسترید لیندگرێن. وەرگێڕ: فەرهاد شاکەلی. بەخشخانەی فەرهەنگی کوردی 1990.
– الربیع فی "القریه الصاخبه". تالیف استرید لیندجرین. ترجمه: منی زریقات هنینغ. دار المنی 1990 ستوکهولم.
– بهار در دهکده شلوغ. استرید لیندگرین. (ناوی وەرگێڕ نەنووسراوە) دار المنی 1990.

جەزا عەلی ئەمین

# تەلاری یاس

گەڕی شایی گەرمە، پەنجەی نەرم، زیر، لەشی تەزودار، سارد یەکدی دەگوشن. ئاوی دڵان دەدەن.. چۆپیکێش دەسرۆکەی گوڵدار رادەوەشێنێ باڵای وەک شەنگەبی ناو (با) دەلەرێ.. میوە گەییوەکانی لەزەت بەردەداتەوە، تاق و واز فریای چنینەوە دەکەوین! تەماشای رەنگین، سەرنجی گەرم دەکەونە ناو یەکەوە، مەگەر بە دڵداران دەنا بە کەس جوێ نابنەوە. چاو جێی نەماوە نیگای نازدارانی بەرنەکەوتبێ.. بەمن وایە بەهۆی (تیلە)ی ئاودارەوە دیدە دەگۆڕێنەوە.
هەناسە و عەتری کچ و کاڵان خۆ پێکدە دەگرن! دڵم بەوە داکەوتووە سەرپۆشێ لە شاییدا نابینم!
شایەر کەیفی سازە، بەغیلیم پێی دێ!
ئەرێ لوتی بۆ دەمرێ؟ خۆ هەفتە نییە چەند جارێ لە سێبەر و بۆنی جوانان‌دا نقوم نەبێ.. مەرگی لێ نەرەوێننەوە.
لەتەک (ئەمیری)دا خۆ لە رووناکی دەبوێرین.. لێومان لە لێوانی بادە هەڵدەکێشین، تا ئاڵ دەبێ!
چاو دروێنەوانی جوانییە.. لە هەڵاڵەی گوڵەباڵایەک نابێتەوە.. یەکی دی پەلکی روانینی هەڵدێنێ..
سەیرە شل نابێ!
بەرامەی سینەی گەردن زەردان، بەبان گەڕی رەشبەڵەکەوە وەستاوە، ناڕوا!، هی هەندێکیان دەناسێتەوە! وەک ببرسکێنەوە وایە!
بە دزییەوە بانگیان دەکەین، دێن، لە مەرزی سیدا دەڕۆین! دەبینم گوڵە بەرامەی تێدا شین دەبێ و بەبای (کەزیتەڕان) دەشەکێن.
ئەی سینەی زامان! شەوتە! با شەلاڵ بی.. کۆنە برینت بە (با)ی عەتراوی ئەو سرک و دەستەمۆیانە لە هەنوو دەدرێ..
زمان دەڵێی هەناسە پەڕەی جوانان هەڵدەداتەوە، کول نابێ..
تاڵە سپی خەمناکی لەسەر چی وەستاوە چۆنە رەش نابێتەوە؟
شەو درەنگە، داوەت گەرمتە، لەملاو لەولای پشتێنی پەشمینەوە کەمەری گۆشتن دەبزوێ، بە کەشم و نەشمێکەوە دێن و دەچن، وەها نیگامان لێ دەکەنە تیری گەرمە کەوانێ.
ئەو جێیەی پێی پەری وێ دەکەوێ، کانی شەنگی لێ هەڵدەقوڵێ.. قوڵپ.. قوڵپ بیابانە بێرونەی تەنیاییم تەی دەکا و دەهاژێ.. خۆش خۆشە شۆڕەکاتی بە مێرگی سەرە بەهارێ بۆ دەگۆڕێتەوە!
شەو بەنیازە دوولا بێتەوە (تەلاری یاس) جێ دێڵین، لە تەک (ئەمیری)دا باری جوانانمان لێ ناوە..
بەڵام دڵمان نایە لە هیچ کوێیەک بیخەین!
دەڕۆین تا دەگەینە دڵ، مەگەر هەر لەوێ ئەو (پریاسکە رازە) بکەینەوە.

بۆکان

٢٣-٨-٢٠٠٠

# فیلمی زام

خاک TV




هونەرمەند ئازاد کەرکووکی دەیەوێت لە ڕێگای بەسەرهاتی ژنێکەوە، مێژوویێکی پڕ لە تراژیدیای کۆمەڵی کوردەواری و سەردەمی ئەنفال بگێڕێتەوە. کۆمەڵێک کە لە ژێر فشاری دوو جۆرە ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوخۆ و دەرەکیدا دەناڵێنێت؛ لە لایەکەوە سیستمی باوکسالاری و نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی، کە پێش هەر کەسێک ژنان بوونەتە قوربانی، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی داگیرکەر کە سەرجەمی ژیانی کۆمەڵ لە پیاوان و ژنان، دەکاتە زیندان و دۆزەخ. فیلمەکە پشت بە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەبەستێت، باس لە ژیانی ژنێکی ناوچەی گەرمیان دەکات، گەردە، کەهەر بەمنداڵی و بەدوور لە ویست و حەزی خۆی ژنبەژنەی پێدەکرێت و دەدرێتە پیاوێکی پیر کە لە تەمەنی باوکی دایە. بەڵام ئەو یاخی دەبێ بێ ئەوەی کۆمەڵی باوکسالاری پەنایەکی ئارام و پێداویستییەکانی ژیانێکی نوێی بۆ دابین بکات. سەرەنجام گەردە بە هۆی براکەیەوە، کە پێشمەرگەیە، خۆی لەناو بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەیدا دەبینێتەوە. لێرەوە، لەناو ژانێکی گەورەتردا، سەرەتای ژیانێکی نوێ، هیواو خەونی نوێ دەست پێدەکەن. گەردە شایەتی مێژوویەکی تراژیدیانەیە کە بە ژانی ئەنفال و بەرگری و شەهیدبووتی ئازیزان دەنووسرێتەوە.

سیناریۆ و دەرهێنان: ئازاد کەرکووکی
وێنەگرتن: هاوڕێ عەزیز
مۆنتاژ: یوسف حاجی یونس
مۆسیقا: ئەنوەر قەرەداغی
بەرهەمهێنان: خاک TV

هونەرمەند ئازاد کەرکووکی لەم فیلمەدا دەیەوێت بڵێت کە لە کۆمەڵێ ستەمدا تاکەکەسەکان، بە تایبەتی ژنان، لە
وڵاتێکی داگیرکراویشدا تێکرای کۆمەڵ دەشێت تێک بشکێندرێن. بۆیە تەنانەت ئاواتە ئینسانییە بچوکەکانیش ڕەنگی تراژیدیا مەزنەکە دەگرن.
لەم فیلمەدا هونەرمەندان ئازاد جەلال، ژیان ئیبراهیم، سمکۆ عەزیز، حەسەن دڵسۆز، فریاد خەلیل، تەلار و قەشەنگ عەبدووڵڵا، بەهادین هەڵەبجەیی و چەند هونەرمەندێکی دی بەشدارییان کردووە.
هونەرمەند ئازاد کەرکووکی لە ساڵی ١٩٩٦ لە ڕوسیا، لە ئینستیتوتی سینەما، بەشی دەرهێنان، خوێندنی تەواو کردووە. تا ئێستا چەند کورتە فیلمێک و کۆمەڵێک ڕیپۆرتاژ و فیلمی دۆکۆمێنتی بەرهەم هێناوە. ئەمە یەکەمین فیلمی درێژە کە هێناویەتە بەرهەم. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین

# شەبەق

(بۆ سەربەست عومەر، کە لە ٢٠٠٠/١٠/٢٧ لە لەندەن بە نەخۆشییەکی کوشندە ماڵئاوایی لە ژیان کرد)

سیروان کاروانی

دەتویست شەبەقی ئەم ڕۆژە تازەیە،
پەلکەزێڕینە گەشەکانی ئەسر و
ئارەزووە کۆستکەوتووەکانی خەیاڵت،
بخەیتە ناو جێ لەپی دەستەکانت
ئەو لەپانەی دوێنێ:
لایەکی سووتماکی کیمیا،
لایەکی وێرانی ئەنفال،
چەند قامکێکی هەڵوەریبوو و
تەنها لەتێکی بەشت بوو
لە دوورەوە بێنیت و،
هەتاوەکوو مۆشەنەی مەرگ،
لاشەی ڕۆحی لەت لەت نەکردوویت
شنەی دوابەشە کورتەکەی ژین،
بە ئاسوودەیی بۆن بکەیت
خۆزگەوان، لە زەردەی ئارامیدا
خۆری تەنها ڕۆژێک ئاوا بکەیت

دەتویست شەبەقی ئەم ڕۆژە تازەیە،
تینی فەلەک و بۆنی داوێنی چیاکان
پەیی گەشاندنی تازەنەمامەکانت بێت
دەلاقەیەکی تر لەم بەهەشتە زیندانییە،
کلاوڕۆژنەی خەونەکانت بێ و،
باهۆزی گەرمەسێری جۆزەردانی ژینت
فرمێسکبزەی لێوەکانت بێ
لە ئەرقاز و نشێوی شاخی ئەم ژینە
تاریک و شادی لێ نەدیوەت،
بەرلەوەی نووتەکت بەسەردا بێ،
لە چاوەگەشەکانی نیگا**،
ڕۆناهی بەرپێت و
بەژنوباڵای هیوا**،
عەسای دەستت و
هزرەتیژەکەی نەوا**،
دەرەی شاخ ببینیەوە

کێ دەیزانی
کە نووتەکی تەنیایی ڕێگای گرت،
زەردە نایەتەوە
کە بۆنی ژەهراوی هەڵی کرد،



نیگار: ڕێبوار سەعید

بۆنێکی تر نازێتەوە
کە گازی ئەجەل دەمی کردەوە
ئەمجارەیان،
ڕیشەی ڕۆح نەبڕێ داناخرێتەوە
لە ڕێگای ئەم بیابانە حەشامەتدارە،
کاروانچییەک نادۆزرێتەوە
دەڵێن:
تا ئەوکاتەی دار ڕەگی مابێ،
بارێزانی هیچ ساڵێک تەمەنی نابڕێتەوە
دڵنیام تا ڕەگی ئەمەگ لە داری گیانمان بجووڵێ
ڕەشکەرەوەی هیچ غوربەتییەک،
مێژووی بوونت ناسڕێتەوە

بیرمە دەتگوت:
من گەریدەیەکی ژین ئاوەمار و هەموو
ڕێچکە و ڕێگاکانی پێشم زەندۆڵ بوون
بۆ ئازاسەری، کوێرەوەری فرەزۆرم دی،
تەنانەت زیندانەکانی بەعس و، خوێنی
تەڕ و وشکی قاوشەخویناوییەکانیشیم،
بە چاوانی خۆم دی

بەڵام ئەفسووس، پەیڤەکان هێشتان
بەربێژی گوتن و
نەمامەکان هێشتان
عەودالی پشکووتن و
گرەوەکان هێشتان
دارەدارەی ڕۆییتی ژیان بوون
پێلی زەریای تالاوی مەرگ، بە تەوژمێکی خێرا
هەموو هێڤییەکانی ئەم شەبەقەی داپۆشییت و
لە کەنارێکی چڕی خوێنگرتووی سوورا وستا
دانەدانەی قامکەکانی تریشت بەربوونەوە و،
لە ئاوزینگی ئەم هەینییەدا گوتت:
هاوسەرم!
جگەرگۆشەکانم!
کەسەکانم!
هاوڕێکانم!
لە ئێوە و بەهار و سروشتی ڕەنگینی
کوردەواری بەحەسرەتەوە ماڵئاوا
ماڵئاوا!! ٢٠٠٠/١٠/٢٧

** جگەرگۆشەکانی کۆچکردووت.

30 # *Rabun* 2001

*Cultural Kurdish Journal*

